# له مەهابادی خوێناویەوە تا کەنارەکانی ئاراس

نووسینی : نجف قلی پسیان
گۆڕینی :حەمە کەریم عارف

ناوی کتێب :لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی ئاراس
نووسەر: نجف قلی پسیان
وەرگێر :حەمە کەریم عارف
*لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیری لە سلێمانی، ژمارە( ٦ )
چاپخانە :ئارا بخا-کەرکووک
تیراژ:١٠٠٠دانە

## وته‌یه‌ك

"١"

خوێنه‌ری ئازیز ئه‌م كتێبه، یه‌كه‌مجار و له شاری تاران و له مانگی ئازه‌ری ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩)دا به زمانی فارسی له لایه‌ن رۆژنامه‌نووس و نووسه‌ری فارس (نه‌جه‌ف قولی پسیان)ه‌وه چاپ و بڵاوكراوه‌ته‌وه. ئیدی بایه‌خی مێژوویی كتێبه‌كه‌و ده‌وڵه‌مه‌ندی نێوه رۆكه‌كه‌ی كه ئه‌ڵقه‌یه‌كی هه‌ره گرینگ و حه‌ساسی زنجیره‌ی مێژووی خه‌باتی سیاسی گه‌لی كوردی گرتۆته خۆ، به‌رۆكی گرتم و ده‌ستبه‌ردارم نه‌بوو تا له ساڵی ١٩٩٢دا كتێبه‌كه‌م، كه كاك فۆادی مه‌جید میسریماڵی ئاوا بۆی په‌یدا كردبووم، كرد به كوردی و ئیدی ده‌ستنووسه‌كه‌م به رۆژگار سپارد تا ده‌رفه‌تێكی بۆ بره‌خسێت و چاپ و بڵاوبكرێته‌وه‌و كه‌لێنێك له كتێبخانه‌ی كوردی پربكاته‌وه. زۆر كه‌س ئه‌م كتێبه‌یان به ده‌ستنووسی خوێندۆته‌وه‌و هه‌وڵی زۆریش بۆ چاپكردن و بڵاوكردنه‌وه‌ی درا، لێ مه‌خابن به‌خت یاری نه‌بوو!. و هه‌ندێ حیكایه‌تی تریش...

"٢"

ئه‌م كتێبه له لایه‌ن بێگانه‌وه نووسراوه بۆیه له مه‌به‌ست و غه‌ره‌زی تایبه‌تی به‌ده‌ر نییه. لێ ئه‌مه له بایه‌خی مێژوویی و ده‌وڵه‌مه‌ندی نێوه‌رۆكی كتێبه‌كه‌ی كه‌م نه‌كردۆته‌وه. جا با خوێنه‌ری كوردیش خوێندنه‌وه‌و نۆرینی خۆی هه‌بێ و به زمانی زكماكی خۆی ئه‌م بابه‌ته بخوێنێته‌وه‌و هه‌قیقه‌ته‌كانی لێ هه‌ڵێنجێ.. به هه‌ر حاڵ من له‌م كتێبه‌دا ته‌واو پابه‌ندی ئه‌مانه‌تی وه‌رگێران بووم و نێوه‌رۆك و ده‌قی كتێبه‌كه‌م ته‌واو پاراستووه‌و ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر لێره‌و له‌وێش بۆ هه‌ندێ رووداو و بۆچوون پێویست به په‌راوێزو روونكردنه‌وه‌و راستكردنه‌وه هه‌بووبێ، خۆم لێی بواردووه‌و بۆ خوێنه‌ران و شاره‌زایانم هێشتووه‌ته‌وه‌و ویستوومه ئه‌وانیش بكه‌م به به‌شه‌رێكی ئه‌م كاره بچووكه‌م.

"٣"

مخابن هه‌ندێ جار مه‌به‌ست و سۆزی ئێرانچێتی جڵه‌وی له ده‌ستی رێزدار نه‌جه‌ف قولی پسیان – ی نووسه‌ری كتێبه‌كه سه‌ندووه‌و به راده‌یه‌ك چه‌واشه بووه كه دان به‌وه‌دا نه‌نێ كه بزاڤی رزگاری خوازی گه‌لانی بنده‌ست، له هه‌ر قاڵب و شێوه‌یه‌كدا بێ، له رووی جه‌وهه‌رو نێوه‌رۆكه‌وه بزاڤێكی پێشكه‌وتوخوازی شۆرشگێره‌و ده‌بێ پشتیوانی لێبكرێ. لێ به‌داخه‌وه ئه‌م سۆزی ئێرانچێتییه تێكه‌ڵ به زمانی نووسه‌ر ده‌بێت و زمانه‌كه‌ی ده‌گۆرێت بۆ زمانێكی ئیتیهامی وه‌ها كه هیچ سڵ ناكاته‌وه له به‌كارهێنانی وشه‌و زاراوه‌ی ناره‌وای وه‌ك: ((درۆزن، یاخی، خراپكار، كرێگرته، خایه‌ن، شه‌ره‌نگێز، په‌یمانشكێن و بێ به‌ڵێن، فیتنه‌و ئاژاوه‌گێرو ترسنۆك و.. هتد)) و زۆر زاراوه‌و وشه‌ی دیكه‌ی له‌و بابه‌تانه، ده‌رهه‌ق به‌و كه‌ڵه شۆرشگێرو مێژووسازه كوردانه‌ی كه له‌م كتێبه‌دا نێویان هاتووه‌و به هه‌ق قاره‌مانی راسته‌قینه‌ی نێو رووداوه‌كان بوون و هه‌موویان ره‌مزو نیشانه‌ی مه‌زلومییه‌ت و له هه‌مان كاتدا زندوێتی گه‌لی كوردو سوور بونی ئه‌م گه‌له بوون له‌سه‌رمان و ژیان و به‌شداریكردن له پرۆسه‌ی به‌رهه‌مهێنانی مێژوو و په‌ره‌پێدانی شارستانیه‌تی گه‌لی خۆیان و گه‌لانی ده‌رو دراوسێ و پاراستنی ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی خۆیان...

"٤"

له بندێری ئه‌م كتێبه‌و زۆر كتێبی تره‌وه ئه‌وه ده‌خوێنرێته‌وه كه دابه‌شكردنی به نه‌هه‌قی كوردستان، جۆره سه‌نگه‌لاییه‌كی سیاسی له ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناڤیندا دروستكردووه‌و تا مه‌سه‌لی كورد وه‌كو دۆزێكی سیاسی چاره‌سه‌رێكی ره‌وانه‌كرێت، كه بریتییه له دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی كوردی، نه رۆژهه‌ڵاتی ناڤین هاوسه‌نگی سیاسی به خۆوه ده‌بینێ و نه گه‌لانی ناوچه‌كه ئارامی و ته‌نایی به‌خۆوه ده‌بینن.. له‌م سه‌رزه‌مینه‌دا سه‌دان ده‌وڵه‌ت و ده‌وڵه‌تۆكه هه‌یه، ئه‌گه‌ر كورد وه‌كو مافی ره‌وای خۆی ببێ

به دەوڵەت نەك هەر دنیا خرا نابێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە گیروگرفتی چەندین نەتەوەی ڕۆژهەڵات چارەسەر دەبێ و هاوسەنگی سیاسی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەگەڕێتەوەو تورك و فارس و عەرەب – ش لە دڵەراوكێی جیابوونەوە" جیابوونەوەی كورد!! ڕزگار دەبن و ناوچەكە، دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.. كە بە نەهەق و لەسەر حەساوەی نەتەوەی كورد و خاكی كوردستان شێوێنراوەو ئەم دۆخە نائاسایییەی ئێستای لێكەوتووەتەوە.

"٥"

كتێبی ( أز مهاباد خونین تا كرانەهای أرس ) خۆی لەخۆیدا نیشانەی كارلێكی مێژووی گەلانی ناوچەیكەیە، نیشانەی تێكەڵاو بوونی مێژوی كورد و گەلانی ناوچەكەیە.. بۆیە قەرارسازانی سیاسی دەڤەرەكە لەسەریانە لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆیان و ناوچەكە بە بڕیارو بۆچوونەكانیاندا بچنەوەو دەست لە شێوازی سەركوتكردن و قەتڵ و عامی نەتەوەی كورد هەڵبگرن و بە چاویلكەی سیاسییەوە تەماشای دۆزی كورد بكەن و چیتر تۆمەتی وەكو كرێگرتەو خەرا پكارو خیانەتكارو جوداخوازو یاخی و شەڕەنگێزو دزو درۆزنیان نەدەنە پاڵ" چونكە ئەمە مامەڵەیەكی ئیتیهامی ناشارستانیانەیە دەرهەق بە دۆزێكی سیاسی ڕەوا، دیارە ئەم جۆرە مامەڵكردنە هەمیشە وەكو تاوانبار سەیری بەرانبەرەكەی دەكات، تاوانباریش بۆ ئەوەی بژی لە سەرێتی بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هاوكێشەی چەوسێنەرو چەوساوە بڕەو پێداداو ئەنجامیشی ئاژاوە و خوێن ڕشتن و نائارامی دەبێت.

بە هەرحاڵ كورد لە نەتەوە ڕەسەنەكانی ئەم دەڤەرەیەو هەموو بنەمایەكی مێژوویی و شارستانی و نەتەوەیی خۆی هەیەو، وێڕای دابەشكردنی بە نەهەقیان بەسەر چەندین دەوڵەتدا، توانیویانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەرگری و بەرەڤانی لە مافی خۆ بكەن و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و لەم پێناوەدا هەر قوربانییەك، چەند گەورەش بێ، بیدەن..

حەمە كەریم عارف

## بەشی یەکەم

دوا بەدوای زنجیرە رووداوێکی پڕ هەراو هەنگامە، لە ئازەری ساڵی ١٩٤٦دا، راسپێردرام لەگەڵ هێزی دەوڵەتدا بۆ ئازەربایجان بچم. هێشتا شەڕو پێکادانی هێزی سوپای دەوڵەت و هێزی چەکداری فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان و لایەنگرانی حیزبی کۆمەڵەی کوردستان بە تەواوی بیر نەچووبوونەوە کە لە داوێنی رۆژاوای سنوورەکانی ئێرانا، واتە لەو زنجیرە کێوانەی شان بەشانی هێڵی سنووری ئێران و عێراقەوە کە کوردستانی باکوور بە کرماشان و ماکۆوە گرێ دەدا، مەیدانێکی نوێ بۆ کوشتارو خوێن رێژی خۆشبوو، لەم ناوچە حەساسەدا زنجیرە پێکدادانێك لەنێوان هێزی سوپایی دەوڵەت و کوردە بەرزانییەکاندا روویدا. ئەم زنجیرە پێکادانە بۆ ئەو رۆژگارە هێندە توندو تیژبوو کەبێ وێنە بوو.

لەو رۆژانەدا نەك هەر لەتاراندا، بەڵکو تەورێزو ورمێ و خوی و مەراغەو شاپورش دا چ کەسێك ئاگاداری ئەوەنەبوو کە (( مەسەلەی بەرزانییەکان )) ببوو بەکۆسپێکی گەورە لەبەردەم سەقام گیربوونی ئەمن و ئاسایش لەم ناوچەیەدا ئەو سەرکەوتنە گرنگانەی کە سوپا لە عەمەلیاتەکانی ئازربایجان و کوردستان دا بەدەستی هێنابوو، کارێکی وەهای کردبوو کە خەڵکی وەکو پێویست پەی بەو ئەرکە قورس و دژوارە نەبەن کە سوپا رووبەرووی بووبووەوە. ئەوانەی کە لە رۆژەکانی ئاخرو ئۆخری مانگی ئازەری ١٩٤٦ لەشارەکانی ئازربایجان بوون و لەنزیکەوە هاتنی سوپایان بۆ ئەم ناوچانە دەبینی، هێشتا جوان لە بیریان ماوە کەخەڵکی نیشتمان پەروەرو ئێران دۆست چ پێشوازییەکی گەرمیان لەسەربازان و ئەفسەرانی سوپا دەکردو چۆن دژی پێشەوایانی فیرقەی دیموکراتی خۆسەرو سەرکێش دەوەستان و شان بەشانی سەربازان و ئەفسەرانی گیان بازو فیداکار تۆڵەیان لەتاقمی سەرکێشان دەستاندەوە.

ئەم هەست و سۆزە گەورەترین هاندەری هێزە سوپاییەکان بوو، بۆ بەگژاچوونی کوردە بەرزانییەکان. چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە دەست درێژی بەرزانییەکانیان دی بوو، ئەم خێڵەیان بە نائێرانی و بێگانە دەزانی، بۆیە دڵسۆزانە تر هاوکاری هێزەکانی دەوڵەتیان دەکرد. بۆ ئەوەی پێوەندی هێزەکانی دەوڵەت و بارزانییەکان لەسەرەتای عەمەلیاتە سوپاییەکانەوە ئاشکرا بێ و هاوڵاتیانی ئازیز چاکتر ئاگاداری رووداوەکان بن و هۆیەکانی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان هەردوو لایان بۆ بەدیار بکەوێ، بە پێویستی دەزانم وەزع و حاڵی بەرزانییەکان و چۆنێتی جێگیربوونیان لەکوردستاندا بخەمە بەر باس و یەکسەر لە پاش گرتنەوەی ئازربایجان لەلایەن دەوڵەتەوە دەست پێدەکەم.

سوپای ئێران کەلە ئازەری ساڵی ١٩٤٧دا وەکو هێزێکی بەتواناو خۆشەویست لەنێوان جەماوەری خەڵکدا، ئاڵای شێرو خورشیدی سێ رەنگی ئێرانی پاش یەك ساڵی پڕ لەرەنج و مسیبەت لەسەر بەرزاییەکان و سنووری ئازربایجاندا هەڵکردو رێکخراوە کارتۆنی و بێ نێوەڕۆکەکانی پیشەوەری و قازی محەمەد تەفرو تونا بوون.

بەرزانییەکان بە رێبەرایەتی پیاوێکی سیاسەت مەدار بەنێوی شێخ ئەحمەدی ناسراو بە خودانی بەرزان و بەفەرماندەی پیاوێکی جەربەزەو دلێری وەکو مەلا مستەفا، لە مهاباد پاشەکشەیان کردو روویان کردە شنۆو نەغەدە. جا بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆ یەك لایی بکەنەوەو یا بۆ عێراق بگەڕێنەوە یا لەخاکی ئێران نیشتەجێ بین، بە ناچاری خۆیان لە شەڕی سوپای ئێران دەپاراست و لەناوچە سنوورییەکاندا جێگیر بوون.

لەو سەرو بەندەدا سەر لەشکر همایونی سەرپەرشتی لەشکری چواری دەکرد. هاتنی هێزەکەی ئەو بۆ باکووری کوردستان و بەتایبەتی بۆ مهاباد لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا رووی‌دا، جا بۆ زانیاری ورد لەمەڕ رووداوەکان، وا چاکە پاشەکشەی بەرزانییەکان و چۆنێتی ئەو پاشەکشەیە لە رۆژی ٢١ی ئازەرەوە

بخرێته بەر باس و لێکۆڵینەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ هەرەس هێنانی ئازەربایجان و هەڵاتنی سەرانی فیرقەی دیموکرات.

### *چوونی هێزی دەوڵەت بۆ مهاباد*

بەیانی رۆژی ٢١ی ئازەر، سەعات حەوت، زرێ پۆشەکانی هێزی دەوڵەت بەرەو مهابادی پایتەختی کۆمارەکەی قازی محەمەد وەرێ کەوتن.. بەرزانییەکان، رۆژی پێشتر بەرزاییەکانی دەوروبەری سەقزیان چۆڵ کردبوو، بەرەو بۆکان پاشەکشەیان کردبوو. هێزی دەوڵەت لە رۆژی ٢١ ئازەردا سەرای گرت و کۆمەڵێك دیل و چەکی گرت.

سوپا لە ٢٢ئازەردا بەرەو بۆکان کەوتە پێشڕەوی. لە بۆکان کۆمەڵێ چەك و دیل و عەمارێکی ئازوقە کەوتە دەست هێزەکانی دەوڵەت. نیوەڕۆی ٢٢ئازەر پاشکۆی لەشکرەکە گەییە ناو بۆکان. بەرزانییەکان بەرەو بورهان - مهاباد پاشەکشەیان کردبوو. سەرتیپ بێگلەریی یاریدەدەری سەرلەشکر دەستووری داو لەشکرێکی گەورە لە سوارانی عەشایەری دیموکری و عەباسی و گەلێ سواری تری پێك هێنراو پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ بەفەرماندەیی سەرهەنگ علی ئەکبر غەفاری زرێ پۆشێکی وەپێش دان و بەمەبەستی تاقیب کردنی بەرزانییەکان بەرەو بورهان – مهاباد کەوتە پێشڕەوی. ئەم لەشکرە شەوی یەکەم لە تازە قەڵا مایەوە، شەوی دووەم لە بورهان مایەوە رۆژی ٢٤ ئازەر گەییە ناو ئەندەر قاشی شەش کیلۆمەتری مهاباد. لەم کاتەدا هەواڵ بڵاوبووەوە کە قازی محەمەد دوو شەو لەوە پێش دۆستان و لایەنگرانی خۆی لە مهابادا کۆکردۆتەوەو هەرچی چەك و تەقەمەنی و ئازوقە لەعەمارەکانی مهابادا هەبووە، هەمووی دابەش کردووە بەسەریانداو کەلێك لەو چەکانەو بەتایبەتی نارنجۆك و دەمانچەی ئۆتۆماتیك کەوتۆتە دەست مەلا مستەفا و بەرزانییەکان. بەو لەوەی هێزی دەوڵەت بگاتە نێو، مهاباد، رۆژی ٢٣ ئازەر چەند نوێنەرێکی خەڵکی شار بەمەبەستی ناوبژی و رەواندنەوەی ترس و نیگەرانی خەڵکی شار چوونە دیدەنی سەرلەشکر همایونی. وەفدەکە بریتی بوو لە سەید علی حسینی و میرزا رەحمەت شافعی بازرگان، مەلا حسن بورهانی، کەریم ئاغای قوم قەڵای دیموکری، علی ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغا، سلێمانی کوڕی مارف ئاغای مامش، مام حەسەن لەجیاتی مەنگورەکان و سەیفیقازی کە نوێنەری قازی محەمەد بوو. وەفدەکە لە نزیکی کارخانەی قەندی میاندواو لەنەسیر کەندی چاویان بەسەر لەشکر همایونی کەوت. سەر لەشکری هێزەکانی کوردستان، لەم دیدارەدا نوێنەرە کوردەکانی دڵنیا کرد کە دەوڵەت نیازی دەرهەق بەکورد خراپ نییەو هێزەکانی دەوڵەت بەبێ کوشت و کوشتارو تاڵان و بڕۆوسەر پێچی لە یاساو ئاسایش دێنە ناو شارەوە. پاشتر قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ و بایەزید ئاغای گەورك لە میاندواو، سەر لەشکریان بینی و پاش ئەوەی گوێ رایەڵی خۆیان پێ راگەیاند بۆ مهاباد گەڕانەوە. لەم کاتانەدا هەواڵێك بڵاوبووەوە کە قازی محەمەد بەهەرڵستی لەوە کردووە کە مەلا مستەفا نوێنەر بۆلای سەر لەشکری بنێرێ و هەڕەشەی ئەوەی لە بەرزانی کردووە کە نابێ هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا بکا. ئەم هەنگاوەی قازی محەمەد یا گومان و نیگەرانییەك کە مەلا مستەفا هەی بوو، بووە هۆی ئەوەی بەرزانییەکان بەخاوخێزانەوە بەرەو نەغەدەو شنۆ بارگەلێك بنەن. سەرهەنگ علی اکبر غفاری بەتەمابوو رۆژی ٢٤ ئازەر بەلەشکرە عەشایەرەکەی ژێر سەرکردایەتی خۆیەوە، بچێتە نێو مهاباد. لەم لاشەوە سەرانی عەشایەر لێبڕابوون هەر کە گەییە نێو مهاباد بەدەستی خۆیان تۆڵە لە قازی محەمەدو سەیفی قازی بسەنن. فەرماندەی لەشکرەکەش پێی خۆش بوو کە قازی محەمەد بەدەستی هەمان ئەو کەسانە لەنێو ببرێ کە بەخۆی دژی سەربەخۆیی وڵات هانی دابوون. بەباوەڕی ئەو ئەمە باشترین تۆڵەبوو بۆ یەکێکی وەکو قازی محەمەد. بەڵام لەم کاتەدا دەستوورێك لەسەرکردایەتی لەشکرەوە هات کە لەشکری عەشایەر هەر لە

ئەندەر قاش بمێنێ و چاوەڕوان بکا تا یەکە سوپاییەکان دەچنە نێو مهاباد. بەم جۆرە لەشکری عەشایەر لە ٢٤و٢٥ ئازەر لەئەندەر قاش مایەوە. رای سەرکردایەتی لەشکر ئەمە بوو کەنەوەك سوارەی عەشایەر بە لە گەیشتنی سوپا، وەنیو مهاباد بکەون و ئاژاوە بنێنەوەو دەست بە تالاّن و بڕۆ بکەن. ئەمە بۆچوون و پێشبینی یەکی تەواو دروست و بەجێ بوو. چارەنووسی قازی محمەدیش ئەوەبوو کەبە دەزگای عەدالەت سپێردرا تا لەرێگەی یاساییەوە بەسزای خۆی بگا. ئەو لەشکرەی کە لەسەقزەوە هاتبوو، لەگەڵ بەتالیۆنی سوارەی لوڕستاندا کە لە میاندواوەوە نێردرابوو، بریتی بوو لە دوو بەتالیۆنی پیادە، دوو بەتالیۆن سوارە، دەستەیەکی تۆپخانە ٧٥ و دوو زرێ پۆش بەم جۆرە تێکڕایی نزیکەی ٦٠٠ سەرەنێزە و شمشێرو ١٢ رەشاشی قورس و دوو زرێپۆش و دوو تۆپ لە ٢٦ ئازەردا گەییە ناو مهابادی پایتەختی کوردستان.

**<u>بارودۆخی گشتی:</u>**

لەم سەردەمەدا بارودۆخی گشتی مهاباد و دەوروبەری بەم جۆرە بوو:

١-وەزع و حاڵی مهاباد ئاڵۆزو نادیار دەینواند، بەتایبەتی کە قازی محەمەد خۆی ساغ نەکردبووەوە و چەکێکی زۆری بەسەر خەڵکی شاردا دابەش کردبوو.

٢- عەشایەری کورد هەموو چەکدار بوون و هێشتا تاقەیەك چەکیان لێ نەسەندرابووەوە ((رووداوەکانی پاشتر ئەوەیان سەلماند کە دوو روویی و ترسنۆکی هەمان ئەو عەشایەرانەی خۆیان وەکو دڵسۆزو خزمەتگوزار نیشان دەدا، چەند جەزرەبەی لە سوپادا)).

٣- بەرزانییەکان بە ٣ هەزار چەك و ٢ تۆپ و ١٢٠ تفەنگ و نارنجۆکێکی دەستی یەکجار زۆرەوە، لە نەغەدە خڕ ببونەوەو ئامادەی بەرەڤانی بوون.

**<u>بارودۆخی سوپایی:</u>**

لەو قۆناغەدا بارودۆخی گشتی سوپای دەوڵەت بەم جۆرەبوو:

١- ئەو هێزە سوپاییەی کە چووە نێو مهاباد، بەهۆی رێکردنی زۆری بە سەرماو لەنێو بەفرا، گەلەك ماندوو بووبوو و پێویستی بە پشودان هەبوو.

٢- سەربازخانەکەی مهاباد بەئەمری قازی محەمەد وێران کرابوو، و لەو سەرمایەدا زۆر بە زەحمەت جێگا بۆ سەربازان دابین دەکرا.

٣-سەربازان هیلاك و ماندوو بەو بەفرو سەرما و تۆفە کەوتنە دروستکردنی بورج و لێدانی سەنگەر بۆ پاراستنی شار، چونکە رەفتاری ئاڵۆزو نادیاری قازی محەمەد وای دەنواند کە دەستی لە فێڵ و دەهۆیان هەڵنەگرتووە. ((هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە لایەن سەرکردایەتی لەشکرەوە نەرمی لەگەڵ دەنوێنرا)).

٤- بەهۆی تەڕو تووشی و قوڕو بارانەوە، زرێ پۆشەکان دەورێکی ئەوتۆیان نەبوو، فڕۆکەش لەناوچەکەوە دووربوو. چونکە نزیك ترین فڕۆکەخانە، فڕۆکەخانەی سەقزو میاندواو بوو، فڕۆکەخانەی تەورێزیش هێشتا ساز نەببوو.

٥- ئەو هێزانەی بۆ کوردستان و ئازەربایجان نێردرابوون، لە زۆر شوێندا شیرازەیان بچڕا بوو، لە هەموو شوێنەکاندا خەریکی پاکسازی ناوچەکان و سەرگەرمی خۆ رێکخستنەوە بوون.

٦- هۆیەکانی نەقڵ و گوێزانەوە بەهۆی قوڕو تەڕو تووشی و ناهەمواری جادەکانەوە لە کەمی دابوو و هاتبووە سەر سێ یەك.

٧- بەهۆی جێگۆڕکێی خێراو کەمی هۆی نەقڵ و گوێزانەوە، یەکە سوپاییەکان تەنیا یەدەکی فیشەك و تەقەمەنیان لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو، بۆیە گەیاندنی تەقەمەنی و پێویستییەکانی دی وەخت و ماوەی زۆری دەویست.

ئازوقەی یەکە سوپاییەکان و بەنزینی ئۆتۆمبیل و زریٚ پۆشەکان لە کزی دابوو. هەرچەندە لە مهاباد گە نمێکی زۆر بەدەست کەوتبوو، بەڵام خواردەمەنی ئازوقەی دی و بەتایبەتی بەنزین کە فاکتەرێکی یەکجار کاریگەری نەقلْ و گواستنەوەی بوو، بەهیچ جۆریٚ لەبەر دەستدا نەبوو.

**( بارودۆخی بارزانییەکان )**

لەم قۆناغەدا مەلا مستەفا، بەوپەڕی رێك و پێکی چەکدارو خێزانەکانی خۆیانی بۆ نەغەدە بردبوو خەتێکی پێشەوەی بە باشترین (( ٦٠٠ )) چەکداری تفەنگچی خۆی لە نەغەدە تەیار کردبوو، و خێزانەکانی خۆیانی بۆ شنۆ ناردبوو. تیرە کوردەکان، جگە لە قەرە پاپاغ، بەگشتی نێوانیان لەگەڵ بەرزانییەکاندا خۆش و باش بوو. بۆیە چ بەخوایشت و چ لە ترساندا ئازووقەیان دەگەیاندنێ، مەلا مستەفا و بەرزانییەکان لەناوچەی پڕ بەرەکەت و دەوڵەمەندی شنۆو نەغەدە بەباشی بژێوی خۆیان دابین دەکرد.

لەم بارودۆخەدا سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان ئەم ئەرکانەی دەستۆ بوو و دەبوایە جێبەجیٚ بکرێن:

١- تاقیب کردن و دوکەوتنی بەرزانییەکان و دامەزراندنی خەتێکی بەرەڤانی لە قوڵی نەغەدە، بە مەبەستی پارێزگاری دەورووبەری مهاباد.

٢- پاراستنی شاری مهاباد لە شەڕی ئەو چەکدارانەی کە لە نێو شارو دەورووبەری شاردا هەبوون.

٣- دامەزراندنی دەستەڵاتێکی ئەوتۆ کە بتوانیٚ عەشایەری چەکداری کورد بترسێنیٚ و بەتەواوەتی چەکیان بکات.

٤- گرتن و محاکەمە کردن و سزادانی یاخیان و ئاژاوە چیان کە قازی محەمەد و سەیفی قازی لە سەرووی هەموویانەوە بوون و هێشتا دەستیان لە پیلان و جم و جوڵی خۆیان و تەنانەت پەیوەندی ژێراوژێر لەگەڵ بەرزانییەکان هەڵ نەگرتبوو.

٥- پاراستنی پاشهێزی (( مۆخرە )) یەکە سوپاییەکانی نێو مهابادو فریا خستنی تەقەمەنی و پێویستییەکانی دی بەو پاشهێزانە. هەروەها فریا خستنی هێزی پشتیوان بە مەبەستی بەشداری کردن لە شەڕی بەرزانییەکاندا.

٦- بەهێز کردنی هێزی سەربازو فریا خستنی وولاخ بۆ یەکە سوپاییەکان.

٧- پیادەکردنی ئارامی و ئاسایش و چەککردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی سەردەشت و بانەو گەورك سوسنییەکان و کلاسییەکان کە هێشتا دەستیان لە کاری خۆسەرانە هەڵ نەگرتبوو.

بەیانی رۆژی(( ٢٧/ ئازەر-٢٢/ت[٢]-٢٢/ك[١] سی رۆژە. وەرگێڕ )) بە پێی ئەو خاڵانەی سەریٚ دوو قووەت، یەکەمیان بەسەرکردایەتی سەرهەنگ ئەنساری (( سەرهەنگ-عقید. وەرگێڕ )) بریتی بوو لە لیوای سوارەی لوڕستان و دووەمیان بەسەرکردایەتی سەرهەنگ غەفاری و بریتی بوو لە هەموو سوارە عەشایەرییەکانی نێو مهاباد و نزیکەی (( ١٥٠٠ )) سوار دەبوون، لە دوو قۆڵەوە رەوانە کران بۆ پاراستنی دەورووبەری مهاباد.

**قۆڵی یەکەم:** بریتی بوو لە مهاباد، ئاق تەوێڵەو نەغەدە.

**قۆڵی دووەم:** بریتی بوو لە مهاباد- کارێزە-نەغەدە. سەرهەنگ غەفاری لەلایەن سەرکردایەتی سوپاوە سەرپشك کرابوو کە زەمینەی دیدار لەگەڵ مەلا مستەفادا خۆش بکا. سوارەی عەشایەر وەکو لەمەودواش دەبینین، تەنیا زۆر و بۆربوون. زۆریش ناهەقیان نەبوو چونکە هیچ جۆرە مووچە و پارەیەکی تەقەمەنیان نەدەدرایێ و لە راستیدا دەوری نۆکەری بە نانە سکیان دەبینی.

ئەوەی کە سەرکردایەتی سوپای هاندەدا کە ئەمانە بە گەل هەێزەکانی خۆی بخات ئەوەبوو کە یەکەم: لە گویٚ رایەڵی و ملکەچیان دڵنیابێت. دووەم: سەرگەرمیان بکات تا نەکەونە ژێر کاریگەری بانگەشەی خاینان و نەدەنە پاڵ دوژمنیان. دەنا ئەم قووەتە عەشایەرییە هیچ جۆرە بایەخێکی سوپایی نەبوو

هەڵبەتە بە درێژایی ئەو شەڕانەی کە بەشدارییان تێدا کرد نەك هەر بچووکترین شەڕی کاریگەریان نەکرد بەڵکو لە ڕێگای هەڵاتن و پاشەکشێی نەبەجێ و ناوەختەوە جەزرەبەی گەورەشیان بە سوپا گەیاند. واتا شەڕیان لە خێریان زیاتر بوو. قووەتی عەشایەر بەسەرکردایەتی سەرهەنگ غەفاری درێژەی بە پێشڕەوی خۆیدا و شەوی ٢٨ ئازەر گەییە کۆسە کارێزو لەوێندەر لایدا لەم کاتەدا ئاغای ( میرفەلاح )ی سەرۆکی تایەفەی قەرە پاپاغ لە نەغەدەوە گەییە کۆسە کارێز . نامەیەکی لە مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ سەرهەنگ غەفاری هێنابوو. مەلا مستەفا لە نامەکەیدا ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ دەربڕیبوو. فەرماندەی قووەتە کە بە هەمان کەسدا وەڵامی بۆ مەلا مستەفا ناردەوە کە بەخۆی یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی هەڵبژێرێ و بینێرێ بۆ کۆسەکارێز بۆ گفتوگۆ. ئەمیر فەلاح، هەر بۆ هەمان مەبەست چوو بۆ نەغەدە و پاش سێ سەعات و لەگەڵ میرحاجدا کە ئەفسەرێکی عێراقی و یەکێك بوو لە سەرکردەکانی مەلا مستەفا گەڕایەوە، سەرهەنگ غەفاری کە ئاگاداری بارودۆخ بوو و بە پێی ئەو ئەرکەی کە لە لایەن سەرکردایەتی سوپاوە وەستۆی خرابوو، لە پێشا لە ژوورێکدا کە هەموو سەرۆك عەشرەتەکانی لێ بوو، پێشوازی لە میرحاج کردو تێیگەیاند کە هەموو سەرۆك عەشرەتەکان لەگەڵ دەوڵەتدان ئەوجا لەگەڵ میرحاجدا بەرەو نەغەدە وەڕێکەوت تا مەلا مستەفا بدینێت. پاش ئەوەی سەرهەنگ غەفاری گەییە نەغەدە داوا لە مەلا مستەفا کرا کە بە مەبەستی دیتنی سەرکردایەتی لەشکر لە مهاباد ئامادە بێت مەلا مستەفا لەسەرەتادا ئەم داوایەی ڕەتکردەوە. هەر لەم کاتەدا شێخ ئەحمەدی ڕێبەری ئایینی و برا گەورەی مەلا مستەفا لە شنۆوە بە پەلە گەییە نەغەدە. پاش گفتوگۆیەکی زۆرو راوێژو تەگبیری پێویست ئەمری بە مەلا مستەفا کرد کە بۆ مهاباد بچێت. ئەوجا مەلا مستەفا لەگەڵ میرحاج، عیزەت عەبدولعەزیزو نوریدا کە هەرسێکیان لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوون لەگەڵ سێ کەسی تری خۆیداو لەگەڵ سەرهەنگ غەفاریدا بەرەو مهاباد وەڕێکەوتن.

لەو کاتەدا سوپا، لە مهابادا گیرۆدەی گەلێ گیروگرفت بووبوو. بەڵام چوونی مەلا مستەفا بۆ مهاباد کاری خۆی کردوو بوو بە گەورەترین سەرکەوتن بۆ سوپا سەرکردایەتی سوپاش لە تەلەگرافێکی خۆیدا ئەمەی بە گەورەترین سەرکەوتنی لەشکرەکە لە قەڵەمدا، دەشێت دەستکەوت و ئە نجامە هەنووکەییەکانی چوونی مەلا مستەفا بۆ مهاباد لەم خاڵانەدا کۆ بکرێتە :

١- هەموو ئەو کەسە یاخی و ئاژاوە گێڕانەی کە بەتەمای هەلی تازە بوون بۆ خۆ نواندن ساردبوونەوەو لە جێی خۆ دانیشتن.

٢- ئەو نەخشانەی قازی محەمەد لای خۆیەوە داینابوون کە مەلا مستەفا و بەرزانییەکان وەك داردەست بەکار بێنێت یا بەلای کەمەوە لەبەر چاوی خەڵکیدا وا بنوێنێ کە هێشتا سەنگی هەیە، هەڵوەشانەوە.

٣- هەموو ئەو عەشرەتانەی کە دوودڵ بوون لە تەسلیم کردنی چەکەکانیان یان وایان خەیاڵ دەکرد کە لەوەیە بەهۆی بوونی بارزانییەکانەوە دەوڵەت پێویستی پێیان بێ، هەموویان گۆڕان و ئەو بابەتە بیرکردنەوەیەیان لە مێشکی خۆ دەرکرد.

٤- بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی سوپای چەسپاو ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە ئارادابوو بە قازا نجی سوپا شکایەوە.

گەورەترین ئاکامی سەردانەکەی مەلا مستەفا ئەوە بوو کە سەرکردایەتی سوپا دەست و پێی قەبوو و رۆژی پاش سەردانەکەی مەلا مستەفاو بێ چ دوو دڵیی و پرنیگانەوە قازی محەمەد و سەیفی قازی و هەموو یاخیانی مهابادی دەستگیر کردن و دانی بە دادگا تا بەسزای خۆیان بگەن. لە کاتێکدا تا رۆژی پێش سەردانەکەی مەلا مستەفا زۆر بەڕێزو حورمەتەوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرا مەلا مستەفا رۆژی ٣٠ئازەر گەییە مهاباد لە بارەگای سەرکردایەتیدا پێشوازی لێ کرا بە نووسین بەڵێنیدا هەر کە سەری تارانی داو گیروگرفتی بارزانییەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا چارەسەکرایا ئەگەر خۆیان و تایەفەکەیان لە ئێرانا

پەنا بدرێن ئەوسا کە بەخۆو چەکەکانیانەوە تەسلیم دەبن، هەروەها بەڵێنی ئەوەشیدا کە هەردوو تۆپە (٧٥)کە تەسلیم بکاتەوە هەر بەو بۆنەیەوە ئەم ئاگادارییە لە مهاباد بڵاوکرایەوە:

ئاگاداری:

سەرانی تیرەو تایەفەکانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ٢٩/ئازەری ١٩٤٦ جەنابی مەلا مستەفای بارزانی و کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی سەردانی مهابادیان کردوو و گوێڕایەڵی تەواوی خۆیان و تایەفەکەیان بەنووسین راگەیاندووەو بوون بە پەنابەری دەوڵەتی شاهەنشای ئێران و هەموو ئەندامانی تایەفەکەی لە دەوڵەتی شاهەنشایدان. سوپاش خەریکە ژیان و گوزەران و ئەمن و ئاسایشی ئایندەیان بۆ دابین دەکات بۆیە لە هەموو جۆرە دەست درێژییەك دە پارێزرێن:

ئیمزا: فەرماندەی هێزی کوردستان

***سەفەری سەرلەشکر هەمایونی لە مهابادەوە بۆ ورمێ***

دوای پێنج رۆژ مانەوەم لە رەزاییە، هاتمە سەر ئەوەی بۆ مهاباد بچم. لەم کاتەدا سەرلەشکر هەمایونی فەرماندەی هێزەکانی کوردستان بەخۆو فەوجێکەوە گەیشتە رەزاییە. سەرلەشکر هەمایونی بۆ ئەوە هاتبوو پێوەندی لەنێوان مهابادو رەزاییە دروست بکات یا راستتر بە مەبەستی پێکەوە گرێدانی یەکە سوپاییەکانی هەردوو لەشکری سێ و چوار و دروستکردنی سەربازخانەیەکی ئەم شارە هاتبوو. هەر کە سەرلەشکر هەمایونی بەخۆی و فەوجەکەیەوە گەییە رەزاییە رووداوێکی ناخۆش قەوما. لە باڵانشی نزیکی رەزایە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە باری سوپاییەوە ستراتیژی بوو و فەوجەکە لەلایەن کوردە یاخیەکانی سەر بە زیرۆوە بەردەسترێژ دراو دوو سەرباز هاتنە کوشتن.

رووداوکە بەم جۆرە بوو: لەو دەمەدا کە سەرلەشکر هەمایونی لەگەڵ دایك و برایەکی زیرۆدا قسەی دەکردو باسی چۆنێتی تەسلیم بوونی ئەوانی دەکرد ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە سەرباز لە ناوەندی جادەکەدا وەستابوو. پیاوانی زیرۆ نامەردانە لە پەنای درەخت و تاوێرەکانەوە تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکە کردوو دوو سەربازیان کوشت و سێی تریان زامدار کرد. شایانی باسە لەم دەمەدا هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی لەشکر لە ناوەندی جادەکەدا وێستابوون و ژیانیان لە خەتەردا بوو. خۆ ئەگەر بشەڵەژبان، خۆیان و هەموو ئەفسەرانی فەوجەکە تیادەچوون سەر لەشکر هەمایونی خۆی تێك نەدا و حەکیمانە شەڕەکەی راگرت و نەیهێشت ئەم رووداوە ناگەهانە تەشەنە بکاو بێتە مایەی تیاچوونی یەك فەوج سەرباز. فەرماندەی لەشکر ( هەنووکە خانەنشینە ) بەدانایی خۆی جڵەوی شەڕەکەی گرت کە ئەگەر هەڵگیرسابا بە شکستی هێزی دەوڵەت دەشکایەوە. بۆیە دایك و براکەی زیرۆی وەکو بارمتە لەگەڵ خۆیا بۆ رەزاییە برد. سەفەرەکەی سەرلەشکر هەمایونی بۆ رەزاییە جۆش و خرۆشێکی بەو خەڵکە بەخشی کە بەداخبوون لە کوردەکان. ئەم جۆش و خرۆشە لەکاتی بەڕێکردنی تەرمی دوو سەربازە کوژراوەکەو لەو گوتارانەدا کە بەبۆنەی ناشتنیانەوە خوێندرانەوە، بەتەواوی بەدیار کەوت لەماوەی ئەو دوو رۆژەدا کە سەرلەشکر هەمایونی کە لە رەزاییە مایەوەو هەوڵێکی زۆر لە لایەن فەرماندەی تیپ جەنابی سەرتیپ ( میر لیوا ) زەنگەنەوە درا بۆ دەستگیرکردنی زیرۆ هەم بەزۆرو هەم بەفێڵ و دەهو. تەنانەت چەند سووکە پێکدادانێکی خێراو کەم خایەنیش لە دەوروبەری شاردا روویدا بەداخەوە ئەم هەوڵانە هیچیان سەریان نەگرت، چونکە زیرۆی یاخی و و تەڕدەس و شارەزای کون و کەلەبەری ناوچەکە بچووکترین دەرفەتی دەقۆستەوە و بە درێژایی سنوور جێگۆڕکێی دەکردو خۆی لە ئابلووقەو داوی هێزەکانی دەوڵەت دەرباز دەکرد. لە لایەکی دییەوە کەمی سەربازانی نێو سەربازخانەکەی رەزاییەو، چەکداربوونی تیرە کوردەکانی نێو مهابادو ورمێ و وماکۆ و سنوورەکانی سۆڤێت، کردبوویە کارێك کە دەوڵەت نەتوانێ توندو تیژی بەکار بێنێ. بەتایبەتی

نۆکەرانی بێگانە لە ڕێگای پەیك و تەتەرو بێتەلەوە ئەو تیرە کوردانەیان لە هەموو شتێك ئاگادار دەکردو بارزانییەکانیان هاندەداو ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەیان دەشڵەقاند. فەرماندەی لەشکر پاش ئـەوەی ئـەم وەزع و حاڵـەی بەچـاوی خـۆی بـینی و گفتوگۆیـەکی تێـرو تەسـەلی لەگـەڵ سـەرتیپ زەنگەنـەدا کـرد، ٧/دەی((دەی-٢٣ك١-٢٠ك١، ٣٠ ڕۆژە، وەرگێڕ)) بڕیاری دا بۆ مهابـاد بگەڕێتـەوە تـا لـە نزیکـەوە چـاودێری وەزع و حاڵی بەرزانییەکان بکات. من بەیانی ڕۆژی ٧/دەی خواحافیزیم لە هاوڕێ ڕۆژنامەنووسـەکانم کـرد تا بتوانم ڕۆژنامەی ئیتیلاعات و خەڵکی لەو گرفتاریانە ئاگادار بکەم، کە سوپا لە کوردستـاندا گـیرۆدەی ببوو لەگەڵ سەرلەشکر هەمایونی و سەرهەنگ ئەنساریدا چـووم بـۆ مهابـاد، هەرچـەند ڕێگاکـە لـە چـەند فەرسەخێك پتر نەدەبوو، بەڵام زۆر بە ناڕەحەتی بڕیمان. چونکە جادەکـە زۆر خـراپ بـوو، بـەفرو تـوف و زریـان حەشـریان دەکـرد حیمایەیـەکی ئـەوتۆمان لەگەڵـدا نـەبوو. هـەموو ئەمانـە کردیانـە کـارێ کـە سەفەرەکەمان زۆر دژوارو ناڕەحەت بێ.

پاش ئەوەی لە بالانش و ملەکانی شیرین بلاغ ڕەت بووین تەهای سەرۆکی خێڵی هەرکی کە یەکێك بوو لـە یاخییە ناوچەییەکان لە ملەیەکەوە هاتە خوارێ و دەغیلی فەرماندەی لەشکر هـەمایونی کـەوت، ئەمـەیش پێی ڕاگەیاند کە ئەگـەر لەمـەوپاش هاوکـاری لەگـەڵ سـوپا بکـاو لـەزوترین کاتـدا چـەکەکانی تەسـلیم بەسەربـازخانەی ڕەزاییە بکا ئەوا بادڵنیابێ کە دەوڵەت لێی خۆش دەبێ.

نە وەزعی شاری مهابـاد و نـە وەزعـی حـاڵی سـوپا لەوێنـدەر ئاسـایی نەدەهاتـە بەرچـاوم، چـونکە بـە پێچەوانەی تەورێز و ڕەزاییە و مەراغە و خوی و ئەردەبیل و ناوچەکانی دییەو، لێرەدا، مهاباد نـە خـەڵکی ئەو جۆش و خرۆشەیان دەرهەق بە سوپا هەبوو نە سەربازان و ئەفسـەران ئـەو ئاسـوودەییەو دڵنیاییـەی کە سوپاییەکانی ناوچەکانی ترن هەیان بوو. کەچی ڕەفتاری بەرپرسیاران و ئەفسەران لە مهابادا لەگـەڵ خەڵکی مهاباد زۆر چاکتر بوو وەك لە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی تری ئازەربایجاندا.

کوردەکان بە چاوی گومان و نەباوەڕییەوە دەیانڕوانییـە سـەربازەکان و سـەربازانیش بەبـەد گومانییـەوە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، چونکە کوردەکانی نێو شارو نێو دەروروبەری شـار هـەموو چـەکدار بـوون و بەرزانییەکانیش لە هەشت فەرسەخی دەرێی شارەوە چەکدارو پـەیت و تـەیار، سـەنگەریان گرتبـوو، بۆیـە باس هەر باسی هێرشی بەرزانییـەکان و ڕا پـەڕینی جـەوماوەری نێـو شـاربوو، لـەم کاتـەدا قـازی محەمـەد پێشـەوای حیزبـی کۆمەڵـەی کوردسـتان لـە زینـدانا بـوو، براکـەل لـە تـاران بـوو، نـەیارانی دەوڵـەت بـە پەرۆشەوە چاوەڕوانی گۆڕانکاریەك بوون کە باروذۆخ بە قـازا نجی یاخیـانی کـورد بشکێتەوە. لـە لایـەکی دییەوە قازی محەمەد پیاوێکی شارەزاو سیاسەت مەدارو زانابوو، لە ماوەی یەك ساڵی حـوکم ڕانیـی خۆیـدا دەسـتەڵات و خۆشەویسـتییەکی فراوانـی بەدەسـت هێنـابوو. ڕێـك بە پێچـەوانەی پیشـەوەری و فیرقـەی دیموکراتی ئازەربایجان. چونکە لـە بنەماڵەیـەکی خانـەدان و نێودارو دەسـتڕۆو ناسـراو بـوو، لـە مـاوەی سەرۆکایەتی کۆمارەکەی خۆیدا چ هەنگاوێکی دژی خەڵکی شار نەنابوو. بۆیە خـەڵکی ڕقیـان لێـی نـەبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو نە ئەو مهابادی بەجێهێشت و نە دەوڵەتیش لەو بارودۆخەدا پرکێشی ئـەوەی دەکـرد قـازی محەمـەد لـەنێو بـەرێ. چونکە لـە پاڵ پایـەی سیاسیدا پایەیـەکی ڕوحـانی و ئایینیشـی هـەبوو. مەسەلەیەکی دیکەش لەم ناوچەیەدا دەست و پێی دەوڵەتی بەسـتبوو ئـەویش سیاسـەتی سـۆڤیەت بـوو لـە کوردستاندا. چونکە بە پێچەوانەی ئازربایجانەوە کە بناغەی سیاسەتی ڕوسیا بـریتی بـوو لـە پشـتیوانی هەژاران دژ بە سەرمایەداران. دەوڵەتی ڕوسیا لەم ناوچەیەدا بۆ ئەوەی دەستەڵاتێکی تەواو بەدەست بێنێ و خەڵکی دینداری کوردستان نەرەنجێنێ، هەرگیز باسی بەلشـەویزم و یەکسـانی سـەرمایە و دابەشـکردنی دارایی نەهێنایە گۆڕێ، بەڵکو سەرۆك خێڵەکانی دژی دەوڵەت هان دەدا، هەستی سەربەخۆیی خوازیی جۆش دەدان و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کوردستان هەقی وایە ببێ بە کۆمارێکی سـەربەخۆ، دیـارە بەمـە سـۆزی ژمارەیەك خۆپەسندو دنیا پەرستی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو.

وەزعی هێزەکانی دەوڵەت لەنێو شارا وا خراپ بوو، لە نیمچە ئابلۆوقەیەکی نەزاکەت ئامێزدا بوون، شپرزەو شە پڕێوو خەریکی دروستکردنی بورج و قووللەو سەنگەر لێدان بوون. ئەم دیمەن و وەزعە نائاساییانە رۆژنامەنووسێکی وەکو بەندەی هاندا کە راستەوخۆ رووەو مەڵبەندو سەرچاوەی فیتنەکە مل بنێم و راستەخۆ لەگەڵ بارزانییەکاندا بکەومە گفتوگۆ، تا لە نزیکەوە لە وەزع و حاڵەکە بگەم و بە پێی توانای خۆم هەوڵی چاکردنی پێوەندییەکانی نێوان هێزی دەوڵەت و بارزانییەکان بدەم. ئەو پەیوەندییەی کە هێندە شلۆق ببوو، هەر ساتێ بتەقیباوە، دەتەقییەوە. پاش ئەوەی قسەم لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی کوردستان و سەرهەنگ فەیوزی سەرۆکی هەموو هێزەکانی ئەو ناوچەیەدا کردو نەخشەو مەبەستی خۆمم پێ راگەیاندن، عەسری رۆژی دوو شەممە رێگەی نەغەدە – شنۆم گرتەبەر بە لورییەکی سوپایی پڕ لە ئازوقەوە بەرەو جێگەی مەقسەد وەڕێ کەوتم.

بارانێکی توند دەباری، بەفرو بەستەڵەکی سەر جادەکەی دەتواندەوە. رێگەکە خۆی لە خۆیدا خراپ بوو، بەنێو مەزاری چەوەندەردا رەت دەبوو. بارانەکەش هێندەی دی خراپی کرد بوو. ببوو بە دەریایەکی قورە لیتە. ئۆتۆمبێلە فریشقەکە وەکو ئەوەی لە بەرزانییەکان بترسێ و تەمەنی خزمەتکردنی بەسەر چووبێ، لێکدا لێکدا دەچەقی، ئێمەش بەو سەرماو تۆفە ناچار دادەبەزین و بەهیمەتی سەربازەکان و هەندێ جار بەهاریکاری خەڵکی ناوچەکە پیرە ئۆتۆمبێلمان لە قوڕێ دەردێنایەوە. ئۆتۆمبێلی گۆڕین. بەم حاڵە بێ حاڵەوە لە سەعات شەشی ئێوارەدا گەیاندمانییە دەروازەی شار. لیوای سوارەی لورستان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ حاجی ئەنساری لێرەدا بارگەی خستبوو. ئەم لیوایە قووەتی بەرایی جەبهەکە بوو. لەبەر خراپی رێگەکەو ناهەمواری جادەکە شەومان لەوێندەر رۆژکردەوە. رۆژی سێ شەممە سەعات دە بەرەو نەغەدە وەڕێ کەوتین. لێرە بەو لاوە چ سەربازێك نەدەبینرا، پاراستنی جادەکە بەچەکدارانی خێڵی قەرەپاپاخ سپێردرابوو. خێڵی قەرە پاپاخ، یەکێکە لەو خێڵانەی کە دوای شکستی ئێران لە شەڕی رووسیای تزاری و مۆرکردنی پەیمان نامەی تورکمان چای. هاتونەتە ئێران. بۆیەش قەرەپاپاخیان پێ گوتراوە، چونکە کڵاوی رەشیان لەسەردەنا. ئەم خێڵە پیاوی ئازاو رەشیدی تێدا هەڵکەوتووە، تاقە خێڵێکن کە لە ناوەندی کوردستاندا نیشتەجێ بوونەو بە زمانی تورکی دەدوێن. قەرەپاپاخەکان، نزیکەی ((٥٣)) ئاواییان لە ئاواییەکانی کوردستان بەدەستەوەیە. بەندە سەعات ١٢ گەییمە نەغەدە، پیاوانی ئەم خێڵە بە تەلەفۆن لە چوونی من ئاگادار کرابوون، بۆیە بە سواری ئەسپ و چەك بەشان ئەمبەرو ئەوبەری جادەکەیان گرتبوو، هاتبوونە پێشوازیم. کوێخاو سەرۆکیان لەم شارۆچکەیەدا ((قولی خان بزچەلو)) بوو، پیاوێکی ئازاو شاپەرست و وڵاتپارێز بوو. نێوبراو بەخێر هاتنێکی گەرمی بەندەی کرد. بۆ ئەوەی نەکەومە درێژدادڕییەوە، بۆیە دەقی خێرهاتنەکەی لێرەدا تۆمار ناکەم، چەند سەرێك گوێرەکە و مەڕیشیان بۆ سەربڕیم. چونکە من یەکەم رۆژنامەنووس بووم کە رێی کەوتبووە نێو ئەم خێڵە، پێشوازییەکی گەرم و بێ ریا کرام. منیش پێم گوتن کە خاوەن شکۆو شاهەنشا زۆریان بەخەمەوەیەو دڵنیام کردن کە دەوڵەت لە شەڕی بەرزانییەکان رزگاریان دەکاو هەموو هەوڵێك بۆ دەرپەڕاندنی بارزانییەکان لە خاکی ئێراندا دەداو، هەوڵ و کۆششی سوپاش لەم بارەیەوە بەم زووانە دێتە بەرو ئاکامەکەشی بە دیار دەکەوێ. بەراستی وەزع و حاڵی خێڵی نێوبراو لەو رۆژانەدا گەلێك خراپ بوو.

بارزانییەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ نزیکەی ١٦٠ خێزانیان لە دێهاتەکانی قەرەپاپاخدا دامەزراندبوو، کە ژمارەی ئەندامانی ئەم خێزانانە دەگەییە (١٧٠٠)کەس. خێڵی قەرەپاپاخ ناچار بوو ژیانی ئەو خێزانانە دابین بکات و بۆ هەر نەفەرێکیان مانگی سێ پووت گەنم و سێ ریاڵ پارە ببڕێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە دابینکردنی جێگاو رێگای بارزانییەکانیشیان هەر لە ئەستۆدا بوو دەبێ ئەوەش بڵێین چونکە بارزانییەکان چەکداربوون و چ هێزێکی دەوڵەت لەو ناوچەیەدا نەبوو، بۆیە قەرپاپاخەکان ناچاربوون مل بدەنە خەت و بە کەیفی ئەوان بکەن، سەعات ٩،٣٠ پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ بەمەستی دیداری شێخ

ئەحمەدی بارزانیی، ناسراو بە خودانی بارزان کە برا گەورەو ڕێبەری ئایینی و روحی خێڵی بارزانی بوو لە نەغەدەوە بەرەو شنۆ بەرێکەوتم.
بارزانییەکان لە ڕێگا چەند جارێك ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرت، پاش تەفتیش و دڵنیابوون لەوەی کە چ سەربازێکم لەگەڵدا نییەو منیش بۆ دیدەنی دەچووم، ئەوجا ڕێگایان داین، بەڵام سروشت بەردەوام ڕێگای پێ دەگرتین، بەفرە بە توندی دەباری، ئۆتۆمبێلەکە بە لەقە لەق، بەکەونە ڕێی سنووری ئێران و عێراقدا تێدەپەڕی و لێکدا لێکدا دەچەقی. سەعات ٥,٣٠ ئۆتۆمبێلەکە لە قوڕ چەقی و جووڵەی لێبڕا، ناچار لەترسی سەرماو دەشتی بێ پەنا خۆمان گەیاندە ئاوایییەکی نزیك. دەبێ ئەوەش بڵێین کە قولی خانی قەرەپاپاخ بۆ ڕێنوێنی و سەلامەتی بەندە وای بە چاك زانی دوو پیاوی خۆی و حەوت چەکداری بارزانیم بەگەڵ بخات. بارزانییەکان سور بوون لەسەر ئەوەی کە شەوێ لە ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنێتەوەو سپێدە زوو بەرەو شنۆ وەرێ بکەوین. بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی کە هەر چۆنێك بووە دەبێ شەوێ خۆبگەیەنینە تەك شێخ ئەحمەدی بارزانی. چونکە نەبوونی خواردن و جێگەی ئیسراحەت و نائەمنییەتی، ڕێگەی ئەوەیان نەدەدا بەو سەرمایەو لەو دەشتە چۆڵەدا، لە ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنینەوە. ئەنجام بۆ ئەوەی خۆ لە سەرماو سۆڵە ڕزگار بکەین ڕوومان کردە گوندێکی نزیکی ئەو ناوە، بە نێوی ((گەورك ئاوا)) هەڵبەتە لێرەدا نابێ وشەی ئاوایی خوێنەر بە هەڵەدا بەرێ و وا خەیاڵ بکات کە ئاوەدانییەکی بەهەشت ئاسا داڵدەی داوین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم ((گەورك ئاوا))یە، کوێرە گوندێکی وێرانە بوو، بە شەرە شەق لە بەفرو سەرمای دەپاراستین. ماوەی نێوان ئۆتۆمبێلەکەو ((گەورك ئاوا)) مان زۆر بە زەحمەت بڕی. چونکە مەزراکان هێندەیان بەفرو باران بەسەردا باری بوو، بووبوون بە زۆنگاوی وەها کورم دەویست لێیان دەربچی. سەعات ٦,٣٠ ئێواری شەکەت و ماندوو وەنێو ((گەورك ئاوا)) کەوتین. باران هێشتا دەباری، دەکیلۆ مەترێك پترمان بۆ شنۆ مابوو. ئیسراحەتێکمان کرد، باران، خۆشی کردەوە. هاوڕێکانم ئامادە کردن و بەرەو شنۆ وەرێ کەوتین تا شێخ ئەحمەدی بارزانی بدینم. بەشێك لە ڕێگەی نێوان گەورك ئاواو شنۆ چەو ڕێژەکەی سنوور بوو، بۆیە توانیمان بە پەلەو بەبەر بەفردا و بە پێیان ئەم بەشەی ڕێگەکە ببڕین.
سەعات هەشت و چارەك، تیشکی کزی چرایەکمان لەو تاریکییە سامناکەوە کە دەشت و کێوی گرتبووە باوەش، لێ بەدیار کەوت. هێشتا بە تەواوی ئومێدی نزیك بوونەوەو گەیشتنە مەنزڵمان نەکەتبووە دڵ کە لە پڕو لەو تاریکستانەوە حەپەی سەگ و دەنگی دەستڕێژی تفەنگ ڕووەو ئێمە بەرز بووەوە. سەرسام و سەرگەردان لەجێی خۆ چەقین. گوللەکان زۆر نزیك بوون، هێند نزیك بوون گری پاش هەر دەستڕێژێك بە هاسانی دەبینراو مەودایەکی کەمی ڕووناك دەکردەوە. دوو پیاوەکەی قولی خانی قەرەپاپاخ ویستیان بەر پەرچیان بدەنەوە، بەڵام من و بەرزانییەکانی هاوڕێگام نەمانهێشت تەقە بکەن و شەڕ هەڵگیرسێت.
جل و پێڵاوەکانمان لە قوڕا هەڵکشابوو، ئاو تاژوور ئەژنۆمان هاتبوو. هەموو لەسەرماناو لە ترساندا هەڵدەلەرزین یەکێك لە بارزانییەکانی لەمەڕ ئێمە کە پلەی ملازم دووەمی سوپای عێراقی هەبوو، چەند هەنگاوێك چووە پێشەوەو بە زمانی کوردی و بە جفرەی تایبەتی نێوان بارزانییەکان، هەندێ شتی بە تەقەکەرەکان گوت و ئیدی تەقە وێستا.
پاش تۆزێك نزیکەی ١٥ ڕەشاش بەدەست، بە دوو فانۆسەوە هاتن. گفتوگۆیەکی کەم لەنێوان بارزانییەکانی لەمەڕ ئێمەو ئەوانی دیدا کراو ئەوجا بە نابەدڵی ڕێگەیان داین بەرەو شنۆ بڕۆین. بەو تاریکە شەوە، وێڕای ئەوەی ئەم شارە سنوورییە لە تاریکیدا نقووم بووبوو، و باران فاسیلەی نەدەدا چ کەسێك لە ماڵ سەر دەربێنێ، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەفسەران و سەربازانی بارزانی دەستە دەستەو پۆل پۆل لە جم و جۆڵدابوون و هەموو بەرزایی و ڕێگەو بانەکانیان گرتبوو، تا ئەگەر لە پڕ هێرشێکی لەناکاویان بکرێتە سەر، نەشڵەژێن و بتوانن بە باشی بەرگری لەخۆ بکەن. هەرچەندە لەبەر پەرەکانی

دواتردا باسی وره‌ی به‌رزی سوپایی به‌رزانییه‌كان ده‌كه‌م، به‌لام پێویسته لێره‌دا ئاماژه بۆ ئه‌وه بكه‌م كه بارزانییه‌كان به پێچه‌وانه‌ی گه‌لێك له خێڵه ئێرانییه‌كان، ته‌مه‌ڵ و ته‌وه‌زه‌ل و سست و خاو نه‌بوون. پاسدارانی بارزانی، شه‌وگاریان له‌به‌ر به‌فرو باران و سه‌رما رۆژ ده‌ركره‌وه‌و ئه‌ركی خۆیان ئه نجام ده‌داو به رۆژ پشوویان ده‌دا تا غافڵگیر نه‌كرێن. كه‌چی خێڵه‌كانی ئێران به پێچه‌وانه‌وه، شه‌ویان له ماڵه‌وه رۆژ ده‌كرده‌وه‌و به رۆژ پاسدارییان ده‌كرد. بۆیه زۆربه‌ی خێڵه كورده‌كانی ئێران شه‌ڕی شه‌ویان پێنه‌ده‌كراو به رۆژیش غافڵگیر ده‌كران.

### هاتنی به‌رزانییه‌كان بۆ ئێران

رابردووی بارزانییه‌كان و شه‌ڕیان له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته هاوسێكانی ئێراندا :

هه‌ر كه من چوومه ژوورێكی ده‌وراو ده‌ور به ئه‌فسه‌رانی چه‌كداری بارزانی ته‌نراو، پیاوێكی بالا به‌رزی باریكه‌له‌ی ردێن ماش و بر نجی پاڵتۆ له‌به‌ر كه‌سیمای رێبه‌ری مه‌عنه‌وی و سه‌رۆكی خێڵی پێوه دیاربوو، له ده‌رگایه‌كی رووبه‌ڕووه‌وه وه‌ژور كه‌وت. ئه‌و پیاوه قه‌ره‌پا پاخیه‌ی له‌گه‌ڵ مندا هاتبووه ژووره‌وه و نیو هه‌نگاوێ له پشت منه‌وه وێستابوو، به چپه پێی گوتم : ئه‌مه شێخ ئه‌حه‌مدی خودانی به‌رزانه !!.......
نازانم دیتنی ئه‌م پیاوه بالا به‌رزه به هه‌یبه‌ت و ویقاره چ هه‌ستێكی لا هاروژاندنم كه‌وا به پێچه‌وانه‌ی هه‌موو دابێكه‌وه خۆم له ئه‌ته‌كێتی سلاو كردن دزییه‌وه. ئه‌ویش چ قسه‌یه‌كی نه‌كرد. بۆ چه‌ند ده‌قیقه‌یه‌ك له سه‌را پای یه‌كدیمان هه‌ڵروانی و پاشان وه‌كو ئه‌وه‌ی یه‌كدیمان باش هه‌ڵسه‌نگاندبێ، رووبه‌ڕووی یه‌كدی له‌سه‌ر دوو كورسی رۆنیشتین. جله‌كانم ته‌ڕبوون. پێلاوه‌كان و پانتۆله‌كه‌م قوڕاوی ببوون. سه‌روسیمای شێخ ئه‌حمه‌دیش هه‌رچه‌نده به‌به‌ر باراندا رێی نه‌كردبوو، زۆر له‌من باشتر نه‌بوو. پێ ده‌چوو سالانی دوروو درێژی ده‌ربه‌ده‌ری و زیندان و ره‌هه‌نه‌یی شپرزه‌یان كردبێ و ئاواره‌ی بیابان بووبێ. شێخ ئه‌حمه‌د پاش ئه‌وه‌ی ژێراو ژێر روانییه پاسه‌وانه‌كانی ده‌وروبه‌ری و له ئاماده‌یی و كارامه‌ییان دڵنیا بوو، ئه‌وجا وه‌كو برا گه‌وره‌ی مه‌لا مسته‌فاو سه‌رۆكی خێڵی به‌رزان و ته‌مه‌ن په نجا ساڵه خۆی ناساندو داوای كرد كه منیش خۆم به‌و بناسێنم.
منیش به‌وپه‌ڕی ئه‌ده‌ب و نه‌زاكه‌ته‌وه خۆم ناساندو هیوای ئه‌وه‌م خواست كه بارزانییه‌كان له‌م وه‌زع و حاڵه بێ حاڵ و ناهه‌موارو ناله‌باره رزگار بن، وه‌كو چۆن بارزانییه‌كان به‌هیوان ده‌وڵه‌تی ئێران بۆیان تێبكه‌وێ و عێراق بیان به‌خشێ و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ ولاتی خۆیان و له ئاواره‌یی و ده‌ربه‌ده‌ری رزگار بن. به‌ر له‌وه‌ی شێخ ئه‌حمه‌د وه‌لامی ئه‌و قسانه‌م بداته‌وه، ئه‌وه‌م بیر خسته‌وه كه بۆ ئه‌وه‌ی هیچ جۆره به‌دحاڵی بوونێك له به‌یندا نه‌مێنێ، پێویسته بارزانییه‌كان وه‌عدو به‌ڵێنی خۆ ببه‌نه‌سه‌ر، وه‌كو چۆن مه‌لا مسته‌فا له مهاباد به‌ڵێنی داوه دوو تۆپه جه‌وه‌ڵییه‌كه به‌زوترین كات بدرێته‌وه به سوپای ئێران و بارزانییه‌كانیش نه‌غه‌ده چۆڵ بكه‌ن. شێخ ئه‌حمه‌د به‌شی یه‌كه‌می قسه‌كه‌ی قبوڵ كردم و گوتی تۆپه‌كان له ئاوایی نه‌لۆس-ن و به‌زووترین كات ده‌درێنه‌وه به سوپا. به‌لام ده‌رباره‌ی چۆڵكردنی نه‌غه‌ده له‌م وه‌زع و حاڵه‌ی ئێستادا،

ئەمەیان لـە توانـا بـەدەرە، چـونکە نـاکرێ (١٥) هـەزار ژن و منـداڵ و پیرەمێـرد لـە شنۆدا خڕبکرێنـەوەو بژێویان بۆ دابین بکرێ.

دوای ئەوەی ئامانج و مەبەستی سوپام بۆ شێخ ئەحمەد روون کردەوە و دڵنیام کرد کە دەوڵەت نیازی نییە شەڕ لەگەڵ بارزانییەکانـدا بکـا، بـەر لـەوەی وەڵام بداتـەوە، هەسـتایە سـەر پـێ، قورئـانێکی لەبـەرکی دەرهێناو لەبەردەمم دایناو داوای کرد سوێند بخۆم کە جگـە لـە پاراستنی بەرژەوەنـدی میللـەتی ئێـران چ مەبەست و نیازێکی دیم نییە. منیش بەدڵێکی پاکو بێگەردەوە سوێندەکەم بـۆ خـوارد. شێخ ئەحمـەد پـاش ئەوەی لە قسەکانم دڵنیابوو گوتی: بە دەوڵەتی ئێران و بەرپرسانی سوپا بڵێ کە بە خـواداری خـوا ئێمـە نیازی شەڕمان لەگەڵ ئێوەدا نییەو بیر لـە دوژمنایـەتی کردنـی ئێـوە ناکەینـەوە. وەکـو چـۆن ئەمـەمان بـە دەوڵەتی عێراق گوت و گوێی نەداینێ بە ئێوەش دەڵێین ئێمە هەقمان بەسەر ئێرانیانەوە نییەو بگرە وەکـو نەژادی کورد خۆمان بەئێرانی دەزانین. ئەگەر دەوڵەتی عێراق رێی گەڕانەوەمان بـۆ وڵاتـی عێـراق نـەدات، ئەوا ئێمە قایلین وەکو رەعیەتی ئێران لە دەوروبەری تاران یا لـە هـەر شـوێنێکی دیـدا کـە دەوڵـەت خـۆی دیاری بکات، نیشتەجێ ببین.

لەم کاتـانەدا مەلا مستەفا بۆ گفتوگۆ چوو بووە تـاران، و ماوەیەکی هەندێ زۆر بـوو لەوێنـدەر مـابووەوە، ئەمە بارزانییەکانی نیگەران کردبوو. چونکە مەلا مستەفا بەر لە چوونەکەی بۆ تـاران، بـە بەرزانییـەکانی راگەیاندبوو کە ئەگەر تـا (١٠) رۆژی دی نەگەڕامەوە، ئەوا خۆ پەیت و تەیار بکـەن بـۆ شـەڕ لەگـەڵ هێـزی دەوڵەتدا. لەم کاتەدا ئەو ماوەیەی کە مەلا مستەفا دابنابوو لە تەواو بووندا بوو.

شێخ ئەحمەد ئەسەفی خۆی دەربڕی سـەبارەت بـەوەی خێڵـی بـارزانی لـە سـاڵی ١٩٤٥دا، واتـە لـەو سـەرو بەندەدا کە هێزی دەوڵەت لە کوردسـتاندا نـەبوو، هـاتبووە ئێـران و ئـەم گیروگرفتانـە دروسـت بووبـوون و هیوای خواست بەزوترین کات ئەو گیروگرفت و بەد حاڵی بوونانە چارەسەر بکرێن و نەمێنن.

براکانی شێخ ئەحمەد، واتـا شێخ محەمـەد سـدیق و شـێخ بابـا کـە هـەردووکیان لـەو بچـووکترو لـە مـەلا مستەفا گـەورەتربوون، لـەم دانیشـتنەدا بـە راشـکاوی گووتیـان کـە قـازی محەمـەد پـار زسـتان لـەلای سۆڤییەتەکان جەنـابی شێخ ئەحمەدی بەوە تـاوانبار کردووە کە گوایا پەیوەندی لەگـەڵ ئینگلیـزدا هەیـە، بۆیە سۆڤییەتەکان جەنابی شێخ ئەحمەدیان لە مهاباد دەرکردو لە (شەیتان ئاوادۆڵ)دا نیشتەجێیان کرد.

ئەم جووتە برایە کە راشکاوانەتر قسەیان دەکرد، سوێندیان خوارد کە نە دکتۆر ملکۆی ئاسووری و- کـە لە تـاوانکارە نێودارەکانی رەزاییە بوو-نە.... هیچ ئەفسـەرێکی ئێرانـی و سـۆڤییەتی لـەنێو ئێمـەدا نـین. ئەگەر تـاڵان و بڕۆیەکیش لەو دەوروبەرە دەکرێ ئەوا دەستی زیرۆ و نوری بەگی تێدایە ساڵی پارش قـازی محەمەد لێکدا لێکدا ئێمەی هـان دەدا کـە خێڵـی مـامش و قـەرەپاپاخ تـاڵان بکـەین. بـەڵام ئێمـە چـونکە کوردمان خۆش دەوێ ئەم کارەمان نەکرد.

هەمان شەو، سەعات (١٠)دە، پاش ئەوەی لیستێکی پێداویستی ئازووقەو خوادەمەنیم بۆ خێڵـی بـارزانی لە شێخ ئەحمەد وەرگرت، لە شنۆوە بـەرەو مهابـاد وەرێ کـەوتم. هـەمان رێگـەی پیشـووم بـە زەحمـەتێکی زۆرتر. بەڵام بـە ماوەیـەکی کـەمتر بـڕی چـونکە لـە گەڕانەوەمـدا دنیـا بەسـتبووی و ئۆتۆمبێلەکـە خۆشـتر دەڕۆیی.

حەز دەکەم بەر لەوەی لەگەڵ خوێنەرانی ئازیزدا بۆ تاران بچینەوە و شتێك لەمەڕ گفتوگۆی دەوڵـەت و مەلا مستەفا بزانین، کورتەیەك لەمەڕ مێژووی خێڵی بـارزان و چۆنیەتی هاتنیـان بـۆ ئێـران، بگێڕمـەوە: بـارزانی، یەکێکە لە تایەفە جەنگاوەرەکانی عێراق. لە ناوچەی هـەولێردا لـە کوێسـتانە هاوسـنوورەکانی ئێرانا نیشتەجێن. تـاکو پێش دووەم جەنگی جیهان و لەسەرو بەندی ئاشتیدا چ کارێکی گرنگـی ئـەوتۆیان نەکردووە کە سەرنجی کۆڕ و ئەنجوومەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان رابکێشـن. بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە ژیانی خێڵانەی خۆیان بەسەر دەبرد. سەرانی ئەم خێڵە لەم قۆناغەداو لە ساڵانی پێشتردا لە تـاراوگەکانی

سلێمانی، ناسریه، حیلله، دیوانیەو کەرکووکدا دەستەبەسەرو لەژێر چاودێریدا بوون. دوور نییە چاوەڕێی دەرفەتێك بووبن، پاش دوازدە ساڵ ڕەهەنەیی، لە ساڵی ١٩٤١دا کە کودەتاکەی ڕەشید عالی گەیلانی بەرپابوو، ئەم دوور خراوانەش دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت و خۆیان لە دەست بەسەری ڕزگار کردو گەڕانەوە سەر جێگەو ڕێگەو زێدی خۆیان. هەر کە گەیشتنەوە زێدو مەڵبەندی خۆیان، یەکسەر کەوتنە کۆکردنەوەی کەس و کارە پەرتەوازەکانی خۆیان و پەیدا کردنی چەك و تەقەمەنی. بارودۆخی شێرازە پچڕاوی عێراقیان قۆزتەوەو بەهاندانی بێگانەو ڕەزامەندی مامورانی دەوڵەتی بە ئاشکرا کەوتنە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و ئەم هەنگاوە بووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕو لەشکرکێشی و ئەنجامەکەی بە تێشکانی سوپای عێراق شکایەوەو دەوڵەت ناچار بوو تا ڕادەیەك بە داواکارییەکانی ئەوان ڕازی بێ. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم شۆڕشگشێڕان سەر لەنوێ داوای ئۆتۆنۆمیان کردەوە. مەلا مستەفا کە لە هەموویان خۆشەویست ترو بە تواناتر بوو، لە لایەن سەرانی خێڵەکەوە بە ڕێبەری ڕا پەڕینەکە هەڵبژێردراو لەگەڵ دەولەتی عێراقدا کەوتە گفتوگۆ، لە هەموو کۆڕو ئەنجوومەنانی دەوڵەتدا بەوپەڕی گەرمی و خۆشییەوە پێشوازی لێکراو بەڵێنی هەموو جۆرە یارمەتیەکی لێ وەرگرتن و چ کەسێك لاری لە داواکاری بارزانییەکان نەبوو. بەم جۆرە سەرکەوتنێکی باش بۆ ڕا پەڕینەکە دەستەبەر بوو.

کابینەی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٥دا هەڵوەشایەوە، هەموو ئەو وەزیرانەی کە بە داواکاری بارزانییەکان قاییل بوون، هاتنە گۆڕین. خەڵکانی دژ بەو داواکاریانە پلەو پایەی گرنگیان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا وەرگرت. هەروەها ئەو مامورو کاربەدەستە بێگانانەش کە دژی ئۆتۆنۆمی کوردی عێراق نەبوون هاتنە گۆڕین، ژمارەیەکی تری دژ بە ئۆتۆنۆمی کوردان. جێی ئەوانەی پێشوویان گرتەوە. دەوڵەتی عێراق و بێگانەکانیش لەم گۆڕانکارییەدا، بە پێچەوانەی جارانەوە دژی بیری ئۆتۆنۆمی وەستان و لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕا پەڕینەکەدا بوون و لە ئەنجامدا کار گەییە:

لەشکر کێشی عێراق بۆ سەر بارزانییەکان. ئەمجارەیان پاش چەندین شەڕو پێکادان، بارزانییەکان شکان و مەلا مستەفا داوای دیداری سەرانی دەوڵەتی عێراقی کرد. لەم دیدارەدا دەستووری درایێ کە خاکی عێراق بەجێبهێڵێ. بە گوتەی خودی مەلا مستەفا گوێ بەتکاو ڕجای ئەو نەدرا. لەم سەرو بەندەدا بارودۆخی ئێران ئاڵۆز بوو. حکوومەتی مەرکەزیش چ دەستەڵاتێکی لە ناوچە کوردنشینەکاندا نەبوو، بۆیە بەرزانییەکان لە مانگی میهری ساڵی ١٩٤٥دا (میهر –٩/٢٣-١٠/٢٢، ٣٠ڕۆژە. وەرگێڕ) خۆیان بە خاکی ئێرانا کردو چونکە بەشی کوردنشینی مهاباد و دەوروبەری ڕەزاییە لەژێر دەستەڵاتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا نەبوون، بۆیە دەوڵەتی ئێران نەیتوانی بارزانییەکان بە پێی مەرج و بەرنامەو نەخشەی تایبەتی لە ئێرانا جێگیر بکات، ئەوانیش کە هەستیان کرد سنوورەکانی ئێران ئاوەڵایەو دەسەڵاتی دەوڵەت زۆر کزە، بە گوێرەی وەزع و حاڵی قۆناغەکەو بە گوێڕایەڵی و پەیڕەوکردنی دەستوورەکانی قازی محەمەد کە داوای سەربەخۆیی کوردستانی ئێرانی دەکرد، دەجووڵانەوەو درێغیان لە یارمەتی دانی قازی محەمەد نەدەکردو لە پێناوی ئامانجە شوومەکانی حیزبی کۆمەڵەدا بەدڵ و بەگیان تێکۆشان و لە هەندی عەمەلیاتی ناوچەکانی دەوروبەری سەقزیش بەشدارییان کردو دژی هێزەکانی ئێران شەڕیان کرد. لەولایشەوە خود موختاری ئازربایجان کە ناوو پایەیەکی هەبوو، هاندەرێکی دی بوو بۆ بەردەوام بوونی ئەم وەزعە. ئەم خێڵەش لەبەر ڕۆشنایی ئارەزوو ئامانجەکانی قازی محەمەداو دوور لە دەستەڵاتی مەرکەزی دەوڵەتی ئێران بەرەبەرە دەستەڵاتی پەیدا کرد. ئەم خێڵە لە ڕێگای مەڕدارییەوە بژێوی خۆ دابین دەکەن. چونکە هەمیشە لە کێواندا بەدووی ماڵاتی خۆوەن، بۆیە بە سروشت خەڵکانی ڕسکاوو بەتاقەتن بەشێوەیەکی گشتی جەنگاوەرو چەکدارن. هەر لە منداڵییەوە سەروکاریان لەگەڵ تفەنگدایە بۆیە لە ئەنگێوەیی و نیشان شکێنی تفەنگچێتی و سواری و ڕێکردنی نێو شاخ و کوێستانانداگەلێك لێهاتوو و لێوەشاوەن. جڵەوی ئەم خێڵە بەدەست شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای برایەوەیە. هەموویان

سوننی مەزهەبن، یەکجار پابەندی ئایین و ڕێ و ڕەسمی خۆیانن، متمانەی تەواویان بەسەرانی عەشیرەت و ڕێبەرانی ئاینی خۆیان هەیەو بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە سەیریان دەکەن. هەر بۆیەش کە شێخ ئەحمەد کە پێشەواو ڕێبەری ئەوانە، بە یەکێك لە گەورەترین پێشەوایانی مەزهەبی سوننی دەزانن و ( خودانی بارزانی ) پێ دەڵێن.

شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەممەدی بارزانی، سێ برای هەیە بەنێوی مەلا مستەفا شێخ بابا، شێخ محەممەد سدیق، لەنێو ئەم سێ برایەدا مەلا مستەفا لە هەموویان لەبەر چاوترە. پاش مەلا مستەفا، شێخ محەمەد سدیق دێ. شێخ ئەحمەد تاقە پیاوە لەنێو بارزانییەکاندا کە چەك هەڵناگرێ. کەچی بارزانیان بەشێوەیەکی گشتی هەموو چەکدارن.

مەلا مستەفا، پیاوێکی دەستە بالاّی تۆکمەی گەنم ڕەنگە، تەوێڵی کراوەو چاوی درشت و برۆکانی چڕو پەیوەستن. هەموو خەسڵەتێکی تفەنگچیێتی و جەونگاوەری و کارزانی لە سیمادا دیارە. شارەزاییەکی چاکی لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسیدا هەیە. پتر لە ( ١٧ ) ساڵ شەڕی لەگەڵ دەوڵەتانی ئینگلیز، عێراق و ئێراندا کردووەو شایەت و بەشداری گەلێك شەڕی خوێناوی بووە.

(( تیرە بارزانییەکان ))

بارزانییەکان لە چوار تیرەی سەرەکی پێکهاتوون کە ئەمانەن:

١- تیرەی بە ڕۆژی، کە لە دەوروبەری بارزاندا نیشتەجێن و خزم و کەس و کاری مەلا مستەفان.

٢- تیری شێروانی، کە هەموویان بە جەنگاوەری و تفەنگ چیێتی ناسراون و سەرۆکیان محەمەد ئاغای مێرگە سووری و سەعدوڵلا بەگە لە ڕۆژهەڵاتی بارزان و باکووری زێی گەورەدا.نیشتەجێن.

٣- تیرەی مزوری، نیشتەجێی ڕۆژئاوای بارزانن و ئەسعەد خۆشەوی سەرۆکیانە، کە مستەفا خۆشەوی برای لە شەڕی مامشەی نزیکی سەقز لە ٢٥/ خورداد ( خورداد/٢٣/٥-٢١/٦، ٣١ڕۆژە وەرگێڕ ) کوژرا.

٤- تیرەی دۆڵەمەڕی، محەممەد ئەمین میرخانی سەرۆکیانە، ئەم تیرەیە لە باشووری ڕۆژئاوای بارزاندا، واتە لە باشووری شوێنی مزووریەکان و لە ڕۆژئاوایی ڕواندوزدا نیشتەجێن. ئەندامانی ئەو تیرانە سەرەڕای ئەوەی چۆست و چالاك و لێوەشاوەو تفەنگچین، بەهۆی زیرەکی و هۆشیاری سەرانی خۆیانەوە و چونکە نیازی بەگژداچوونەوەی هێزەکانی عێراقیان هەبووە، بەو پەڕی ڕەزامەندییەوە چوونەتە ڕیزی خزمەتی سوپاییەوە و شارەزایی چاکیان لە بوارەکانی ئەندازە، تۆپخانە، تانك، زرێپۆش و چۆنیەتی بەرگریکردن، پەیدا کردووە.

ئێستا دیمەوە سەر باسی کورتەیەکی هێندێ لەو شەڕانەی کە بارزانیان لەگەڵ سوپای عێراق و تورکیاو ئینگلیزدا کردوویانە.

( شەڕو پێکادانی بارزانیان لەگەڵ سوپای عێراق و ئینگلیزو چوونی مەلا مستەفا بۆ تورکیا ):

١- لە ساڵی ١٩٣٠دا کاتێ دەوڵەتی تورکیا ئاسوورییەکانیان لە تورکیا وەدەرنا، دەوڵەتی بەریتانیا بەتەمابوو ئەو ئاسوورییە دەرکراوانە لە ناوچەی بارزاندا نیشتەجێ بکات. دیارە بارزانییەکان ئەمەیان پێ قبووڵ نەدەکرا چونکە دەیانزانی گەر ئەو ئاسووریانە لە ناوچەی بارزاندا نیشتەجێ بن، ئەوا بارزانییەکان بەهۆی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئەواندا بایەخ و پێگەی کۆمەڵایەتیان کەم دەبێتەوە بۆیە شەڕ لەنێوان بارزانییەکان و ئاسوورییەکان و بەناچاری لەگەڵ عێراق بە بەشداری ئینگلیز هەڵگیرسا. بەڵام پاشان بەهۆی کەمی کەرەستەی پێویستی جەنگەوە و نابەرانبەری هێزی هەردوولا، شێخانی بارزان خۆیان بە تورکیادا کرد. سەرئە نجام سوپای عێراق و ئینگلیز لێبوردنی گشتیان بۆ بارزانییەکان دەرکردوو تورکیاش قایل بوو کە بارزانییەکان لە تورکیاوە بۆ عێراق بگەڕێنەوە. بەڵام هەر کە گەیشتنەوە مووسڵ، عێراقییەکان مەلا مستەفاو هەندێ لە شێخان و ئەندامانی خێڵی بارزانیان دەستگیر کردوو ڕەهەندەی

ناسريەيان كردن (١١)يازدە سالْ بە رەهەندەيى مانەوە، چوار سالْيان لە شارانى ناسرييەو، حيللەو، ديوانييەو، كەركووك بەسەر برد و حەوت سالْەكەى تريان لە سليْمانى بەسەر برد. ژمارەى دوورخراوەكان (٨٦) پياوو ئافرەت بوون كە شيْخ ئەحمەدى برا گەورەى مەلا مستەفاشيان لەگەلْ بوو. مەلا مستەفا لەو ماوەيەدا كە لە سليْمانيدا مايەوە پيْوەندى بە خەلْكانيْكى جەربەزەو ياخى كوردەوە كردو نەخشەى خۆى دەربارەى شۆڕشى ئايندە پىْ راگەياندن. ئەنجام لە ١٩٤٢/٦/١١دا بە يارمەتى ئەوان لەگەلْ دوو بارزانى ديدا لە سليْمانييەوە بە ريْگاى پيْنجويْندا هەلاْت و لە سەردەشتەوە چوو بۆ بانەو ئەوجا لاهيجان و مهابادو لەويْندەرەوە خۆى گەياندەوە بارزان.

## هەلاْتنى مەلا مستەفا و شەڕى تازەى لەگەلْ هيْزەكانى عيْراقدا

٢- لە سالْى ١٩٣٣دا كاتيْك مەلا مستەفا لە سليْمانى دەستبەسەر بوو، سوپاى عيْراق هەموو بارزانييەكانى چەككرد. بۆيە وەختيْك مەلا مستەفا لەگەلْ مەمەند مەسيح و ميرزا ئاغاى رەشۆدا لە تاراوگە هەلاْت و گەيينەوە بارزان تەنيا سىْ (٣) تفەنگى ئينگليزى ماوەزەريان هەبوو. دەم و دەست و بەو سىْ تفەنگە مەخفەرى پۆليسى شانەدەريان گرت و بوو بە خاوەنى ١٣ سيْزدە تفەنگ ئەوجا كەوتە نامەناردن بۆ دەسەلاْتدارانى حكوومەت لە ناوچەى بارزان. لە نامەكەيدا ئەوەى دووپات كردەوە كە هاتنم بۆ بارزان بە نيازى پياو كوژى و ريْگرى و ياخى بوون نييە. بەلْكو هەموو مەبەستيْكم ئەوەيە زەمينە بۆ ژيانيْكى ئاسوودە لە نيْوچەى بارزان خۆش بكەم. كەچى لە هەمان كاتدا خۆى بۆ شۆڕش و ياخى گەريْتى دژى دەولْەتى عيْراق سازدەدا. پاش گرتنى مەخفەرى شانيدەر، تيپيْكى پۆليسى (٥٠٠) كەسى عيْراقى بە مەبەستى بەهيْزكردنى مەخفەرەكانى ناوچەى بارزان رەوانە كراو ئەركى تاقيبكردنى مەلا مستەفاى پىْ سپيْردرا. بەر لە گەيشتنى تيپە پۆليسەكە مەلا مستەفا بە خۆى و سيانزە چەكدارەكەيەوە بە پيْى نەخشەيەكى زيرەكانەى سەيرو لەناكاودا مەخفەرى خيْرەزووكى گرت و دەستى بەسەر هەموو چەكەكانى مەخفەرى نيْو براودا گرت.

(گرتنى مەخفەرى خيرەزۆك ياشاكاريْكى مەلا مستەفا)

مەلا مستەفا، بەخۆو حەوت چەكدارەوە چوونە ناو مەخفەرەكەوە. چونكە هەوالْى ئەوەى زانيبوو كە ٥٠٠ پۆليس بەريْوەن بۆ يارمەتيدانى مەخفەرەكە، بۆيە ٦ چەكدارەكى ترى خۆى ناردە ملەيەكى نيزيكى مەخفەرەكە، تا لەويْندەرەوە مەلا مستەفا لە هاتنى (٥٠٠) پۆليسەكە ئاگادار بكەنەوە.

مەلا مستەفا بەر لە گەيشتنى تيپە پۆليسەكە هەر (٣٠) سى پۆليسەكەى نيْو مەخفەرەكەى دەستگيرو چەككردو خۆى و چەكدارەكانى جلى پۆليسيان لەبەر كردو لەنيْو مەخفەرەكەدا مانەوە. هەر ئەو رۆژە تيپە پۆليسەكە لە نيوە شەودا گەيينە جىْ. شەش چەكدارەكەى مەلا مستەفا بىْ ئەوەى شويْنى خۆيان ئاشكرا بكەن هەوالْى گەيشتنى تيپە پۆليسەكەيان بە مەلا مستەفا گەياند. ئەويش لەگەلْ چەكدارەكانيدا و لەنيْو مەخفەرەكەوە خۆيان ئامادە كرد.

فەرماندەى تيپەكە يەكسەر خۆى گەياندە دەرگاى مەخفەرەكەو بە عەرەبى هاوارى كرد:

سەرۆكى مەخفەر دەرگا بكەوە! مەلا مستەفاش كە شارەزاييەكى چاكى لە زمانى عەرەبايدا هەبوو وەلاْمى دەداتەوە:

من ئەمرى سەرۆكى مەخفەرم پىْ نييە تا دەرگا بكەمەوە، هەر كە سەرۆكى مەخفەر هات ئەوساكە بە ئەمرى ئەو دەرگا دەكەمەوە (٥٠٠) پۆليسەكە شەوىْ لە دەرييى مەخفەرەكەوە لە شويْنيْكى ناهەموار بارەگايان خست. بارزانييەكان بەيانى زوو لە دوو قۆلْەوە پۆليسەكانيان بەر دەستريْژدا. واتە هەم لەناو

مەخفەرەکەوە و هەم لە ملەکەوە بەر دەستڕێژیان دان دەست ڕێژەکە هێندە خەست بوو کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە پۆلیسەکان توانیان هەڵێن و دەرباز بن. بەم جۆرە مەلا مستەفا لە ماوەیەکی کەمدا بووە خاوەنی چەك و تەقەمەنییەکی زۆر. ئەم چالاکییەی مەلا مستەفا سەرنجی ناوەندە رامیاری و سوپاییەکانی عێراقی بەرەو بارزان راکێشاو بە تایبەتی حیزبی هیوا کە تازە لە عێرقدا دامەزرا بوو هەڵگری بیرو باوەڕی یاخی گەرێتی یا خۆیان گووتەنی هەڵگری بیرو باوەڕی ئازادی خوازانە بوون، پشتیوانیان لەم هەنگاوە گێرە شوێنییەی مەلا مستەفا کردوو دەستیان بە پێوەندی کردن لەگەڵی کرد. هەروەها چەند ئەفسەرێکی کوردی نێو سوپای عێراق کە ئەندامی حیزبی هیوا بوون و سوپای دەوڵەتی عێراق لێیان بە گومان بوو، پێوەندیان بە بارزانییەکانەوە کرد بۆ مەبەستی خۆیان سوودیان لەم وەزعە نالەبارە وەگرت. سێ کەس لەم ئەفسەرانە بە ناوی عیزەت عەبدولعەزیز (کە لە ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦دا یەکێك بوو لە هاوکارەکانی بارزانییەکان و قازی محەمەد) و عەزیز سەید عەبدوڵلاو ئەمین رەواندوزی بە مەبەستی گفتوگۆ و پێوەندی دروستکردن، نێردران بۆ دیدەنی مەلا مستەفا. مەلا مستەفا بە ئەفسەرانی نێو براودا یاداشت نامەیەکی بۆ حکوومەتی عێراقی نارد کە خاڵە گرنگەکانی ئەمانە بوون:

١- دامەزراندنی هەرێمێك لە کوردستاندا کە شارەکانی کەرکووك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك و خانەقین بگرێتەوە.

٢- دانانی وەزیرێك بەناوی وەزیری کوردستان لە کابینەی وەزیراندا.

٣-دامەزراندنی وەکیل وەزیرێك-ی کورد لە هەر وەزارە تخانەیەکدا.

٤- دابینکردنی سەربەخۆیی رۆشنبیری، ئابووری و کوشتوکاڵی و هەموو کاروبارەکانی دی جگە لە سوپاو پۆلیس.

مەلا مستەفا ئەم یاداشت نامەیەی بۆ هەموو سەرانی کوردیش ناردو هەموو ئیمزایان کردوو درا بە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز. مەلا مستەفا بەو مەبەستەی پتر لە حیزبی هیوا نزیك بێتەوە، ژمارەی ئەفسەرانی پێوەندی گەیاندە (٧) کەس کە ئەمە ناوەکانیانە.

١- ئەمین رەواندزی ئەفسەری پێوەندییەکانی ناوچەی رەواندزو بارزان.

٢- عیزەت عەبدولعەزیز ئەفسەری پێوەندییەکانی ناوچەی بلە.

٣- مستەفا خۆشناو ئەفسەری پێوەندییەکانی بارزان.

٤- میرحاج ئەحمەد ئەفسەری پێوەندییەکانی ئاکرێ.

٥- سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا ئەفسەری پێوەندییەکانی ناوچەی مێرگە سوورو برادۆست.

٦- مەجید عەلی ئەفسەری پێوەندییەکان ناوچەی ئامێدی.

٧- فوئاد عارف ئەفسەری پێوەندییەکانی ناوچەی پشدەر.

مەلا مستەفا بەڕواڵەت دەیویست سیاسەتی دەوڵەت لە ناوچەی بارزاندا بپارێزێ و لەم رێگەیەوە ئاشتی نێوان دەوڵەت و سەرانی عەشرەتەکان بپارێزێ. هەر بەم مەبەستەش لە هەوەڵەوە سەرنج و سۆزی سەران و کادرانی حیزبی نێو براوی بەلای چالاکییەکانی خۆیدا راکێشا. بەڵام مەبەستی ژێراو ژێری ئەو شتێکی دی بوو، لەژێرەوە نەخشەی خۆی دەرهەق بە عێراق دادەڕشت! ئەوە بوو پاشان هەندێ لە سەرانی هۆشیاری حیزب هەستیان بەوە کرد کە مەلا مستەفا جگە لە گەمەی سیاسی و هەڵخەڵەتێنەر چ مەبەستێکی دی نییە. بەڵام بەرەبەرە بەرپرسانی کاروبارو سوپای عێراق پتر لە ئەفسەرانی نێو براو کەوتنە گومانەوە. بە رادەیەك کار هاتە سەر ئەوەی دەستگیر بکرێن. میرحاج و مستەفا خۆشناو سەرقاڵی جێبەجێکردنی کاری نهێنی و ئە نجامدانی بیرو باوەڕی چە پەڵی خۆیان بوون و هەر بۆ ئەو مەبەستە یەکی دوو مانگ مۆڵەتیان وەرگرت بوو. بەڵام کە هەستیان بە نیازو بەد گومانی دەوڵەت کرد، بەدوو قۆڵی لەسەر ئەوە رێکەوتن کە میرحاج بچێتەوە بۆ سوپاو دەست بەکاربێتەوەو مستەفا خۆشناوجارێ لە بارزان بمێنێتەوە، میرحاج

گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی، سوپای عێراق لە سەرەتادا بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی رەفتاری لەگەڵ کرد ئەویش نامەی بۆ مستەفا خۆشناو ناردو داوای لێکرد بگەڕێتەوە. هەر کە مستەفا خۆشناو گەڕایەوە، ئیدی یەکسەر هەردووکیان لە سوپا دەرکران، میر حاج لە بەغدا گیراو ئەوجا هەوالەی عەمارە کرا. بەلام مستەفا خۆشناو لە رێگەی هەولێرو کۆیەوە، خۆی گەیاندەوە بێتواتەی زێدی خۆی، عزت عەبدولعەزیزش کە بە مەسەلەکەی زانی لە بەغداوە هەلات و لە رێگەی کەرکووك-هەولێرو شەقلاووە خۆی گەیاندەوە بارزان و نامەیەکی بۆ مستەفا خۆشناو ناردو داوای لێکرد بۆ بارزان بچێ. مستەفا خۆشناو (٤٥) رۆژ لە بێتواتە دەمێنێتەوەو ئەوجا کە نامەکەی عیزەت عەبدولعەزیزی دەگاتێ، بۆ بارزان دەچێ. جگە لە عیزەت عەبدولعەزیز و میرحاج و مستەفا خۆشناو، کۆمەڵە ئەفسەرێکی تریش بۆ بارزان هەلات بوون کە بریتی بوون لە:

١- بەکر عەبدولکەریم، رائیدی تۆپخانە.

٢- نوری شێروانی، مولازم یەکەمی تۆپخانە.

٣- جەلال ئەمین، مولازم یەکەمی پیادە (ئەم ئەفسەرە لە لایەن لەشکری پشتیووانەوە دیل کراو بۆ سەرکردایەتی لەشکر نێردراو پاش تەحقیقی پێویست رەوانەی تاران کرا).

٤- سالح عەبدولعەزیز، مولازم یەکەمی ئەندازیار، برای عیزەت عەبدولعەزیز بوو.

٥- محەمەد مەحموود قدسی، مولازم دووەمی ئیحتیات.

٦- خەیروللا عەبدولکەریم، مولازم یەکەمی تانك.

٧- شەریف نوعمان، ئەفسەریار (نائیب زابوت).

ئەمانە جگە لە (بەکر عەبدولکەریم) ئیدی هەموویان لەلایەن سوپای عێراقییەوە فەرمانی خنکاندنیان بۆ دەرکرا بوو.

## بەشی دووەم

### ((شەڕی بارزانیان لەگەڵ دوو لیوای عێراقدا گرنگترین پێکادان لەگەڵ سوپای عێراقا))

وەختێ بارزانییەکان ئەو دەستە کاریگەرەیان لە مەخفەرەکانی ناوچەی بارزان و مێرگە سوور وەشاند و تیپە پۆلیسەکەیان بەو دەردەبرد، نیگەرانییەکی زۆر لای سەرانی دەوڵەتی عێراق پەیدا بوو. بۆیە بە سەرکردایەتی جەنەراڵ مستەفا عارف و لە ناوچەی رەواندز و ئاکرێدا تیپێك ئامادە کرا بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان. جگە لەوەی کۆمەڵێك ئەفسەری سوپای عێراقی لە ریزی بارزانییەکاندا بوون، شێخ و سەرانی تیرە جۆراوجۆرەکانیش بەهۆی شەڕی زۆریان لەگەڵ سوپای عێراقدا، بووبوون بە خاوەنی ئەزموون و جۆرە رێك و پێکییەکی تایبەتیان لەنێوا هەبوو، چونکە پێوەندیانیش لەگەڵ کاربەدەستانی مەدەنی و سوپایی دا هەبوو، و لە زۆربەی دایەرەکاندا دەستیان دەڕۆیی، بۆیە بەئاسانی و لە زووترین کاتدا هەموو جۆرە مەعلووماتێکیان بەدەست دێنا و لەبەر رۆشنایی ئەو مەعلووماتانە نەخشە و پلانەکانی خۆیان بەجوانی ئەنجام دەدا:

بۆ نموونە لێرەدا یەکێك لە فەرمانەکانی مەلا مستەفا وەکو فەرماندەی گشتی کوردەکان دەخەینە ڕوو، مەلا مستەفا ئەم فەرمانانەی لە ١٩٤٥/٣/٣دا دەرکردووە و سەبارەت بەچۆنێتی ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای عێراقە.

**فەرمانی نهێنی ژمارە (١٠) لە ١٩٤٥/٣/٣**

أ- بۆ زانین

١- سوپای دەوڵەتی عێراق دەیەوێ بەناوی مانۆڕەوە لە ١٩٤٥/٣/٥دا ناوچە ستراتیژی و سوپاییەکانی بارزان بگرێ و بەمکارە بارزان گەمارۆ بدات.

٢- تیپی چواری سوپای عێراق لە سەربازخانەی (معسکر) سنووری ڕەواندزەوە و پێکهاتووە لە: سێ فەوج، دەستەیەك تۆپخانەی جەوەڵی (جبلی) یەك سرییە تۆپخانەی ٣٧ کە بریتییە لە حەوت تۆپ و چواریان خراپە، فەوجێکی تەکنیکار، دەستەیەك باربەر.

٣- لەوەیە فەوجێکی زرێپۆشی پۆلیس وەکو یەدەك لە ڕەواندز جێگیر بکرێ.

٤- فەوجێکی زرێپۆش بۆ پاراستنی ڕێگەی هاتووچۆی نێوان هەولێر و ڕەواندز و مێرگەسوور تەرخان کراوە.

ب- هێز و توانا و ژمارەی خۆمان:

١- هەموو چەکدارەکانی بارزان.

٢- هەموو عەشرەتە دۆستەکانی خۆمان.

٣- ئەو ئەفسەرانەی لەناو سوپای عێراقەوە پێوەندییان پێوەکردووین.

٤- ئەو هێزە میللییانەی کە دەشێت پێوەندیمان پێوە بکەن.

ج- فەرمان بۆ سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکە:

١- مستەفا خۆشناو، سەرکردایەتی هێزەکانی شێتنەی لە ئەستۆدایە، ملازم محمد محمود بەرپرسی سەرکردایەتی هێزەکانی شێتنە لە ئەستۆ دەگرێ و احمد اسماعیل دەبێ بەکارگێڕی ئیداری ئەو.

٢- مستەفا خۆشناو لەسەرێتی مەعلووماتی تەواو لەسەر ناوچەکە بەدەست بێنێ و هێزەکانی خۆی لەبەر ڕۆشنایی ڕەفتاری دوژمن و ئەو مەعلووماتانە دابەش و ئامادە بکا.

٣- لە باری سەنگەرگیری و زەبت و ئازووقەوە دەستووری پێویست بۆ فەرماندەی هەموو بەشە پێوەندارەکان دەربکات.

٤- بۆ قەرەبووی بالادەستی دوژمن لەڕووی تۆپخانە و تانك و فڕۆکەوە دەبێت تاکتیکی غافلگیری بەکار بهێنریت.

٥- هەر کە بڕیاری بنج بڕی دوژمن زانرا، ئیدی دەبێ دەست بەجێ مێرگەسوور بگیرێ.

٦- بۆ ئەوەی خەڵکی دێهات و شارۆچکەکان لە بۆردومانی فڕۆکە سەلامەت بن، پێویستە ئاگاداریان بکەنەوە کە لە کاتی هەستانی فڕۆکەدا لە ماڵ وەدەرنەکەون و خۆپەنا بدەن. مەڕ و ماڵاتیشیان لە دۆڵ و شیوەکاندا بدەنە پاڵ دار و درەختان.

٧- دەبێت کاتێ تەقە لە فڕۆکە بکرێ کە لەبوردی فیشەکدابێ.

٨- بۆ ئەوەی جم وجۆڵ و چالاکی هەموو بەرەکان بەجوانی ڕێك بخرێ دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ، حەرەکەتی دوژمن ماتەڵ بکرێ.

٩- ئەفسەرێك بچێ بۆ ناوچەی باڵەك و برادۆست تا جم و جۆڵی عەشایەرەکان لەگەڵ هێزی بارزانییەکاندا یەك بخا.

١٠- چەند بەرپرسیارێك بۆ كۆكردنەوەی دیل و دەستكەوت دابنرێ، دەبێ ئەفسەرە دیلە خوێندەوارەكان بە پەلە و بێ دواكەوتن بنێردرێن بۆ بارەگای سەركردایەتی گشتی بارزان.
١١- رۆژانە هەواڵەكان بۆ سەركردایەتی بنێردرێن.
١٢- ئەم فەرمانە بەهەموو هێزەكانی رادەگەیەنرێ.

ئیمزا: فەرماندەی گشتی مستەفا بارزانی

بەهەر حاڵ عەسری ١٩٤٥/٣/٣ لە رێگەی حیزبی هیواوە هەواڵ درا بە مەلا مستەفا كە لیوای چواری حدوود بەسەركردایەتی عەقید رەفیق عارف لە ناوچەی رەواندز و لیوای پێنج بەسەركردایەتی عەقید عەزیز لە ئاكرێ دا جێگیر بوون و لیوای (٤) رۆژی ١٩٤٥/٣/٥ پەلاماری ناوچەی رەواندز دەدەن، بۆیە مەلا مستەفا هێزی بارزانییەكانی ئامادەكرد و مستەفا خۆشناوی كرد بە فەرماندەی جەبهەی رۆژهەلات، واتە ناوچەی شێتنە و مێرگەسوور و برادۆست.عزت عبد العزیز كرا بە فەرماندەی جەبهەی رۆژاوا لە ناوچەی ئامێدی. عبد الحمید باقر لە هەمان جەبهەی رۆژاوادا كرا بە فەرماندەی ناوچەی ئاكرێ. ئەو فەرمانەی سەرەوە كە بۆ مستەفا خۆشناوی فەرماندەی رۆژهەلات نێررابوو، وەكو نموونە هێنامەوە. فەرماندەی نێوبراو لەگەڵ سەركردایەتی و بەرپرسانی كاروباری ئیداریدا، عەسری رۆژی سێیەم لەگەڵ كۆمەڵێك چەكدارادا بەرەو ئەنجامدانی ماموورییەكەی خۆی وەرێكەوت. بەهۆی نوێنەرانی پێوەندییەكانەوە، هەواڵی بەهێزی عەشایەری ناوچەی مێرگەسوور، دۆڵی مەڕی و شێروان دا كە لە جەبهەی شێتنەدا ئامادەبن. مستەفا خۆشناو شەوی چوارەم گەییە جەبهەی دیاریكراو و دەستی بەشناسایی (استگلاع) كرد. لەم كاتەدا دەستوورێكی مەلا مستەفای پێ گەیی كە تادەتوانێ بەشێوەیەكی ئاشتیانە هێرشی دوژمن تاخیر بكا. مستەفا خۆشناو لەبەر رۆشنای ئەو دەستوورە نامەیەكی بەم نێوەڕۆكەبۆ فەرماندەی لیوای چوار عەقید روكن رفیق عارف نووسی:

جەنابی رفیق عارف دوای سلاو و رێز: لە رێگەی ئەندامانی خۆمانەوە ئاگادار كراوین كە بەنیازی سبەینێ ١٩٤٥/٣/٥ بەناوی مانۆرەوە دەست بە پێشرەوی بكەی. بۆیە ئاگادارت دەكەمەوە كە هەر شتێ رووبدات ئەوا ئێمە بەرپرسیار نین.

ئیمزا، مستەفا خۆشناو

عەسری رۆژی ٣/٤، فەرماندەی لیوای چوار وەلامی ناردەوە كە چ نیازێكی پێشرەوی لە ئارادا نییە، ئەم دەست پێشكەرییەی بارزانییەكان و دامەزراندنیان لە جەبهەدا. بووە مایەی ئەوە كە ئەنجامدانی بڕیارەكەی فەرماندەی لیوا دوا بكەوێ. بەلام لەو رۆژە بەدواوە بۆ ماوەی چوار مانگێك بارزان بوو بە مەڵبەندی چالاكی بارزانییەكان و هاتووچۆ و دیداری سیاسی. چالاكی بارزانییەكان بەناو راپەڕینی نەتەوەییەوە رۆژ لەدوای رۆژ پڕ بایەخ تر دەبوو هێزی پتریان پەیدا دەكرد و ئەمەش نیگەرانییەكی زۆری خستبووە نێو دەزگا پێوەندارەكانی عێراقەوە. بەتایبەتی دەرچوونی مەلا مستەفا و دوو ئەفسەر لە ناوچەی بارزان بە مەبەستی سەردانی ناوچە كوردنشینەكان، وای لە دەوڵەتی عێراق كردكە ئەم هەلە بقۆزێتەوە و هێزە سوپاییەكانی خۆی بۆ ناوچەكانی بارزان رەوانە بكا و بە بروسكە هەموو دایەرە دەوڵەتییەكانی ناوچەی بارزانی راسپارد كە هەر بارزانییەك بە ئیش و كار رێی كەوتە دایەرەكان یەكسەر دەستگیری بكەن. بەم جۆرە زەمینە بۆ شۆڕشی دووەمی بارزان خۆش بوو.

**( شۆڕشی دووەمی بارزانی لە عێراقا، عەمەلیاتەکانی لیوای ٤ و ٥ی هێزەکانی عێراق )**

لەو کاتانەدا کە مەلا مستەفا لە مەرکەزی بارزان نەبوو، ئەسعەد خۆشەوی سەرۆکی تیرەی مزوری بە ئێش و کار رێی کەوتبووە یەکێك لە دایەرە دەوڵەتییەکانی ناوچەی بارزان و دەستگیر کرابوو. بەڵام زۆر ئازایانە و لێهاتووانە خۆی دەرباز کردبوو. ژمارەیەکی بارزانییەکان کە بە ئیش و کار سەردانی دایەرە حکوومییەکانیان کردبوو، فەرمانی دەستگیر کردنیان دەرکرابوو، یەکسەر بەگژ دەوڵەتدا چووبوونەوە و لە ئەنجامدا دایەرە دەوڵەتییەکانی ئەم ناوچەیە لەلایەن بارزانییەکانەوە گیران. لە مێرگەسووریش ئولو بەگی سەرۆکی تیرەی شیروانی کە لەگەڵ دوو پیاوی خۆیدا بۆ وەرگرتنی بەشە شەکر و چای تیرەکەی خۆی چووبوو بۆ مەخفەری مێرگەسوور، ویستبوویان دەستگیری بکەن، ئەویش خۆی بەدەستەوە نەدابوو، لەنێو مەخفەرەکەدا بووبوو بەشەڕ، ئولو بەگ و سەرۆکی مەخفەرەکە و چوار پۆلیس کوژرا بوون. بەڵام مەخفەرەکە لەلایەن دوو بارزانییەکەی لەمەڕ ئولو بەگەوە گیرابوو. لەم کاتەدا شێخ ئەحمەد کاغەزێك بۆ مەلا مستەفا دەنێرێ و داوای لێدەکا کە بۆ بارزان بگەڕێتەوە. مەلا مستەفا، هەر کە گەڕایەوە لە رۆژی ١٦/٨دا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەران و شێخی بارزاندا کرد، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە هێزێك بۆ بەربەرەکانی و بەگژا چوونی هێزەکانی دەوڵەت ئامادە بکرێ. هێز ئامادە کرا و بەم جۆرە رێکخرا:

١- بەرەی رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی شێخ محمد صدیقی برا گەورەی مەلا مستەفا و بە یاریدەدەری عزت عبدالعزیز.

٢- بەرەی ئاکرێ، بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا و یاریدەدەری جەلال امین و محمد محمود.

٣- بەرەی رۆژاوا، واتا بەرەی گەلی باڵندە، بە سەرکردایەتی صالح عبدالعزیز.

هەر ئەو رۆژە، پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، هەر فەرماندەیەك بەهێزی خۆیەوە بۆ شوێنی دیاریکراو وەڕێکەوت. مەلا مستەفا لە رۆژی ٢٠/ هەمان مانگدا، یاداشتێکی دەربارەی رووداوەکان و مامەڵەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ خودی مەلا مستەفادا بۆ نوێنەرانی انگلیز،سۆڤیەت، ئەمەریکا، فەرەنسا، چین و سەرۆك وەزیرانی عێراق نارد.

**( چۆنیەتی عەمەلیاتەکە )**

مەلا مستەفا، رۆژی ٢١ مانگ بەخۆ و ( ٦٠ ) نەفەری هەڵبژاردەوە بەرەو بەرەی ئاکرێ وەڕێکەوت. رۆژی ٢٢ی مانگ لەزێ پەڕییەوە. لە کاتی پەڕینەوەدا، فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکانی عێراق بۆردومانیان کردن. مەلا مستەفا پەڕییەوە، دوای دوو رۆژ، واتە لە ٢٤/ مانگدا محمد ئاغای زێباری بەخۆی و (٤٠) چل چەکدارەوە گەییە مەلا مستەفا و تێکڕا ژمارەیان بوو بە سەد کەسێك و بەرەو کێوی پێرس وەڕێکەوتن. کێوی پێرس چیایەکی بەرز و سەخت و چڕە درەختە و نزیکەی ٢٥٠٠ پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە. نزیکەی ٢٤ کلیۆمەترێك لە بارزانەوە دوورە و باشترین شەرگەی باشووری بارزان و بزسینایە، مەلا مستەفا رۆژی ٢٥/ ئاب گەییە گوندی گومش-ی نێوان چیای ئاکرێ و چیای پێرس. ئەم گوندە ٣٥ کیلۆ مەترێك لە خواروی بارزانەوەیە. لەوێندەر هەواڵی زانی کە لیوای پێنج لە قۆڵی ئاکرێوە و لیوای چوار لە قۆڵی رەواندزەوە، لەیەك کاتدا دەست بە پەلامار و پێشڕەوی دەکەن. مەلا مستەفا، هەر کە ئەو هەواڵانەی زانی بیری کردەوە کە ئەگەر لە هەردوو قۆڵەکەوە، واتا لە باشوور و رۆژهەڵاتەوە هێرش بکرێ، ئەوا چەکدارەکانی ناچار دەبن لە دوو قۆڵەوە بەرپەرچی هێزەکانی دەوڵەت بدەنەوەو لەم حاڵەدا لە هەردوو قۆڵەکەدا زەعیف دەبێن سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و دەشکێن. جا بۆ ئەوەی ریسەکەی دوژمن بکاتەوە بەخۆری بڕیاری دا چل چەکدارە هەڵبژاردەکەی خۆی بەسەر چوار دەستەدا دابەش بکا و ٢٧/ مانگ بە شەو رەوانەی دەوروبەری چیای ئاکرێیان بکا. دیارە لە لیوای ( ٥ )ش ئەو ناوەی تەنی بوو. چوار دەستەکە بەم جۆرە بوو:

١- دەستەی یەکەم، بە سەرکردایەتی محمد امین میرخان
٢- دەستەی دووەم، بەسەرکردایەتی عزیز ئاغای زاری
٣- دەستەی سێیەم، بە سەرکردایەتی رشید زێباری
٤- دەستەی چوارەم، بە سەرکردایەتی ڤیرتاس کربایی.

دوای دیاریکردنی چوار دەستەکە، دەستووری، دانێ کە لە سەعاتی سفردا هەر نەفەرێك چوار فیشەك بتەقێنێ. پاشان تەقە بوەستێنن و دوای نیوسەعات چوار فیشەکی دی بتەقێنن و ئەوجا لەگەڵ تەقە وەستاندا بگوازنەوە بۆ پشت گوندی گومش. ئەم نەخشەیەی مەلا مستەفا، بووە هۆی ئەوەی لیوای چوار لە رۆژی دیاریکراوا هێرش نەکا، ئەم هێرش نەکردنەش هەموو نەخشە و حیساباتەکانی سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی گۆڕی ئەوە بوو لیوای (٥) بەیانی رۆژی ١٥/ ئاب لە قۆڵی رەواندوزەوە بە تەنیا دەستی بە پێشڕەوی کرد. بارزانییەکان بە سەرکردایەتی شێخ محمد صدیق پێشتر لە شوێنە گرینگەکانی ئەم بەرەیەدا دامەزرابوون. تاکو عەسر خەسارەت و زیانێکی زۆر لە لیوای (٥) کەوت. فەرماندەی لیواکە کوژرا، لیواکە بەناچاری پاشەکشەی کرد. پەنجا تفەنگ و ٣ رەشاشی سووك و رەشاشێکی قورس و (٢٠) بیست سەندوق فیشەك و بێتەلێك و دوو هاوەن و کۆمەڵێك نارنجۆکی دەستی لێگیرا.

شێخ محمد صدیق، مەلا مستەفای ئاگادار کرد کە تەنیا دوو بارزانی بریندار بوون و خۆیشی پارچە تۆپی بەرکەوتووە و بە سووکی بریندار بووە و سەرکردایەتی هێزەکەی بە محمد ئاغای مێرگەسوور سپاردووە. بەم جۆرە نەخشەکەی مەلا مستەفا سەری گرت، هێزەکانی عێراق بوون بە دوو بەشەوە و هەر بەشەیان بەجیا پەلاماردران و بە تەواوی شپرزە بوون. هەر کە لیوای (٥) لە پێشڕەوی کەوت، هێزی بارزانییەکان پەلاماری لیوای چواریان دا. مەلا مستەفا، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شەڕی ئەو و لیوای چوار لە دەشتی نەهلەدا روودەدا. دەشتی نەهلە لە نێوان چیای ئاکرێ و چیای پێرس دایە. چیای ئاکرێ کەوتۆتە باشووری و چیای پێرس کەوتۆتە باکووری. لە رۆژهەڵاتەوە هاوسنووری تیرەی سوورچییە و لە رۆژاواوە هاوسنووری تیرەی زێبارییە. بۆیە چەکدارەکانی خۆی بەم جۆرە دابەش کرد: دەستەیەکی (٢٠) کەسی بە سەرکردایەتی محمد امین میرخان و عزیز ئاغا ناردە بناری چیای ئاکرێ. ئەم دەستە (٢٠) کەسییە دەبوایە ببن بە دوو دەستەی (دە) کەسییەوە و دەستەیەکیان لە بناری رۆژاوای باکووردا خۆ لە بۆسە بنەن. مەلا مستەفا بەخۆیشی لەگەڵ دەستەیەکی بیست کەسییدا لە بناری چیای پێرس دا خۆیان نایەوەو چاوەڕێی گەیشتنی هێزەکانی دەوڵەت بوون. باقی هێزەکەی کۆکردەوە و لە گۆمەشین دا هێشتنییەوە و دەستووری دا کە هێزەکەی محمد امین میرخان نابێ تەقە بکەن، بەڵکو دەبێ رێ بە هێزەکەی عێراق بدەن تا بە تەواوەتی لەوێندەرەوە تێپەڕن و بەرەو باکوور رەت ببن. لیوای چوار بەیانی رۆژی ١٥/ ئاب، سەرەتا کەوتە تۆپبارانی ناوچەکە، ئەوجا هێزی پیادە کەوتە پێشڕەوی، بارزانییەکان کەم و زۆر تەقەیان نەکرد. لیوای چواریش بەدڵنیاییەوە لەسەر پێشڕەوی خۆی رۆیی. هەر کە کۆتایی لیواکە لەبەردەم دەستەکەی محمد امین میرخانەوە تێپەڕی، مەلا مستەفا دەستی بە تەقەکرد. لیواکە هەموو شاخەکانی لە دەست چوو بوو. بۆ ئەوەی سەنگەری دیفاعی بگرێ رووی کردەوە پاشەوە. لەم کاتەدا دەستەکەی محمد امین میرخان لێی هاتە دەست، لیوای ناوبراو رووی کردە رۆژهەڵات. لەم قۆڵەشەوە دەستەیەك بارزانی لە گۆمەشینەوە بە پەلە بۆی دەرپەڕین و رێیان پێگرت. لیواکە ناچار رووی کردە باشوور و لێرەشەوە تووشی هەندێ تەق و تۆق بوو، ئەنجام لیوای نێوبراو شپرزە و بێحاڵ تا ئێوارێ لەبەر رەحمەتی دەستڕێژی بارزانییەکاندا مایەوە. خەسارەتێکی زۆری داو تا سێ رۆژ لەم شوێنەدا قەتیس ما. بۆ شەوی چوارەم ئەگەری تەسلیم بوونی هێزەکانی عێراق لە ئارادا بوو، چونکە جگە لە شپرزەیی، ئازووقەشیان تەواو بووبوو. بەڵام سوورچییەکان، شەوێ باری سێ سەدهێستر ئازووقەیان بە لیواکە گەیاندبوو. پاشان ٣سەد چەکداری سوورچی-ش گەیی بوونە هیمدادی لیواکە و لە گەمارۆ و تەسلیم بوون رزگار بوو. دەستە

بارزانییەکان کشانەوە بۆ چیای پیٚرس، بەڵام خەسارەتی لیواکە زۆر بوو. ٢٨تفەنگ، دوو رەشاشی سووك، ١٦٨ گوللە تۆپ و چەندین سندوقە فیشەك بە هیٚسترەوە گەوتە دەست بارزانییەکان. پاشان مەلا مستەفا چوو بۆ چیای پیٚرس و لەگەڵ چەکدارەکانیا سەنگەری باشیان لیٚدا و لەویٚندەر دامەزران. بەڵام چیای پیٚرس لەم کاتەدا لە هەموو لایەکەوە لەلایەن لیوای چوار و عەشایەری سوورچی و نزیکەی ٣ سەد کەس لە عەشایەری بەرواری و شیٚرخانی و دۆسکی و نزیکەی ٥ سەد کەس لەو زیٚبارییانەی کە پیٚشتر لەگەڵ مەلا مستەفا بوون، نزیکەی ٤٠٠ کەسی دی کە لەگەڵ هیٚزەکانی عیٚراقدا ریٚك کەوتبوون، بەربوونە بارزانییەکان و بە هیٚرش و پەلاماری لیٚکدا لیٚکدا و هیٚرشی ئاسمانی و بۆردومانی (٢٥) فرۆکە و تۆپبارانی تۆپخانە، توانیان پاشەکشە بە بارزانییەکان بکەن. مەلا مستەفا و چەکدارەکانی بەشەو لە چیای پیٚرس پاشەکشەیان کرد و پاش ئەوەی لە زیٚ پەڕینەوە، هەموو قەیاغەکانیان سووتاند و. پاشان لە چیای شیرین دامەزران، لەویٚ هەواڵی بۆ شیٚخ احمد نارد کە بۆ ئەوەی بارزانییەکان لە خەتەری فرۆکە سەلامەت بن، هەموو دیٚهاتەکان بەشەو چۆڵ بکەن و بەخاو و خیٚزانەوە بەرەو سنوورەکانی ئیٚران وەریٚ بکەون. مەلا مستەفا بەخۆ و (٢سەد) کەسەوە لە کانییە رەش وەستا تا هەموو خیٚزانەکان لە کیٚلەشینی سەر سنووری عیٚراق و ئیٚران پەڕینەوە، لە کاتیٚکا فرۆکە لیٚکدا لیٚکدا بۆردومانی دەکردن، لە کاتیٚکا بەهۆی زنجیرەرووداویٚکی سیاسییەوە چ هیٚزیٚکی پاسداری سنوور، لە ناوچەی ئازەربایجان نەبوو، کوردانی بارزانی بە پیٚچەوانەی دەستووری دەوڵەتی پاش ئەوەی خاکی عیٚراقیان بەجیٚ هیٚشت، خۆیان بە دەوڵەتی شاهنشایدا کرد، وەکو لە سەریٚرا دەرکەوت، بارزانییەکان خەڵکانیٚکن جەنگاوەر و سەرسەخت و لە خۆ بردوو و گویٚ رایەڵی سەرانی خۆ و دەستووری سەرانی خۆ بەجۆرە وەحیەکی ئاسمانی دەزانن و بیٚ چەند و چوون ئەنجامی دەدەن. هەروەها تەبایی و کۆکی تەواویان لە نیٚواندایە، ورە بەرزن هەر ئەم خەسڵەتانە بە دریٚژایی رۆژگار وای لیٚکردوون هەمیشە لە دەوڵەتی عیٚراق یاخی بن و تا ئەم دواییانەش حکوومەتانی وەخت نەیانتوانی بوو چۆکیان پیٚدا بدەن. ئەوەی سەرنج راکیٚشە ئەوەیە کە جەنگاوەرانی بارزانی تاقە فیشەکیٚکیان بە فیڕۆ نادەن، باوەڕیان وایە کە فیشەك لە لوولەی تفەنگ هاتە دەریٚ دەبیٚ گیانلەبەریٚ بکوژیٚ. لە کاتی شەڕدا بە تۆزیٚ نانی وشك قەناعەت دەکەن. لە وەرزی زستاندا و لە هەرەتی سەرما و سۆڵەدا بیٚ ئەوەی جلکی پیٚویستیان لەبەر بیٚ، چەندین سەعات لە لوتکە بەفر گرتووەکاندا دەمیٚننەوە و هیٚندە سەر سەختانە خۆڕادەگرن تا یا دوژمنەکەیان دەکوژن یا خۆیان دەکوژریٚن. رۆڵەی بارزانیان یەکجار ئازا و بیٚ باکن. لەو شەڕە خویٚناویانەدا کە لە نیٚوان هیٚزی سوپایی و خەڵکی ئەم هۆزەدا روویداوە، ئەم راستییە بە تەواوەتی ساغ بۆتەوە. عەشاریەی بارزانی ملیان بە زرییپۆشەوە دەنا، بیٚ ئەوەی لە گوللە بگەڕیٚنەوە. خۆیان دەگەیاندە بن زرییپۆشەکان و جوامیٚرانە، نە دەگەڕانەوە و هیٚندە لە زرییپۆشەکان نزیك دەبوونەوە تا دەیکردن بە ژیٚرەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵیٚین کە هۆزی بارزانی لیٚهاتووترین هۆزی رۆژهەڵاتە و، رەنگە لە رووی ورە بەرزی و ئەو چەکانەوە کە لە ئەنجامی یاخی گەریٚتیی و شەڕەوە بەدەستیان هیٚناوە، ویٚنەیان نەبیٚ، ئەمە یەکەمجار بوو سوپای ئیٚران لە شەڕی عەشایەریدا تووشی هیٚزیٚکی وەکو هیٚزی بارزانییەکان ئامادە و تەیار، بووبوو، و توانی لە خاکی ئیٚران وەدەریان بنیٚ.

## بەشی سێیەم

**( مەلا مستەفای بارزانی و میرحاج لە تاراندا )**

لە تارانا، لەم رۆژانەدا کە کوردستان ببوو بەدەریایەکی خرۆشاو، ترسی ئەوە هەبوو کە بچووکترین هەڵەو هەڵەشەیی سەرانی سیاسی و سوپایی زەرەرێکی گەورەی گشتی لێ بکەوێتەوە. دەوڵەت کە ئاگاداری وەزع و حاڵی بارزانییەکان و هێزی سوپای خۆمان بوو لە ناوچەکەدا، وەکو هەمیشە نەیدەویست وەزعەکە بئاڵۆزێنێ و گیروگرفتێك کە لە گینە بە ئاشتی چارەسەر بکرێ، بەزەبری گوللەو زەبرو زەنگ چارەسەری بکا. بۆیە قاییل بوو کە مەلا مستەفا و دوان لە هاوڕێکانی بە مەبەستی گفتوگۆ بچن بۆ تاران، تا ئەگەر داوایەکی رەوای هەبێ، بهێنرێتە دی و رێگە لە خوێن رشتنی بێ هودە و زیادە مەسرەفی بێفایدە بگیردرێ.

پاش ئەم بڕیارە سەرکردایەتی سوپا دەستووری بە فەرماندەی لەشکری چواری هێزەکانی کوردستان دا کە مەلا مستەفا بە مەبەستی گفتوگۆ بۆ تاران بنێرێ. فەرماندەی لەشکری چوار، مەلا مستەفای بارزانی و میرحاج و عیزەت عەبدولعەزیزی لەگەڵ عەقید عەلی ئەکبر غەفاریدا بۆ تاران نارد. مەلا مسەفا کە مەعلوماتی تەواوی دەربارەی هێزو توانای سوپای ئێران هەبوو، ئەم هەلەی قۆزتەوەو ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ دەربڕی و ئامادەبوو خواست و داواکانی خۆی لەگەڵ سەرانی سوپاییدا بخاتە روو، وەکو چۆن دەوڵەت دەیەوێ، بەبێ خوێن رشتن مەسەلەی بارزانییەکان چارەسەر بکرێ.

وەفدی بارزانی، بە ئەمری سەرکردایەتی سوپا، لە تاران، لە باخی شادا کەسەر بە لەشکری یەك بوو، دابەزین. بەو پەڕی گەرمی پێشوازی لە مەلا مستەفاو هەڤاڵەکانی کرا.

سەرکردایەتی سوپاو پایەدارانی دەسەلات، سێ پێشنیازیان خستە بەردەم مەلا مستەفا بە ئارەزووی خۆی یەکێکیان پەسەند بکا:

١- ئەگەر بارزانییەکان دەیانەوێ لە ئێران بمێننەوە، دەبێ هەموو چەکەکانیان تەسلیمی دەوڵەت بکەن و لە کوردستانەوە بچن بۆ ئەو شوێنەی کە دەوڵەت بۆیان دیاری دەکا. دەوڵەتیش کۆمەڵێك دێهاتی خۆی دەخاتە بەر دەستیان و بۆ ماوەی شەش مانگ هەموو یارمەتییەکیان دەدات و مەسرەفیان دەکێشێ تا بەو پەڕی ئاسوودەییەوە سەرگەرمی ژیانی خۆ بن و لە مەرحەمەتی دەوڵەت بەر خوردار بن.

٢- دەوڵەتی ئێران ئەو کەسانەی ناو بارزانییەکان کە ئەمر قەبزیان هەیە پەنا دەداو قاییلە لە ئێران بمێنێننەوەو ئەوانی دی دەم و دەست لە خاکی ئێران وەدەرکەون.

٣- ئەگەر بە هیچ یەکێك لەو پێشنیازەی سەرێ قاییل نەبێ ئەوا بارزانییەکان دەم و دەست لە خاکی ئێران وەدەرکەون و لە کوێوە هاتوون بەهەمان رێدا بۆ خاکی عێراق بگەڕێنەوە.

مەلا مستەفا، نەیتوانی چ بڕیارێك لەمەڕ ئەو پێشنیازانە بدات، بۆیە رایگەیاند کە مەرجەکانی دەوڵەتی ئێران دەخاتە بەردەم هەموو سەرانی هۆزو تەگبیرو رای لەسەر دەکەن و هەر کە گەڕایەوە، وەڵام

له دەوڵەت دەگێڕێتەوە. مەلا مستەفا له ٩/بەهمەن (بهمن -١/٢١-٢/١٩، ٣١ڕۆژە-وەرگێڕ) له تارانەوە بۆ مهاباد گەڕایەوە. مەرجەکانی دەوڵەتی ئێرانی بە هەموو سەرانی هۆز ڕاگەیاند. ڕای سەرانی هۆز ئەوە بوو کە بە مەرجی یەکەم و دووەم قایل نابن. بەڵام قایل بوون بە مەرجی سێیەم کە گەڕانەوەی بارزانییەکان بوو بۆ عێراق، لە گوینە. دەوڵەتی ئێران، داوای لە بارزانییەکان کردبوو کە سەرەتا هەموو لە شنۆ حڕبینەوەو ئەوجا لەوێندەرەوە بەرەو عێراق وەڕێ بکەون. دەوڵەت ماوەی تا ١١/بەهمەنی بۆ گەڕانەوەی بارزانییەکان دانابوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە بارزانییەکان بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لەمەڕ خەسڵەتی عەشایەری و ڕاستگۆیی عەشایەر دەگوترێ، بە حوکمی ڕابردووی پڕ دەردەسەری خۆیان و ئەو پە یمان شکێنیانەی کە لە دەسەڵاتدارانی سیاسی دەڵەتانی جۆراوجۆر دیتبویان، درۆزن ترین خەڵکیان لێ دەرچووبوو. هەر بەڵێنێکیان دابا کۆمەڵێک سوێندیان بەگەڵ دەخست و کەچی بە پێچەوانەی قەول و بەڵێنی خۆیان ڕەفتاریان دەکرد. بە ڕادەیەك لە درۆزنی و غافڵکردنی بەرانبەرەکانیان کارامەو قاڵ بووبوون. باوەڕکردن بە قەول و قەراریان هاوتای بەداوەوە بوون بوو. نموونەیەکی چۆنیەتی ڕەفتاریان، وەکو پێشتر ئاماژەی کراوەتێ، دیدارێکی خۆم بوو لەگەڵ شێخ ئەحمەدا. شێخ ئەحمەد سوێندی خوارد کە چ ئەفسەرێکی ئێرانی یا ئاسووری لە نێو بارزانییەکاندا نییە. کەچی پاش ئەوەی سوپای ئێران بەزاندنی و بۆ عێراق گەڕانەوە، درۆکەی شێخ ئەحمەد ئاشکرا بوو. چەندین ئەفسەری ئێرانی و ئاسووری بەدیلی کەوتنە دەست هێزەکانی ئێران. لە لایەکی تریشەوە بەڵێنیان دابوو کە گەنم لە سوپای ئێران وەربگرن و لەجیاتی ئەوە، ئەو دوو تۆپە جەوەڵییەی کە لە هێزەکانی دیموکراتی ئازربایجان بەجێ مابوو، بۆ سەرانی سوپایی بگەڕێننەوە. دیارە لەمەشدا هەر وەعدە بەخیلاف دەرچوون، گەنم و شەکرو چای خۆیان وەرگرت و دوو تۆپەکەیان نەگەڕاندەوە، جگە لە درۆزنی خودی بارزانییەکان، سەرانی ئەم هۆزە ڕاوێژکارو تەگبیر کەری لە خۆیان درۆزن ترو خیانەتکارتریان لە پشتەوە بوو. ئەم تەگبیرکەرانە، چونکە پێشینەی (سابقە) خراپ و شومیان لە ئێرانا هەبووە، بەهیچ جۆرێ نەیان دەویست سازش لەنێوان هۆزی بارزانی و دەوڵەتی ئێرانا دروست ببێ. لەلایەکی دییەوە پێشنیازی بارزانییەکان بۆ دەوڵەتی ئێران قورس بوو، چونکە ئەوان دەیانگوت ئێمە ئێرا نمان خۆش دەوێ و ئامادەین ببینە سەربازی دەوڵەت بۆیە جێی خۆیەتی دەوڵەت ئێمە بە چەکەکا نمانەوە بۆ هەر شوێنێکی ناو ئێران بگوازێتەوە. هەڵبەتە قبوڵ کردنی ئەم پێشنیازە بۆ دەوڵەت قورس بوو، دەوڵەت نەیدەتوانی بارزانییەکان بەچەکەوە لەنێو خاکی ئێرانا نیشتەجێ بکات. ئەوەی لەم ڕووەوە مایەی سەرنجە، ئەوەیە کە بۆچی دەوڵەت پاش ئەوەی پەی بە پە یمان شکێنی بارزانییەکان برد، ڕێگەی بە مەلا مستەفا دا کە لە تاران بگەڕێتەوە و بچێتەوە ناو هۆزەکەی خۆی و ئەو فیتنەو ئاژاوەیە بنێتەوە؟! دەبێ ئەوە بزانرێ کوردەکانی نێوان شنۆ تا سنووری ئاراس کە بریتی بوون لە تیرەکانی: زەرزا، بەشێك لە مامشی قادری (٣٠٠) چەك، هەرکییەکان (ڕەشید بەگ و نوری بەگ کە شەڕانی ترین تیرەی ناوچەی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕن خوا لێ خۆشبوو عەقید ساغر بەدەستی ئەوان کوژرابوو).

خاوەنی (٦٠٠) پارچە چەك بوو، شکاکەکان بەسەرکردایەتی سمایل خانی شکاك، خاوەنی ٦٠٠ پارچە چەك بوون. جەلالییەکان بەسەرکردایەتی عومەر ئاغای کوڕی خالید ئاغای ناودار کە تێکڕا نزیکەی (٤٣٠٠) پارچە چەکیان بەدەستەوە بوو. چەکداربوونی ئەم هۆزو تیرانە کە هەموویان لە سەردەمی خۆیدا گەلەك سەرپێچیان کردبوو، لە ئاقیبەتی کردەوەی خۆیان دەترسان، دەبوایە ڕەچاو بکرێ. چونکە گەر مەلا مستەفا لە تاران بگیرابا، هەر هەموو تیرەکان دەترسان و دەسڵەمینەوەو باوەڕو متمانەیان لەق دەبوو، و لەگەڵ بارزانییەکاندا بەرەیەکیان لە سەرانسەری ئەم ناوچەیەدا دژی هێزەکانی سوپا پێك دەهێنا و کوژاندنەوەی ئەم ئاگرەش کە لەگین بوو بوو لە دەرێرا خۆش بکرێ، زۆر لەسەر سوپا دەکەوت.

لەبەر ئەم هۆیە مەنتیقییە مەلا مستەفاو سێ هەڤاڵەکەی لە تاران نەگیران، چونکە دەبووە هۆی ئەوەی کە سوپا لە پێناو گرتنی ٣-٤ کەسدا، خەڵکێکی یەکجار زۆر لەخۆی بهاڕوژێنێ. ئەمە جگە لەوەی ئەم کارە لەرووی ئەخلاقییەوە، بەرۆکی سەرانی سوپای شاهەنشایی دەگرت و بۆ هەمیشە کاردانەوەیەکی خراپی لای هەموو هۆزو تیرەو تایەفەکان دروست دەکردو چ کەسێک باوەڕی بە گوفتارو کرداری دەوڵەت نەدەما. بەتایبەتی کە پاشان دەفتەرچەیەکی یاداشتەکانی میر حاج لە قەرەقوین بەر دەست کەوت، لەم دەفتەرچەیەدا ئەوە تۆمار کرابوو کە مەلا مستەفا لە دواین جاردا پاش ئەوەی لە شێخ ئەحمەد جیا دەبێتەوەو خۆی بەخاکی بارزان دا دەکا، روو لە دەوڵەتی عێراق دەنێ و داوا دەکا کە لەسەرپێچی و کەموکوڕییەکانی خۆش بێ، تا بەهەموو چەکەکانییەوە تەسلیم ببێ. بەڵام دەوڵەتی عێراق قابیل نابێ و تەسلیم بوونی بێ قەیدو شەرتی لێی دەوێ. بەشێوەیەکی دی دەوڵەتی عێراق چونکە ئامادە نەبوو بەڵێنی بداتێ و پاشان پەیمان شکێنی لەگەڵدا بکا. بەم جۆرە دەبینین کە بەڵێن شکێنی و درۆ، شتێکە کەس نایەوێ بچێتە ژێر باری. گەر مەلا مستەفا بارزانی بە پێچەوانەی بەڵێن و وەعدی رەفتاری دەکرد ئەمەیان ئاسایی بوو. چونکە پیاوێکی سەرکێش و شەڕانی بوو. بەڵام ئەم کردارە بۆ دەوڵەتی شاهەنشایی و دەوڵەتی ئێران کارێکی نا شایستەو خراپ بوو. چونکە لە وڵاتێکا کەسێیەکی دانیشتوانی لە عەشایەر پێک هاتبوو، ئەو ئەگەرە لە ئارادا بوو کە دەوڵەت هەموو کاتێک تووشی ئەم جۆرە کێشانە ببوایە، بۆیە دەبوایە گوفتارو رەفتاری دەوڵەت سەنگ و حورمەتی خۆی هەبوایە. ئەمە جگە لەوەی کە ئێران چ قازانجێکی لە پەیمانشکێنی نەکردبوو. هەموو دەزانین لە ئەنجامی کرداری عەباس ئەلبوزری سەر تیپی جاران، لە ناوچەی موکریان، لەگەڵ تیرەی کوهەکدا، کە سوێندی بە قورئان بۆ خواردن و پاشان گرتیانی و بەو شێوە ناشرینە ئیعدامی کردن، لە ئەنجامی ئەم رەفتارەوە، بلوجستان ١٣ ساڵی تەواو رووی ئارامی بەخۆوە نەبینی، دەوڵەت مەسرەفێکی زۆری کێشا، ئوردوکێشییەکی زۆری کرد بۆ نیشتەجێ کردنی عێلاتی بلوچ لەو ناوچەیەدا، لەبەر ئەو هۆیانەی سەری بوو، کەوەختێ مەلا مستەفا لە تاران بوو، بەراشکاوی ملی بۆ مەرجەکان نەدا، رۆژێک سەرکردایەتی سوپا لە بارەگاکەی خۆیدا، پێی گوت: مەلا مستەفا تۆ مەرجەکانی ئێمە قبوڵ بکەی یان نا ئێمە بە سەلامەتی دەتگەڕێنینەوە ناو کەس و کاری خۆت، پاشان ئەگەر قابیل بوویت ئەوا باشە، ئەگینا شەڕتان لەگەڵ دەکەین و داغانتان دەکەین و لەنێوتان دەبەین.
وەکو دەردەکەوێ هەموو بڕیارەکانی وەزارەتی جەنگ، بڕیاری مەنتقی و واقیعی بوون و بە پێی راشکاوی گەورە لێپرسراوانی سوپای تاران، بە تایبەتی سەرکردایەتی سوپا لەگەڵ مەلا مستەفادا، وا پێشبینی دەکرا کە بارزانییەکان پێشنیازی سێیەم قبوول بکەن بێ شەڕو پێکادان و بە پێی ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە خۆیان لە تاران و مهاباد دابوویان، خاکی ئێران بەجێبهێڵن. بەڵام دەست و سیاسەتێکی دی لە ئارادا بوو کە نەیدەویست بارزانییەکان بێ شەڕو ئاژاوە لە ئێران بچنە دەرێ ئەویش سیاسەت و دەستی قازی محەمەدی پێشەوای فیرقەی کۆمەڵەی کوردستان بوو، لایەنگرانی قازی محەمەد، لەم رۆژانەدا کە قازی محەمەد لە زیندان بوو، پێوەندی خۆیان لەگەڵ بارزانییەکاندا نەبڕی بوو، بە خەیاڵی رزگار کردنی قازی محەمەد بارزانییەکانیان دنە دەدا، لەبەرامبەر ئەم نەیارانەدا مامورانی سوپایی لە مهابادو نەغەدەدا، بەتایبەتی عەقید غەفاری کە لە شنۆ بوو، ناچار بوو خەباتی دژوار بکا.
جم و جۆڵی لایەنگرانی قازی محەمەدو پێوەندی بەردەوامیان بە بارزانییەکانەوە، هەروەها بوونی خەڵکانی دژبەسازشی دەوڵەت لەگەڵ بارزانییەکاندا ببووە هۆی ئەوەی هەر پەیمانێکی نووسراو یا دەمی لەگەڵ شێخانی بارزاندا لە شنۆ دەبەسترا، پاش شەوێک هەڵبووەشێتەوە. پاش پەیمان شکێنییە لێکدا لێکدا کانی شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفاو پاش ئەوەی دەزگا سوپاییەکانی کوردستان و تاران بۆیان دەرکەوت کە بارزانییەکان، بەهیچ جۆرێ بەنیازنین پەیمانی خۆ ببەنەسەرو خاوەنی قسەی خۆیان بن، سەرکردایەتی سوپا جارێکی دی کردیە سەر سەرانی هۆزی بارزانی کە دەست لە فێڵ و دەهۆ هەڵگرن و وەکو

چۆن لە تاران بەڵێنیان داوە خۆ ئامادە بکەن یا بۆ چەك دانان یان بەجێ هێشتنی خاکی ئێران. سەرکردایەتی سوپا لە هەمان کاتدا دەستووری بۆ فەرماندەی هێزی سوپای کوردستان دەرکرد کە شەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا هەر روودەدا، و سەرانی هۆزی نێو براو دەیانەوێ سوپای ئێران بەرەو کوێستانە سەختەکان بکێش بکەن و لە وەرزی سەرماو سۆڵەو بەفرو زریاندا پەلاماری بدەن. بۆیە وا چاکە لە ئێستاوە نەخشەی پێویست بۆ گەمارۆدانی بارزانییەکان دابنرێ و تا دەکرێ بەبێ شەڕو پێکدادان بازنەی ئەم گەمارۆیە تەنگتر بکرێ، تا:

١- ئەگەر شەڕ هەڵگیرسا کەمترین زیانی گیانی و ماڵی لە خەڵکی بێ تاوانی ناوچەکە بکەوێ.

٢- تا پانتایی جەبهەکە کەمتر بێ و هێزەکانی سوپا بە ئاسانی هەڵسوڕێن.

مۆڵەتی سەرکردایەتی سوپا بۆ بارزانییەکان لە رۆژی ١٥/بەهمەندا تەواو دەبوو، بۆیە سەرکردایەتی سوپا بە لەشکری چواری کوردستانی راگەیاند کە سەرانی هۆزی بارزانی ئاگادار بکەنەوە تا یا بەزووترین کات لە خاکی ئێران وەدەرکەون یان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن.

بارزانییەکان، لە وەڵامی فەرماندەی لەشکردا پەنایان وەبەر چەکە دێرینەکەی خۆیان، واتا درۆ بردەوە. کەوتنە گواستنەوەی ئەو خێزانانەیان کە لە نەغەدە، قەلا بسۆ، سوفیان، چەڵدیان و سنووری خانەدا بوون، بەرەو شنۆ جم و جۆڵێکی زۆر کەوتە نێو خەڵکانی هۆزەکەوە و وایان دەنواند کە بەرەو سنووری عێراق دەچن و دەیانەوێ ئێران بەجێبهێڵن. ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی لەمەڕ جم و جۆڵی بارزانییەکان دەگەییە سەرکردایەتی لەشکری چوار بەرەبەرە بووە هۆی بەدگومانی، چونکە مامورانی ئیستخباراتی لەشکرەکە هەواڵیان دەنارد کە:

١- کۆچی بارزانییەکان زۆر سست و خاوە.

٢- سەرانی هۆزی بارزانی ژێراو ژێر پێوەندییان بە سەرانی هۆزی هەرکی و شکاك و کەسانی وەکو زیرۆو تەهاو هۆزەکانی دەشتە- پیل وە کە هێشتا چەك نەکراون، کردووەو هانیان داون لە هەموو ناوچەکاندا دژی هێزەکانی دەوڵەت راوەستن. سەرکردایەتی سوپا ئاگاداری ئەم رووداوانە بوو، و لە رێگەی دوور بینی و وریایی سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستانەوە لە بچووکترین جم و جۆڵی سەرانی ئەم هێزە ئاگادار دەکرایەوە.

رۆژی٢٤/ بەهمەن، سەکردایەتی سوپا دەستووری بۆ فەرماندەکانی لەشکری سێ و چوارو تیپی رەزاییە، (واتا بۆ سەر لەشکر زەرابی سەر لەشکر همایونی و سەرتیپ زەنگنە) دەکرد کە کوردەکانی باکوورو باشووری رەزاییە چەك بکەن و بارزانییەکان لە خاکی ئێران وەدەرنێن و بەرەو عێراقیان بکەنەوە. جا ئەو لەشکرانە بۆ ئەوەی ئامادەی رووبەڕووبوونەوەی هەر رووداێکی چاوەڕوان نەکراوو ناخۆشبن. بە سەرکردایەتی ئەفسەرانی نێو براو بوون بەچەند رەتلێکەوەو ئامادە بوون بۆ چەك کردنی هۆزە کوردەکان و تەئکید کرا کە دەبێ هەموویان تا ٢٨/بەهمەن لەو شوێنانەدا یەك بگرنەوە کە سەرکردایەتی سوپا دەست نیشانی کردووە.

لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا (بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە — مرگ بود و بازگشت هم بود- لە ساڵی ١٩٤٦دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. بەرگی دووەمی- ازمهاباد خونین تا کرانەهای ارس-لە ساڵی ١٩٤٩دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. وەرگێر) لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی یەکە سوپاییەکان و هێزی رەتلە سوپاییەکان نەکرا، بەڵام ئێستا کە سێ ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیووەو تۆمار کردنی ئەم بابەتەو ناوهێنانی یەکە سوپاییەکان لە رووی سوپایی و سیاسییەوە چ زیانێکی نییە، بۆ ئەوەی یادی فیداکاری ئەفسەران و سەربازان و ناوی ئەو یەکە سوپاییانەی لەم عەمەلیاتە بەشدارییان کردوەو، بۆ هەمیشە بە زیندووی وەمێنێ، بەدرێژی باس دەکەم.

**سازدان و دابەشکردنی ئەرکی قووەتەکە بەم جۆرە بوو:**

١- قووەتێك بە سەرکردایەتی سەرتیپ زەنگە لە بالآنوش، ئەم قووەتە پێکهاتبوو لە: بەتالیۆنی ١،٢ی هێزی بەهادرو لقێکی هێزی ئاهن، تۆپێکی ٧٥ و دەستەیەکی هاوەن، دەستەیەك سوارەی هێزی فوزیەو دوو زرێ پۆش و بێتەلێکی لەشکری یەك. ئەرکی ئەم قووەتە ئەوەبوو گەلی قاسملو کۆنترۆڵ بکاو ئاق بلاغ بگرێ و زیرۆو تاها لەنێو بەرێ، هەروەها ئەو ئەرکەشی دەستۆ بوو کە نەیەڵێ چ بارزانییەك پێوەندی بە پیاوانی زیرۆو تەهاوە بکا.

٢- قووەتێك بەسەرکردایەتی عەقید ئەنساری لە مهاباد، ئەم قووەتە بریتی بوو لە دوو بەتالیۆنی پیادە، تۆپێکی ٧٥، مەفرەزەیەکی هاوەن، بەتالیۆنێکی سوارەی لورستان، دوو زرێپۆش لە (حەسەن لو) ئەرکی ئەم قووەتە ئەوەبوو کە نەغەدە بگرێ و بارزانییەکان لە سنووری نەغەدە و دێهاتەکانی دەورووبەرییەوە بەرەو شنۆو سنووری عێراق راوبنێ.

٣- قووەتێك بەسەکردایەتی موقەدەم کەلاش لە مهاباد، ئەم قووەتە بریتی بوو لە بەتالیۆنی یەکی پیادەی هێزی هەمەدان، مەفەرەزەیەکی تۆپخانەی٧٥، دوو هاوەن، ئەرکی ئەم قووەتە ئەوەبوو کە قەڵا پوا بگرێ و بارزانییەکان لە ناوچەی گردە سپیانەوە بەرەو شنۆو سنووری ئێران و عێراق دەرپەڕێنێ و یارمەتی قووەتەکەی عەقید ئەنساری-ش بدا.

٤- قووەتێکی عەشایەر لە سنووری خانەدا، ئەم قووەتە بریتی بوو لە عەشایەری مەنگوڕ مامش، بەسەرکردایەتی ملازمی دووەم نوبهار، ئەرکی ئەم قووەتە ئەوەبوو کە هۆزی بارزانی بەرەو باکووری خانەو شنۆو سنووری ئێران و عێراق دەرپەڕێنێ.

٥- قووەتێکی دی لە مهابادەوە، ئەم قووەتە بریتی بوو لە ٣ بەتالیۆنی پیادە، تۆپێکی ٧٥و دەستەیەك سوارەو دەستەیەکی رەشاش، دوو رزێ پۆشی مام ناوەندی و چوار زرێپۆشی سووکەڵەو هێزی سوارەی فەوزییە (لە کۆسە کارێز). ئەرکی ئەم قووەتە ئەوەبوو کە هێزی یەدەکی فەرماندەیی دا بمەزرێنێ.

دەستەیەکی هەوایی کە بریتی بوو لە ٧فڕۆکەی هاینەو ٢فڕۆکەی تایگەرموس.

پاش دیاری کردنی قووەتەکان و فەرماندەی هەر قووەتێك. ئەوجا بە مەبەستی یەکخستنی چالاکی و جم و جۆڵی یەکە سوپاییەکان ئەم دەستوورەی خوارەوە بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستان درا:-

١- سەر لەشکر همایونی، سەرپەرشتی هەموو قووەتەکان بکاو بەڕێوەیان بەرێ.

٢- قووەتەکەی سەرتیپ زەنگەنە بەر لە هەموو قووەتەکان دەست بە کاربێ و بارزانییەکان، بەر لەوەی خۆ بگەیەننە زیرۆو تەهاو هەرکییەکان، بە تەواوەتی سەرکوت بکرێن، تا نە پەرژێنە سەر ئەوەی خۆ بگەیەننە پیاوانی زیرۆو تەها و هەرکییەکان و دەست تێکەڵ بکەن و شەڕو پێکادان تەشەنە بکاو بگاتە ناوچەکانی باکوورو نزیکی رەزاییە (ورمێ). سەرکردایەتی سوپا لە ٢/ی ئەسفندا (ئەسفندا-٢/٢٠-٣،٢٩/٢٠ رۆژە، وەرگێر) فەرماندەی لەشکری چوارو هێزەکانی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە بە پێی ئەو زانیاریانەی بەدەست هێنراون، بارزانییەکان لێبراون بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنەوە کە داویانە دژی هێزەکانی ئێران بووەستن و بەهەر فێڵ و دەهۆیەك بێ سوپای ئێران بەرەو ناوچە کوێستانییە سەختەکان بکێش بکەن. پاش گەیشتنی ئەو ئاگادارییە، سەر لەشکر هەمایۆنی و عەقید غەفاری، شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفایان لە نەغەدە بینی و قسەیان لەمەڕ ئەو بەڵێنە کرد کە بە دەوڵەتی ئێرانیان دابوو. ئەم دیدارە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆتایی هات. چونکە وێڕای ئەوەی کە بارودۆخەکە زۆر خەتەر بوو، خەڵکانی ئاژاوە گێڕ، بەتایبەتی ئەو ئەفسەرانەی کە لە سوپای عێراق قاچاخ بوون و ئەمری ئیعدامیان بۆ دەرچوو بوو، دژی گەڕانەوە بۆ عێراق بوون، و نەیان دەویست ئەم گفتوگۆیە سەر بکەوێ. تەنانەت چی وای نەمابوو ئەم جم و جۆڵە بقڵیشێتەوە، کارەساتێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا. فەرماندەی لەشکر توانی بەوپەڕی هێمنی و کارامەیی، گفتوگۆیەکە بە ئەنجامێکی چاك بگەیەنێ و بارزانییەکان قایل بوون

له زووترین کاتدا نەغەدەو گردە سپیان و ناوچەکانی هۆزی پیران و مامش چۆڵ بکەن و بەرەو ناوچەی سەڵدوزو شنۆ کۆچ بکەن.

بارزانییەکان، بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی دییەوە، لەم دیدارەدا بەڵێنی خۆیان بردە سەرو هەر بۆ رۆژی دوایی هێزە سوپاییەکەیان، کە بایەخێکی گرنگی هەبوو، لە نەغەدەدا جێگیر بوو، سەرانسەری ناوچەی لاهیجان لەلایەن سەربازانەوە گیرایەوەو ریگەی جادە چەورێژەکەی سنووری عێراق و خانەش ئازاد کرا. بارزانییەکان، ئەمجارەیان بۆیە قسەکەی خۆیان بردە سەر، چونکە لە نزیکەوە دەیان بینی هێزە سوپاییەکان ئامادەی شەڕن لەگەڵ بچووکترین سەرپێچی کردنی بارزانییەکاندا لێیان دێنە دەست و شەڕیان لەگەڵ دەکەن. پێویستە ئاماژە بۆ ئەم خاڵەش بکەین کە نوێنەری لەشکری چوار بەدرێژایی مانەوەی لە شنۆدا ئەو پەڕی هەوڵیدا کە بارزانییەکان لەبری روو بکەنە مەرگەوەڕو خۆیان بەنێو هەرکی و کوردانی ناوچەکانی باکووردا بکەن، رووەو لاهیجان کۆچ بکەن. لە سەرەتادا تا رادەیەك مەلا مستەفای قایل کردوو رووەو لاهیجان رۆیی. بەڵام پیاوانی بێگانەی ناو ریزی بارزانییەکان، کۆسپیان خستە ریگەی ئەم کارە، چونکە ئەگەر بارزانییەکان لەبری باکوور روویان بکردایەتە باشوور، ئەوا دەکەوتنە داوی هۆزی مامش و مەنگورەوە، لەنێوان مەرزی ئێران و عێراقدا، قەتیس دەمان و رزگاریان نەدەبوو، بەڵام بەفیتی بێگانان کارێکی وەها کرا کە چەند کەسێك لەسەرانی مامش ژێراو ژێر بەدەستی بارزانییەکان کوژران و ئیدی بارزانییەکان لە پڕ بایان دایەوەو روویان کردە باکوور.

رووداوەکە بەم جۆرە بوو: لە کاتی کۆچ کردنی بارزانییەکانا لە ناوچەی پیران شەڕێك لەنێوان سەرانی مامش و بارزانییەکاندا، لە قەڵا پوا، روویدا. بارزانییەکان دوو کەسیان لە بەگزادەکانی مامش بەچەك و ئەسپەکانیانەوە دیل کردوو بۆ قەڵا پەسۆیان بردن. عەقید غەفاری نوێنەری لەشکر توانی لە ریگەی گفتوگۆوە، شتە تاڵانکراوەکانی هۆزی مامش وەربگرێتەوە، مەلا مستەفاش ئەم گفتوگۆیەی بە هەل زانی و بەو بیانووەوە کە خێزانی بارزانییەکان ئازووقەیان کەمەو ریگەی پەڕینەوەش لە ئێرانەوە بۆ عێراق گیراوە، داوای کرد کە دەوڵەت هەندێك ئازووقەیان بداتێ و ماوەی گەڕانەوەکەشیان بۆ عێراق، بۆ زیاد بکا.

مەلا مستەفا، دوو ریگەی گەڕانەوەی لەبەرچاو گرتبوو:

١- رێگەی بێنارد، کە کەوتۆتە خاکی تورکیاوە هەمان ریگەیە کە کاتی خۆی بارزانییەکان لێوەی هاتبوونە ناو خاکی تورکیا.

٢- رێگەی خانە کە دەگاتە حاجی ئۆمەران.

بارزانییەکان رێگەی بێنارد-یان پێ چاك نەبوو، هەم لەبەر خراپی رێگەکەو هەم لە ترسی تورکەکان، بەتایبەتی کە لەم کاتانەدا بەفرێکی قورس کەوتبوو. رێگەی گرتبوو، و چەکدارانی بارزانی ناچار دەبوون بۆ پەڕاندنەوەی خێزانەکانیان رێگەکە بشکێنن، ئەمەش بەزەرەری ئەوان دەکەوتەوە، بۆیە بارزانییەکان، ئەم رێگەیەیان بەگەن نەکرد.

رێگەکەی خانەشیان بەو بیانووەوە پەسەند نەکرد کە گوایە زۆر لە ناوچەی بارزان دووری دەخستنەوەو لە ئەنجامدا دەکەوتنە بەر دەستڕێژی پاسدارانی مەخفەرە سوپاییەکانی عێراق. بۆیە روویان کردە دۆڵی (گەلی) مارف قادر (گادرچای) تا لێرەوە بۆ عێراق بڕۆنەوە.

بارزانییەکان، لەم ناوەندەدا، لە لایەکەوە درێژەیان بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی سوپاییدا دەداو لە لایەکی ترەوە خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دەوڵەت تەیار دەکرد.

سەربازانی یەکە سوپاییەکانی کوردستان لەم ناوچەیە توانیان تا رۆژی ٦/ئەسفندا بچنە ناو نەغەدەوە. هەروەها قووەتەکەی موقەدەم کەلاش-ش بێ ئەوەی لەگەڵ بارزانییەکاندا تووشی شەڕ ببێ چووە ناو گردە سپیان. هەرچەندە هێشتا لە ناوچەکانی باشووردا چ شەڕو پێکادانێك رووی نەدابوو، بەڵام

لە ناوچەکانی باکووردا، قووەتەکەی سەرتیپ زەنگنە لەگەڵ هیزە نەیارەکانی دەوڵتدا کەوتبووە شەڕەوە. ئەگەر چی لەم سووکە شەڕانەدا هێزەکانی دەوڵەت خۆیان لە قەرەی بارزانییەکان نەدەدا، بەڵام لە راستییا بە پێی نەخشەو پلانی گشتی سەرکردایەتی سوپا، هەموو جم و جۆڵێکی هێزەکانی دەوڵەت بۆ پتر گەمارۆدانی بارزانییەکان و دابڕاندنیان بوو لە عەشایەری ئاژاوەگێڕی نێو خۆ لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ ئەو شەڕانەی گەلی قاسملو دەکەم: قووەتەکەی سەرتیپ زەنگنە لە رەزاییەوە، بە ئۆتۆمبێل هاتبوو، ئەم قووەتە توانی لە ٢٨/بهمەن )تا ( ٢/ئەسفندا ) لە بالانش و شەعبان کەندی و دیزەدا جێگیر ببێ. عەشایەری نێو خۆی نیشتمان پەروەریش لەگەڵ قووەتەکەی هاتبوون تا بەشداری شەڕەکان بکەن. ئەم قووەتە لە سەعات ( ٧ )ی بەیانی ( ٢ئەسفندا )دا، خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. پەلێکی پیادەو دوو زرێ پۆش پێش قووەتەکە کەوتن و لە بالانشەوە بەرەو گوندی ( کوکیا ) وەڕێ کەوتن. ئەم گوندە لە ( ٢ ) کیلۆمەتری باشووری بالانشدایە. پیاوانی زیرۆو تەها هەرکی چەند رۆژێ لەم کوندەدا سەنگەریان گرتبوو. هەر کە قووەتی دەوڵەت لە گوندی نێو براو نزیک بووەوە، بەر دەست رێژی خراپ کاران دراو شەڕێکی قورس هەلگیرسا. شەڕەکە تا پێش نیوەڕۆ درێژەی کێشا. ژمارەیەك لە خرا پکاران کوژران و لە هێزی دەوڵەتیش شەش سەربازو عەشایەرێك زامداربوون، گوندی کوکیا، ئوزان، تومانبە، قەلاچەم و مەحمود ئاوا گیران و قووەتەکە رووی کردە گەلی قاسملو. هەرچەند چەکدارانی زیرۆو تاها هەرکی زۆر سەر سەختانە بەرگریان دەکردو بەگژ هێزەکانی دەوڵەتدا دەچوون، ئەوجاش سەرتیپ زەنگەنە توانی ١٥کەسیان لێبکوژێ و دوانزەیان لێ بریندار بکاو هەموو شاخەکانی دەورو بەری گەلی قاسملو بگرێ. لەم قۆناغەی دووەمی شەڕەکدا پتر لە دوو سوپایی و سێ عەشایەر شەهید بوون و نزیکەی دە کەسێك بریندار بوون. رۆژی ١٤/ئەسفندا بەتالیۆنێکی پیادە بە هەموو کەرەستەو تفاقی سوپاییەوە، بە مەبەستی کەشف کردنی رێ و شوێنی خرا پکاران بەناو گەلی قاسملو کەوت. مەفرەزەکانی پێشەوەی بەتالیۆنەکە گەییە سیلڤانا. سەرەڕای بەرگری سەرسەختانەی عەشایەر، بەتالیۆنەکە دێهاتەکانی شیرین کەندی و محەمەد رەحیم کەندی گرت. بەڵام چونکە گەلی نێو براو لە رادە بەدەر تەنگ و عاسی بوو، و خرا پکاران لە شاخە بەرزەکاندا دامەزرا بوون. دەستوور بۆ بەتالیۆنەکە هات کە لە پێشڕەوی بووەستێ. تاوەکو بەزەبری هێرشی باڵەکان، جێ بە عەشایەرانی سەر شاخە بەرزەکان لەق بکرێ و دەربپەڕێنرێن. هەروەها دەستوور بۆ بەتالیۆنەکە هات کە بەرزاییەکان لە دەست نەداو چاودێری جم و جۆڵی زیرۆو تەها بکات. لەم شەڕە سەرەتاییانەدا ئەوە دەرکەوت کە زیرۆو پیاوەکانی پەیوەندیان بە بارزانییەکانەوە هەیەو نیازیان وایە بەهاوکاری و پشتیوانی ئەوان تا دوا هەناسە بەرگری بکەن و دژی هێزەکانی دەوڵەت بووەستن. بەهەر حاڵ هەڵسوکەوتی قووەتەکەی گەلیی قاسملوو شکستی زیرۆو تەها لە ناوچەی رەزاییەدا کاریگەرییەکی یەکجار باشی بەخشی، بەرادەیەك کە زۆربەی ئەو کوردانەی تا چەند رۆژێك پێشتر لێبڕابوون مل بۆ دەوڵەت نەدەن و دژایەتی هێزەکانی بکەن، هەموو چاوترسێن بوون و سەرۆکەکانیان: محەمەد حسێن حاتەمی، قادر بەگی رەسوڵی، سەیید فهم، رەشید بەگی جیهانگیری، تەسلیم بوون و چەکیان داناو و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دەوڵەت و سوپا راگەیاند.

هەر لەم رۆژانەدا، بۆ دڵنیاکردنی ئەو عەشایەرانەی کە هێشتا دوو دڵ بوو ن ولە سزای دەوڵەت دەترسان، و لە گوین بوو پێوەندی بە خرا پکارانەوە بکەن، لە ناوچەکانی کوردستاندا بەفڕۆکە ئەم ئاگاداریە بڵاوکرایەوە:

(( ئاگادارییەك بۆ خەڵك و عەشایەری کوردستان ))

له کاتێکا که سوپا له سەرانسەری ناوچەی کوردستاندا بەخۆ کەوتووە تا یاساو ئەمن و ئاسایش سەقامگیر بکا، به هەموو هۆزو تیرەو تایەفەکانی کوردستانی رادەگەیەنین که ئەو چەك و تەقەمەنیانەی له دیموکراتی کوردستانیان وەرگرتووە، یا دەستیان کەوتووە به زووترین کات تەسلیم به دەزگا سوپاییە لێپرسراوەکانی هەردوو شاری مهابادو رەزاییەی بکەن، بۆ خەڵکی ناو شارەکان۳سێ رۆژ ماوە هەیە، بۆ خەڵکانی دەرێی شارەکان یەك هەفتە ماوە هەیە. ئێمە تەجرەبە بۆی ساغ کردوینەوە کە عەشایەرە دڵسۆزەکانی سەر سنوورەکان، دەوری باڵایان له پاراستنی ئەمن و ئاسایشی سنوورەکان دیتووەو ئەگەر بە ئەندازەی پێداویستی ناوچەکە چەکیان لابێ، ئەوا به چاکی دەتوانن ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرن و له هەر شوێنێك پێویست بکا پاسی سنوورەکانی وڵات بکەن. بەڵام هەموو هۆزو تایەفەکان پێویستە لەلای ئەو چەکانە تەسلیم بکەنەوە که له دیموکراتی کوردستانیان وەرگرتووە. چەك بە ئەندازەی پێویست لە لای عەشایەری مەنگوڕو مامش و گەورك و هەموو هۆزەکانی تری سەر سنوورەکان بمێنێ، بە مەرجێ پاس بۆ چەکەکانیان له سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان وەربگرن و چاوەڕوان بن تا مەفرەزەی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی سنوور لەوان پێك دەهێنرێ، سەرانی ئەم هۆزانە دەبێ لە ماوەی یەك هەفتەدا ناوو ناوی باب و شۆرەتی هەڵگرانی ئەو چەکانەو جۆری چەکەکان و ژمارەی فیشەکی هەر چەکێك بە تۆمار کراوی بخەنە بەر دەست هێزەکانی کوردستان تا پاسیان بۆ دەربکرێ.

دەربارەی هۆزەکانی نێو شارەکان، وەکو: دیبوکری، فەیزوڵڵا بەگی و تیرەکانی شار وێران و شارنشینەکانی دی، دەبێ لە ماوەی سێ رۆژدا چەکەکانیان تەسلیم بکەن.

ئەوانەش له دەرێی شارەکانن با سەردانی سەرکردایەتی هێز بکەن و بە پێی پێداویستی چەکیان بۆ دابین بکرێ تا خۆیانی پێ لە دەست درێژی دزان بپارێزن. ئەوانیش لە ماوەی یەك هەفتەداو بەو شێوەیەی سەرێ ناوی هەڵگرانی چەك قەید دەکەن و چەکەکانی دی به دەفقی خۆیەوە تەسلیم دەکەن. سەرانی ئەم هۆزو تیرانە، بە زووترین کات چەکە کۆکراوەکانی تیرەکانیان بۆ سەرکردایەتی هێز دەنێرن. تا بڕیاری خۆی لەسەر بدات.

له کۆتاییدا، ئەوە دوو پات دەکەینەوە که له ئەمڕۆ بەدواوە لە کاتێك دا کە هێزەکان بەرەو هەدەفی جیاوازی خۆ وەڕێ کەوتوون، مامەڵەکردن بە چەك و فیشەك قەدەغەیە، دەبێ ئەو مامەڵەیە هەڵوەشێتەوە و ئەو چەکە تەسلیم بکرێ.

له ئێستا بەدواوە ئەم جۆرە سەوداو مامەڵانە له هەر شوێنێك و لەلایەن هەر کەسێکەوە بکرێ، یا چەك بۆ دەرێی سنوور بنێردرێ ئەوا تاوانبار دەدرێتە دادگای جەنگی. بەم پێیە، پاش تەواو بوونی ئەو ماوانەی که له سەرێدا دیاری کرا بوون، هەر کەسێ چەکی خۆی تەسلیم نەکردبێ یا پاسی بۆ دەرنەکردبێ، ئەوا سەرپێچی کردووەو دادگای جەنگ تاقیبی دەکا.

لەم قۆناغانەدا، بەرپرسیارانی سوپایی، ئەوەیان بۆ ساغ بۆوە که بارزانییەکان بە نیازن بکەونە فێڵ و تەڵەکەبازی و سوپای ئێران غافڵگیر بکەن. چونکە وەختێ که گفتوگۆیان لەگەڵ فەرماندەی لەشکر دەکرد، له لایەکەوە باسی گەڕانەوەی خۆیان بۆ عێراق و داوای ئازووقەو شەکرو چایان دەکردو بۆ سەلماندنی ئەم نیازەش، خێزانەکانی خۆیان بەم لاو ئەولادا دەجولاند، لە لایەکی دێ یەوەو ژێراو ژێر پێوەندییان لەگەڵ هۆزەکانی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو دەشتە بیل کردبوو، وایان دانابوو ئەوان بە گەڵ خۆ بخەن و دژی هێزە سوپاییەکانی ئێران بجەنگن. خێزانەکانی خۆشیان بگەیەننە ناوچە بە پیت و بەرەکەتەکانی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ کە لە رووی ئازووقەو بژێوییەوە لە هەموو ناوچەکانی دی دەوڵەمەندتر بوو. دیارە ئەم کارە تەنیا لە چوارچێوەی نیازدا نەوەستاو بەڵکو بە کردەوەش ئە نجامدرا، چونکە پیاوانی ئەمنی سوپایی لە رۆژی ۷/ئەسفندا هەواڵیان هێنا کە خێزانە بارزانییەکان روویان کردۆتە ناوچەکانی تەرگەوەڕ. هەندێ خەڵکی ئەو هۆزانەش کە بەچوونی بارزانییەکان بۆ ئەو ناوچانە ناڕەحەت بوون، خەبەریان بۆ مەڵبەندە

سوپاییەکان هێناو هەواڵی جم و جۆڵی بارزانییەکان و ناڕەحەتی خۆیان راگەیاند، سەکردایەتی سوپا کە زانیاری تەواوی لەمەڕ ئەم جم و جۆڵانە هەبوو، لە١١/ئەسفنداا دەستووری بە فەرماندەی لەشکردا کە نامەیەك بەم ناوەڕۆکە بۆ مەلا مستەفا بنێریٚ:

**(( مەلا مستەفا بارزانی، تۆ بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنەی کە لە تاران دابووت، رەفتارتکردووە، سەرەڕای ئەوە کە ئێرانت بەجیٚ نەهێشتووە، ئەفسەرە هەڵاتووەکانت پەناداون و تۆپەکانت نەگێراوەتەوە، رووت کردۆتە ناوچە بە پیتەکانی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو دەشتە پیل. پێویستە تازووە بەڵێنەکەی خۆت ببەیتە سەرو خاکی ئێران بەجێبهێڵی ))**.

دەستوورێکی دی بۆ فەرماندەی سوپا هات و دەڵیٚ: پیٚ دەچیٚ بارزانییەکان نیازیان نەبیٚ ئێران بەجێبهێڵن. چونکە بەفر رێگەکانی سنووری عێراق و تورکیای گرتووە، لەوەیە بارزانییەکان روو لە ناوچەکانی دەوروبەری رەزاییە بکەن بۆیە وا چاکە سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان بارەگا بگوێزێتەوە بۆ رەزاییەو لە نزیکەوە چالاکی و جم و جۆڵی لەشکرەکانی باکوور بەڕێوەبەریٚ.

لە لایەکی دییەوە چ فڕۆکە خانەیەکی نزیك لەو ناوچانەدا نەبووە، تا فڕۆکەی سوپایی پشتیوانی لە هێزی پیادەی سوپا بکا. بۆیە بیری کردنەوەی فڕۆکە خانەیەکی وەها کە بشێت سوودی لیٚ وەربگیریٚ هێندەی دی بەهێزبوو.

قەرار سازانی سوپایی لە رۆژی ١٤/ئەسفنداا، بەتەواوەتی جم و جۆڵ و نیازی بارزانییەکانیان بۆ ساغ بووەوە، ئەو را پۆرتە ناوچەییانەی لەم بارەیەوە ئامادە کرابوون، ئەوەیان دەسەلماند کە مەلا مستەفا ئێوارەی رۆژی ١٣/ئەسفندا، گەییوەتە شارۆچکەی ( پێی ) موانەی رۆژئاوای رەزاییە کە بایەخێکی سوپایی یەکجار گەورەی هەیە لەگەڵ سەرانی عەشایەری هەرکی، شکاك، زیرۆو تەها بەگ و سەرانی بنەماڵەکانی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو دەشتە پیلدا کەوتۆتە گفتوگۆ و کۆبوونەوەیەکی گرنگی لە ماڵی رەشید بەگی نوری بەگدا لەگەڵ کردوون.

مەلا مستەفا، لەم کۆبوونەوەیەدا بەسەرانی ئەم خێڵانەی گوتبوو چونکە رێگەی عێراق بەفر گرتوویەتی و ئێمەش ئازووقەمان کەوتۆتە کزی و دەوڵەت چ یارمەتییەکمان نادا، بۆیە هاتوینەتە لای ئێوە تا هەم ئازووقەو بژێوی خۆمان دابین بکەین و هەم تا زستان تەواو دەبیٚ و بەهار دیٚ میوانی ئێوە بین. دوای ئەوەی هەواڵی ئەم رێکەوتنەی بارزانی و عەشایەرە یاخییەکان بە سەرتیپ زەنگنە گەیی، دەست بەجیٚ بڕیاری پێویست دراو نەخشەی تایبەتی دانرا تا چ رووداوێکی ناهەموارو ناخۆش روو نەدات، هەر لەم کاتانەدا فەرماندەی قووەت، داوای لە سەرتیپ زەنگنە کرد کە باڵی راستی قووەتەکەی بەهێز بکریٚ و بەهەر جۆریٚ بووە، هەندیٚ هێز بۆ پشتیوانی ئەم قووەتە بخرێتە ژێر دەستەڵاتی ئەوەوە، چونکە بارزانییەکان، روویان کردۆتە باکوورو لەوەیە لەناکاوا بەرەو گەلی باراندوز وەڕیٚ بکەون و دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرن و ئیدی قووەتی گەلی قاسملوو شاری رەزاییە بخەنە مەترسییەوە. رۆژی ١٥/ئەسفندا قووەتێکی پێکهاتوو لە فەوجێکی پیادەی لیوای شەش و تۆپێکی جەوەڵی ٧٥و مەفرەزەیەکی هاوەنی یەکەکانی لەشکری تەورێز بەسەرکردایەتی عەقید سەردادوەر بە مەبەستی پشتیوانی و بەهێز کردنی قووەتی سوپایی ئەم ناوچەیە، گەییە رەزاییە.

رووداوو جم و جۆڵی ئەم پازدە رۆژە، ئەوەی لای سەرکردایەتی هێزی کوردستان سەلماند کە بارزانییەکان روویان کردۆتە باکوورو بەهیچ جۆریٚ ئامادەنین خاکی ئێران بەجێبهێڵنو، فەرماندەی لەشکری چوار پاش ئەوەی لەم بارەیەوە دەستووری تەواوی لە تاران وەرگرت و بۆی ساغ بووەوە کە هەموو قەول و قەرارێکی بارزانییەکان پوچەو دوورە لە راستییەوە، رۆژی ١٦/ئەسفندا، بەرەو رەزاییە وەڕیٚ کەوت تا بە هەر نرخیٚ بووە پێوەندی بارزانییەکان لەگەڵ خێڵاتی دەوروبەری رەزاییەدا بپچڕیٚ و لەوە پتر دەرفەتی هەڵگیرساندنی فیتنەو ئاژاوەیان نەدات، هەر بەم مەبەستە رۆژی ١٨/ئەسفندا، سەرکردایەتی هێزەکانی

کوردستـــان لــه مهابــادەوە بــۆ ڕەزاییــه گوێزرایــەوە، عەقیـد فـەیوزی سـەرۆکی سـەرکردایەتی هێزەکـانی کوردستان له ڕەزاییه لایدا تا بتوانێ به ڕێك و پێکی دەستوورەکانی فەرمانـدەی لەشکرو سـەرکردایەتی سوپا ئه نجام بدات. سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستـان بـۆ ئـەوەی ڕێ لـه بارزانییـەکان بگـرن و نەیـەڵن بەرەو باکوور بچن لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی سروشتی ناوچـەکانی دەوروو بـەری ڕەزاییـەدا ئـەم بڕیارەیـان دا:

که لەدوا گەلی باکووری ڕەزاییەوە (گەلی نەهر چای) ڕێ له بارزانییەکان بگیرێ تا بەرەو باکوور نەچـن. بۆ ئەم مەبەستەش قووەتێك پێکهێنرا له دوو فـەوجی پیـادە (فـەوجی دووی لیـوای اهـن و فـەوجی شەشـی ئازەرپاد) و تۆپخانەیەکی ٧٥و مەفرەزەیەکی هاوەن و زرێپۆش و دەستەیەك سوارە بەسەرکردایەتی عەقید نیسـاری لـه ڕۆژی ٢١/ئەسـفندا‌ا لـه ڕەزاییـەوە بـەرەو گـەلی نـەهر چـای و بەرزاییـەکانی لـەڕەنی** بـه مەبەستی گرتنی موانه وەرێ بکەوێ. قووەتەکەی گەلی قاسملو، که قەرار بوو له شاخەکانی دەوروو بـەری گەلی نێو براو دامەزرێ و مەفرەزەی کەشف کردن بۆ دەرووو بەری خوی ڕەوانـه بکـا، ئـەم قووەتـه، لـه ڕۆژی ١٩/ئەسفندا‌ا چەند تفەنگچییەکی خەڵکی ناوچەکەی لەگەڵ دوو جەندرمەدا به مەبەستی کەشف کردن لـه ڕێگەی شەعبان کەندییەوە بەرەو حەساری ئاق بولاغی سەر به گەلی باراندوز ڕەوان کـرد. ئـەم مەفرەزەیـه له شـاخەکانی بـاکووری ڕۆژئـاواو باشـووری شـەعبان کەندیـدا کەوتنـه بـەر دەسـت ڕێـژی خەسـت و خـۆڵی خرا پکاران و لەم شەڕەدا مولازم دووەمی جەندرمە فـەخر ئـازەری، برینـداربو، و دوو چـەکداری عەشـایەری مەفرەزەکەش شەهید بوون و نزیکەی ٥کەس له یاخیـان زایـه بـوون. یەکسـەر مەفرەزەیـەك بـه زرێپۆشـەوە نێردرا بۆ یارمەتی مەفرزەکەو خرا پکارو یاخییەکان پاشەکشەیان کردو هەڵاتن. پاشان دەرکەوت کـه ئـەو خرا پکارانه پیاوی محەمەد حوسێن و محەمـەد هـەرکی بـوون و بـه ئـەمری بارزانییـەکان لـه مەرگـەوەڕەوە هاتبوون بۆ ڕێگرتن له هێزە سوپاییەکان. ئەو ڕووداوە سەلماندی که بارزانییەکان، هۆزەکانی ناوچەکەیان له هێزی سوپایی هانداوە. بۆیه دەستودرا به قووەتەکانی باشـوور، واتـه بـەو هێزانـەی کـه لـه نەغـەدەو سوفیان و جەڵدیاندا دامەزرابوون، بەرەو شنۆ بەرێ بکەون تا به زووترین کات شنۆو ئاق بـولاغ بگـرن، تـا له ئه نجامـدا بتـوانرێ قووەتەکـەی گـەلی قـاسملو، کـه لـه بەرزاییـەکانی کوکیـا دامـەزرابوو، لـه گـەلی قاسملووەوە بەرەو جەلۆ (باشوور) وەڕێ بخرێ و ئەم قووەته به هاوکاری ئەو یەکه سوپاییانەی که له شنۆو دەهات، بتوانێ ئاق بولاغ بگرێ.

* (ناوچەکانی دەوروبەری ڕەزاییه به جۆرێ هەڵکەوتووە که له ڕۆژهەڵاتـەوە (دەریاچـەی ڕەزاییـەو لـه ڕۆژئاواوە زنجیرە چیایەکی سەخت و دژوار، دەوری داوە. ئەم چیایه چـوار گوزەرگـەی تیایـه. یەکـەمیان لـه باشووری ڕۆژئاوادایه پێی دەگوترێ گەلی قاسملو. سێ گەوزەرگەکەی تریش له ڕۆژهـەڵاتی ڕۆژئـاوای دایـه به نـاوی گـەلی دەربەنـد، گـەلی بارانـدۆز، گـەلی نـەهر چـای. و ئـەم چـوار گوزەرگەیـه تـاقـه ڕێگـەن بـۆ پەڕینەوەو کۆنتڕۆڵ کردنی بەرزاییەکان).

## بەشی چوارەم

"دامەزراندن و بڵاوبوونەوەی هێزە سوپاییەکان له ناوچەکانی کوردستانـدا، له ڕۆژی ٢١/ ئەسفندەوە تـا ڕۆژی پێکادانی ئەسڵی"

یەکەم پێکادانی توند و تیژی یەکە سوپاییەکان و بارزانییەکان لە کۆتایی مانگی ئەسفەندا رووی دا. لێرەدا چۆنێتی ئەو شەڕە و دامەزراندنی یەکە سوپاییەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا روون دەکەینەوە و بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

**أ-قووەتەکانی باکوور:**

١-قووەتی گەلیی قاسملو، کە بریتی بوو لە فەوجی یەك و دووی جەنگی بەهادر و دەستەیەك تۆپخانە و زرێپۆشێك و دوو دەستە جەندرمە کە دەستەی یەکەمی لە کوکیا دامەزرابوو، فەوجی دووەمی قووەتی نێوبراو لەگەڵ دەستەیەك تۆپخانە و زرێپۆشێك و "١٢٠" چەکداری عەشایەردا و بە سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی عەقید فولادوەند، بە مەبەستی گرتنی گەلیی باراندۆز، لە بەرایی گەلی نێو براوا دامەزرابوو.

٢-بە مەبەستی پاراستنی گەلیی "دەربەند واتا گەلیی باکووری باراندۆز کە دەچێتەوە ناو شاری رەزاییە" فەوجێك و مەفرەزەیەکی رەشاش و کۆمەڵێك چەکداری عەشایەر و مەفرەزەیەکی جەندرمە بۆ ئەم ناوچەیە نێردرا و لە زارکی گەلییەکەدا دامەزرا.

٣-قووەتەکەی عەقید نیساری کە پێك هاتبوو لە دوو فەوجی پیادە و تۆپێکی ٧٥و دوو زرێپۆش و دەستەیەکی هاوەن و دەستەیەکی سوارەی فوزیە و مەفرەزەیەکی رەشاش، لە رەزاییەوە بە مەبەستی گرتنی موانە "واتە مەرکەزی ناوچەی مەرگەوەڕ" بەرەو موانە وەڕێ کەوت.

٤-فەوجێکی پیادە و دوو مەفرەزەی سوارە و دوو مەفرەزەی رەشاشی لیوای سوارەی فوزیە و دوو زرێپۆش و سریەیەکی تۆپی ٣٧ بۆ پشتیوانی قووەتەکانی باکوور، لە رەزاییە مانەوە.

**بارودۆخی یەکە سوپاییەکانی باشوور:**

١-گەلی تازە کەند، قووەتی ئێرە بریتی بوو لە فەوجێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە و زرێپۆشێك.

٢-قەلاجوق، قووەتی ئێرە بریتی بوو لە فەوجێکی سوارەی لورستان و مەفرەزەیەکی هاوەن.

٣-سوفیان، قووەتی ئێرە بریتی بوو لە لقێکی بەتالیۆنی هەمەدان و مەفرەزەیەکی رەشاش و سەد سوارەی عەشایەری مامش و مەنگور.

٤-گەلیی قورچی، سێ سەد سوارەی عەشایەری مامش و مەنگوری لێ بوو.

٥-شیناوا، لقێکی بەتالیۆنی هەمەدان و مەفرەزەیەکی رەشاشی لێ بوو.

٦-گردەسپیان، لقێکی پیادەی هەمەدان و مەفرەزەیەکی رەشاشی لێ بوو.

٧-نەغەدە، ٣ سێ لق و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ و تۆپێکی ١٠٥ی کورتبڕو سێ زرێپۆشی لێ بوو.

٨-مەهاباد، دوو بەتالیۆنی پیادە، ٣ سێ بەتالیۆنی هێزی چواری سوارەی کوردستان، تۆپێکی ٧٥ و دوو زرێپۆش وەکو هێزی پشتیوان بۆ قووەتەکانی باشوور لە مەهاباد دامەزرا.

وەکو چۆن پێشتر پێشنیازی ئەوەکرا بوو کە پێویستە بە هەر نرخێك بووە، چالاکی هێزی هەوایی لەگەڵ یەکە سوپاییە زەمینییەکاندا یەك بخرێ، بۆیە هەموو ئەو فرۆکانەی کە لە تەوریز بوون "٧ هاینە و ٢ تایگەرموس" خرانە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی لەشکری چوارەوە، بەڵام بە هۆی دوری تەورێزەوە، ئەم کارە زۆر بە سستی ئە نجام دەدرا. بۆیە سەرکردایەتی، بڕیاری دا کە دەستبەجێ فرۆکەخانەیەك لە رەزاییە بکرێتەوە، چونکە بە کردنەوەی ئەم فرۆکەخانە تازەیە، فرۆکەکان فریا دەکەوتن لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا هەموو مەیدانەکانی نەبەرد بپشکنن و لە زوترین کاتدا هەواڵەکانی بگەیەننە جێی مەبەست، ئەم بڕیارە دەستبەجێ، جێبەجێ کرا و لە ٢٣/ ئەسفندا فرۆکەخانەیەك لە ٨ کیلۆمەتری باکووری رۆژهەڵاتی رەزاییە، لە نێوان گوندەکانی لالەلو، تا جەلی، و جارچیلو کرایەوە و فرۆکەخانەکە بۆ رەزاییە گوێزرایەوە. لە کاتی پێشڕەوی قووەتەکەی عەقید نیساریدا بۆ موانە، گەلێك بەیاننامە لە لایەن لەشکری چوارەوە بۆ هۆز و تیرەکانی سەر سنور دەرکرا و داوایان لێکرا کە ڕێ بە سوپا نەگرن و گوێ

ڕایەڵی فەرمانەکانی دەوڵەت بن. مەلا مستەفاش لەولاوە بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەرکی و شکاکەکانی هاندابوو کە دژی قووەتی نێوبراو بوەستن و نەیەڵن بگاتە موانە. بۆیە کۆمەڵێك عەشایەری چەکدار بە ئەمری بارزانییەکان رویان کردە شاخەکانی قزل بەند- لەرەنی، تا ڕێگە بە قووەتەکە بگرن و نەیەڵن بگاتە موانە.

## "دوانامەی فەرماندەی لەشکر بۆ بارزانییەکان"

فەرماندەی لەشکری چوار کە بە تەواوەتی ئاگاداری وەزع و حاڵەکە بوو، ڕۆژی ٢٣/ ئەسفند، نامەیەکی بەم ناوەرۆکەی خوارەوە بۆ شێخ ئەحمەد و سەرانی تری بارزانییەکان نووسی:

"هەر چەندە قەرار بو مەلا مستەفا لە ناوچەی مەرگەوەڕەوە بە مەبەستی گفتوگۆ بێ بۆ نەغەدە، بەلام تا ئێستا نەهاتووە. ئێوە بەمە پەیمانی خۆتان پێشێل کردووە، لەبری ئەوەی بەرەبەرە بنە و بارگە لێك بنەن و بەرەو سنور بڕۆن، بەرەو ناوچەکانی دەشت و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ هاتوون. بۆیە بەم نامەیە ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەردەوام بونی ئەم کارەتان ئاکامی خراپی دەبێ و وا چاکە دەست لەم رەفتار و پەیمان شکێنیانە هەڵگرن و تا زووە بە پێی دەستووری پێشوو، شنۆ چۆڵ بکەن."

**شێخ ئەحمەد ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەم وەڵامەی دایەوە:**

"تا چەند ڕۆژێکی دی شنۆ جێ دێڵین. ئێمە بە پێچەوانەی بەڵێنی خۆمان رەفتارمان نەکردووە. ئەمە بانگەشەی ئەو عەشایەرانەیە کە خۆیان لە وەزع و حاڵی ئێستا نارازین"

بارزانییەکان بە بیانووی جۆراوجۆرەوە کاتیان بە فیڕۆ دەدا، مەبەستی سەرەکیان لەم چاووراوە ئەوەبوو کە بە زووترین کات خۆیان بگەیەننە کوردە چەکدارەکانی شاپور و بە دەستیاری ئەوان خۆیان بگەیەننە کوردەکانی ناوچەی باکووری ڕۆژاوای سنوری تورکیا وەکو خێڵی جەلالی و میلانی و هەموو پێکەوە لەو ناوچەیەدا ڕووبەرووی هێزەکانی دەوڵەت بوەستنەوە و ئاژاوەیەکی تازە لەو سنورەدا بەرپا بکەن. هەروەها پەیوەندی بەو دیموکراتە هەڵاتوانەوە بکەن کە چووبوونە ئەو دیوی سنووری سۆڤیەت، تا پێکەوە سازی ئاوازێکی تازە لە بەشەکانی باکووردا لێبدەن.

لە نێو بارزانییەکاندا کۆمەڵێك ئەفسەری هەلاتوی سوپای ئێران و ئەفسەری خوێنەواری عێراقی و چەند ئەفسەرێکی ئاسوری و ئەرمەنی هەبوون، ئەمانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە دەستەلاتدارانی بێگانەوە هەبوو. ئەمە جگەلەوەی بارزانییەکان شارەزایی تەواویان دەربارەی جوگرافیای ئەو سنورە و رەوشت و داب و نەریتی هۆزە چەکدارەکانی سنوری ڕۆژاوای ئێران هەبوو. بۆیە بە تەمابوون بە هۆی ئەم فاکتەرانەوە نەخشەی گلاوی خۆیان بەدی بهێنن. نەخشەکەشیان بریتی بوو لە دابەش کردنی ڕۆژاوای ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازەی خود- موختار لەو ناوچانەدا کە خۆیان بەڕێوەی دەبەن.

بارزانییەکان، کە دیتیان ناتوانن لە ناوچەکانی باشووردا، واتە لە شنۆ و خانە و مەهاباد هیچ بکەن، بۆیە بیریان لە ناوچەکانی باکوور کردەوە تا بەڵکو بتوانن لەگەڵ هۆزە چەکدارەکانی جەلالی و میلانی و هەرکی و شکاك و زیرۆوتەها بەگدا بە ئامانجی دڵی خۆ بگەن و خۆ ئەگەر لە حاڵێکدا هیچیان بە هیچ نەکرد، ئەوا لە سنوری باکوورەوە دەرباز ببن و پەنا سۆڤیەت بەرن و لە سزا و لێپرسینەوە بخەلەسێن.

## بەشی پێنجەم

((شەڕی توندو تیژی هێزەکانی دەوڵەت و بارزانییەکان و شەهید بوونی موقەدەم کەلاشی))

لەشکری چواری کوردستان بۆ کەمکردنەوەی گوشاری بارزانییەکان لەسەر قووەتەکانی باکوورو رزگارکردنی رەزاییە لە مەترسی، لەو دەمانەدا مەلا مستەفا لە گەلیی قاسملودا سەرگەرمی چالاکی بوو، بڕیاریدا هێرشێکی توند لەم ناوچانەدا بکاو بارزانییەکان بەرەو ناوچەکانی باشوور بڕەتێنێ و نەیەڵێ ئاژاوە لە باکووردا تەشەنە بکا. ئەم کارە بە سەرتیپ بێگلەری سپێردرا. بێگلەری یاریدەدەری لەشکرو فەرماندەی قووەتەکانی باشوور بوو لە عەمەلیاتەکانی کوردستاندا کارامەیی و لێهاتووی خۆیان سەلماندبوو.

سەعات حەوتی پاش نیوەڕۆی ٢٣/ئەسفند، دەستوور گەییە نەغەدە کە عەمەلیاتەکە دەست پێ بکا. پێشتر هەندێ کاری شناسایی لەم ناوچەیەدا ئەنجام درابوو. بارزانییەکان پێیان وانەبوو سوپا پێشڕەوی بکا، بۆیە سەرتیپ بێگلەری لەگەڵ دەست پێکردنی عەمەلیاتەکەداو بە سوود وەرگرتن لە فاکتەری غافلگیری، بڕیارێکی ئازایانەی دا کە:

١- وەزنەو لووتکەی خان تاوس بە دەست وەشانێکی کت و پڕ بگیرێ و جەبهەی باڵی راست و رێگەی ئیمداداتی پاشینەی هێزەکانی لە مەترسی دەربکرێ.

٢- مەفرەزەیەکی چەکدار لە شاخەکانی باشووری چۆمی گادرەوە بە مەبەستی تاقیب کردن بەرەو سینگان بچێ و ئەگەر قەڵای ناوبراو نەگیرابوو، با سوراەکانی مەنگوڕبیگرن. بەو جۆرە تفەنگچییەکانی هۆزی زەرزای شنۆش بە گەڵیان دەکەون لەگەڵ یەکەم هێرش و دەست وەشاندندا کارەکە یەك لایی دەبێتەوە.

٣- بە تالیۆنی سوارە لەگەڵ سوارانی عەشایەردا لە دەربەندی نەغەدەوە هێرش بەرن و دوژمن تا ئەو سەری دەربەندەکە راوبنەن.

چونکە عەمەلیاتی ئەم ناوچەیە بایەخێکی یەکجار زۆری هەبوو، بۆیە بە درێژی باسی دەکەم:

هەرچەندە جێبەجێ کردنی نەخشەی گەورە لێپرسراوانی سوپایی بەو هێزەوە کە بێگلەری سەرکردایەتی دەکرد، هەندێ زەحمەت دەهاتە بەر چاو، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا کە چونکە دوژمن پێشبینی عەمەلیاتی کوت و پڕی نەدەکرد، بشێت بەم عەمەلیاتە خێرایە سەرکەوتنی باش بەدەست بێ و قووەتەکانی باکووریش فریای بکەون و بارزانییەکان لەو ئاوایانە دوور بخەنەوە کە ئازووقەو خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تریان لێ وەدەست دەهێنان، پێویستە ئەوەش بگوترێ کە مەعلووماتی سەرکردایەتی هێز، تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە هێزی سەرەکی بارزانییەکان پەڕیووەتەوە بۆ مەرگەوەڕ، کەچی رووداوەکانی پاشتر پێچەوانەی ئەو زانیاریانەی سەلماندوو زۆربەی بارزانییەکان لە شنۆ و سەلدوز مابوونەوەو ژمارەیەکی کەمیان لەگەڵ خودی مەلا مستەفا بۆ مەرگەوەڕ پەڕیوونەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم نەخشەیە، هەر هەمان شەو ئەم دەستوورانە دەرکرا:

١- بەتالیۆنی یەکی لیوای دوانزەی کرماشان بە دوو زرێپۆشەوەو لەگەڵ یەکێك لە قووەتەکاندا بەسەکردایەتی عەقید غەفاری لە قۆڵی وەزنەو خان تاوس-ەوە دەست بەهێرش بکا.

٢- دەستوور بە بەتالیۆنی هەمەدان درا کە بگوازرێتەوە بۆ نەلۆس و ٣ سەد سوارەی مەنگوڕ بۆ تاقیب کردن، بنێرێ و ئەگەر کرا قەڵای سینگان بگرن.

٣- دەستوور بە عەقید ئەنساری درا کە بە بەتالیۆنێکی سوارەو ئەو سوارە عەشایەرانەی کە لە گەڵین، بە پاڵپشتی دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ و تۆپێکی (١٠٥)ی کورت هاوێژو دوو زرێپۆشەوە لە دەربەندی نەغەدەوە هێرش بکا.

عەقید غەفاری بڕیاریدا سوود لە پڕنسیپی غافلگیری وەربگرێ و لە هەمان شەودا، کە بارانێکی توند دەباری و بارزانییەکان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە هێرشیان بکرێتە سەر، قوللەی خان تاوس کە مەعلوم بوو لە شەوێکی وەهادا کەسی پێوە نییە، بەشەو بگیرێ و بەیانی لە سەعات حەوتی بەیانیدا هێرش بۆ وەزنە بکرێ. لە سەعات سێی ٢٤/ئەسفەندا، لووتکەی خان تاوس، بێ ئەوەی دوژمن پێ بزانێ گیرا. سەعات حەوتی بەیانی هێرش بە پاڵپشتی تۆپخانەو و پێشڕەوی زرێپۆشەوە کە زۆر بە زەحمەت دەردەچوو، دەستی پێکرد. سەعات یازدەی بەیانی پاش ئەوەی زیان لە دوژمن خرا، وەزنە گیرا. لەم کاتەدا هەندێ لەو بارزانییانەی کە لە گەلیی شەیتاناوا بوون، لە تەق و تۆقی قۆڵی وەزنە وەئاگا هاتن و لە شاخەکانی باکووری وەزنەوە بەرەو خان تاوس هێرشیان هێنا. هەرچەند عەشایەری خۆمانەو سەر بە دەوڵەت لەو بەرزاییانە دامەزرابوون، لەگەڵ ئەوەشا بەپێی نەخشەو پلانی هێرشەکە، لووتکەی خان تاوس بۆ لقی سێیەمی بەتالیۆنی هەدەف دانرابوو، بۆیە دەستوور بە لقی نێوبراو درا، کە بە پاڵپشتی دەستەیەکی رەشاشی قورس ئاگاداری قۆڵی خۆی بکات و لووتکەکە بگرێتە دەست خۆی و قایمی بکا، هەر کە زۆربەی بەتالیۆنەکەو تۆپخانەی پاڵپشت چوونە ناو وەزنەوە، لە پڕ دەنگی تەقەو دەستڕێژی چڕ لە خان تاوس-ەوە هەستاو دەرکەوت کە لەولاوە هێرش کراوەتە سەر یەکە سوپاییەکانی ئەوێندەر (ئەمانە ئەوانەبوون کە لە دەربەندەکەوە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ و ژمارەیەك لە خەڵکی وەزنەش بە گەڵیان کەوتبوون.)).

لەم کاتەدا ئەم مولازمەی کە سەرپەرشتی عەشایەرە خۆمانییەکانی لووتکەی خان تاوس-ی دەکرد شەهیدبوو، هێزە سووکەڵەکەش لەلایەن بارزانییەکانەوە راونراو تەفرو تونا کرا. زۆری نەمابوو بەشی سەرەکی بەتالیۆنەکە لە وەزنەدا گیرۆدە ببێ، بەڵام لقی سێیەم کە تاقیبی قۆڵی خۆی دەکرد، خێرا فریای کەوت و تۆپخانەش لە دووری١٥٠ مەترییەوە کەوتە تۆپبارانی دوژمن و زرێپۆشێکی مام ناوەندیش بەسەرکردایەتی رائید رجیبون بۆ یارمەتی لقی سێیەم نێردرا.

لقەکە زۆر لێهاتووانە بە گژ دوژمندا چوو. و پاشەکشەی پێکرد و جەبهەی لێ سەندەوەو خستییە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لە جەبهەی مەرکەزیشەوە بەتالیۆنی سوارە لەگەڵ سوارەی عەشایەردا دەستیان بە هێرش کرد. ئەم پێشڕەوییە بۆ ئێوارەی ٢٤/ئەسفەند گەییە دەربەند. دوژمن بەرەو بەرزاییەکانی پیرناسرو ئاوایی دەربەند هەڵات و شاخی (چواربیت)ش کەوتە دەست سوارەی عەشایەرو لە راستیدا نەخشەکە لە کاتی خۆیداو زۆر بە رێك و پێکی و لە هەردوو قۆڵی مەرکەزی و چەپەوە بە ئەنجام گەیەنرا. لە قۆڵی چەپەوە لقێك و نیوەی بەتالیۆنی هەمەدان و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥و دەستەیەکی هاوەن گوێزرانەوە بۆ نەڵۆس و سوارانی مەنگوڕ بەرەو سینگان پێشڕەویان کرد. ئەم سوارانە زۆر بێسەرو بەرانە پێشڕەوییان کرد. بێ ئەوەی گوێ بە هەردوو باڵی خۆیان و پێشهێزەکەی (مقدمە) خۆیان بدەن لەسەر پێشڕەوی بەردەوام بوون. سوارەکان بە رۆژی رووناك لە چۆمی گادر پەڕینەوەو بە کۆمەڵ بەرەو سینگان ملیان نا. بەرزانییەکان لەناو قەڵاکەوە پێشڕەوی ئەمانیان دیتبوو، بەهیچ جۆرێ تەقەیان نەکردبوو، ژێراو ژێر چەند مەفرەزەیەکیان خستبووە تاقیبیان، و قۆڵی چەپ و پاشەوەیان لێ گرتبوون. هەر کە سوارەکان دەگەنە مەودای تفەنگ، لە نێو قەڵاکەوە بەر گولله دەدرێن و چەند کەس و چەند ئەسپێکیان لێ دەکوژرێ و سوارەکانی دی بە شپرزەیی بەرەو چۆمەکە راودەنرێن. پاش ئەوەی گەیینە چۆمەکە بارزانییەکانی دی لێیان دێنە دەست و لەتەنیشت و لە پاشەوە بەر گوللەیان دەدەن. ئەم ٣سەد سوارە بەوپەڕی شپرزەیی لە بەرزاییەکانی باشووردا تەفرو تونا دەبن. ئیدی بارزانییەکان رێگەیان بۆ خۆش بووکە بەنزیکەی ٨سەد کەسەوە لە نەڵۆسدا هێرش بکەنە سەر بەتالیۆنی هەمەدان.

موقەدەم کەلاشی رەحمەتی کە سوارەکان بەو شپرزەییە دەبینێ لە ئاوایی نەڵۆس وەدەر دەکەوێ و لە گردێکی باشووری ئاوایی نێوبراودا دادەمەزرێ. بارزانییەکان تا رۆژی ٢٥/ئەسفەند، بە تەواوەتی

قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی گەمارۆ دەدەن. و بەرزاییەکانی دول-ش کە بەسەر سەنگەرەکانی ئەواندا زاڵ دەبێ، دکەوێتە دەست دوژمن. شکست و هەڵاتنی سوارەکانی مەنگوڕ، کارێکی هەنووکەیی سەیر لە سوارە عەشایەرەکانی دی دەکا، بە رادەیەك چاو ترسێن دەبن، بێ ئەوەی پەلامار بدرێن دەکەونە پاشەکشە. بە پێی ئەو قەرینانەی کە تا ئێوارەی ٢٤/ئەسفەند بەدەست دەکەون، عەشایەرەکان لە شەوی٢٥/ئەسفەندا، بەرزاییەکان چۆڵ دەکەن و تەنانەت قوولەی چواربیت-ش کە دەورێکی گەلەك گرنگی هەبوو بۆ پاراستنی خەتی جادەی نەغەدە-سوفیان و خان بەبێ تەقە چۆڵ کراو ئەو عەشایەرانەی کە پێشتر ئەوێیان گرت بوو بۆ گرنە پاشەکشەیان کرد. لە ئەنجامدا لە سەعات ٨ڕۆژی ٢٤/ئەسفەند وەزعی جەبهەی مەرکەزی وەکو هەوەڵی دەست پێکردنی هێرشەکەی لێهاتەوە. بە تالیۆنی سوارەش بۆ قەلاچوق پاشەکشەی کرد. موقەدەم کەلاشی لە سەعات ١٦دا بەبێتەل پێوەندی بە رەزاییەوە (ورمێ) کردو داوای کۆمەکی کرد. سەعات هەشت سەرکردایەتی لەشکر لە رەزاییەوە دەستووری دەرکرد کە بەتالیۆنێکی لیوای ٣٢ کە لە نەغەدەبوو، شەوێ بە ئۆتۆمبیل بنێردرێ بۆ یارمەتی موقەدەم کەلاشی. ئەم دەستوورە وەختێ گەیی کە بەرزاییەکانی چواربت کەوتبوونە دەست دوژمن و جادە چەو ڕێژەکە لە مەترسیدابوو. بۆیە ناردنی بەتالیۆنێك بە ئۆتۆمبیل و ئەویش بەشەو لەو ڕێگەیەوە کارێکی مەترسیداربوو، و دەبووە هۆی زیانی زۆرو بگرە لەنێو چوونی بەتالیۆنەکەش چونکە هەر کە ئۆتۆمبێلەکان لە نەغەدەوە وەڕێکەوتبان، یەکسەر تیشکی لایتەکانیان لەسەر چواربتەوە دەبینراو، خراپکاران یەکسەر لەکەنار جادەی خانەدا بۆسەیان دادەناو لەگەڵ گەیشتنی ئۆتۆمبێلەکاندا دەهاتنە دەست و بەر دەستڕێژیان دەدان و خوا دەیزانی بەتالیۆنەکە چی بەسەر دەهات.بۆیە سەرتیپ بێگلەری بە تەلەفۆن سەرکردایەتی لەشکری لەم وەزع و حاڵە ئاگادار کردەوەو لە ئەنجامدا موافەقەت کرا کە بەتالیۆنە پیادەکە لە قەڵاجوق و خن خنە لابدات و بەتالیۆنە سوارەکەی ئەوێندەر بەیانی ڕۆژی ٢٥ ئەسفندا بۆ یارمەتی موقەدەم کەلاشی بنێردرێ. بە مجۆرە هەم دەستووری پێویست دراو هەم بە بەتالیۆنەکەی تری لیوای١٢-ش لە مهاباد-ڕاگەیەنرا کە دەست بەجێ بۆ یارمەتی جەبهەی نەغەدە وەڕێ بکەوێ. کە هەواڵی موقەدەم کەلاشی لە رەزاییە هاتە پرسین، لە سەعاتی نۆدا (لەم کاتەدا بێتەلەکەی نەغەدە خراپ ببوو، و نەتوانرا پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ نەلۆسدا بکرێ)).

وەڵام هاتەوە کە جارێ وەزعی ئارامە. شەوێ بەتالیۆنی سوارە، ئاڵوگۆڕکراو دوای کەمێك ماتەڵ بوون بە مەبەستی پاڵپشتی، ڕووەو جەبهەکە وەڕێ خرا. بەڵام چونکە ئەم بەرو ئەوبەری جادەکە بە بارزانییەکان گیرابوو، عەقید ئەنساری بۆ ئەوەی تووشی شەڕو ماتەڵبوون نەبێ، بە قۆڵی گردە سپیانا پێچی کردەوەو پاش نیوەڕۆی ٢٥/ئەسفەند گەییە سۆفیان. لەم کاتەدا موقەدەم کەلاشی شەهیدبوو، و قووەتەکەی ئەسیر بوون، واتە سەعات چواری ٢٥/ئەسفەند چارەنووسی موقەدەم کەلاشی و قووەتەکەی یەك لایی بووەوە خراپکارانیش کەوتنە هێرش بردن بۆ شاخەکانی باکووری سوفیان. بەرزاییەکانی سوفیان، بەدەست لیوای سوارەوە بوو، ئەم لیوایە لە حاڵەتی دیفاعی دابوو، ڕێراوژێر کەوتە کۆکردنەوەی سوارە پەراگەندەکانی مەنگوڕو ئەو لقەی بەتالیۆنی هەمەدانیش کە لە سنووری خانەدا بوو، داواکرا. دوژمن لە خەتی سوفیان ماتەڵ کرا. ئەم هێزە ژێراوژێر سەرکردایەتی جەبهەکەی تێگەیاند کە لاوازەو پێ ناچێ بەرگەی هێرشی دوژمن بگرێ. بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتی شەهید کردنی موقەدەم کەلاشی پێویستە عەمەلیاتی هێزەکەی ئەو لە ڕۆژی ٢٤/ئەسفەندەوە لەبەر چاو بگیری... قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی کە بریتی بوو لە لقێکی پیادەو دوو دەستە رەشاشی قورس و دەستەیەکی تۆپخانەو هاوەنێك، لە ڕۆژی ٢٤/ئەسفەندا گەییە نەڵۆس و لەوێندەر دامەزرا، نزیکەی (١٢٠) چەکدارێکی عەشایەری مامش و مەنگوڕش بەسەکردایەتی مولازم دووەم (نوبهار) چوونە ناو (دقورچی)یەوە. موقەدەم کەلاشی سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆی ٢٤/ئەسفەند، هەواڵی شکستی چەکدارە عەشایەرەکانی، بەبێ تەل لە نەڵۆس-ەوە، بە سەرکردایەتی لەشکری چوار، کە لە

ڕەزاییە بوو، ڕاگەیاند. فەرماندەی لەشکری چوار دەم و دەست بڕیاڕیدا کە بەتالیۆنێك لە مهابادەو بۆ نەغەدەو لەوێوە بۆ نەڵۆس بنێردرێ تا فریای قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی بکەوێ. هەروەها بە سەرکردایەتی سوپاشی ڕاگەیاند کە ئەو بەتالیۆنەی قەرار بوو بنێردرێ تا ئێستا نە گەییوەتە ڕەزاییەو پێویستە پەلە بکات و جگە لەمەش چوار فڕۆکەوانی کارامەو چوار فڕۆکە و چەند بۆمبایەکی (٥٠) کیلۆیی لە مەرکەزەوە بنێردرێ. بارزانییەکان، بە شکستی چەکدارە عەشایەرەکان، چەشەبوون و لەسەر پێشڕەوی خۆیان بەردەوام بوون و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەیینە نەڵۆس. بارزانییەکان، بەیانی ڕۆژی ٢٥/ئەسفەند، لە ئاوایی نەڵۆس وەدەرکەوتن و ڕوویان کردە شاخەکانی باشوور و شەڕ لەوێ دامەزرا. بارزانییەکان لە دوو قۆڵەوە دەوری ئاوایی نێو براویاندا، هێرش و تۆپبارانی بارزانییەکان-سەنگەری تۆپەکانیان لە باکووری چۆمی قادر بوو- لێکدا لێکدا توند تردەبوو. تۆپ بارانەکەیان هێندە کاریگەربوو، کە پارچە تۆپێکیان ڕێك بەر تۆپێکی قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی کەوت لە کاری خست. (٩) سەربازیش کە حەوتیان مەفرەزەی تۆپەکە بوون شەهید بوون و(٦) سەرباز بریندار بوون و هەشت قاتر کوژرا. بیست کەس لە بارزانییەکان کوژران. بەڵگەکان ئەوەنیشان دەدەن کە موقەدەم کەلاشی تاکو سەعات چواریش بەبێ تەل ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٥/ئەسفەندی ڕاگەیاندووە. بارزانییەکان، کە نەڵۆس دەگرن و ئازووقەو خواردەمەنی و تەقەمەنی زۆر لە قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی تالان دەکەن، چەشە دەبن و بەوپەڕی وڕە بەرزییەوە بازنەی ئابلۆقەدانی قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی تەنگتر دەکەن و تەنانەت سەنگەری تۆپەکەشیان نزیك تر دەخەنەوە. ئەم شەڕە تاوەکو سەعات چواری پاش نیوەڕۆی ٢٥/ئەسفەند، بەردەوام بوو. لەو کاتەدا موقەدەم کەلاشی دەپێکرێ و شانی بریندار دەبێ، هەر بەو برینداریيە پارچە تۆپێکی دوژمن دێ و هەردوو چاوی و لایەکی ڕوومەتی هەڵدەگرێ. موقەدەم کەلاشی کە هەستدەکات توانای نامێنێ، بە گوتەی سەربازێك کە لەو کاتانەدا لەلایەوە دەبێ، بەشێوەیەکی سۆز بزوێن دەڵێت:

((ژیانی من بەم حاڵەوە مەحاڵە، وا چاکە خۆم ئاسوودە بکەم)) ئەوجا دەمانچەکەی دەردێنێ و خۆی دەکوژێ.

پارچەی ئەو تۆپەی کە موقەدەم کەلاشی بەو دەردە برد، دوو سەربازی نزیکی ئەویشی بریندار کردبوو. دوای کوژرانی فەرماندەی قووەتەکەو تەواو بوونی تەقەمەنی و خواردەمەنی، ئیدی جەنگاوەرانی سەرتەپەی نەڵۆس بەرگەی هێرشی خراپکارەکانیان نەگرت و ناچار لە سەعات شەشی ڕۆژی ٢٥/ئەسفەندا، تەسلیم بوون. تێکڕا (٦٨) سەربازو ئەم (٥) ئەفسەرە تەسلیم بە بارزانییەکان بوون:

١- ڕائیدی پزیشك خدادوست.
٢- مولازمی یەکەم یەعقوبی.
٣- مولازمی یەکەم بەسیرەت.
٤- مولازمی یەکەم کەمالی.
٥- مولازمی دووەم فاتمی.

کۆمەڵێکیش لەگەڵ مولازمێکی بە یتاڵ و مولازمی پزیشك دلێریدا شەوێ خۆیان دزی بووەوەو گەیشتبوونەوە سەربازخانەی نەغەدە. بێتەلەکەی موقەدەم کەلاشی لە سەعات چواری ڕۆژی ٢٥/ئەسفەندا، لە کارکەوت و ئیدی چ پێوەندییەك نەماو هەواڵی قووەتەکەی بڕا.

## (عەمەلیاتەکانی بەتالیۆنی سوارەی لوڕستان، ئەو بەتالیۆنەی کە بۆ یارمەتی سەربازخانەی نەڵۆس نێردرا)

داوا لە بەتالیۆنی سوارەی لوڕستانی سەربازخانەی نەغەدە کرا کە شان بەشانی جادەی دەربەند وەڕێ بکەوێ و بەزووترین کات خۆی بگەیەنێتە شاخەکانی باشووری نەڵۆس. بەتالیۆنی نێوبراو سەعات شەشی ڕۆژی ٢٥/ئەسفەند، بەسەرکردایەتی عەقید ئەنساری لە نەغەدەوە وەڕێ کەوت. ئەم بەتالیۆنە وەختێ

گەییە دەربەند، بارزانییەکان، چەکدارە عەشایەرەکانی دیبوکریان (ئەم چەکدارانە رۆژی ٢٤/ئەسفەند لەگەڵ مولازم یەکەم سەبائیدا لە ئاوایی پیاچیك لایان دابوو، و بەتەمابوو بۆ بەیانی، واتە رۆژی ٢٥/ئەسفەند بەرەو ئاوایی دەربەند بجوڵێن) هان دابوو، و جادەکەو ئاوایی دەربەندیان گرتبوو. قووەتی نێو براو بۆ ئەوەی زووتر فریای موقەدەم کەلاشی بکەوێ ناچار رێگەی خۆی گۆری و لە بەرزاییەکانی باشووری دەربەندەوە (واتە لە خەتی نەغەدە-گرنە)ەوە وەرێ کەوت و دوای نۆ سەعات رێگەکردن ئەوجا لە سەعات نۆو نیوی هەمان رۆژا گەییە سوفیان. بارزانییەکان بە پێی عادەتی دێرینەی خۆیان هەوڵ دەدەن هەمیشە خاڵی لاواز بدۆزنەوەو ئەوجا بەزەبری هێرشی کت و پڕ جەنگاوەرانی ئەو سەنگەرە لاوازە مەحو بکەنەوە. جا لەم کاتەدا کەسووکە سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا بوو، ورەیان بەرز بووبووەوە، بەم وەزع و حاڵە سەرکەوتن ئامێزەوە زانیاری ئەوەیان بەدەست کەوت کە سووکە هێزێکی سوپایی (لقێك و دەستەیەکی رەشاش)ی لێنەهاتوو، لە ئاوایی سوفیانی دە کیلۆمەتری باشووری نەلۆسدا بارگەی خستووە، بۆیە لێ دەبرێن درێژە بە پێشرەوی خۆ بدەن و بەزەبری هێرشێکی کت و پڕی گورچوبڕ سەربازخانەی ئەوێندەر لەنێو بەرن و بۆ شەوێ خۆیان گەیاندە دەورووبەری سوفیان. فەرماندەی لەشکری چوار، لەو رووداوانەی سەرێ را ئەوەی بۆ بەدیارکەوت کە گوشاری بارزانییەکان لە قۆڵی باشوورەوە زیادی کردەوەو دەبێ جۆری سازدانی یەکە سوپاییەکانی باشوور بگۆردرێ و بەزووترین کات و بە پێی توانا جارێ فریای سوفیان و نەلۆس بکەون و ئەوجا داوای هێزی پشتیوان لە تاران بکەن. لە سەرکردایەتی سوپاوە، فەرمان بۆ فەرماندەی هێزەکان هات کە لەبەر ئەوەی هۆزەکانی مەنگورو مامش شکستیان هێناوەو لە ئاستی بارزانییەکاندا ورەیان بەرداوە، دەبێ دڵنەوایی بکرێن و لەمەو پاش چەکداری عەشایەر لە هیچ شوێنێکدا بە جیاو بەتەنیا بەشداری شەری سوپایی نەکات، بارزانییەکان پاش ئەوەی نەلۆسیان گرت، سەعات حەوتی بەیانی رۆژی ٢٦/ئەسفەند، هێرشیان بۆ لقەکەی لەمەر سۆفیان کرد. لقی نێوبراو بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە، بەلام لە پڕ لە قۆڵی بێ دیفاعی لقەکەوە، کە بەدەست چەکدارانی عەشایەری مامش و مەنگۆرەوە بوو، لەم کاتەدا شکستیان هێنابوو، و هەڵاتبوون، هێرشی بارزانییەکان دەستی پێکرد. بارزانییەکان رژانە ناو یەکێك لە سەنگەرەکانی لقەکەوە. سەربازێکیان شەهید کردوو (١١)یان بەدیل گرت. لەم کاتەدا هێزی سوارەی لورستان لەرێوە گەیی و یەکسەر چووە شەرەوە، بەرزاییەکانی سوفیان هێشتا بەدەست لقەکەوە مابوو، بۆیە هێزی ناوبراو لەو بەرزاییانەوە دەستی بە هێرش کرد. لە ئە نجامدا بارزانییەکانی دەرپەراندو شاخەکانی باکووری سوفیانی لەدەست دەرهێنانەوە. بەتالیۆنێکی سوارەی لەوێندەر دامەزراند. بارزانییەکان لەم شەرەدا زیانی باشیان لێ کەوت، چەند جەنازەیەکیان لێ بەجێما، نە پەرژابوون جەنازەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دوای شکانی عەشایەری مامش و مەنگور، فەرماندەی لەشکر لە ٢٤/ئەسفەندا بریاری دا بەتالیۆنێکی پیادە لە مهابادەوە بۆ نەغەدەو پاشان بۆ نەلۆس رەوان بکات، تا فریای قووەتەکەی موقەدەم کەلاشی بکەوێ. ئەم قووەتە فریادرەسەکە پێك هاتبوو لە بەتالیۆنی دووی لیوای ١٢ی کرماشان و مەفرەزەیەکی تۆپخانەو دوو زرێپۆش، لە رۆژی ٢٦/ئەسفەندا راسپێردرا کە بە سەرپەرشتی عەقید غەفاری لە بەرزاییەکانی باشووری رێگەی دەربەنەوە کە تاقە رێگەی قووەتەکە بوو، پێشرەوی بکات و خۆی بگەیەنێتە سوفیان و بەرزاییەکانی باشووری نەلۆس. وا لە خوارەوە باسی عەمەلیاتەکانی قووەتی نێو براو دەکەم.

(چۆنێتی عەمەلیاتی قووەتەکەی عەقید غەفاری و بەهێزکردنی سەربازخانەی نەلۆس)

نیوەرۆی ٢٥/ئەسفەند عەقید غەفاری لە وەزنەوە بە تەلەفۆن بۆ نەغەدە بانگکرا. لەم کاتەدا ژمارەیەك لە یەکە سوپاییەکانی قووەتی نێوبراو کە لە مهابادەوە وەرێکەوتبوون، گەییوونە نەغەدە. سەرتیپ بێگلەری دەستووری پێویستی بە عەقید غەفاری داو گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەنێوان ئەم دوو

ئەفسەرەدا سەبارەت بەگەیاندنی كۆمەك بۆ سەربازخانەی نەلۆس كرا. لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا دووا یەكەی قووەتەكە بەسەرپەرشتی موقەدەم موساوات لە مهابادەوە گەییە ناو نەغەدە، هەر لەم كاتەدا فەرمان بۆ عەقید عەلی ئەكبر غەفاری هات كە بە زووترین كات بەم قووەتەوە بەرەو سوفیان وەرێ بكەوێ و جەبهەی ئەوێندەر بەهێز بكاو فریای موقەدەم كەلاشی بكەوێ لە گەمارۆ دەربازی بكا. سەعات دوونیوی پاش نیوەڕۆ، قووەتی نێو براو كە بریتی بوو لە (١٦٠) سەربازو دوو تۆپی ١٠٥ی كورت هاوێژو (٣) زرێپۆش لە نەغەدەوە بەرێ كەوت و پاش نیو سەعات زرێپۆشی بەرایی قووەتەكە گەییە گەردنەی دوو ئاو. هێشتا قووەتەكە تەقەی نەكردبوو كە زرێپۆش و و تانكەكە لە ناوەڕاستی گەلییەكەدا بەر دەست رێژی توند دران. ژمارەیەكی زۆر لە چەكدارانی هێزی دوژمن لە شاخەكانی باكووری جادەكەوە بەدیاركەوتن. بارزانییەكان، بە پەلە خۆیان گەیاندە بەرزانییەكانی كەنار جادە چەو رێژەكە. فەرماندەی هێزەكە كە ئەمەی بینی هەستی كرد پەڕینەوەی قووەتەكە لە جادەكەوە بەر لەوەی ئەو بارزانییانە پاكسازی بكرێ، كارێكی بێهودەیەو دەبێتە مایەی خەسارەتدانێكی قورس، ئەمە جگە لەوەی بردنی قووەتەكە بۆ سۆفیان بەبێ دابینكردنی رێگەی هاتووچۆ هیمدادی سوپایی بێ ئاكام و بێ هودەیە، بە تایبەتی كە لەم كاتەدا لیوای سوارە، فەرماندەی ئەم قووەتەی ئاگادار كردبوو كە موقەدەم كەلاشی بەشێوەیەكی ناخۆش گیانی لە دەست داوە. فەرماندەی قووەتەكە دەم و دەست بڕیاری دا كە شاخەكانی چواربت لە دوژمن پاك بكاتەوەو بۆ عەمەلیاتی داهاتوو لەوێندەرەوە تێهەڵچێ. لەم رۆژەداو بەو سەعات چواری خۆر لە زەردەیەو هێرشی شەوانە لە سەرزەمینێكی نەناسراوو بێ كۆمەكی زرێپۆش بەهیچ جۆرێ ماقوڵ نەبوو. بەتایبەتی هێرش بۆ سەر دوژمنێكی كارامەی لێهاتووی دلێرو بێ باك. فەرماندەی قووەتەكە تا رۆژاواش لەگەڵ ئەفسەرەكانی دیدا هێندەی چاو هەتەر بكا، شناسایی پێویستی ئەنجام داو فەرمان و نەخشەی هێرشی بەیانی دەركردو دانا. سەعات حەوتی بەیانی رۆژی ٢٦/ئەسفەند، بەتالیۆنەكە بەم جۆرە هێرشی بۆ بەرزاییەكانی چواربت دەست پێكرد:

١- مولازم یەكەم قەرەباغی، لە تاریك و روونی سپێدەدا وەرێ بكەوێ و شاخەكانی زاركی گەلیەكە، كە لە دوژمن چۆڵ بوو، بە خۆو دەستەیەك رەشاشی قورسەوە بگرێ و باڵی چەپی سازو تەدارەكی هێرشەكە بپارێزێ.

٢- سەد سوارەی شار وێرانی كە لە گەردنە بوون لە قۆڵی قووەتەكەی مولازم قەرەباغییەوە مانۆرێك بكەن لە باشووری گەلییەكەوە بەرەو گەردنەی دواوە دزە بكەن و گەرلوا هەموو هێرشێكی دوژمن لەم قۆڵەوە بەر پەرچ بدەنەوە.

٣- دەستەیەكی پیادە بە زرێپۆشێك و رەشاشێكی قورسەوە لە باڵی راستەوەو بەرۆژی روناك و بەبەر چاوەوە روو لە قۆڵی رۆژئاوا پێشڕەوی بكاو وابنوێنێ كە مەبەستی هێرشەكە باڵی راستە. زرێپۆشەكە وەكو تانك بنوێنرێ.

باقی گوردانەكە، جگە لە دەستەیەكی پیادە كە بۆ یەدەك دانرابوو، بریتی بوو لە چوار دەستەی پیادە،، سێ رەشاشی قورس، لە بۆلێلی سپێدەداو بە دزی دوژمنەوە بگاتە زاركی گەلییەكە. دوو زرێپۆشەكەش بێ وەستان بە بەرزاییەكانی باكووردا سەربكەوێ و بەرەو لووتكەی چواربت وەپێشكەوێ و هەموو جۆرە مقاوەمەتێكی ئەوێندەر سەركووت بكات، و هێرشەكە بەدوو قۆناغ ئەنجام بدرێ. قۆناغی یەكەم: بەرزاییەكانی دیار جادەكە. قۆناغی دووەم: شاخی چواربت. زرێپۆشەكانیش دوای هەر هێرشێك راوەستن تا هێزی پیادە بگاتە جێ و دادەمەزرێ ئەوجا پێش هێرشی دووەم بكەوێ. تۆپخانەی ١٠٥ی كورت هاوێژیش سەنگەرە دیارەكانی دوژمن راستەوخۆ تۆپباران بكا. ئەم نەخشەیە بەوپەڕی وردی و وریایی جێبەجێ كرا. دوژمن كە هەموو بیروهۆشێكی لای پێشڕەوییەكەی باڵی راست بوو، كاتێكی بەخۆ زانی زرێپۆشەكان قۆناغی یەكەمیان تەواو كردبوو، و لە بەرزاییەكانی سێ سەد مەتری سەنگەرەكانی ئەوانەوە

بەدیارکەوتن و هێزی پیادەش دەم و دەست گەییە جێ و کوێستانەکانیان گرت و بێ هیچ مقاوەمەتێکی دوژمن لە شێوێکی ناو گەلییەکەوە پەڕینەوەو بەمەش قۆناغە زەحمەتەکەی هێرشەکە ئەنجامدرا. بەڵام لەمە بەدواوە ئیدی دەستڕێژی دوژمن دەستی پێکرد. لەم کاتەدا فەرماندەی قووەتەکە بەخۆی تەماشای هەنگاو بەهەنگاوی پێشڕەوی زرێپۆشەکانی دەکرد، زرێپۆشەکان لەسەر زەمینێکی هەمواردا کەوتنە هێرش بردن و سات بەسات لە سەنگەرەکانی دوژمن نزیکتر دەبوونەوە. بەڵام بەرەڤانی یەکی عەجایب دەکراو ئاگری تفەنگ و رەشاشان بەسەر زرێپۆشەکاندا دادەباری، بە رادەیەك زرێپۆش گەییە سەد هەنگاوو پە نجا هەنگاوو دە هەنگاوی سەنگەری دوژمن، بەڵام هێشتا هەر لە سەنگەرێکەوە تەقە بەردەوام بوو، تا ئەو دەمەی بە چاو بینرا کە زرێپۆشێك بەسەر ئەو سەنگەرەی دوژمندا تێپەڕی و ئەوجا لە تەقە کەوت. ئەوجا دەستوور بە پیادەکان درا کە ئەو شوێنانە بگرن. لە سەعات یازدەدا هەموو هەدەفەکان گیران و شاخەکان لە دوژمن پاککرانەوە. دوای ئەمە دیمەنێکی سەیری دوژمن بینرا، دیمەنەکەش ئەمە بوو کە پیاوێکی بارزانی تا ئەو دەمەی زرێپۆشەکە بەسەریا تێ نە پەڕی بوو، هەر تەقەی کردبوو تۆمەز هەر ئەم زەلامە بووبوو کە تا دوا هەناسەی تەقەی کردبوو، و پتر لە دووسەد گوللە بەر زرێپۆشەکەی رائید رەجەبیوون کەوتبوو. هەردوو لایتی زرێپۆشەکە وردو خاش بوون. چامرلغەکانی کون کون بووبوو، دەوری رەشاشە قورسەکەی سەر زرێپۆشەکە ئەنگێورابوو، لوولەی تۆپە سی و حەوتەکەشی گوللەیەکی تانکی بڕی پێ کەوتبوون، لە کار کەوتبوو. ئەمەبوو سەرسەختی و ورەبەرزی ئەو دوژمنەی کە سوپای ئێران رووبەڕووی بووبووەوە. خەسارەتی ئەم قووەتە تەنها شەهید بوونی یەك سەرباز بوو هەدەفەکە گیرا، موقەدەم مساوات بەخۆو دەستەیەك رەشاشی قورس و چوار دەستە پیادەو زرێپۆشێکی سووکەڵە بە مەبەستی پاراستنی هەدەفەکە لە شاخی چواربتدا دامەزرا. باقی قووەتەکە لە سەعات یەکدا بەرەو سوفیان وەڕێ خرا. لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا قووەتەکان گەیینە سوفیان و درانە دەست عەقید ئەنساری لێرەدا عەمەلیاتەکانی رۆژی ٢٤،٢٥،٢٦ ئەسفەند تەواوبوون.

<u>ئەنجامگیری و هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغەی عەمەلیاتەکە بەم جۆرەیە:</u>

١- سەرکردایەتی قووەتەکانی باشوور، هێزێکی یەدەکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەبوو کە بتوانێ بەخێرایی سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرێ کەتا ئێوارەی ٢٤/ئەسفەند وەدەستی هێنابوو. خۆ ئەگەر بهاتبایە چوار بەتالیۆن و ئەو چەکدارە پشتیوانانەی کە پاشتر خرایە بەر دەستی، لە هەوەڵەوە لە گەڵیدابان، ئەوا عەمەلیاتەکە زۆر زووتر دەبڕایەوە ئەو نەخشەیەی کە بۆ ئەنجامدانی پێشڕەوی بەرەو قۆڵی سینگان دانرابوو سەرکەوتووانە ئەنجام دەدراو لەوەبوو، هەر ئەو رۆژانە شنۆش بگیرێ و نەگەیشتبایە ١٥/فەروەردین (فەروەردین ((فەروەردین-٣/٢١-٤/٢٠، ٣١رۆژە، وەرگێر)).

٢- ئەوە ساغ بووەوە کە ناشێت پشت بەهێزی عەشایەر ببەسترێ. واتا ناشێت پشت بە چالاکی ئەو هێزە عەشایەرانە ببەسترێ کە بەگەڵ هێزی سوپایی دەخرێن.. چونکە کاری خۆسەری ناماقوڵی سوارەی عەشایەرو شکست و هەڵاتنیان زەرەرێکی گەورەی داو، ئەو چارەنووسەی موقەدەم کەلاشی رەحمەتی، ئەنجامی راستەخۆی رەفتاری ناماقوڵی ئەوان بوو.

٣- خوالێ خۆش بوو، موقەدەم کەلاشی بەوپەڕی مەردایەتی و بەوپەڕی فیداکارییەوە شەهیدبوو، و ناوی پڕ لە شانازی ئەو بۆ هەمیشە لە مێژووی سوپای ئێران و لە دڵی یەك بە یەکی ئێرانیاندا بە نەمری دەمێنێتەوە بەڵام ئەم چارەنووسە ئەنجامی هەڵەیەکی سوپایی بوو کە شەهیدی نەمر کردی. هەڵەکەش ئەوەبوو وەختێ رووبەڕووی ئەو وەزعە بووەوە کە لە سەرێرباس کرا، دوو رێگەی لەبەر مابوو کە دەبوایە یەکێکیانی هەڵبژاردبا:

أ- بەرگری کردن و هەڵبژاردنی سەنگەرێکی گونجاو.

ب- كشانەوە بۆ سوفیان و مانەوەی لەو خەتەدا کە لەوێندەر ئامادەکرابوو، واتە مانەوە لە شاخەکانی باکووری سوفیاندا لەگەڵ ئەو لقەی تری خۆیدا کە لەوێدا دامەزرابوو. هەڵبەتە تا رۆژی ٢٥/٢٤ ئەسفەندیش دەرفەتی ئەم پاشەکشەیەی هەبوو.

یەکەم: ئەگەر بڕیاری بەرگری بدابایە کە هەڵبەتە لە روانگەی سوپاییەوە ئەم ئەگەرەیان بەهێزتر بوو، نەدەبوو گوندێکی گەورەی ئاوەدانی پڕ لە خانوو، و بەرەو پەناو پاساری وەکو نەلۆس بەجێبهێڵێ و لە گردێکی رووتەنی دەرێی ئاواییدا بمەزرێ، گردێك کە دوژمن شاخ و بەرزاییەکانی بەرانبەری گرتبوو. لە ئەنجامدا دوژمن توانی لە شەوی ٢٥/ئەسفەند هەموو بەرزاییەکانی دەوروو بەری بگرێ و گردەکە بە تەواوەتی گەمارۆ بدات و تۆپی ٧٥ نزیك بخاتەوەو تۆپخانەکەی ئەو کە بە ئاشکرا لەسەر گردەکە دیاربوو، تۆپباران بکاو لە کاری بخات و دواجار موقەددەمی شەهیدیش بە پارچە تۆپ بریندار ببێ و پاشان شەهید ببێ. خۆ ئەگەر لەنێو دێیەکەش بمابایەوەو بەرگری بکردبا ئەوا دێیەکە هێندەی پەناو پاسار تێدا بوو کە چەکدارەکان و سەربازەکان و کەرەستەو ئامێرەکانیان پەنا بدات. دەشیتوانی ئەوەندە بەرگری بکا تا هێزی پشتیوانی فریای دەکەوت، ئەمە جگە لەوەی کە تۆپی دوژمنیش نەیدەتوانی بەم شێوە کاریگەرو راستەوخۆیە قووەتە بێپەناکەی ئەو تۆپباران بکا. ئەمە ئەنجامی بێ ئەزموونی و ناکارامەییە کە لە هەندێ ئەفسەرانی ئێمەدا دەبینرێ. هەرچەندە نابێ رەخنە لە ئەفسەرێکی بەشەهامەتی وەها بگیرێ کە بە فیداکاری لە رادەبەدەر خۆی لە پێناو وڵاتدا بەخت کرد. بەڵام حەقیقەتەکانیش دەبێ بگوترێن تاکو ببن بە دەرس و ئەزموون بۆ هەموو ئەفسەرانی دوای ئەم رووداوە.

٤- سەربازانی سوپا، کارامەیی و وردبینی دوژمنیان نەبوو، بۆیە دەبوایە بۆ پڕکردنەوەی ئەم نوقستانییە سوود لە باڵادەستی ئامێرو هۆکارە جەنگییەکان وەربگیرێ. چونکە لە شەڕەکەی چواربت دا، وێڕای سەرسەختی و رەشیدی بێ وێنەی دوژمن، تۆپخانەو زرێپۆشەکان دوژمنیان شپرزە کردو کارێکی وای کرد کە دوژمن نەتوانێ لە تاقە سەربازێك پتر بکوژێ. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بزانرێ کە باڵادەستی ئامێرو هۆکاری جەنگی هەمیشەو بەرانبەر هەموو دوژمنێك دەستە بەر ناکرێ، بۆیە دەبێ سوپا بیر لەوە بکاتەوە کە سەربازان و کادرانی خۆی باشتر پەروەردە بکاو ئاستی کارامەیی و لێهاتوویيان بەرز بکاتەوە.

دەست پێشکەری و شەبەیخون گەر بۆ هەدەفێکی بچووك بکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر هێرشەکە کتوپڕو ناغافڵ بێت هەمیشە سەرکەوتنی لە دوایەو گرتنی کوێستانانی سەخت و ستراتیژی لە شەودا بە ئاسانی دێتە دەست و زەمینە بۆ هێرش بەرانی رۆژ ئاسان و خۆش دەکات، گرتنی قەڵای خان تاوس کە بەشەو ئەنجام درا یەکێك بوو لەو شەبەیخونانەی کە زەمینەی بۆ قووەتەکەی موقەددەم (کبیری) خۆش کرد کە بە ئاسانی هێرشی خۆی بە رۆژی رووناك ئەنجام بدات.

(دەستوورە تازەکانی وەزارەتی جەنگ بۆ یەکە سوپاییەکانی ناوچەی کوردستان)

وەزارەتی جەنگ پاش ئەوەی هەواڵی رووداوە ناخۆشەکانی نەلۆس و ناوچەکانی باشووری پێگەیی، لە دوا سەعاتی رۆژی ٢٥/ئەسفەندا، فەرمانێکی بنج بڕی بۆ فەرماندەکانی ئەم ناوچەیە دەرکردو بۆ ئەوەی چیدی رووداوی لەو بابەتانە دووبارە نەبنەوە، دەستووری دا کە هیچ یەکەیەکی سوپایی بچووك بە تەنیا رووبەڕووی بارزانییەکان نەبێتەوە. چونکە بە تەجرەبە دەرکەوتووە کە بارزانییەکان پیاوی عگیدو دلێرو رەشیدو گیان فیدای وەهان بێ باك و بێ پەروا دەچنە شەڕەوەو پەلاماری سەنگەرە زەعیفەکان دەدەن و دەست دەوەشێنن و ئەم بابەتە رووداوە ماخۆشانە دەقەومێنن. بۆ ئەوەی تۆڵەی رووداوە ناخۆشەکەی نەلۆس بکرێتەوە، پێویستە قووەتەکانی هەردوو عەقید ئەنساری و عەقید غەفاری بە زووترین کات بەرەو نەلۆس و سوفیان وەڕێ بکەون و بەهەر نرخێ بووە، شنۆ بگرن. بۆ پشتیوانی قوواتە سوپاییەکان و

ترساندنی دوژمن زیاتر سوود لە فڕۆکە وەربگیرێ و نەخشەی پێویست و بنج بڕ بۆ دەرپەڕاندنی دوژمن لە سنوورەکان، دابنرێ.

پاش گەیشتنی ئەو فەرمانەی سەرێ، قووەتەکەی عەقید غەفاری لەگەڵ یەکە سوپاییەکانی سوفیاندا یەکی گرت و شەوێ بڕیاردرا کە لەگەڵ سپێدەی رۆژی٢٧/ئەسفەندا هێرش بکرێتە سەر بارزانییەکان و بەرەو نەڵۆس درێژە بە پێشڕەوی بدرێ. بەڵام بارزانییەکان، بەیانی هەمان رۆژ لە سێ قۆڵەوە دەستیان بە هێرشی توند کرد، لە سەرەتای هێرشەکەیاندا (١٨) گوللە تۆپیان تەقاند، بەڵام هێرشەکەیان بەرپەرچ درایەوەو تا سەعات دوانزە (١٢) درێژەی کێشا. لە سەعات ١٢ی هەمان رۆژ بەدواوە، بەتالیۆنی سوارەی لوڕستان و دوو بەتالیۆنی پیادەی تۆپخانە کەوتنە هێرش کردن. هەرچەندە باران و دونیا قوڕبوو تا رادەیەك لە خێرایی هێرشەکەی کەم دەکردەوە، بەڵام هێرش و پێشڕەوییەکە هەر بەردەوام بوو. بارزانییەکان بەوپەڕی رژدییەوە کە کەمتر وێنەیان لە جەنگی عەشایەردا بینراوە بەرەڤانیان لە سەنگەرەکانی خۆیان دەکردو مقاوەمەتێکی بێ وێنەیان دەکرد بە رادەیەك لەبەردەم زرێپۆشەکاندا هەڵنەدەسان، نەك هەر هەڵنەدەسان، بەڵکو بە نارنجۆکی دەستی لە زرێپۆشەکان دەهاتنە دەست و ئامادەنەبوون بەبست لە سەنگەرەکانیان بکشێنەوە. رۆژی ٢٧/ئەسفەند، فڕۆکە بە هانای قووەتەکانی باشوورەوە هات و نەڵۆس و شنۆی بۆردومان کرد. بۆردومانەکە هێندە کاریگەر بوو کە قووەتەکەی نەڵۆس بە نارنجۆکی دەستییەوە کەوتنە پەلاماری سەنگەری بارزانییەکان و توانیان لە ئاوایی و بەرزاییەکانی دەورووبەری ئاوایی نەڵۆس دەریان بپەڕێنن. قووەتی نێو براو فیداکارانە هێرشی خۆی ئەنجامداو لە سەعات شەشی رۆژی ٢٧/ئەسفەند، شاخەکانی باکووری گرت و پاشەکشەی بە بارزانییەکان کرد. لەم شەڕەدا مولازمی یەکەمی پیادە رەزا قەرباخیی فەرماندەی لقی رەشاشی بەتالیۆنی دووی لیوای دوانزەی کرماشان و دوو سەرباز شەهید بوو ن چوار سەربازیش زامدار بوون. زیانی بارزانییەکان شانزە کوژراو نزیکەی (٢٠) بریندار بوو کە لەگەڵ خۆدا بۆ شنۆیان بردنەوە. پاش گرتنی نەڵۆس، لە رۆژی ٢٨/ئەسفەندا، ئەو لقەی کە لە شیناواوە دامەزرابوو، گوێزرایەوە بۆ سوفیان و پاراستنی دێی شیناوا بە دەستەیەك جەندرمە سپێردرا.

## بەشی شەشەم

### *شەڕەکانی قووەتی باکوور لەگەڵ مەلا مستەفادا*

پاش ئەوەی باسی شەڕی هێزەکانی باکوورمان لەگەڵ بارزانییەکاندا نەڵۆس و چواربت و سوفیاندا کرد. جێی خۆیەتی بێینە سەر باسی شەڕی قووەتەکانی باکوور دژی ئەو بارزانییانەی کە مەلا مستەفا بەخۆی لە باشووری رەزاییە و گەلیی قاسملو و بارانـدۆز و موانەدا سەرپەرشتی دەکردن. قووەتەکەی عەقید نیساری سەعات "٥" رۆژی ٢١/ ئەسفەند لە رەزاییەوە بەرەو موانە وەرێ کەوت، تا سەعات دەی هەمان رۆژ بەبێ تەقە قۆناغی یەکەم و دووەمی پێشڕەوی خۆی تەواو کرد و بەنیو سەعاتێك پاش نیوەڕۆ ئاوایی قزل بەند و فتولان-ی گرت. کاتێ قووەتەکە بەرەو لەرەنی دەرۆیی، لە بەرزاییەکانی لەرەنیدا توشی چەکدارەکانی رەشید بەگ بوو. لە ئەنجامی شەڕ و پێکادان دا سەربازێکی بەتالیۆنی دووی لیوای ئاهن

شەهید بوو، و یەکێکیش لە خرا پەکاران کوژراو و یەکێکیانیش بە بریندارى گیرا. ئیدى قووەتەکە درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە هاوکاری بەتالیۆنێکی دووی لیوای ئاهن و دەستەیەکی هاوەن بەشێك لە بەرزاییەکانی لەرەنی و قزڵبەند و فتولان-ی گرت و لەوێندەر دامەزراو باقی قووەتەکە لە شاخی قزکەند دامەزرا. بە پێی هەواڵەکان و لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی شەڕەکەی ٢١/ئەسفەندا، وەدەرکەوت کە بارزانییەکان هاتونەتە ناوچەی تەرگەوەڕو بەتەواوەتی هۆزەکانی ناوچەی مەرگەوەڕ و دەشت و تەرگەوەڕیان لە هێزەکانی دەوڵەت پڕ کردووەو بۆ شەڕ هانیان داون. ئەم پێشڕەوییە خێرایەی قووەتەکە کارێکی زۆر چاکی کردە سەر عەشایەری هەرکی و شکاك، کاریگەرییەکی ئەوتۆ بوو کە ڕەشید بەگی جیهانگیری سەرۆکی هۆزی هەرکییان نامەیەکی بۆ فەرماندەی قووەتەکە نووسی و داوای لێکرد ٤٨ سەعات مۆڵەتی بداتێ تا فریای تەسلیم بوون بکەوێ. هەروەها نووری بەگ-ش کە یەکێکە لە دەسەڵاتدارانی تەرگەوەڕ، نامەیەکی لەمەڕ گوێرایەڵی و خزمەتگوزاری خۆی بۆ سەرکردایەتی لەشکری چوار نووسی و داوای زەمانەتی کرد. لە لایەن لەشکری چوارەوە وەڵام بۆ هەموو خان و سەرانی هۆز و تیرەکان نێردرا کە دەبێ بە زووترین کات بە هەموو عەشیرەت و چەکەکانییانەوە بێن بۆ ڕەزاییەو خۆیان بە فەرماندەی قووەتەکە بناسێنن و چەکەکانیان تەسلیم بکەن، دەنا بچوکترین دەرفەتیان نادرێتێ و بە توندی سەرکوت دەکرێن. ڕۆژی دوایی قووەتەکە درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو هەر کە وەڕێ کەوت، شەڕێکی توند و دژوار لە شاخەکانی لەرەنی دا هەڵگیرسا. هەرچەندە عەشایەرە نەیارەکان شەڕێکی سەرسەختانەیان دەکرد، بەڵام هێزەکانی دەوڵەت توانییان بیانشکێنن و خرا پکاران ناچار بە پاشەکشە بکەن. خرا پکاران پاش ئەوەی هەشت کەسیان لێ کوژراو نۆیان بریندار بوون، پاشەکشەیان کرد. قووەتەکەش هەموو بەرزایی و شاخەکانی لەرەنی گرت و تێیدا دامەزرا. زیانی هێزی دەوڵەت لەم شەڕەدا بریندار بوونی دوو سەرباز بوو. ئەم سەرکەوتنە تازەیە کاری لە عەشایەری هەرکی کرد و ڕەشید بەگ بەیانی ڕۆژی ٢٢/ئەسفەند، خۆی گەیاندە لای فەرماندەی لەشکر لە ڕەزاییە. تەسلیم بوونی ڕەشید بەگ کارێکی گەلەك مەزنی کردە سەر ورەی هەموو هۆز و تایەفەکانی دەوروبەری ڕەزاییە. کار گەییە ئەوەی زۆربەی عەشایەرەکان سەری تەسلیم بوونیان دانەواند و ئامادەیی خۆیان بۆ دڵسۆزی و خزمەتگوزاری بە سوپا دەربڕی. هەمان قووەت لە دوا نیوەڕۆی ٢٢/ئەسفەندا، درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو لە سەعات "٥" پاش نیوەڕۆدا موانەی گرت و لەوێندەر دامەزرا. وەختێ سەربازان بەڕێوە بوو بۆ ئەوێ، خەڵکی تەرگەوەڕ پێشوازییەکی گەرمیان لە قووەتە سوپاییەکان کرد و قوربانیان لە بەر پێیان دا سەربڕی. مەلا مستەفا کە بە پێشڕەوی خێرای قووەتە سوپاییەکەی زانی، دەستووری بە کۆمەڵێك لە سەرانی عەشایەری لایەنگری خۆیدا، وەکو: ئەمر بەگ، شێخ محەمەد، میرزاغا، وەجدی بەگ، یەرادی ئاسوری کە خێرا بە "٢٠٠" سوارەوە بچنە هیمدادی ڕەشید بەگ و نەیەڵن هێزی دەوڵەت بگاتە موانە. عەشایەری نێوبراو ڕۆژی ٢٢/ئەسفەند وەڕێ کەوتبوون، بەڵام کە گەیی بوونە ١٢ کیلۆمەتری باشووری موانە، هەواڵی گرتنی موانەیان پێدەگا و بەوپەڕی نائومێدی و خەمبارییەوە لەوێندەر دادەمەزرێن. مەلا مستەفا دەستووری دابوونێ هەر لەوێ دامەزرێن و تا دەتوانن نەیەڵن هێزی دەوڵەت ڕووەو باشوور بێت و بارزانییەکان گەمارۆ بدات. قووەتەکەی عەقید نیساری دوای ئەوەی لە موانە دامەزراو هەواڵی ئەوەی زانی کە بارزانییەکان هاتوونەتە ١٢ کیلۆمەتری باشووری موانە، عەقید نیساری دەستبەجێ ژمارەیەك لە سوارانیهەرکی و ڕەشید بەگی نارد بۆ گوندەکانی باشووری موانە "شێخ شیرین و زەنکەلان" تا بەزووترین کات ڕێ بە بارزانییەکان بگرن و بە گژیاندا بچن.. فەرماندەی لەشکری ٤ لە سەعات دەی پاش نیوەڕۆی ٢٢/ئەسفەندا بە تەلەفۆن شێخ ئەحمەدی لەو شەڕەی تەرگەوەڕ ئاگادار کردەوە کە عەشایەری هەرکی و شکاك بە هاوکاری بارزانییەکان دژی هێزی سوپایی کردبویان، لێی پرسی بوو، هۆی هاوکاری بارزانییەکان لەگەڵ عەشایەری نەیاری دەوڵەتدا چییەو بۆچی بارزانییەکان بە پێچەوانەی وەعد و بەڵێنی خۆیان ڕەفتار دەکەن. شێخ

ئەحمەد وەکو جاران وا دەنوێنێ کە ئاگای لە هیچ نییەو لە وەڵاما دەڵێ بارزانییەکان نیازی وایان نەبووەو ئەم بەخۆی زۆری پێ ناخۆشە کە شەڕ لە بەینی هەندێ بارزانی و هێزی دەوڵەتدا رووی داوەو بە هیوایە لەشکر بیانبورێ. جگە لەوەی بە ئاشکرا نکۆڵی لە بەدنیازی بارزانییەکان کرد. لە وەڵامدا تکای کرد کە سەرلەشکر دەستوور بدا هەندێ ئازووقەو خواردەمەنی بۆ ژن و منداڵانی بارزانی بنێردرێ، چونکە خێزانە بارزانییەکان لە رووی ئازوقەوە وەزعیان باش نییە و لە تەنگانەدان. قووەتەکەی عەقید نیساری لە شەوی ٢٣/ئەسفەندا، یەکە سوپاییەکانی لە موانە دامەزراند و کۆمەڵێك سوارەی عەشایەری رەشید بەگ و نوری بەگی ناردبۆ باشووری موانە تا تاقیبی بارزانییەکان بکەن و زانیاری تەواویان دەربارە وەدەست بێنن، واتا بۆ شێخ شیرین و زەنگەلان و تۆڵەگی و ئامینەی ناردن. هەواڵەکان وایان دەگەیاند کە مەلا مستەفا بە خۆی و نزیکەی "٦٠٠" سوارەوە لە ١٢ کیلۆمەتری موانەدا دامەزراو کۆمەڵە سوارێکی خۆی لە شاخەکانی کەسریك، توی، کولی، بەردەسو دامەزراندوەو چەند کەسێکی تریشی بەرەو موانە ناردووە تا رێگە بە یەکە سوپاییەکان بگرن و بە گژیاندا بچن. ئەم هەواڵانە ئەوەیان دەسەلماند کە بارزانییەکان بە رەسمی داخلی شەڕ بوون و بە خەیاڵی خۆیان بەتەمان لە نکاودا دەستێکی گورچگبڕ لە یەکە سوپاییەکان بوەشێنن. یەکسەر لە سەرکردایەتی سوپاوە دەستوور بۆ فەرماندەی لەشکری چوار هات کە نابێ چی دی دەرفەت بە بارزانییەکان بدرێ و پێویستە قووەتەکانی باکوور و باشوور بە هەموو تواناکەوە درێژە بە پێشڕەوی خۆیان بدەن و بە زوترین کات بارزانییەکان لە سنور ئاودیو بکەن و لە ئێستا بەدواوە نابێ هیچ جۆرە گفتوگۆیەکیان لەگەڵ بکرێ. فەرماندەی لەشکر دەستبەجێ دەستووری پێشڕەوی بۆ هەموو قووەتەکانی باکوور و باشوور دەرکرد. بارزانییەکان تا ئەو کاتە هەموو ناوچەکانی سەڵدوزو نەغەدەیان چۆڵ نەکردبوو، بۆیە دەستور بە قووەتەکانی تازەکەند و نەغەدەو سوفیان درا کە بەشەڕ بارزانییەکان لەو ناوچانەدا دەربپەڕێنن. ئێستاش چۆنێتی شەڕەکانی هەریەکێك لە قووەتەکان دەخەمە بەر باس و هەڵسەنگاندن.

***شەڕەکانی قووەتەکەی عەقید نیساری لە باشووری موانەدا***

سپێدەی رۆژی ٢٧/ئەسفەند، چەکدارەکانی رەشید بەگ و نوری بەگ لە بەرزاییەکانی تۆڵەگی و شێخ شیرین و قووەتی سوپایی لە موانەوە بەرەو بەرزاییەکانی کەسریك، کە بە پێی هەواڵەکان لە لایەن هەندێ کەسی نەیارەوە گیرابوو، وەرێکەوتن. دەمودەست شەڕێکی توند لە نێوان بارزانییەکان و عەشایەری چەکداری خۆمانە هەڵگیرسا. بارزانییەکان بە زیانێکی تارادەیەك زۆرەوە پاشەکشەیان کرد و لە عەشایەری خۆمانەش "٢" کەس شەهید و چوار کەس بریندار بوون.

مەلا مستەفا قووەتێکی کۆمەکی گەیاند و توانی پاش چەند سەعاتێك پاشەکشە بە چەکدارانی نوری بەگ و رەشید بەگ بکات. یەکە سوپاییەکان یەکسەر بە پشتیوانی فرۆکەو زرێپۆشەوە بەرەو باشووری موانە درێژەی بە پێشڕەوی خۆیدا پاش ئەوەی چوار کیلۆمەترێکیان بڕی بە هۆی باران و قوڕەوە کە زرێپۆشەکان لێی دەچەقین، ناچار لە پێشڕەوی وەستان. پاش ئەوەی قووەتەکە لایدا، فەرماندە دەستوری دا کە چەند چەکدارێکی عەشایەری خۆیی بۆ تاقیب کردن و کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ بەرزایی و شاخەکانی کەسریك بنێردرێن، بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بەدەست هێنرابوون، بارزانییەکان لەم ئاواییانەدا دامەزرابوون:

١- مەلا مستەفا بە خۆی و دوو سەد سوارەی هەڵبژاردەوە لە کەسریك.

٢- "٢٥٠" بارزانی لە شاخەکانی بردە سو.

٣- "٢٠٠" کەس لە ئاوایی (توی).

٤- "٥٠٠" کەس لە شاخەکانی (کوکی).

هەواڵ کۆکەرەوەو تاقیب کەرەکان بە هاوکاری یەکە سوپاییەکان درێژەیان بە پێشڕەوی خۆدا. جارێکی دی لەبەر شاخەکانی کەسریك دا توشی بارزانییەکان بوونەوە. قووەتەکەی دەوڵەت پاش ئەوەی دە کەسی لە دوژمن کوشت و ١٥ کەسی لێ بریندار کردن، ناچاری کردن کە بۆ شاخەکان پاشەکشە بکەن. لەم شەڕەدا چوار چەکداری عەشایەر شەهید و شەشیان بریندار بوون. بارزانییەکان ناچار بوون سەنگەر بۆ ناوچەی دەشت بگوازنەوە. ئەو زیانانەی کە لە هەوەڵی شەڕەکەدا وە عەشایەری خۆمانە کەوت، ترس و نیگەرانییەکی زۆری لە نێودا بڵاو کردنەوە، بۆیە دەستور درا کە یارمەتی دارایی بدرێن و هەریەکەیان "٥٠٠" ریاڵ بەخششی پێ بدرێت و بە میهرەبانی رەفتاریان لەگەڵدا بکرێ و تەماحی بەخشش و خەڵاتیان بخرێتە بەر. لە رۆژی ٢٣/ ئەسفەندا، لە هەردوو گەلیی قاسملو و باراندۆزەوە چەند هێرشێك لەلایەن بارزانییەکانەوە کرا، مەبەست لەم هێرشانە خافڵاندنی قووەتەکەی گەلیی قاسملو بوو. بەڵام چونکە ئەم هێرشانە یەك لە دووی یەك نەبوون لە لایەکی تریشەوە سوپا دەستی بە پەرچە هێرش کرد، بۆیە بارزانییەکان لەم هێرشەدا هیچیان بە هیچ نەکرد. لە رۆژی ٢٤/ئەسفەندا، کە شەڕی قورس لە نەلۆس گەرم بوو، ژمارەیەك لە خرا پکاران و شەڕخوازان شەبەیخون دەکەخە سەر بەتالیۆنێکی سەر شاخەکانی "کوکیا" "لە گەلیی قاسملووە" لە ئەنجامدا بەشێك لەو جەندرمانەی کە لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەبن خۆ لەبەر ئەم شەبەیخونە ناگرن و سەنگەر و بورجەکانیان جێ دێڵن و خۆ دەگەیەننە لای فەرماندەی سەربازخانەی "کوکیا". ئەم جەندرمانە بەهۆی بەجێهێشتنی سەنگەرەکانیانەوە سەرزەنشت و زیندانی کران و لە هەمان کاتدا لقێك و دەستەیەکی هاوەن بۆ سەنگەرە بەرگرییەکانی کوکیا نێردرا و خرا پکاران هەڵاتن. چونکە لەم دوو رۆژەدا، لە هەر هەموو بەرەکانی باشوور و باکووردا کۆمەڵێك شەڕ لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت و بارزانییەکاندا روویدا، بۆیە سەرکردایەتی سوپا، کۆمەڵێك دەستوری بەم ناوەرۆکەی خوارەوە بۆ فەرماندەی لەشکری چوار دەرکرد:

١- دەبێ ئاگادار بن کە هیچ قووەتێکی لاواز و بچوك لەگەڵ بارزانییەکاندا تێنەگرێ، چونکە ئەگەر بێت و ئەو یەکە بچووکانەی کە لە بەتالیۆن بچوکترن لەگەڵ بارزانییەکاندا تێبگیرێن، زیانی زۆر دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بارزانییەکان چەشە بن و لە کاری خۆیانا رژدتر بن.

٢- دەبێ هەوڵ بدرێ سەنگەر و شوێنە ستراتیژییەکان لەلایەن هێزە سوپاییەکانەوە بگیرێ و باڵادەستی چەك لە هەموو شوێنێك دا پەیرەوی بکرێ.

٣- دەبێ قووەتەکان لە شەودا زۆر وریا بن و بە شەوو بە رۆژ سەرپەرشتی تەواو بکرێن و سەلامەتی مەفرەزەکان زامن بکرێ.

٤- ئەوپەڕی سوود لەو فڕۆکانەی بەردەستی سوپاوە بگیرێ، لە کاتی پێویستدا بۆ شناسایی و بۆردومان هەستن و دژمن چاوترسێن و شپرزە بکەن و بە زووترین کات چۆکیان پێدابدەن. چونکە وەکو زانراوە خرا پکاران یەکجار زۆر لە بۆردومانی فڕۆکە ترساون و بۆردومانی دروست و بەجێ تاقە رێگەی ورە پێبەردان و سەرکوت کردنیانە. هەروەها فڕۆکەوانان ئاگادار کرانەوە کە لە هەواڵەکانیاندا زۆر ورد بن پێشڕەوی و جموجوڵی دەستە بارزانییەکان بە باشی دیاری بکەن و شوێن و جۆری جموجۆڵیان بە فەرماندەی لەشکر راگەیەنن، تا هێزە سوپاییەکان غافلگیر نەکەن.

قووەتەکەی عەقید نیساری کە لە چوار کیلۆمەتری باشووری موانە دامەزرابوو، رۆژی ٢٤/ئەسفەند، دەستی دایە هەندێ سوکە عەمەلیات و لە ئەنجامدا دوو چەکداری رەشید بەگ شەهید و سیانیان بریندار بوون. هەروەها یەکێك لە پیاوانی نوری بەگ شەهید و چواری دی بریندار بوون.

لە هەردوو رۆژی ٢٣، ٢٤/ئەسفەندا، زەرەری قورس لە چەکداری عەشایەری خۆمان کەوت. ئەمە کردیە کارێك بۆ گەیشتن بە ناوچەی دەشت، لە زارکی دەربەندەوە قووەتێك بنێردرێ تا پێشڕەوی قووەتەکەی

عەقید نیساری ئاسان بکات. بۆیە سەرکردایەتی بڕیاری دا بە مەبەستی پشتیوانی و ئاسان کردنی پێشڕەوی قووەتەکەی عەقید نیساری و گرتنی کەسریك، قووەتێك لە لیوای سوارەی فوزیەو لقێکی پیادەو دەستەیەکی رەشاش بە سەرپەرشتی عەقید پرتەوی لە ٢٥/ئەسفەندا، بەرەو دۆڵەبەند بنێردرێ تا هەردوو قووەتی نێوبراو بەتەواوەتی بەرەو هەدەفی خۆیان پێشڕەوی بکەن. پێشڕەوی هەردوو قووەتەکەش بە مجۆرە رێکخرا.

قووەتەکەی عەقید نیساری لە باکوورەوە بەرەو باشوور، واتا لە موانەوە بەرەو کەسریك و قووەتەکەی دۆڵەبەند لە زارکی دۆڵی نێوبراوەوە "لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا" بەرەو شاخەکانی کەسریك بەرێ بکەون و لە سلیڤانادا یەك بگرنەوە. بەڵام کە قووەتی نێوبراو هەڵسەنگێنرا دەرکەوت کە ئەو یەکە سوپاییانەی لە رەزاییەدا بوون زۆر کەمن و فەرماندەی لەشکر پێویستی بە قووەتێکی هیمدادی زۆر هەیە. بۆیە سەرکردایەتی یەکسەر بڕیاری دا کە داوای کۆمەك و هیمداد لە لەشکری سێی تەوریز بکاو بەتالیۆنێکی پیادەو تۆپێکی ١٠٥-یان بۆ بنێرێ. ئەمانیش بەگەڵ یەکەکانی قووەتی باشووری خۆیان بخەن. هەروەها بڕیار درا کە لیوای سوارەی کوردستان لە نەغەدەوە بە مەبەستی پشتیوانی یەکەکانی باکوور وەکو یەدەك لە رەزاییە دا بمەزرێن. ئەم بڕیارو داواکارییانە دەستبەجێ نێردران بۆ مەکەز تا لەشکری سێ، ئەو یەکانەی کە پێویستن بەرەو رەزاییە وەرێ بخات.فەرماندەی هێز بۆ ئەوەی لە زوترین کاتدا کاری بارزانییەکان وەلادا بخات، بڕیاری دا لەگەڵ نزیکترین قووەتی خۆیدا، لە قۆناغی یەکەمدا رووبەرووی خودی مەلا مستەفا ببێتەوەو سەرکوتی بکات. بۆیە شەوێ دەستور بە قووەتەکەی عەقید نیساری درا کە دەستبەجێ بەرەو حەشارگەکەی خودی مەلا مستەفاو ناوچەی کەسریك وەرێ بکەوێ. قووەتی نێوبراو، لە سپێدەی رۆژی ٢٥/ئەسفەندا، بە پێی نەخشەی تایبەتی و پێویست بەرەو هەدەفی خۆی وەرێ کەوت و قۆناغی یەکەم و دووەمی بە بێ تەقە ئە نجام دا. بەڵام هەر پاش قۆناغی دووەم پێشڕەوی دەستی پێکرد، لە شاخەکانی باکووردا "کونجار" شەڕێکی قورس لەگەڵ بارزانییەکاندا هەڵگیرسا. وێرای ئەوەی دژمن مقاوەمەتی سەرسەختانەی دەکرد، بەڵام لە ئە نجامی گوشاری قووەتەکەدا، دژمن پاش ئەوەی چەند کوژراوێکی دا، ناچار پاشەکشەی کرد و هێزە سوپاییەکان، ئاوایی "کونجار"یان گرت و بەشی سەرەکی قووەتەکەش روی کردە شاخەکانی باشووری ئاوایی نێوبراو کە دەیڕوانییە شاخەکانی باکووری کەسریك و لەوێ دامەزرا، ئەم قووەتە پاش سوکە وەستانێك و گۆڕینی نەخشەکانی درێژەی بە پێشڕەوی خۆیداو لە سەعات شەشی هەمان رۆژدا ئاوایی کەسریکی گرت و شاخەکانی باشووری رۆژای ئاوایی نێوبراو کە جەنگاوەرانی بارزانی سەنگەری چاکیان بۆخۆ لەوێندەر ئامادە کردبوو، گرت. لقی سێی لیوای ئازەرپاد و سوارانی عەشایەری رەشید بەگ و هەرکییەکان لەم شەڕەدا فیداکاری لە رادەبەدەریان نواند و لە ئە نجامدا مەلا مستەفاو چەکدارەکانی ناچار پاشەکشەیان کرد و پەنایان بۆ شاخە زۆر سەخت و عاسییەکانی کولی برد. بارزانییەکان لەم شەڕەدا زیانی زۆریان لێکەوت و دوانزە جەنازەیان لێ بەجێما. رۆژی ٢٦/ئەسفەند، سەر لەنوێ دەستور بە قووەتەکەی عەقید نیساری درا، کە درێژە بە پێشڕەوی خۆی بەرەو موانە بدات و لە سلیڤانادا لەگەڵ قووەتەکەی عەقید پرتەویدا یەك بگرێ. ئەوەبوو قووەتی نێوبراو لە سەعات (٥)ی بەیانی ٢٦/ئەسفەند، دەستی بە پێشڕەوی کرد و لە قۆناغی یەکەمدا شاخەکانی بەردەسوری گرت و بە پەلە رووی کردە سلیڤانا، بێ شەڕ و تەقە سلیڤانای گرت و لەوێندەر دامەزرا. بە ئەمری سەرلەشکر هەمایونی، داوا لە قووەتەکەی عەقید پرتەوی کرا بەرەو سلیڤانا وەرێ بکەوێ و لەگەڵ قووەتەکەی عەقید نیساریدا یەك بگرنەوە. قووەتی نێوبراو لە سەعات (٥)ی هەمان رۆژ بەرەو هەدەفی خۆی وەرێ کەوت و لە شاخەکانی پیرهادی و نۆشاندا توشی دژمن بوو. پاش شەڕێکی مەیلەو درێژ لە ئاوایی خلوری، شاخەکانی پیر هادی گرت و باڵی راستی قووەتەکەی گەیاندە شاخەکانی نۆشان. بارزانییەکان هەمدیس بە ناچاری لەبەر گوشاری قووەتەکەدا پاشەکشەیان کرد. قووەتەکە پاش ئەوەی دوو سەربازی لێ بریندار

بوو، له سەعات ١٠,٣٠ی هەمان رۆژا، گەییە ناو سیلڤانا و له سەعات چواری هەمان رۆژا هەردوو قووەتەکە یەکیان گرتەوە. فەرماندەی گشتیی هێز، له سەعات شەشی هەمان رۆژا چوو بۆ سیلڤانا، له نزیکەوە وەزع و حاڵی قووەتەکانی بەسەر کردەوەو ئەوجا بۆ رەزاییە گەڕایەوە. لەوێوە بەرەو نەغەدە وەریٚ کەوت، سەربازخانەی نەغەدەو هێزەکانی ئەو ناوەی بەسەر کردەوەو ئامۆژگاری پێویستی کردن. دوو فرۆکەش لەم شەڕانەدا بەشدارییان کرد و زۆر کاریگەرانە سەنگەرەکانی دژمنی له شاخەکانی کەسریکدا بۆردومان کرد. زەمینەی بۆ پێشڕەوی قووەتەکان خۆش کرد. لەم شەڕە بەدواوە هەردوو قووەتەکە کرانە یەك قووەت و خرانە ژێر رکێفی عەقید نیسارییەوە. له سەرکردایەتی هێزەکانەوە ئەمرێك بۆ قووەتی مەرگەوەڕ هات واتا بۆ قووەتەکەی عەقید نیساری و عەقید پرتەوی هات. ئەمرەکە وابوو کە قووەتەکە بە زووترین کات بەرەو نێرکی وەریٚ بکەویٚ. نێرکی دەیڕوانییە سەر گەلی باراندوزو لە باری سوپاییەوە یەکێك بوو لە ناوچە ستراتیژییەکانی تەرگەوەڕ. پاشان ناوچەی دەشت و مەرگەوەڕ بە تەواوەتی لە بارزانییەکان پاك بکاتەوە. ئەو سەرکەوتنانەی کە ئەم دوو قووەتە لە ماوەی دوو رۆژا بەدەستی هێنا، ترس و نیگەرانییەکی زۆری خستە دڵی ئەو عەشایەرانەوە کە هێشتا تەسلیم نەبووبوون. ترس و نیگەرانییەکە گەییبووە رادەیەك کە یەکێکی وەکو قوبادی کوڕی سمایل خانی شکاك "سمکو" لە رێگەی عومەر خانی شکاکەوە داوای لە بەرپرسانی سوپایی کرد کە مۆڵەتی بدەن تا عێلی شکاك چەکدار بکاو دژی بارزانییەکان بچنە شەڕەوە. هەمایونی سەر لەشکر لوتفێکی زۆری لەگەڵ کرد و ئەمری کرد کە "٥٠٠" کەس لە خێڵەکەی خۆی ئامادە بکا تا لە کاتی پێویستیدا بۆ جەبهەی شەڕ وەریٚ بکرێن. هەروەها سیٚ کەسیش لە ناودارو بەگزادەکانی مەرگەوەڕ لەسەر رێگەی کەسریك و سیلڤانادا گویٚ رایەڵی و خزمەتگوزاری خۆیان بۆ عەقید نیساری دەربڕی و ئامادە بوون بە خۆو ٣ سەد چەکداری خۆیانەوە لە بارزانییەکان جودا ببنەوەو هاوشانی هێزی سوپا دژی بارزانییەکان بجەنگن. فەرماندەی لەشکر بە را پۆرتێك هەواڵی یەکگرتنەوەی هەردوو قووەتەکەی سەرهەنگ نیساری و عەقید پرتەوی و هەروەها تەسلیم بوونی خانەکانی شکاکی بە مەرکەزدا. لە سەرکردایەتی سوپاوە دەستوورێك بەم ناوەرۆکە بۆ فەرماندەی لەشکری چوار، سەرلەشکر هەمایونی هات:

١- هەرچەندە قووەتەکانی باکوور "قووەتەکەی عەقید نیساری و عەقید پرتەوی" سەرکەوتوانە پێشڕەوی دەکەن، بەڵام پاش هێزەکەیان (مۆخرە) لە مەترسیدایەو دەبیٚ هەمیشە ئاگایان لیٚبیٚ، چونکە ئەگەری رووداوی چاوەڕوان نەکراو هەیەو دوور نییە شکاکەکان با بدەنەوەو بیقەومێنن.

٢- بۆ خۆپاراستن لە کردەی غافلگیری دژمن و نەبادا داوێك نرابێتەوە، پێویستە لە مەسەلەی پێشڕەویدا ئەوپەڕی وریایی رەچاو بکریٚ تا قووەتەکە بەر هێرشی لەناکاو نەکەویٚ.

٣- نابیٚ چەکدارانی عەشیرەتی شکاك تێکەڵ بە قووەتەکانی سوپا بکریٚ، چونکە چەکدارانی ئەم خێڵە ماوەیەك لەگەڵ مەلا مستەفادا بوون. بۆیە بە هیچ جۆریٚ دروست نییە چەکدارانی ئەم خێڵە بەگەڵ قووەتەکانی سوپا بخرێن. چونکە دور نییە ئۆینێکیان لەژێر سەردا بیٚ و سەرێشەیەکی تازە بۆ قووەتەکانی سوپا بخوڵقێنن. بەتایبەتی سەرۆکەکانیان دەبیٚ لە رەزاییەدا و بە شێوەیەکی نهێنی دەست بە سەربن و رەفتاری نەرم و نیانیان لەگەڵ بکریٚ.

٤- سوود لە خانەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ وەربگیریٚ. بەڵام نابیٚ لە نەخشەی عەمەلیاتەکاندا بەشدار بکرێن.

٥- هەموو سەربازخانەکان بەهێز بکەن. نابیٚ هیچ سەربازخانەیەك لە یەك بەتالیۆن سەرباز کەمتری تێدا بیٚ. هەموو ئەو بەتالیۆنانەی لە مەرکەز و لە تەورێزەوە نێردراون، بۆ بەهێز کردنی یەکە سوپاییەکانی باشوور تەرخان بکرێن.

٦- درێژی جەبهەی قووەتەکان کەم بکرێتەوە. بەڵام ئەم کارە دەبێ بە جۆرێ ئەنجام بدرێ کە پێوەندی قووەتەکان بە یەکدییەوە نەپچڕێ.
٧- ئەوەی لە تێکڕای هەواڵەکانی لەشکرەوە بەدیار دەکەوێ، ئەوەیە کە وەکو پێویست سود لە فرۆکە وەرنەگیرراوە.
٨- لە کاتی هێرشدا بۆ سەنگەری بارزانییەکان دەبێ سود لە زرێپۆش و فرۆکە وەربگیرێ. چونکە ئەم دووە گەورەترین فاکتەری سەرکەوتنن.
فەرماندەی لەشکر، ڕۆژانی ٢٦و٢٧/ئەسفەند، سەردانی قووەتەکانی باکوورو باشووری کردوو لە نزیکەوە وەزع و حاڵی بەسەرکردنەوەو ئامۆژگاری پێویستی کردن و سەعات سێی ڕۆژی ٢٧/ئەسفەند، بۆ ڕەزاییە گەڕایەوە. سەرلەشکر هەمایونی، بە مجۆرە وەڵامی ئەو دەستوورانەی تارانی دایەوە:
چونکە قووەتەکانی باشوور ناتوانن لەبێ هێزی کۆمەکی درێژە بە پێشڕەوی خۆ بدەن، بۆیە دەستوودرا بە قووەتەکانی باشوور لە شوێنی ئێستای خۆیان بمێننەوەو تەنیا بەرگری بکەن و بورج ئامادە بکەن.
قووەتەکانی باکوور، قووەتی عەقید نیساری و قووەتی دیزج دەست بە بەرەنگاربوونەوە بکەن.
نەخشەو پێشنیازەکەی هەمایونی سەرلەشکر، لەلایەن سەرکردایەتی سوپاوە پەسەند کرا. دەستوور هات کە قووەتەکانی باشوور لە جێی خۆ بمێنەوە، دەستوور بە قووەتەکەی عەقید نیساری درا کە هەموو بارزانییەکان لە زارکی تەرگەوەڕو دەشت دا دەرپەڕێنێ و باڵی ڕاستی قووەتەکە بگەیەنرێتە زارکی گەلی باراندۆز تا بتوانێ گەلی نێوبراو بپارێزێ. هەروەها قووەتێك بەسەرکردایەتی عەقیدی سوارە عەلی قولی موزەفەریی کە پێشینەیەکی درەخشانی لە عەمەلیاتەکانی ئازربایجاندا هەبوو، لە ڕەزاییەوە بەرەو دیزج پێشڕەوی بکاو چاوەڕوانی دەستوور بێت تا پاشان بەرەو سیلڤانا پێشڕەوی بکا تال لە ئەنجامدا باڵی ڕاستی گەلی قاسملو بپارێزێ. لە هەمان کاتدا دەستووری پێشڕەوی بۆ قووەتەکەی عەقید نیساری دەرکراو پێشهێزەکەی (مقدمه) ئەو گەییە نیرکی و ڕۆژی ٢٨/ئەسفەند، نیرکی و زەرکا بێ شەڕو تەقە گیران.
پاش ئەوەی هەواڵی گرتنی زەرکاو نیرکی گەییە سەرکردایەتی سوپا، یەکسەر لە تارانەوە تەلەگرافێك بەم نێوەڕۆکە بۆ فەرماندەی لەشکرو هێزەکانی کوردستان کرا:
پێویستە دەزگا ئەمنییەکانی لەشکر بەردەوام زانیاری و مەعلومات لەسەر وەزعی بارزانییەکان کۆ بکاتەوەو مەعلوماتەکان هەموو هەواڵێکی گشتی و تایبەتی و وردو دروستی تێدابێ، چونکە هەموو عەمەلیات و نەخشەیەك لەم ناوچەیەدا لەسەر بناغەی هەمان مەعلومات ڕۆدەنرێ. بۆیە پێویستە دەزگا ئەمنییەکانی لەشکر ئەم مەعلوماتەی خوارەوە، کە بۆ عەمەلیاتەکان پێویستن کۆ بکاتەوەو بە زووترین کات بیدات بە سەرکردایەتی لەشکر:
١-تواناو ژمارەی بارزانییەکان.
٢-ژمارەی چەك و تەقەمەنی بارزانییەکان.
٣-ئەو ئازووقانەی هەیانە لەگەڵ ئەو ئازووقانەدا کە دەتوانن لە دەرێ را یا هەر لە ناوچەکەدا بە دەستی بێنن.
٤- پێوەندی و ڕەفتاریان لەگەڵ عەشایەرو چۆنێتی پێوندییان بە هۆزی شکاك و هەرکییەوە.
٥- پێوەندییان بە خەڵکانی سەر سنوورەکانی دیوی عێراق و تورکیاو سۆڤیەت.
بەر لە گەیشتنی ئەم دەستوورە گشتییەی سوپا، سەرکردایەتی سوپاش بیری لێ کردبۆوە، بۆیە سەرلەشکر هەمایونی ئەم وەڵامانەی بۆ سەرکردایەتی سوپا نارد:
١- ژمارەو توانی بارزانییەکان نزیکەی (١٥٠٠) تفەنگچی بارزانییە، زۆربەی تفەنگەکانیان برنەوە. بارزانییەکان لەگەڵ (٣٠٠-٥٠٠) سوارەی زیرۆو تەها هەرکی و هەروەها (٥٠٠) ئاسووری و ئەرمەنی و خەڵکانی هەڵاتووی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان و ڕەزاییەدا تێکەڵبوون و تێکڕا دەکەنە قووەتێکی

( ٢٥٠٠ ) کەسی. جگە لە تفەنگ، نزیکەی ( ٥٠ ) ڕەشاشی قورس و سووك و ١٥٠ افتومات و کۆمەڵێك نارنجۆك دەستی و فیشەکی تانکی بڕو نارنجۆکی ئەندازو تۆپخانەشیان پێیە.
٢- بارزانییەکان کەم ئازووقەن و ڕۆژانە ئازووقەو خۆراك لە دێهاتەکانی شنۆ، دەشتە پیل و تەرگەوەڕ کۆدەکەنەوە.
٣- پێوەندییان لەگەڵ عەشایەردا بەشێوەیەکی گشتی خراپ نییە، بەڵام بۆ ئازووقە گوشاریان لێ دەکەن.
٤- پێوەندییان لەگەڵ هۆزی شکاك و هەرکیدا بەرقەرارەو بە ڕواڵەت خراپ نییە. لە ڕێگەی ئەرمەنی و ئاسوورییەکانی ناوخۆیانەوە پێوەندی بە کونسوڵە بێگانەکانی ڕەزاییەوە دەکەن.
ئەو مەعلوماتانەی، فەرماندەی هێزەکانی کوردستان، تا ڕادەیەك مەیدانی عەمەلیاتەکانی بۆسەرکردایەتی سوپا ڕوون کردەوە، بۆیە بڕیار درا سازان و نەخشەی یەکەکانی باشوور، کە لەگەڵ ئەو وەزعەدا نەدە گونجا، بگۆڕن و قووەتی نێوبراو بەو یەکە سوپاییانە بە هێز بکرێ کە لە تارانەوە دەنێردرێن.

## بەشی حەوتەم

### (( دیداری فەرماندە ئێرانی و عێراقییەکان لە سنووراو بە مەبەستی چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی بارزانییەکان و هاریکاری مەعنەوی لە نێو خۆیاندا ))

لەم ڕۆژانەدا، گەرچی مانگی ئەسفەند دوا ڕۆژەکانی خۆی بەڕێ دەکردو تەمەنی ساڵی ١٩٤٦ بەرەو کۆتایی دەچوو. بەڵام زستان هێشتا لە کۆسارەکانی ڕۆژاوای ئازربایجان و کوردستانی باکووردا کەبووبوو بە شانۆیەکی خوێناوی، کۆتایی نەهاتبوو. سەرماو بەفرو باران لە قووەتی خۆی نەکەوتبوو.
دیاری کردنی وەزع و حاڵی سەربازان و دەرەجەداران و ئەو ئەفسەرانەی کە لەم وەختەی ساڵداو لەم ناوچەیەدا ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدا، گەلەك پێویستە.
ئەم پیاوە دڵسۆزو گیانبازانە بە فیداکاری بێ وێنەوە سەرگەرمی خۆبەخت کردن بوون. لە نێو ئەمانەدا کەسانی وا هەبوو، چەندین ساڵ بوو لە خێزان و شاروزێدی خۆ دوور کەوتبوونەوەو چاوەڕوانی تەواوبوونی خزمەتی خۆیان بوون. سەدان کەس لە ئەفسەرو سەربازان، بە تەلەفۆن و بروسکەو بیتەل و نامە، خێزان و کەس و کاری خۆیان ئاگادار کردبووەوە کە بەر لە نەورۆز ئەم خزمەتە دژوارو ناخۆشە تەواو دەکەن و دەگەڕێنەوەو جەژنی نەورۆز لەگەڵ کەس و کارو ڕۆڵەو خوشك و دایکی خۆدا دەکەن. لە کاتێکا ڕۆژبەڕۆژ شەڕ قورس تر دەبوو، زەرەرو زیان زۆرتر دەبوو، گەلێك لەو ئەفسەرو سەربازو لاوانەی کە بە هیوای تەواوبوونی زستان و هاتنی نەورۆز بوون، شەربەتی شەهادەتیان نۆشی و بۆ هەمیشە خێزانەکانی خۆیان داغدارو سەربەرزکرد. لەم قۆناغەدا کە هەمووان چاوەڕێی تەواوبوونی شەڕبوون، شەڕو پێکادان ڕۆژبەڕۆژ

توندوترو گەرمتر دەبوو. بارزانییەکانیش کە دەیانبینی تەنگیان پێ هەڵدەچنرێ، بێ پەروا خۆیان بەسەربازاندا دەداو لەگەڵ خۆیاندا ژیانی کۆمەڵێك سەربازیان کوێر دەکردەوەو دەسڕییەوە. ورەی سەربازان، لەم قۆناغەدا زۆر بەرزبوو. بێ موبالەغە زۆربەیان خاوەنی هەست و ورەی ئەوتۆبوون کە بە راستی شایانی رێزبوون. چونکە ئەگەر حیسابی ئەوە بکرێ کە هێزەکانی دەوڵەت رووبەڕووی خەڵکانێك بووبونەوە دەستیان لە خۆشتبوو، لە هەموو ماڵێکی دونیا مەحروم بووبوون و جگە لە شەڕو مەرگ چ چارێکی تریان نەبوو، ئەوا بە جوانی گەورەیی و فیداکاری ئەم دلاوەرانەی دەوڵەت بەدەردەکەوێ. هەرچەندە رەفتارو هەڵسوکەوتی بەرپرسانی کاروباری سوپایی لە تاران و فەرماندەی لەشکرو سەرکردەی هێزەکان، لەگەڵ ئەم ئەفسەرو سەربازانەدا رێك و پێك بوو، خواستی تایبەتی گشتیان رەچاو دەکرا، بەلام هەڵسەنگاندنی باری گشتی سوپاو وتووێژ لەگەڵ هەندێ لە ئەفسەراندا ئەوەی نیشان دەدا، کە لەو رۆژگارە سەخت و دژوارانەدا، وێڕای ئەوەی هەموویان یەك و یەکگرتوو، باوەریشیان بە گیان فیدایی لە پێناو نیشتماندا هەبوو، هەندێ مەبەست و غەرەزی شەخسی و بەژێرەوە کردنی مافی هەندێکیان، روحی پاکیانی دەگوشی و گلەیی ئەوە دەکرا، کە هەندێ ئەفسەر بە سات لە تاران دوور نەکەوتوونەتەوەو هەندێکی دی هەمیشە ئاوارەی بیابانان بوون. ئەگەر نەبێ بەموبالەغە دەتوانم بڵێم کە ئەم نەفسبەرزی و سەبرو جوامێرییە یەکێکە لە فاکتەرە نهێنییەکانی مانەوەی ئێران. ئەم روحە پاك و بێگەردەی کە لە ناو ئەفسەران و دەرەجەداران و سەربازاندا دەبینرا، سەرەڕای گەلێك نامەردی و ماف پێشێلکردنیش، کە دەبینرا ئاوا بێ پەروا فیداکاری دەکەن، بینەری ناچار دەکرد، لەبەردەم ئەم جوامێرە رەشیدو نیشتمان پەروەرانەدا سەری رێزو نەوازش دابنەوێنێ.

بەهەر حاڵ کەمێك لە بابەتەکە دوور کەوتینەوە، بەلام پێدەچێ ئەم دوورکەوتنەوەیە، هەم وەکو بیرخستنەوەو هەم وەکو ئەوەی ئەم چەند بەشە لایەنی رەسمی و سوپایی هەیەو هەم رەنگە لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ مێژووی وڵاتەکەمان بایەخی خۆی هەبێ، پێویست بووبێ، ئەوجاش بۆ هەندێ کەس تۆزێ تاقەتبەربێ.

لەم دوا رۆژانەی ئەسفەندو سەرەتایەی فەروەردیندا کە بازنەی ئابلووقەدانی بارزانییەکان تەنگ و تەنگتر دەبوو، و هێزە سوپاییەکان لە سنوور نزیکتر دەبوونەوە، جەنابی سەر لەشکر فەزڵوڵا همایونی فەرماندەی هێزەکان بڕیاریدا لەسەر داوای عێراقییەکان هەندێ هەنگاوی دیپلۆماسی بنات، بەر لەوەی چ گیروگرفتێك کە لە گوین بوو بەهۆی سنوور بەزاندنی هێزەکانی دەوڵەتەوە، لە سنوورەکانی ئێران و عێراقدا رووبدات، دەوڵەتی عێراق لە مەسەلەکان ئاگادار بکاتەوە. سەر لەشکر هەمایونی فەرماندەی هێزەکانی کوردستان، پاش سەردانی قووەتەکەی باکوور، بەنێو سەعاتێك دوای نیوەڕۆی ٢٩/اسفند/١٩٤٦ واتا دوو شەو بەر لە جەژنی نەورۆز، لە رەزاییەوە بۆ نەغەدەو سوفیان وەڕێکەوت تا لە حاجی ئۆمەران چاوی بە فەرماندەی قووەی عێراق سەرتیپ سەیید عەلی حجازی بکەوێ. ئەم دیدارە لەسەر داوای گەورە لێپرسراوانی سوپایی عێراق روویدا. قەراربوو لە رۆژی ٢٥/ئەسفەندا، ئەم دیدارە بکرێ. بەلام بەهۆی سەرقاڵی فەرماندەی لەشکرەوە بەکاری پێویستترەوە، دیدارەکە خرایە چوار رۆژ پاشتر. مەبەستی دیدارەکە ئەوە بوو کە هاریکاری مەعنەوی لەنێوان هێزی سوپایی عێراق و ئێران دا بکرێ. سەرتیپ حیجازی لە کاتی دیدارەکەدا گوتبووی دوو رۆژ لەمە پێش پایە بەرز وەسی و سەرۆکی وەزیران نوری سەعید پاشاو وەزیری بەرگری چووبوونە حاجی ئۆمەران و دەستووریان دابوو کە پێوەندی بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستانی ئێرانەوە بکرێ. چونکە بارزانییەکان لە کۆنەوە گیروگرفت و ناڕەحەتیان بۆ دەوڵەتی عێراق دروست کردبوو، و دەوڵەتی عێراق ساڵانە پارەیەکی زۆری بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکانی تەرخان دەکرد، بۆ نموونە مانگی حەفتا هەزار تومەنی تەنیا بە شێخ رەشید دەدا تا بەگژ بارزانییەکاندا بچێ، بۆیە دەوڵەتی عێراق حەزی دەکرد کۆتایی بەم ئاژاوەیە بێنێ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە بۆیە

دەوڵەتی عێراق سەرەڕای ئەوەی ناوچەی بارزانی بە تەواوەتی تەخت کردبوو، و دارودرختی ناوچەکەی هەموو بڕی بووەوە، و ئاوەدانی تێدا نەهێشتبوو، ئەوجاش ترسی گەڕانەوەی بارزانییەکانی هەر لە دڵدابوو، و ئامادەبوو هەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا بکا تا لە شەڕی بارزانییەکان بخەڵەسێ. بە شێوەیەکی گشتی لە گفتوگۆکەدا ئەوە بە دیارکەوت کە هەموو ئارەزوویەکی دەسەڵاتدارانی عێراق ئەوەیە کە هێزی سوپایی ئێران بە تەواوەتی مەلا مستەفاو پەیڕەوەکانی لەنێو بەرێ و دەوڵەتی عێراق لە شەڕی ئەم کۆنە دوژمنە پڕئەزموونە رزگار بکا.

هەر بەم بۆنەیەوە، ئامر قووەتی عێراق، شوێنی سەربازگەکانی خۆی کە بریتی بوو لە دوو تیپ، لە بافتیان و مێرگەسوور (( بافتیان ٥٥کم و مێرگەسوو نەوەد کیلۆمەتر لە سنووری خانەوە دوورن )) بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستانی ئێران نیشاندا. و پێی راگەیاند کە ١٢ فڕۆکەی ( ئا، سن )شی لە خزماتدایە کە لە فڕۆکە خانەی کەرکووك و موسڵەوە هەڵدەستن. هەر یارمەتییەکی پێویست بێ دەتوانێ لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا کۆمەکی پێویستی بۆ بگەیەنێتە سنووری خانە. هەروەها گوتبووی کە دوو تیپەکە بریتییە لە ١٥ بەتالیۆن و کە تێکڕا دەکاتە شەش لیواو سەربازخانە سنوورییەکانیان، یەکێکی لە خنێرەیەو ئەوی تریان لەکێوی برا سپیی برانبەر بزسینای خاکی ئێرانە. ئامر قووەتەکەی عێراق، بە مەبەستی هاریکاری دڵسۆزانەو راستەقینەی، درێژی شە پۆلی بێتەلەکان و سەعاتی کارکردنیانی دایە فەرماندەی هێزەکانی کوردستانی ئێران، تا پەیوەندی بەردەوامیان لە نێواندا هەبێ و رۆژانە هەواڵ و دەنگوباس ئاڵوگۆڕ بکەن. چونکە ئەگەری ئەوەش هەبوو کە شەڕخوازانی بارزانی لە رێگەی بێناردەوە خۆ بە تورکیادا بکەن، جگە لەوەی لێپرسراوانی سوپایی تورکیا لە تاراندا‌و لە رێگەی وەزارەتی دەرەوە پێوەندییان بەسەرکردایەتی سوپاوە کردبوو، لە نزیکی سنووریشدا ٣سێ مەخفەری سوپایی دامەزرا، یەکێکیان لە شاخی ( دالامپەر )و دووەمیان بە درێژایی دۆڵی بێناردو سێیەمیان لە نزیکی ئاوایی ( کۆتانا )ی سەر بە دەوڵەتی تورکیا، کە دەکەوێتە بەرانبەر ( زەرکاو نێرکی ) سنووری ئێران. هەروەها نوێنەری سوپای تورکیاش لە تاران بە سەرکردایەتی سوپای ئێرانی راگەیاند کە هێزی سوپای تورکیا هاریکاری لەگەڵ سوپای ئێرانا بکا بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان و ئەگەر بارزانییەکان بیانەوێ روو لە گەلیی بێنارد بکەن یا سنووری تورکیا ببەزێنن، ئەوا سەرکوت دەکرێن. بەم حاڵەشەوە، دەوڵەتی ئێران سوودی لە هێزی بێگانە وەرنەگرت و بەسەر بەرزی سەرکەوت و کۆتایی بەم شەڕە خوێناوییە هێنا. فەرماندەی هێزەکان، هەر هەمان رۆژ پەیوەندی بە تارانەوە کردوو داوای کۆمەڵێك بۆمبای ١٢ کیلۆیی و ( ٥٠ ) کیلۆیی و گوللە تۆپ و هاوەن و فیشەك و تەنویرو بەنزین و رۆنی فڕۆکەی کرد، کە دوای چوار رۆژگەییە جێ. بارزانییەکان لە نێرکی دابوون، قووەتەکەی عەقید نیساری گوشاری تەواوی خستبووە سەر بارزانییەکان، بارزانییەکانیش بۆ ئەوەی گەلیی بێناردی سەر سنووری هەر سێ وڵاتیان لە دەست نەچێ رێگەی راکردنیان مسۆگەر بێ، جەنگاوەرەکانی خۆیان لە ئاواییەکانی رۆستەم ئاوا، شیرگان و سەهل ئاوادا بە ( ١٥٠ ) بارزانی و تۆپێکی ٧٥ بە هێزکرد. خودی مەلا مستەفا لە ( ٥ ) کیلۆمەتری باشووری رۆهەڵاتی نێرکیدا، لە ئاوایی شیرگان دامەزرا. چونکە دوو رۆژ بوو باران لە یەکبینە دەباری و دەرفەتی هەستانی فڕۆکەی نەدەدا، بۆیە قووەتە سەرەکییەکەی عەقید نیساری لە نێرکیدا لایداو مەفرەزەی بۆ تاقیب کردنی بارزانییەکان دەرکرد. بە پێی نەخشەیەکی عەمەلیاتی گشتی، بارزانییەکان تا رۆژی ٢/فەروەردین/١٩٤٧ش هەر تاقیب دەکران. هەروەها پێشهێزی ( مقدمە ) قووەتەکەی عەقید نیساری رایانگەیاند کە بارزانییەکان لە شاخەکانی نێوان شیرگان و نێرکیدا بەردەوام خەریکی خۆ قایم کردنن، بەتایبەتی لە شاخی قولقولەدا جم و جوڵیان زۆرە. پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ دوو فڕۆکە نێردرا بۆ بۆردومانی قولقولە. ئەم ناوچەیەو سەنگەری بارزانییەکان لە رۆستەم ئاوا، بۆردومان کران و زەرەرو زیانیان لێخرا.

"شەڕی قووەتەکەی عەقید موزەفەری لە دیزج"

سپێدەی ڕۆژی ٢٧/اسفند، هەواڵ گەییە سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان کە سەیید تەها هەرکی، بە کۆمەڵێك چەکداری خۆیەوە پەلاماری مەخفەری جەندرمەی دیزجی داوە، جەندرمەیەك کوژراوەو یەکێك بریندار بووەو چەکدارێکی سەیید تەهاش کوژراوە، خرا پکاران لەگەڵ پەلامارادنی مەخفەرەکەدا، تەلی تەلەگرافی نێوان نەغەدەو ڕەزاییەیان بڕیووەو، دەرکەوتووە کە ئەم کارەی سەیید تەها بەهاندانی بارزانییەکان بووە. هەروەها هەواڵەکان ئەوەشیان تێدا بوو کە مەلا مستەفا بارزانی بەتەمایە بە پشتیوانی هەرکییەکان پەلاماری شەیتان ئاوابداو تەنانەت نزیکەی (١٠٠) چەکداری بارزانی ڕوویان کردۆتە شاخەکانی وەزنەو خان تاوس و چیچنیك و یونسلی و تاکو نزیکی (قەلبی) هاتونەتە پێشێ و بەنیازن ئەو بەتالیۆنەی سەر شاخەکانی وەزنەو خان تاوس هەڵکەنن. سەرکردایەتی لەشکری چوار یەکسەر ئەمری کرد کە دوو ئۆتۆمبیل جەندرمە بۆ ناوچەکە بڕواو بە زووترین کات خەتی بەینی نەغەدەو ڕەزاییە چاك بکرێتەوە. چونکە پشت گوێ خستنی ئەم مەسەلەیە دەبووە مایەی گۆڕینی بارودۆخی هەموو هێزە سوپاییەکان.

فەرماندەی لەشکر ڕۆژی ٢٨/اسفند، بڕیاردیدا کە قووەتێکی لیوای سوارەی کوردستان، کە چوار ڕۆژ بوو لە نەغەدەوە گەیی بووە ڕەزاییە لەگەڵ تۆپێکی ٧٥و زرێپۆشێك و دەستەیەکی هاوەندا، بەسەرکردایەتی عەقید قولی موزەفەری زەنگنە لە ڕەزاییەوە بۆ دیزج وەڕێ بکەون و پاش دابین کردنی هێڵی پێوەندی و هاتووچۆی نێوان نەغەدەو ڕەزاییە، لە جادەی دیزج- سیاوانەوە هێرش بەرێ تا بەم شێوەیە باڵی ڕاستی قووەتەکەی گەلیی قاسملو دابین بکرێ و پێشڕەوی ئەو قووەتە ئاسان بکرێ.

قووەتی نێوبراو، سەعات حەوتی بەیانی ڕۆژی ٢٩/ئەسفەند، لە ڕەزاییەوە بەرەو دیزج وەڕێ کەوت. هەر کە گەییە جێ بینی ئەو جەندرمانەی بە ئۆتۆمبیل بۆ ئەوێندەر ڕەوانە کرابوو، لە شاخەکانی باشووری شەیتان ئاوادا لەگەڵ هێزی خرا پکاراندا تێگیراون. هەر لەم کاتەدا فەرماندەی هێزەکان، سەر لەشکر هەمایۆنی، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە نەغەدەوە بۆ ڕەزاییەو پاش دیتنی ئامر قووەتی عێراق، گەییە دیزج، ئەمری بە عەقید عەلی قولی موزەفەری زەنگنەی فەرماندەی قووەتەکەدا کە زانیاری تەواو دەربارەی ناوچەکە بەدەست بێنێ و پەیوەندی بەردەوام بکا. فەرماندەی قووەتەکەش خێرا سوودی لەو چەکدارە عەشایەرانەی کە لەگەڵ قووەتەکەدا بوون وەرگرت و بەشەو شاخەکانی گرت و ئیدی وەزع و حاڵ لە زۆربەی ناوچەکەدا سەقامگیربوو.

**فەرمانە سوپاییەکانی خاوەن شکۆ شاهەنشا :**

وەختێ ڕۆژی ٣٠/اسفند١٩٤٦، واتا لەدوا ڕۆژی ساڵدا هەواڵە گشتییەکانی شەڕی سوپاو بارزانییەکان گەییە خزمەت خاوەن شکۆ شاهەنشای فەرماندەی گشتی هەموو هێزەکان. خاوەن شکۆ شاهەنشا، بۆ ئەوەی چ ڕووداوێکی تری وەکو ڕووداوەکانی نەلۆس نەقەومێ و بەزووترین کات بارزانییەکان لە خاکی ئێران وەدەرنێن، لە ڕێگەی سەرکردایەتی سوپاوە کۆمەڵێك فەرمانی بۆ فەرماندەی لەشکرو هێزەکانی کوردستان دەرکردو دووپاتی کردەوە کە بەهەر نرخێ بووە هێزەکانی کوردستان، ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە بگەیەننەوە خزمەتی.خاڵە سەرەکییەکانی فەرمانەکانی خاوەن شکۆ شاهەنشا، بەم نێوەڕۆکەی خوارەوە بوو :

(( هەر چەندە ئێوە هێزی تەواوتان لەبەر دەستدایە، کەچی لە عەمەلیاتەکانتاندا دوو دڵی بەدی دەکرێ و هێزەکانتان چ هەنگاوێکی جدییان بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان نەناوە.

خەڵکانی سەر بە بارزانییەکان، مەعلوماتی چاکیان لەسەر ئێوە کۆکردووەتەوەو لە هەر شوێنێکدا لاوازی ئێوەیان دەستنیشان کردبێ، پەلاماریان داون و ئەنجامی چاکیان بەدەست خستووەو لەو

شوێنانەشدا کە هەستیان بە قووەتی ئێوە کردبێ، خۆیان لە شەڕی قووەتەکانتان بواردووەو پاشەکشەیان کردووە.

بارزانییەکان، بە دوو تۆپەوە لێتان وەدەست هاتوون و جارێك لە نەلۆس و جارێك لە دەوروبەری نەغەدە تۆپ بارانیان کردوون و تەنانەت تۆپێکی ئێوەیان لە کارخستووە. بۆیە دەبێ ئەو سەرنجانەی سەرێ بکەن بە دەرس و تۆڵەی ئەو هەڵانەی نەلۆس و ئەرنە بکەنەوەو ئەم دەستوورانە موو بەموو جێبەجێ بکەن:

أ- لە هیچ سەربازخانەیەکدا هێزی لە بەتالیۆن بچووکتر دانەنرێ.

ب- بە فڕۆکە هەموو مەڵبەندو کۆچەرێیەکی خێزانە بارزانییەکان و هەروەها سەنگەری تۆپ خانەکانیان بۆردومان بکرێ.

ج- لە ڕێگەی عەشایەرە متمانە پێکراوەکانەوە، هەموو ڕۆژێ زانیاری لەسەر بارودۆخ و چۆنێتی وەزع و حاڵی بارزانییەکان کۆبکرێتەوە.

د- عەمەلیاتەکە تا ١٥/فروردین/١٩٤٧ کۆتایی بێت و بەجۆرێ ئەنجام بدرێ کە بارزانییەکان نەتوانن هەڵێن و لەوەی پتر حەیای سوپا نەچێ.

ه- خانەکانی مەنگوڕو مامش و دیبوکری کە زەرەرو زیانیان لێکەوتووە، دڵنەوایی بکەن و نەیەڵن لە ئەنجامی ئەم زیانانەوە بڕەنجێن و دڵیان سارد بێتەوەو سەبرو حەوسەڵەی ئێستایان لە دەست بدەن.

و- ٣فەرماندەیی هێز بۆ خۆتان دیاری بکەن. یەکێك لە ناوچەی مەرگەوەڕ و یەکێك لە گەلیی قاسملوو ئەم بە رووبەڕووی قاسملو، و مەرگەوەڕ و یەکێك بۆ ناوچەی نەغەدە و سوفیان تا عەمەلیاتی قووەتەکان ڕێك بخەن و بەڕێوەی بەرن و دەستوورەکان جێبەجێ بکەن.

ز- پاراستنی پێوەندی نێوان قووەتەکان. هەوڵبدەن هەموو کاتێك پێوەندیتان بە هەموو قووەتەکانەوە هەبێ.

ح- ئاگاداری کردنی قووەتەکان زۆر پێویستە، بە تایبەتی لە شەودا دەبێ بە تەواوەتی ئاگاتان لە خۆبێ. بەردەوام تاقیبی گەلیی و دەربەندو کۆچەرێیەکان بکەن، چونکە بارزانییەکان زۆر لێهاتووانەو شارەزایانە سوود لە وەزعی زەمینی وەردەگرن و بە زۆری سوود لە لەمپەرە سروشتییەکان وەردەگرن)).

## بەشی هەشتەم

### ( سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ و شەڕی قورسی نێوان هەردوولا ، دیل کردنی ژمارەیەك لە سوپاییان لەلایەن بارزانییەکانەوە )

ساڵ ١٩٤٦ بێ چ ئەنجامێکی بن بڕ کۆتایی هات. عەمەلیاتی هێزەکانی دەوڵەت بەدرێژایی رابردوو، ئەوەی نیشان دەدا کە ئەنجامەکانی هاوتای فیداکارییەکان نەبوون. گەر بە وردی سەرنجی عەمەلیاتە سوپاییەکان بدرێ، ئەوا ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێ کە بە زۆری بۆ کۆکردنەوەی هێز لە کوردستان و تەنگاوکردنی بارزانییەکان و دوورخستنەوەیان بەرەو سنوورەکان و دابڕینیان لە هۆزو تیرە کوردەکانی ئێران ئەنجام دەدران. ئەم کارانەش لە ساڵی ١٩٤٦دا جێبەجێکران. لە ساڵی ١٩٤٧دا زنجیرە چالاکییەکی جەنگی رێك و پێك بەمەبەستی سەرکوت کردن و بەزاندنی یەکجارەکی بارزانییەکان دەستی پێکرد هێزەکانی دەوڵەت لە ماوەیەکی کەمدا سەرکوتیان کردن و دەریانپەڕاندن

**چالاکییە سوپاییەکانی ساڵی ١٩٤٧ بەم جۆرە دەستی پێکرد:**

جماعەتێ سەربازی شەڕی نەڵۆس لە کاتی بۆردومانی شاری شنۆدا، فرسەت دێنن و لە ١/فەروەردیندا بە کوێرە رێگەو پەناو پاساراندا خۆ دەدزنەوەو دەگەنەوە نەغەدەو ئەم زانیارانە بەفەرماندەی سەربازخانەی نەغەدە رادەگەیەنن: خراپکارانی بارزانی سوود لەو پەڕلە تایبەتیانە وەردەگرن کە سەربازان بۆ ئیشارەتدان پێیانە، بەو چەشنە فڕۆکەکان دەستخەڕۆ دەکەن و بۆردومانیان ناکات.

بارزانییەکان، دووچاری کەمی ئازووقە بوون و حاڵیان پەرێشانە. فەرماندەی هێزەکان دەستبەجێ دەستوروریدا کە پەڕلەی هەموو یەکە سوپاییەکان بێتە گۆڕین. ئەو هەواڵەی کە لە ٢/نەورۆزا، گەیی بووە سەرکرادیەتی هێزەکانی کوردستان ئەوەی دەگەیاند کە: بە پێچەوانەی هەندێ دەمگۆوە چ ناتەباییەك لەنێو تیرە بارزانییەکاندا نییە. بارزانییەکان لە باری ئایینیەوە هەموو گوێڕایەڵی شێخ ئەحمەدن و لە باری سوپاییەوە باوەڕی تەواویان بە مەلا مستەفا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی بارزانییەکان بێ چەند و چوون پەیڕەوی ئەم دوو پێشەواییە دەکەن. بە تایبەتی لەم وەزع و حاڵەی ئێستادا کە خەڵکانی خاینی وەکو ئاسووری و ئەرمەنییەکانیان لەگەڵدایەو بەردەوام دنەیان دەدەن و ئاگری فیتنە خۆشتر دەکەن و بیری بەگژا چوونی دەوڵەت لە جاران پتر لە نێوانیاندا تەشەنەی کردووە.

دەربارەی هێزو تەقەمەنیش، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە پیاوانی زیرۆو تەها هەرکی و ژمارەیەك ئەرمەنی و ئاسووری پەیوەندییان پێوە کردبوون، هەواڵەکان وایان نیشان دەدا کە هێزەکەیان (٢٥٠٠ )کەسێك دەبێ، (٥٠ ) رەشاشی سووك و قورس، ١٥٠-٢٠٠ افتوماتو چوار تۆپی ٧٥و کۆمەڵێك نارنجۆکی دەستی و گوللەی تانکی بڕو نزیکەی ٤٠٠هەزار فیشەکیان هەیە. لە رووی ئازوقەشەوە وەکو ئەو سەربازنە دەیانگووت، بارزانییەکان زۆر پەرێشان بوون و ببوون بە بار بەسەر عەشایەری ئێرانەوە. لە رووی پێوەندییەوە تەنیا چەند تەلەفۆنێکیان هەیەو زۆربەی پێوەندییەکانیان بەهۆی تەتەرو پەیامبەری پیادەوە ئەنجام دەدەن.

سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان، پەیوەندی بە سوپاییانی عێراقەوە کردوو رۆژانە لە سەعاتێکی دیاری کراوا زانیاری و مەعلوماتی پێویستیان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

بەمەش ئەوە دەستەبەر کرا کە هەم عێراقییەکان لە چوونی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران ئاگادار بن و شەڕو پێکادان روونەداو هەم هەردوولا لە جم و جۆڵی بارزانییەکان ئاگاداربن. ئەو فڕۆکانەی کە لە خزمەتی هێزەکەدا بوون، بەدرێژایی رۆژانی ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٤٦و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٧ بە بۆمباو نارنجۆك شاخەکانی قولقولە، مەمکان، بەردەزەردو شنۆو بارەگای بارزانییەکانی بۆردومان دەکردو بەم

بۆردومانە ئەنجامی چاکیان بەدەست دێنا. ئەو قووەتە هیمدادەی کە بە سەرپەرشتی عەقید مەجیدی وەرێکەوتبوو، لە دوو بەتالیۆنی پیادەو دەستەیەکی تۆپخانەو دەستەیەکی هاوەن پێکهات بوو لە ٢/فروردین دا لە تەورێزەوە گەییە مهابادو لە ٣/جەژنی نەورۆزدا گەییە ناو نەغەدەو داوای لێکرا پاش دوو ڕۆژ پشوودان ئاوایی ئەرنەو دەربەند بگرێ.

**( چالاکییەکانی قووەتەکەی عەقید نیساری لە ١/فەروەردین-تا خۆرئاوای ڕۆژی ٤/فەروەردین )**

پاش ئەوەی ئەم قووەتە وەکو پێشتر باسمان کرد، شاخەکانی زەرکاونێرکی گرت و لەوێندەر دامەزرا، بارزانییەکان عەسری ڕۆژی١٩/ئەسفەند، لە شاخەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی سینگان و قولقولەوە دەستیان بە هێرش کرد. بەلام هەموو هێرشەکانیان بەرپەرچ درایەوە. بارزانییەکان، لە سەعات ٥ی نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا، هێرشەکانی خۆیان لە قۆلی شاخەکانی (قەلعەسی)یەوە توند کرد. هێرشەکەیان هێندە توند بوو کە سوارەکانی نوری بەگ چووبوون بۆ (توی) ناچار پاشەکشەیان کردوو بارزانییەکان درێژەیان بە پێشڕەوی خۆداو لە دەوروبەری سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا لە شاخەکانی ئەڤرستدا سەنگەرە دیفاعییەکانی لیوای سوارەی فوزیەیان بەر پەلامادا. بەلام پارێزەرانی (ئەڤرست) لێیان وەدەست هاتن و هێرشی بارزانییەکانیان راگرت. جا بۆ ئەوەی شاخەکانی بەردەزەردو قولقولە بکەوێتە دەست سوپا. سەرکردایەتی ئەم دەست پێشکەرییانەی کرد. دەستوور بەفەرماندەی قووەتی گەلیی باراندۆز درا (عەقید فولاد وەند) کە پێوەندی لەگەلْ فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕ بکاو بەهاریکاری ئەو شاخەکانی بەردەزەردو قولقولە بگرێ. لیوای سوارەی فەوزیە لە ٢/فروردیندا لە بەرزاییەکانی ئەڤرستەو بەرەو ئاوایی قەلاس وەرێکەوت و ئاوایی نێوبراوی گرت. بەلام بارزانییەکان بەردەوام هێزی خۆیان لە ئەڤرست و ئاواییەکانی شێرگان و مەلقەو کێوی ئاق و شاخەکانی باکووری دژکۆن (ناوچەی دەشتە پیل) و شاخەکانی ڕۆژهەلاتی ئاوایی قەلاسیدا زیاد دەکرد. هەوالەکان وایان دەردەخست کە خراپەکارەکان بەنیاز بوون مەرگەوەڕو گەلی قاسملو بگرن و لەوێندەرەوە هاریکاری لەگەلْ پیاوانی زیرۆ تەهادا بکەن و ڕێگە لە یەکە سوپاییەکانی گەلیی قاسملو بگرن و نەیەلن قووەتەکانی باشوور پێشڕەوی بکەن.

**ڕووداوە ناخۆشەکەی خەلەج و دیل بوونی ژمارەیەك سەرباز**

پاش ئەوەی قەلعەسی گیرا، فەرماندەی لیوای سوارەی فەوزیە خۆ بەخۆو لە ئەنجامی نەشئەی سەرکەوتنەوە، بڕیاریدا ئاوایی خەلەجی ٣کیلۆمەتری باشووری قەلعەسی بگرێ. ڕۆژی سێیەمی نەورۆز بەتالیۆنێکی سوارەو دەستەیەکی ڕەشاشی بۆ شاخەکانی ئاست خەلەج نارد.

فەرماندەی لیواو فەرماندەی قووەتەکەش لە ئەڤرستەو چاودێری پێشڕەوی قووەتی نێوبراویان دەکرد. دوو دەستەی سوارەی بەتالیۆنی سوارەی یەکەم بەپێی نەخشەی دیاری کراو بەرەو هەدەفی خۆی پێشڕەوییان کردوو تا سەعات دەونیو سەرکەوتووانە پێشڕەوییان کرد. بەلام لەپڕ لەپێچێکی چیاکەوەو لەلاوە کەوتنە بەردەست ڕێژی بارزانییەکان و بە ناچاری لە پێچێکدا وەستان و خۆیان پەنادا. بارزانییەکان کە تەجرەبەیەکی دوورو درێژی بەکارهێنانی زەمینیان هەس، بەوپەڕی شارەزایی و کارامییەوە دەوری هەردوو دەستەی نێوبراویان گرت و هەموو پەیوەندییەکی ئەوانیان لەگەلْ پاشهێزی (موخرە) هێزەکانی دەولەتدا بڕی ولەپاش و پێشەوە هێرشێکی توندیان کردنە سەر. ئەم شەڕە یەکجار خوێناوی و بێ وێنە بوو، و تا سەعات هەشتی هەمان ڕۆژ درێژەی کێشا. لە ئەنجامدا مولازمی یەکەم سەیید محەمەد ئیمامی و ١٣سەرباز شەهید بوون و (٩)کەسی دی بریندار بوون. هەروەها مولازمی دووەم حەمید جیهانبانی و (١٥) سەرباز لەلایەن خراپکارانەوە گیران. چەکدارە کوردەکانی خۆمانیش دوو

کەسیان لێ شەهیدو یەکێکیان لێ بریندار بوون، ٤ تفەنگ و ٣سێ رەشاشی سووکیش وەدەست خراپکاران کەوت و لە راستیدا خراپکاران سەرکەوتن و هەردوو دەستەی نێوبراویان بە تەواوەتی لەنێو بردوو خودی مەلا مستەفا بەخۆو ژمارەیەك بارزانییەوە لە شاخەکانی خەلەج دامەزرا.

رۆژی ١٦/فەروەردین، کاتێ شاخەکانی خەلەج لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە گیرایەوە، جەنازەکەی مولازمی شەهید سەیید محەمەد ئیمامی لەسەر بەفرەکە دۆزرایەوەو چوار گوللەی پێوە بوو. یەکسەر جەنازەی شەهیدی نێوبراو بۆ رەزاییە برایەوەو بەڕێ و رەسمی سوپایی بەخاك سپێردرا.

ئەم کارە خۆسەرییە کە زادەی سۆزو نەشئەی سەرکەوتن بوو و بووە مایەی لەنێوچوونی دوو دەستەی سوارە. بۆیە سەرکردایەتی سوپا دوا بەدوای دەستوورەکانی پێشووی سەبارەت بە نەناردنی هێزی بچووك بۆ سەر خراپکارانی کارامەی بارزانیان، بەتایبەتی لە شوێنە سەخت و عاسی و پڕپێچ و پەناکاندا، دەستوورێکی دیکەی بەم نێوەڕۆکە دەرکرد:

(ئەم رووداوە نیشانەی ئەوپەڕی بێ نەخشەییە لەو بەشەدا، چونکە ئەگەر نەخشەیەکی دیاریکراو هەبوایە، ئەوا فەرماندەکان ئەم کارە نابەجێیەیان نەدەکردو خۆیان لە قەرەی کاری وەها نابەجێ نەدەدا. و ئەم جۆرە رووداوانە روویان نەدەداو بەم شەڕە دوورودرێژە رۆژ بەرۆژ ورەی دوژمن بەرزترو جورئەت و جەسارەتی بارزانییەکان زیاتر نەدەبوو. گەورەترین و گرنگترین کاری ئێستای ئێوە، ئەوەیە کە هەموو شاخەکانی رۆژئاوای گەلیی قاسملو بگرن. ئەم ناوچەیە تا شنۆ پاك بکەنەوە. چونکە بەو کارە دەتوانن هەموو دەشتی مەرگەوەڕ بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆتان. ئەوەش بزانن گرتنی دەشتی مەرگەوەڕ بێ گرتنی شاخەکانی نێوان قاسملو و مەرگەوەڕ بێفایدەیە.)

بارزانییەکان، پاش ئەوەی لە شاخەکانی خەلەج دامەزران، لە سەعات حەوتی رۆژی ٣/فروردیندا، لە شاخەکانی باشووری قەلعەسی و رۆستەم ئاواوە کەوتنە تۆپ باران کردن و پەلاماری سەرنگەرەکانی لیوای سوارەی فەوزیە لە ئەڤرست. ئەم هێرشە بە کۆمەکی (٥٠) چەکداری زیرۆو تەها دەکرا. لە سەرەتادا چەند ئەسپێکی سوارەی فەوزیە بەرکەوتن و تەقە تا نیوە شەو درێژەی کێشاو بارزانییەکان و هیمدادەکانیان توانیان بەشەو پەلاماری سەنگەرێکی یەکێك لە بەتالیۆنەکان بدەن و (بەتالیۆنی دووەمی سوارە) شەڕی تەن بەتەن لەنێو سەنگەرەکانی بەتالیۆنی نێوبراودا دەستی پێکرد.

فەرماندەی لیواکە، خێرا دەستووریدا کە یەکە خۆییەکان بەشەو و بەرە بەرە پاشەکشە بکەن و خۆیان بگەیەننە ئاوایی ئەڤرست. لەم شەبەیخونەدا مولازمی دووەمی سوارە مستەفا هاتفی و حەوت سەرباز لای ئاوایی ناری شەهید بوون و چوار کەسیش بریندار بوون و بەمجۆرە شەڕ لەگەڵ خراپکاراندا تەواو بوو. سپێدەی رۆژی چوارەم، دەستوور بە فڕۆکەکان درا کە ئاوایی ئەڤرست و شاخەکانی رۆژئاوای ئەڤرست بۆردومان بکەن. فڕۆکەکان تا عەسری هەمان رۆژ شەش کەڕەت سەنگەرو شوێنی بارزانییەکان و زیرۆیان لە دەورووبەری خەلەج بۆردومان کرد. لەودا هێرشی هەواییدا دەستوور بە سوارەکان درا کە سوود لە تاریکی شەو وەربگرن و پاشەکشە بکەن. عەسری رۆژی چوارەم لیوای سوارەی فەوزیە دەستی بە پاشەکشە کردوو بەدەم ئەو شەڕو پێکدادانە توندەوە کە لە شاخەکانی زەرکاو بێرکی روویدا، بارزانییەکان لە ئەنجامی بۆردومانی هەوایی و تۆپبارانی تۆپخانەوە شکستیان هێناو بەرەو ئەڤرست پاشەکشەیان کردوو قووەتەکەی دەوڵەت لە زەرکا دامەزرا. فڕۆکەکان لە رۆژی چوارەمدا دەورێکی کاریگەریان بینی. ورەی هێزەکانی خۆمان بەرز بووەو، چەکدارانی بارزانیی ورەیان بەردا. هەرچەندە لەم شەڕەدا ٣سێ فڕۆکە بەرکەوتن، بەڵام توانیان خۆ بگەیەننەوە فڕۆکە خانە. هەروەها دەستبەجێ دەستوور بە بەتالیۆنی ئەسفەهان، کە لە رەزاییە بوو، درا کە یەکسەر بەرەو سلیڤانە وەرێ بکەوێ تا پاشهێزی (موخرە) قووەتی نێوبراو کە لە مەترسیدا بوو، بپارێزێ. وەختێ بەسەرهاتی لیوای فوزییەو شەڕی ئەڤرست

بەسەرکردایەتی سوپا ڕاگەیەنرا، سەرکردایەتی، دەستووریکی تازەی بۆ فەرماندەی هێزەکانی کوردستان، بەم نێوەڕۆکە دەرکرد:

(ئێوە خۆتان چاك دەزانن کە عەشایەر، بەتایبەتی بازرانی لەگەڵ بچووکترین سەرکەوتندا، دەبوژێنەوەو ورەیان بەرز دەبێتەوە. هێرش و پەلاماری بارزانییەکان زادەی ئەو سەرکەوتنەیە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەدەستیان هێنا. دیارە ئەمەش ئەنجامی هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی ئەفسەرانی قووەتەکەیە، بۆیە تا دەستێکی توند لە عەشایەر نەوەشێنن، گەلێك لەم جۆرە هێرشانەتان دەکرێتە سەر. بەو دوو شەڕەی دواییدا وا دەردەکەوێ کە بارزانییەکان بە هەموو هێزەکانیانەوە هێرش دەکەن و هەر کە لە هێرشێك دەبنەوە ئەوسا لە قۆڵێکی دییەوە دەست پێدەکەن. ئەگەر دەرفەت بدرێن و جڵەوی دەست پێشکەری لە دەستی ئەواندا بێ، ئەوا قووەتەکانتان دەکەونە مەترسی گەورەوە. دەبێ لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بکرێتە سەر. چونکە کاتێ دیتیان لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لەسەرە، ئەو وەختە ورە بەر دەدەن و سەرکەوتنی مسۆگەر بۆ ئێوە دەبێ، لە لایەکی دییەوە بە شەبەیخونی بارزانییەکاندا وا دیارە هێرشی هەوایی و بۆردومانی فڕۆکەکان زۆری تەنگەتاو نەکردوون، هەر لەبەر ئەمەشە شەبەیخون دەکەن. دەبێ کەڵك لەم بابەتە وەربگرن و نەخشەی چاك بۆ بەگژا چوون و بەرپەرچدانەوەی بارزانییەکان دابڕێژن.

(شەڕەکانی قووەتی دیزج و قووەتی باراندۆز)

قووەتی دیزج بەسەرکردایەتی عەقید قولی موزەفەری لە سپێدەی ٢/بەهمەندا، لەگەڵ پێشهێزی (مقدمە) قووەتەکەی خۆیدا شاخەکانی باشووری دیزج و باشووری شەیتاناوە، زیوەو نەسراواو شاخەکانی دەربەند و نازنازی گرت و لەوێوە درێژەی بەپێشڕەوی خۆیدا، و پاش نیو سەعات شاخەکانی باشووری دیزج و دوای دوو سەعاتی دی شاخەکانی باشووری شەیتاناوا، زێوەو نەسراوا تا سەعات هەشتی بەیانی شاخەکانی باکووری دەربەندو تازاسی گرت. خراپکاران لە سەرانسەری ئەم ناوچانەدا چ بەرگرییەکیان نەکرد. بەڵام کاتێ هێزی سوپایی ڕووی کردە شاخەکانی باکووری دەربەندو تازاس، لەنکاودا نزیکەی ٦٠شەست خراپکاری بارزانی لەو شاخانەوە دەرپەڕین و شەڕێکی توند هەڵگیرسا لە ئەنجامدا دوو جەندرمە شەهید و ٣ سێ سەربازی لیوای سوارەی کوردستان برینداربوون. زیانی بارزانییەکانیش لەم شەڕەدا زۆر بوو، چوار جەنازەیان لە شاخەکانی نەسراوە بەجێهێشت و چەند کوژراوێکیانیش لە شاخەکانی باکووری تازاسدا بە خاك سپارد. ئەنجام قووەتەکە لە شوێنە گیراوەکاندا کەوتە سەنگەر لێدان و دامەزراندن و زەمینە خۆشکردن بۆ پێشڕەوی قووەتەکە بەرەو سێیاوان. ئەم قووەتی سوارەیە لە ٣/ فروردیندا، دەربەندیشی گرت و لەوێش کەوتە سەنگەر لێدان و بورج دامەزراندن. کاتێ ئەنجامی شەڕەکانی قووەتی دیزج و شەڕەکانی عەقید نیساری (واتا گرتنەوەی قەڵاسی لەلایەن لیوای سوارەی فوزیە)وە بەسەرکردایەتی سوپا ڕاگەیەنرا، لە تارانەوە دەستووریکی نوێ بەم نێوەڕۆکە بۆ فەرماندەی لەشکر دەرکرا:

(لە تێکڕای جم و جۆڵ و چالاکی چوار ڕۆژی ڕابردووی یەکەکانی لەشکرەوە، ئەوە دەردەکەوێ کە بارزانییەکان و پیاوانی زیرۆ لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدان کە شاخەکانی نێوان دەشت و مەرگەوەڕو گەلی قاسملوو شنۆ بگرن و بەم کارە هەم ئازووقە و خواردەمەنی بۆ خۆیان دابین بکەن و هەم لەو بەرزاییانەوە هێزە سوپاییەکان تەنگەتاوو هەراسان بکەن. بۆیە دەبێ ئاگاتان لەمە بێ و هەوڵ بدەن ئەو شاخانە بگرن، چونکە بەم کارە:

١- خراپكاران له ناوچه ئاوەدان و پڕ خۆراكەكان دەردەپەڕێن.
٢- جێگەی حەوانەوەیان لێ تەنگ دەكەن.
٣-هەموویان لەیەك شوێندا خڕدەبنەوەو دەبن بەهەدەفێكی باش بۆ ئێوەو كاری بۆردومان كردنیان ئاسانترو لەبارتر دەبێ.
٤- هێزەكانی ئێوە كۆك و یەكگرتوو دەبن.

له لایەكی دییەوە چونكە شاخەكانی رۆژئاوای دەشت و مەرگەوەڕ حاڵی حازر بەفر گرتوویەتی و كۆچەرێی گەلەك كەمە، بۆیە وا چاكە قووەتەكەی ئێوە لە قەڵاسی هێوەتر نەچێ و لەوێ دامەزرێ و تەنیا دیفاع بكات و بەڵام لە قۆڵی رۆژهەڵاتەوە، دەبێ بەهاریكاری قووەتەكەی گەلی قاسملو هەر هەموو شاخەكانی نێوان قاسملوو مەرگەوەڕ بگیرێ. دەبێ قووەتی دیزج دوای گرتنی شاخەكان-ی رۆژهەڵاتی گەلی قاسملو بەرەو سیاوان وەرێ بكەوێ و ئەم پێشڕەوییە بەجۆرێ بێ كە هێزی سوپایی بتوانێ بارزانییەكان لە كوێستانەكانی نێوان مەرگەوەڕ و سنووردا گەمارۆ بدات، وەكو چۆن لە سەرێرا ئاماژەمان بۆ كرد، چونكە بارزانییەكان دەكەونە ناوچەیەكی تەنگی سەختەوە، ئەوا زیانی گەورەیان لێدەدرێ و فرۆكەكان دەتوانن زیاتر تەنگەتاویان بكەن و دەستیان لێ بووەشێنن).

سەركردایەتی، لە دەستوورەكەی خۆیدا داوای راوبۆچوونی سەركردایەتی لەشكری كردبوو، بۆیە فەرماندەی لەشكر پاش خوێندنەوەو تاوتوێكردنی هەموو لایەنەكانی دەستووری ناوبراو، لە هەمان رۆژا، واتا لە ٣/فروردیندا، رای خۆی بۆ تاران ناردەوە كە ئەمە پوختەكەیەتی:

(دەربارەی هێرش بۆ گەلی قاسملوو مەرگەوەڕ، چونكە بەدەست بارزانییەكانەوەیەو زۆر سەر سەختانە بەرەڤانی دەكەن و گەلیی نێوبراو زۆر قۆڵ و هەزار بەهەزارو كوێستانێكی سەخت و پەیوەستە، بۆیە ناشێت قووەتی بچووك بەناوی باڵەوە بنێردرێ لەبەر ئەوە بڕیارە قووەتەكەی قاسملو لەجێی خۆی بووەستێ و بەتالیۆنێكی پیادەو دەستەیەكی زرێپۆش و دەستەیەكی هاوەن و دەستەیەكی تۆپخانە بەرەو قۆڵی گەلیی باراندۆز وەرێ بخرێ و لەگەڵ قووەتەكەی مەرگەوەڕدا یەك بگرێتەوەو بۆ دەرپەڕاندنی خراپكاران لەم ناوچە شاخاوییە، دەست بە چالاكی بكەن و قووەتی مەرگەوەڕیش كە باڵی چەپی ئەمینە لە حاڵی دیفاعیدا بمێنێتەوەو پێشڕەوی نەكات.)

سەركردایەتی سوپا، لە تارانەوە موافەقەتی لەسەر ناردنی قووەتێك بۆ باراندۆز كرد. هەروەها فەرماندەی لەشكری ئاگادار كردەوە كە گرتنی ئەو شاخانە بۆ ئێوە بایەخێكی ستراتیژی هەیە. چونكە ئەگەر ئەو شاخانە بگیرێن ئەوا گەورەترین جەزرەبە لە بارزانییەكان و پیاوانی زیرۆو تەها دەدرێ. ئەو هێزەی كە گرتنی ئەم شاخانەی وەئەستۆ دەخرێ دەبێ زۆر كارامەو لێوەشاوە بێ و لە رووی ژمارەوە زۆربێ، بەلای كەمەوە دوو بەتالیۆن بۆ ئەم مەبەستە رەوانە بكرێ.

فەرماندەی لەشكر لە رۆژی ٤/فروەردیندا، نەخشەكەی خۆی پیادە كردوو قووەتی باراندۆزی بەسەكردایەتی عەقید فولادوەند راسپارد كە بەرەو گەلیی باراندۆز وەرێ بكەوێ و بەرزاییەكانی باشووری نێوان نرەلەر-سدیق بگرێ و پێوەندی لەگەڵ قووەتەكەی عەقید نیساریدا بەرقەرار بكا. قووەتی نێوبراو پاش ئەوەی (٥) كەسی لە دوژمن كوشت و ٣سێ تفەنگی گرت، لە هەمان رۆژدا بەرزاییەكانی نێوبراوی گرت. فرۆكەش شان بەشانی قووەتەكە بەشداری كردوو تاكۆتایی رۆژی ٥/فروردین بە بەردەوامی هەڵدەستاو شاخەكانی بەردە زەردو قولقولەو ئەڤرست-ی بۆردومان دەركردو ئەنجامی چاكی بەدەست هێنا. بۆردومانەكە زۆر بەجێ و لەكاتی خۆیدا دەكرا، بواری بەخراپكاران نەدەدا، ئەوەبوو دەستەیەكی خراپكاران لە ناوچەی مەرگەوەڕدا لەكاتی پەڕینەوەدا بەر بۆردومان كەوتن و هەر هەموویان بە پەلە پروزێ هەڵاتن. لەم كاتەدا شەڕ لە دیزج كۆتایی هاتبوو. خراپكاران لە ناوچەكەدا نەمابوون، بۆیە داوا لە لیوای سوارەی كوردستان كرا كە بچێ بۆ رەزاییەو لەوێوە بە مەبەستی پاراستنی پاشهێزی (موخره)

قووەتەکەی عەقید نیساری بەرەو سیلڤانا وەڕێ بکەوێ. لیوای ناوبراو بەتالیۆنێکی سوارەی خۆی لە شەیتاناوە داناو باقی لیواکەی بۆ رەزاییە ناردو رۆژی ٦/فروردین، گەیبە دەشتی مەرگەوەڕ. هەروەها بەتالیۆنی ئەسفەهان، کە لە سیلڤانا دامەزرا بوو، لە هەمان رۆژا بەرەو نێرکی وەڕێکەوت و پێوەندی بە فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕوە کرد.

((شەڕەکانی ئەو قووەتە تازەیە کە دانرا بوو عەمەلیاتەکانی قووەتەکانی باشوور تەواو بکا))

وەکو پێشتر باسمان کرد، قووەتە بەهێزکراوەکەی عەقید مەجیدی پاش ئەوەی گەیبە نەغەدە، راسپێردرا کە بە هەموو تفاقێکی جەنگی خۆیەوە بەرەو قۆڵی ئەرنەو دەربەند پێشڕەوی بکا. قووەتی نێوبراو بە پێی نەخشەی پێویست و بە پشتیووانی فڕۆکە لە سەعات حەوتی بەیانی رۆژی ٥/فەروەردیندا، بەرەو هەدەفی خۆی وەڕێکەوت و بەدوو سەعات و نیوێك پێش نیوەڕۆ بێ تەقەو شەڕ ئەرنەو میراوی گرت، کاری دووەمی قووەتەکە ئەوەبوو کە شاخەکانی پیرناسر بگرێ. قووەتەکە سەعات حەوتی رۆژی ٦/فەروەردین، بەرەو پیرناسر وەڕێکەوت. فڕۆکەش پیشتیوانی لێدەکرد، لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا قەلاّتانی گرت و بەرەو شاخەکانی پیرناسر کشا. خراپکاران بەرەڤانییەکی سەر سەختانەیان کرد، بەلاّم لە ئەنجامی گوشاری قووەتەکە و تۆپبارانی بەردەوامەوە، بورجەکەی پیرناسر لە دەستی خراپکاران دەرهات و کەوتە دەستی هێزەکانی خۆمان. لەم شەڕەدا زەرەری زۆر لە خراپکاران درا. خراپکاران بەرادەیەك شپرزە بوون کە نەیان پەرژایە سەر ناشتنی جەنازەی کوژراوەکانی خۆیان و ٦شەش جەنازەیان لێ بەجێماو ٣سێ کەسیان بەسێ تفەنگ و دەمانچەیەکەوە ئەسیر بوون، زیانی سوپا لەم شەڕەدا شەهید بوونی عەریف محەمەد عەلی پور قاسمی و دوو سەرباز بوو، هەروەها مولازمی یەکەم رەوفی و (٥) سەرباز بریندار بوون.

(دانانی نەخشەی دوا شەڕ لەگەڵ بارزانییەکان و چوونی سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا بۆ رەزاییەو دەرکردنی فەرمانی تازە)

ئەو هەواڵانەی بەو دوایییانە لە فەرماندەی هێزەکانی کوردستانەوە دەگەیبە تاران، ئەوەی نیشان دەدا، هەرچەندە قووەتەکان لە هەموو قۆڵەکانەوە توانی بوویان رێ لە دەست پێشکەری بارزانییەکان بگرن، بەلاّم پێشڕەوی قووەتەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو قۆڵەکانەوە تەواو چەقی بوو. شەڕەکانی نەلۆس و خەلەج و ئەڤرست کە لە رۆژانی هەوەڵی ساڵی تازەوە، واتە لە رۆژانی ٣،٢،١/فەروەردیندا روویان دابوو، جڵەوی دەست پێشکەری لە دەست لەشکر دەرهێنا بوو، واتا هێزەکانی دەوڵەت لەبەرانبەر بارزانییەکاندا دەستە پاچە ببوون و کەتبوونە حاڵەتی دیفاعەوە.

تاران، لەبەر رۆشنایی هەواڵەکاندا، پەی بەم وەزعە بردبوو، دەیزانی ئەم رووداوانە کاری خراپی کردۆتە سەر ورەی خەڵکانی ناو هێزە سوپاییەکان و تەنانەت عەشایەری هەواداری دەوڵەتیش ترسیان لێنیشتبوو، نا ئومێدانە لە سەنگەری خۆدا مابوونەوە، بۆیە بڕیاردرا ئەم وەزعە چاك بکرێ و ورەی سەربازان و عەشایەری دەوڵەتویست بەرز بکرێتەوە. بۆیە بە فەرمانی خاوەن شکۆ شاهەنشا داوا لە رەزم ئارای سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا کرا کە لە نزیکەوە بارودۆخی ناوچەکە هەڵسەنگێنێ و وەزع و حاڵی هەموو هێزەکان ببینێ و هەر لەوێدا نەخشەیەکی گشتی بۆ عەمەلیاتەکان دارێژێ و ئەنجامی هەڵسەنگاندن و سەرنجەکانی خۆی عەرزی خاوەن شکۆ شاهەنشا بکا. رەزم ئارا، بەیانی ٤/فەروەردین، خۆی ئامادە کرد تا بۆ کوردستان بچێ. (٣٠٠) پارچە نیو پەهلەوی زێری لەگەڵ خۆیدا برد کە شاهەنشا وەکو جەژنانە بۆ ئەفسەرەکانی تەرخان کردبوو. جگە لە نیو پەهلەوییەکان، ١٩٨ پارچە نیشانەی ئازەر ئابادەگان و ٢٠٠ پارچە میداڵی زیوی ئازایەتی لەگەڵ خۆیدا بردو بەفڕۆکە بەرەو تەورێز وەڕێکەوت.

بەڵام چونکە کەش و هەوای زنجان خراپ بوو، بۆ تاران گەڕایەوە. ڕۆژی دوایی لە تەوریز دابەزی و پاش سووکە وەستانێك بەرەو ڕەزاییە وەڕێکەوت. سەعات سێی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی گەییە بارەگای سەرکردایەتی لەشکری ٣سێ و کەوتە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سوپایی ناوچەکە. ڕۆژی ٦/فەروەردین، بە مەبەستی شارەزایی پتر، بەخۆی سەردانی هەموو قووەتەکانی باشوور و باکووری کرد، فەرماندەکانی شای بە ئەفسەرەکان ڕاگەیاند، جەژنانەو نیشانەکانی دانێ، تەماعی بەخششی شاهانەی خستنە بەرو پێی ڕاگەیاندن کە جەنابی شا بە وردی تاقیبی فیداکاری و کارکردنیا دەکات. هەروەها میداڵی ئازایەتی لە بەرۆکی سەرانی عەشایەرو خەڵکانی فیداکاردا. ئەم ڕەفتارەی نوێنەری تایبەتی شاهەنشا، لە ڕۆژانی هەوەڵی ساڵی تازەدا بەو شێوە جوان و ڕێك و پێك تازەو تایبەتییە، گیانی فیداکاری و لەخۆ بوردوی لەنێو هەموو ئەفسەران و عەشایەرانی ڕیزی قووەتەکاندا بوژاندەوە. ئەم ڕەفتارە وەها جۆشی دان کە هەموو ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی سوپا پێشانداو سۆزو پەیمانیان تازە کردەوە کە بە خوێنی خۆیان و لە پێناوی نیشتمان و شاهەنشادا نەیەڵن جارێکی دی لە ناوچەکانی لەشکری چواردا ڕووداوی لەبابەتی ڕووداوەکانی نەڵۆس و خەلەج و ئەڤرست، ڕوو بدات. ڕووداوی نێوبراو بۆیان بووە بە پەندو دەرس و لەمەودوا وریایانەو بە چاوی کراوەوە ئەرکە سوپاییەکانیان ئەنجام دەدەن. سەرۆکی، سەرکردایەتی سوپا، هەر هەمان ڕۆژ بە تەلەگراف ئەنجامی هەڵسەنگاندن و سەرنجەکانی خۆی و نەخشەی تازەی عەمەلیاتەکان و بارودۆخی زەمینی و هێزو توانای دوژمنی، عەرزی خاوەن شکۆ شاهەنشا کرد. سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا ڕۆژی ٧/فەروەردین، گەیشتەوە تاران و ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی عەمەلیاتە سوپاییەکان، بەدەمی عەرزی شاهەنشا کرد. سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی زەمینی و قووەتی هەردوولا، گەیی بووە ئەم ئەنجامەی کە قووەتەکانی باکوور، جگە لە قووەتەکەی عەقید فولادوەند، دەبێ بەهۆی وەزعی نالەباری زەمینییەوە لە حاڵەتی دیفاعیدا بمێنن و قووەتەکەی عەقید فولادوەند کە لە گەلیی باراندۆزا سەرگەرمی کاری خۆی بوو، بەرەو بەرزاییەکانی بەردە زەرد-قەلعە هێرش بەرێ و بەهەر نرخێ بووە ئەم ناوچانە بگرێ.

دەربارەی هێزەکانی باشوورش، بۆ ئەوەی هێزە خۆییەکان خەسارەتیان لێنەکەوێ و ڕێگە لە دەستدرێژی و پەلامارو هێرشی بارزانییەکان بگیرێ، بڕیاردرا خۆیان لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ قوڵی شنۆی مەڵبەندی بارزانییەکان دوور بگرن. چونکە ئەم ناوچە ستراتیژییە سنوورییە کەوتۆتە داوێنی کۆمەڵێك شاخی بەرزو سەرکەشەوەو تا ئەو شاخانە بەدەست بارزانییەکانەوە بێ، گرتنی زۆر زەحمەتەو زیانی گەورە لە هێزەکانی دەوڵەت دەکەوێ. بۆیە باشترین ڕێگەی گرتنی شنۆ ئەوەیە کە لەولاوە هێرشی بۆ بکرێ. واتا لەسەرەتادا شاخەکانی پادار لە لایەن هێزە سوپاییەکانەوە بێتەگرتن و پاشان (ڕاندولە) بگیرێ تا خۆ بەخۆ دەسەڵاتی هێزە سوپاییەکان بەسەر دەشتی شنۆدا دابین ببێ. ئەوجا دوای ئەوەی لە باشووردا دەگەنە هەدەف، قووەتەکانی باکوور، لە گەلیی قاسملو و شاخەکانی ئاقبلاغەوە دەست بەهێرش بکەن. ئەوجا بۆ ئەوەی هەندێ ڕووداوی ناخۆش ڕوونەداو یەکە سوپاییەکان کاری خۆسەرانە نەکەن دەبێ:

١- هەر هەموو عەمەلیاتەکان لەژێر چاودێری سەر لەشکر هەمایونیدا ئەنجام بدرێ.

٢- هەموو یەکەکانی باشوور بەسەرپەرشتی سەرتیپ بیگلەری یاریدەدەری عەقید غەفاری بن و یەکەکانی باکوور بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرتیپ زەنگنەو سەرکردایەتی عەقید نیساری و عەقید فولادوەندو عەقید پرتەوی کاری خۆیان ئەنجام بدەن خاوەنشکۆ، شاهەنشا.. نەخشەو پێشنیازەکانی سەرکردایەتی سوپای بینی، سووکە دەستکارییەکی هەندێ مەسەلەی تاکتیکیی کردوو بڕیاری لەسەر داو بەفەرماندەی هێزەکان ڕاگەیەنرا کە بەم جۆرە ئەنجامی بدات.

### أ- قوڵی باکوور:

١- له ناوچەی مەرگەوەڕ (نێرکی-زەرکا) دەبێ قووەتەکەی عەقید سەردادوەر، حاڵەتی دیفاعی وەربگرێ و له شاخەکانی سەر سنووردا کۆمەڵێك بورج ئامادە بکا تا دوژمن نەتوانێ له قۆڵی ڕۆژئاواوە پەلاماریان بدات. هەروەها یەکە سوارەکانی ناوچەی نێرکی و سیلڤانا بۆ عەمەلیاتەکانی داهاتوو ئامادە بن.

٢- ناوچەی باراندۆز، دەبێ قووەتەکەی عەقید فولادوەند له یەکەم قۆناغدا شاخەکانی کورگەل و دەشتە پێل و هەروەها شاخەکانی قولقولەو بەردە زەرد بگرێ و لەگەڵ مەرگەوەڕ یەك بگرێتەوە.

٣- قووەتەکەی گەلیی قاسملو بەسەرکردایەتی عەقید نیساری هەمان وەزعی دیفاعی خۆی بپارێزێ.

٤- قووەتەکەی عەقید مزەفەری، پاش گرتنی دەربەندو تازاس و شەیتاناوا هەر لەوێدا وەزعی دیفاعی وەربگرێ.

**ب- قۆڵی باشوور:**

١- قووەتەکەی عەقید مەجیدی، له قۆناغی یەکەمدا کێوی پادار بگرێ.

٢- قووەتەکەی عەقید ئەنساری (له قۆناغی دووەمدا شاخەکانی چواربت و قووەتەکەی عەقید غەفاری، درەشمان و سۆفیان و نەڵۆس بگرێ و پاش گرتنی ئەو شاخانە ڕوو بکاتە شاخەکانی ڕاندۆڵەو زەمینەی هێرش بۆ قۆڵی شنۆ خۆش بکا.

جارێ بۆ ئاگاداری پتری. خوێنەران، نەخشەی پێشڕەوی قووتەکانی باکوورو باشوور له ٤/فەروەردیندا شەرح دەکەم، ئەوجا دێمەوە سەر باسی ئەو عەمەلیاتە سوپاییانەی کە له ڕۆژی ٧/فەروەردینەوە دەستی پێکرد.

**(ڕێکخستن و سازدانی هەموو قووەتەکان له ٦/فەروەردین /١٩٤٧دا)**

١- لقێکی بەتالیۆنی ئەسفهان له سلیڤانا.

٢- لیوای سوارەی فەوزیەو دوو زرێپۆش له زەرکا (بەسەرکردایەتی عەقید پرتەوی).

٣- دوو بەتالیۆنی پیادەو تۆپێك و لقێکی هاوەنو زرێپۆشێك له نێرکی (بەسەرکردایەتی عەقید سەردادوەر). هەرسێ قووەتی نێوبراو لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی عەقید نیساریدا بێ.

٤-بەتالیۆنێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەو دەستەیەکی هاوەن له شاخەکانی سدیق و نەرەلەر (بەسەرکردایەتی عەقید فولادوەند).

٥- بەتالیۆنێکی پیادە: دەستەیەکی تۆپخانە، دەستەیەکی هاوەنو زرێپۆشێك له زارکی گەلیی قاسملو (بەسەرکردایەتی رائید پاشائی).

٦- لیوای سوارەی کوردستان، تۆپێك، دەستەیەکی هاوەنو زرێپۆشێك له شەیتاناوا (بەسەرکردایەتی عەقید موزەفەری). هەرسێ قووەتی نێوبراو بەسەرپەرشتی سەرتیپ زەنگنە بێ.

٧- بەتالیۆنێکی پیادەو دەستەیەکی تۆپخانە له قەلاجوق و خن خنە (بەسەرکردایەتی موقەدەم زرێپۆش).

٨- بەتالیۆنێکی پیادەو دەستەیەکی تۆپخانە له وەزنەو خان تاوس (بەسەرکردایەتی موقەدەم کبیری).

٩- دوو بەتالیۆنی پیادە، دەستەیەکی هاوەن و دەستەیەکی تۆپخانە له نەغەدە (بەسەرکردایەتی عەقید مەجیدی).

١٠- دوو لقی پیادەو ڕەشاش له نەغەدە، (بەسەرکردایەتی موقەدەم موحسینی).

١١- دەستەیەکی تۆپی ١٠٥ی دوور هاوێژو دەستەیەکی تۆپی ١٠٥ی کورت هاوێژو دوو زرێپۆش له نەغەدە.

١٢- لقێکی پیادە له گرنە.

١٣- دوو لقى پيادە، دوو دەستەى رەشاش و دوو زرێپۆش لە شاخەكانى چواربت (بەسەركردايەتى موقەدەم مساوات).

١٤- سىٚ لقى پيادە، دوو بەتاليۆنى سوارە، دوو زرێپۆش و دەستەيەك تۆپى ١٠٥ى كورت هاوێژ لە سوفيان (بەسەركردايەتى عەقيد ئەنسارى).

١٥- ٢٥٠ چەكدارى مەنگوڕ لە جەڵديان، بەسەرپەرشتى مولازمى دووەم نوبهار. هەر نۆ قووەتەكەى سەرىٚ بەسەركردايەتى راستەخۆى سەرتيپ بێگلەرى و ياريدەدەرى عەقيد غەفارى بىٚ.

١٦- دوو لقى پيادەو لقێكى تۆپى ٣٧ لە رەزاييە بەسەركردايەتى موقەدەم دولو.

كۆمەڵێك لە تفەنگچيانيش لە دەورى ئەو قووەتانەى سەرىٚ بوون بە مەبەستى بەشدارى كردن. حەوت فڕۆكەى هاينەو تايگەرموس-ش لە خزمەتى هێزەكەدا بوون. ئەم فڕۆكانە لە ٣/فەروەرديندا، لە فڕۆكەخانەى تەورێزەوە بۆ فڕۆكەخانەى رەزاييە گوێزرا بوونەوە، بەمەش فڕۆكەكان دەيانتوانى لە ماوەى چارەكە سەعاتێكدا بەسەر هەموو ناوچەكانى عەمەلياتى لەشكرەكەدا بسوڕێنەوەو وەكو پێويست كارى خۆيان ئە نجام بدەن.

## ( چۆنێتی شەڕەکانی مەرگەوەڕ ( عەقید نیساری )

پاش ئەوەی یەکەکانی سەر بە قووەتی مەرگەوەڕ لە زەرکاو نێرکی شاخەکانی سدیق و نەرەلەر دامەزران. بارزانییەکان لە شاخەکانی ئەڤرستەوە بەرەو قۆڵی باکوورو شاخەکانی باشووری ( دراژ کێر ) درێژەیان بە پێشڕەوی خۆیان داو راژانیان گرت و لە ئە نجامدا لەگەڵ چەکدارە عەشایەرەکانی نوری بەگدا لە ئاوایی دراژگێرو راژان تێك گیران پاش سووکە شەڕێك چەکدارەکانی نوری بەگ پاشەکشەیان کردوو دوو چەکداری نوری بەگ شەهیدو چواریشیان بریندار بوون. چونکە ئەو شوێنانەی نێومان بردن. کەوتبوونە پاشەوەی جەبهەی دیفاعی قووەتەکەو لەوانە بوو پاشەکی جەبهە دیفاعییەکە بکەوێتە خەتەرەوە، بۆیە بڕیاردرا لیوای سوارەی فەوزیەو بەتالیۆنی ئەسفەهان بەرەو دراژگێرو راژان وەڕێ بکەون و بارزانییەکان لە شاخەکان و هەردو ئاوایی نێوبراو دەرپەڕێنن.

بارزانییەکان، رۆژی ٨/فەروەردین، بەجم و جۆڵی سوپایان لە سیلڤانا زانی و رۆژی ٩/فەروەردین، ئاوایی دراژکێریان چۆڵ کردوو بەرەو شاخەکانی سنوور رۆیشتن.

رۆژی ٩/فەروەردین، بارانێکی توند لە ناوچەی مەرگەوەڕ دایکردو تەم و مژ ناوچەکەی داگرت. بارزانییەکان ئەم تەم و مژەیان بە فرسەت زانی و چەند گوللە تۆپێکیان گرتە قەرارگای نێرکی، بەڵام بێ سوود بوو.

رۆژی ٩/فەروەردین، هێرشی هەوایی لە هەموو جەبهەکاندا زیادی کرد، هێرشەکە ئەوەندە کاریگەر بوو کە شێخ محەمەد سدیقی برای مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕ ناردو داوای لێکرد بۆ ماوەی ٣رۆژ شەڕ رابگیرێ تا بتوانێ لەم ٣ رۆژەدا لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برایدا دوا بڕیاری خۆیان دەربارەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێشووی خۆیان بدەن. فەرماندەی قووەتەکە کە شارەزای پەیمانشکێنی بارزانییەکان بوو، وەڵامی دایەوە تا بەڵێنەکانی پێشوویان جێبەجێ نەکەن، ئەوا هیچ جۆرە گفتوگۆیەك نایەتە کردن.

بەرەبەیانی ١٣/فەروەردین، کە باران خۆشی کردەوە، فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕ داوای لە مولازمی یەکەمی سوارە حیشمەتی کرد کە بە خۆو بەتالیۆنێکی سوارەو دەستەیەکی هاوەن و دەستەیەکی تۆپخانەو سەد چەکداری عەشایەرەوە، لە شاخەکانی سیلڤاناوە بەرەو دراژگێر هێرش بەرێ. ئەفسەری نێوبراو بە پێی نەخشەیەکی تایبەتی بەرەو هەدەفی خۆی وەڕێکەوت و عەسری هەمان رۆژو بێ شەڕو تەقە ئاوایی راژانی گرت و دوو سەعات لەوە دواتر ئاوایی دراژگێری گرت.

پاش ئەوەی قووەتەکانی باشوور ( قووەتەکانی عەقید مەجیدی و عەقید غەفاری ) تا کۆتایی رۆژی ١٣/فەروەردین، چەند سەرکەوتنێکیان لە شاخەکانی پادارو دۆڵ وەدەست هێنا، هەروەها قووەتەکەی عەقید فولادوەند لە قۆڵی باراندۆزەوە شاخەکانی قولقولەو بەردەزەردی گرت و تا رادەیەك قەڵەمڕەوی بارزانییەکانی تەنگ کردو لە ئە نجامدا لە ئاواییەکان دووری خستنەوە، دەستوور بە قووەتەکەی عەقید نیساری درا کە بەرەو ئەڤرست و قەڵاسی هێرش بەرێ. قووەتی نێوبراو لە سەعات شەشی بەیانی رۆژی ١٥/فەروەردیندا بەرەو هەدەفی خۆی وەڕێکەوت. و بەهاوکاری عەشایەری ناوخۆ بەبێ شەڕ شاخەکان و ئاواییەکانی ئەڤرست و قەڵاسی گرت.

قووەتەکەی عەقید نیساری رۆژی ١٦/فەروەردین، شێرگان و شاخەکانی شێرگان-ی گرت و لەگەڵ قووەتەکەی باراندۆزا یەکی گرتەوەو بەم کارە وەزع و حاڵی هێزە سوپاییەکان هاتەوە تایم و بەتەواوی چاك بوو. لەم کاتانەدا، هەموو رۆژێ هەواڵ دەگەییە فەرماندەی هێزەکانی کوردستان کە گوایە بارزانییەکان لێکدا لێکدا دەکەنە سەر دەوڵەمەندانی شنۆ تا بەزووترین کات پردێك لەسەر چۆمی گادری بەرانبەر گوندی خنێرەی عێراق دروست بکەن، بەڵکو بتوانن لە کاتی پێویستدا خێزانەکانیان لەو ئاوە

بپەڕێنەوەو بۆ خاکی عێراق بچنەوە. لەلایەکی دییەوە هەواڵ دەهات کە ئەو دوو تۆپە ٧٥یەی پێیان بوو، دراوەتە دەست ئەفسەرە ئێرانییە هەڵاتووەکان، واتە ئەفسەرانی هەڵاتووی ئێرانی سەرپەرشتی بەکارهێنانی ئەو دوو تۆپە دەکەن، یەکێکیان لە جەبهەی سوفیان و نەغەدە بوو، بەسەرپەرشتی مولازمی دووەم رەیس داناو ئەوی تریان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بوو، بەسەرپەرشتی مولازمی یەکەمی هەڵاتوو تەفرەشیان. ئەم ئەفسەرە هەڵاتووانەی لای بارزانییەکان لە کردەوەی خۆیان ژێوان بوون و چاوەڕێی عەفووری عام بوون، لەم کاتەدا، چونکە گوشاری هێزە سوپاییەکان زیادیان کرد، بارزانییەکان لە قیناو بەدرێژایی دوو رۆژی تەواو لە تالانکردنی شنۆ بەردەوام بوون و خەڵکی بەناچاری سەرووەت و سامانی خۆیان دەشاردەوە. لە ئەنجامی بەد رەفتاری بارزانییەکاندا نزیکەی شەست کەس لە زەرزاکانی دێهاتەکانی دەورووبەری شنۆ هەڵهاتن و لە ١٠/فەرووەردیندا، خۆیان گەیاندە هێزەکانی دەوڵەت و چەکەکانیان کە بریتی بوو لە ٦ تفەنگ تەسلیم کردو ئەوانی دی گوتیان بارزانییەکان بەزۆر تفەنگەکانیان لێ سەندوون. رۆژی ١١/فەرووەردین، هەواڵ هات کە بارزانییەکان هەموو خێزانەکانیان لە دۆڵی گادر خڕ کردۆتەوەو مەلا مستەفاش لە گەلیی گڵاس بووەو لەوێوە چووەتە گوندی کەندۆڵە تا بەڵکو لەوێندەر کۆمەڵە چەکدارێك بە گەڵ خۆی بخا، بەڵام ئەو هەوڵەی سەری نەرگرتووە. هەروەها هەواڵ هات کە بارزانییەکان بۆ ئەوەی نەکەونە تەڵەوە هەموو ئاواییەکانی باشووری چۆمی گاردیان تا شان بەشانی ئاوایی نەڵۆس چۆڵ کردووەو هەروەها ئاوایی دراژگیریان لە ناوچەی مەرگەوەڕ چۆڵ کردووە.

لەم کاتانەدا فڕۆکەکان بە بەردەوامی ناوچەکانی باشووری شنۆو شاخەکانی قولقولەو کانی رەش و میراواو سینگانیان بۆردومان دەکردو ئەفسەران و دەرەجەدارانی قووەتەکانی باکوورو باشوور دەرفەتی وەستانی شەڕیان قۆزتەوەو بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ هێرشەکانی داهاتوو، بەسەر شاخەکان کەون و کەوتنە تاقیب کردن. بەداخەوە لە رۆژی ١٤/فەرووەردیندا، رووداوێکی ناخۆش قەوماو یەکێك لەو ناقیلانەی کە چوار زرێپۆشی بەسەرەوە بوو تا بۆ لەشکری چواری بێنێ، لەنێوان تەورێزو رەزاییەدا وەرگەڕاو عەریف عەلی ئیفتیخاری شەهیدو ٣سێ سەرباز بریندار بوون. سەعات هەشتی بەیانی رۆژی ١٤/فەرووەردین، سەر لەشکر، سەردانی شاخەکانی گورگەلەو بەردەزەردی کردو پاشان چوو بۆ نێرکی، لە گەڕانەوەیدا بۆ رەزاییە پوختەی سەرنجەکانی خۆی دەربارەی عەمەلیاتی داهاتوو، بەم جۆرە خستە بەردەم ئەفسەرانی سەرکردایەتی لەشکرەکە:

پێویستە هەوەڵجار کێوی ئاق بگیرێ. چونکە ئەم کێوە زاڵە بەسەر هەردوو دەروازەی دەشتی مەرگەوەڕو گەلیی قاسملودا. لە لایەکی دییەوە دەڕوانێتە دۆڵەکانی شێخ دەرەسی و خان دەرەسی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم کێوە زاڵە بەسەر هەموو رێگاکانی دەشتە پیل و مەرگەوەڕدا. قۆناغی دووەم، واتە پاش گرتنی کێوی ئاق، دەبێ لووتکەی مەندیل پێچ بێتە گرتن، چونکە ئەم شاخە کەوتۆتە ناوەندی داوێنی کێوی ئاقەوەو ئەگەر نەگیرێ، ئەوا سەنگەرەکانی کێوی ئاق دەکەونە مەترسییەوە. بۆیە بڕیاردرا بەتالیۆنی بەهادرو بەتالیۆنی ئەسفەهان کە لە سەنگەرەکانی بەردەزەرد بوون بگۆڕدرێن و بەتالیۆنی ئاهەنی قووەتی نێرکی بۆ بەردەزەرد بڕواو لەگەڵ هەردوو بەتالیۆنی نێوبراوو چەکدارانی عەشایەردا، رۆژی ١٦/ فەرووەردین، شاخەکانی ئاق و مەندیل پێچ بگیرێ. بەرەبەیانی ١٦/فەرووەردین، هێرشی ئاسمانی دەستی پێکردو ئەم هێرشە تا سەعات (٥)ی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بوو، و هێزی ئاسمانی پەیتا پەیتا پاش هێزەکانی (مۆخرە) هێزی بارزانییەکانی بۆردومان کرد. لە ئەنجامدا مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدو میرحاج کە هێرشی ئاسمانی تەنگەتاوی کردبوون، لە رێگەی شێخ عەبدوڵڵا گەیلانی مەرگەوەڕەوە کاغەزێکیان بۆ فەرماندەی ناوچەی مەرگەوەڕ ناردو داوایان کرد کە ئێمە ئامادەین هەموو ئەفسەرو تۆپەکان بدەینەوە، بە مەرجێ هێرشی ئاسمانی رابگیرێ و سوپا لە پێشڕەوی بووەستێ. لە لایەکی دییەوە ئەفسەرە هەڵاتووەکانی

عێراقیش لە ڕێگەی میر حاجەوە داوایان کرد کە ئامادەن بن بە تەبەعەی ئێران و لە ئێرانا نیشتەجێ بن.

وەڵامی سەرانی بارزانی درایەوە کە چونکەبارزانییەکان تا ئێستا هەر قەوڵکیان دابێ هەر قسەی رووت بووەو هیچ پەیمان و بەڵێنێکی خۆیان نەبردۆتە سەر، بۆیە تا ئەو کاتەی ئەفسەرو تۆپ و سەربازە هەڵاتووەکان نەدەنەوە، هێرشی ئاسمانی و پێشڕەوی سوپا بەردەوام دەبێ.

( چۆنێتی شەڕەکانی قووەتی دیزج و قووەتی وەزنەو خان تاوس )

وەکو پێشتر باسمان کرد قووەتی دیزج رۆژی ٣/فەرووەردین ئاوایی دەربەندو شاخەکانی تازەسی گرت و زەمینەی بۆ خۆ خۆشکرد کە بەرەو سێ ئاوان پێشڕەوی بکات. ئەم قووەتە تا دوا ساتەکانی رۆژی ١٢/فەرووەردین لە سەنگەرو بورجەکانی خۆیدا مایەوە. رۆژی ١٣/فەرووەردین، و بەر لەنیوەڕو بێ شەڕو پێکادان ئاوایی (دەلی)و شاخەکانی باکووری ئەو ئاواییەی گرت و کەوتە سەنگەر لێدان و خۆقایم کردن. هەروەها قووەتی وەزنەو خان تاوس-ش لە هەمان رۆژدا بەرەو یونسلی وەڕێ کەوت و لەگەڵ قووەتەکەی عەقید مەجیدی و قووەتەکەی دیزجدا یەکی گرتو لە قۆڵی باکووریشەوە کەوتنە خۆنواندن دژی بارزانییەکان. قووەتی دیزج بەسەرکردایەتی عەقید عەلی قولی موزەفەری زەنگنە لە ١٤/ فەرووەردیندا، بەرەو سێ ئاوان وەڕێکەوتو نارنارو تازەسی بەبێ شەڕو تەقە گرت. چەکدارانی ریڕۆو تەهاش بە ناچاری بۆ بەرزاییەکانی سێ ئاوان پاشەکشەیان کرد. ئەم قووەتە بەپێی دەستوورو فرمان لە ١٨/فەورەدیندا درێژەی بەپێشڕەوی خۆی بۆ سێ ئاوان دا. لەسەعات دەی بەیانیدا ملەی سێ ئاوانو لەسەعات یازدەدا ئاوایی سکان-ی چوار کیلۆمەتری باشووری ئاقبلاغی بەبێ شەڕ گرت. قووەتی دیزج لەسەعات ١١ی هەمان رۆژدا لەسکانیدا لەگەڵ قووەتەکەی عەقید مەجیدیدا یەکی گرتو قووەتی گەلیی قاسملووش لەهەمان رۆژدا گەییە ئەوێندەرو بەپێی نەخشەی سەرکردایەتی هێزەکان، بڕیاردرا کەسبەینێ هەرسێ قووەتی نێوبراو بەرەو ئاقبلاغ پێشڕەوی بکەن. ئەم بڕیارە جێبەجێ کراو هەرسێ قووەتەکە لەسەعات سێی پاش نیوەڕۆی ١٩/ی فەرووەردیندا گەیینە ئاقبلاغو لەوێندەر خڕبوونەوەو بەمەش سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست هات.

*( شەڕەکانی قووەتەکەی عەقید مەجیدی )*

ئەرکی دووەمی قووەتەکەی مەجیدی ئەوەبوو کە هێرش بۆ شاخی پادار بکاو بیگرێ. ئەم قووەتە لەگەڵ کۆمەڵێك چەکداری عەشایەردا، لە رۆژی ٧/فەرووەردیندا بەرەو هەدەفی خۆی وەڕێکەوت. بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست کۆمەڵێك چەکداری عەشایەری لە پێشەوە ناردو بێ شەڕو تەقە گەیینە داوێنی شاخی پادارو چونکە شەویان بەسەردا هات، شەوێ لە هەمان شوێندا مانەوە. قووەتی سوپایی، لە سپێدەی ٨/فەرووەردیندا بەرەو لووتکەی پادار پێشڕەوی کرد. ئەم پێشڕەوییە بەهاریکاری دوو زرێپۆشی سووك و قورس، هەروەها بە پشتیوانی فڕۆکەو تۆپخانەی ١٠٥ ئەنجامدرا. قووەتەکە بەهەوڵو تەقەلایەکی لە رادە بەدەر توانی لووتکەی ئەم چیایە بگرێو بۆ رۆژئاوای هەمان رۆژ بگاتە یەك کیلۆمەتری لووتکەی پادار. بەڵام لەبەر ئەوەی شەو بەسەردا هاتو یەکێك لە زرێپۆشەکان خراپ بوو، یەکەکان، ناچار وەستانو فەرماندەی قووەتەکان ئەمری دەرکرد کە یەکەکان سەنگەر بگرنو حاڵەتی دیفاعی وەربگرنو خۆیان بۆ هێرشی سبەینێ ئامادە بکەن. فەرماندەی ئەم قووەتە بەبێتەل پێوەندی بە فەرماندەی گشتی قووەتەکەوە (سەرتیپ بێگلەری)و فەرماندەی لەشکرەوە کردو داوای کرد کە زرێپۆشی بۆ بنێرن. یەکسەر داواکەی پەسەن کراو، بەپێی پێویستی زرێپۆشی بۆ نێردرا. ئەم قووەتە لە شاخەکانی

پیرناسرو ئەرەنەدا دەستێکی چاکی لە خراپکاران وەشاندو ترس و نیگەرانی خستە دڵیانەوە. چونکە فیشەکیان تەواو بوو، و پێشڕەوی قووەتەکەش بەردەوام بوو، و ژمارەی بریندارانی ئەوان روو لە زیادی بوو، بۆیە شێخ ئەحمەد بە ناچاری داوایەکی پێشکەش بە فەرماندەی هێزەکان کرد (ئەم داواکارییەی شێخ ئەحمەد زەمینە خۆشکردن بوو بۆ ئەوەی بتوانیٚ مۆڵەتێك لە دەوڵەت وەربگریٚ تا خێزانەکانی خۆیان بەرەو عێراق بەرنەوە) داواکارییەکەی شێخ ئەحمەد بەم نێوەڕۆکە بوو:

(چونکە ئیسراحەت و ژیانمان لیٚ هەڵگیراوە، بۆیە لای خۆمەوە بڕیارمدا کە سەربازەکانتان بدەینەوەو خۆم لەم عەزابە ویژدانییە رزگار بکەم. تکایە نوێنەرێکی خۆتان بنێرن بۆ وەرگرتنەوەیان.

**ئیمزا شێخ ئەحمەد**

دوای ئەم نامەیە هەموو ئەو دیلانەی (جگە لە ئەفسەرەکان) لە شەڕی نەڵۆس و خەلەجدا گیرابوون، ئازاد کران. هەر لەم کاتانەدا، دەستوور بە قووەتێکی دی درا، کە پێك هاتبوو لە دەستەیەکی هەڵبژاردەی ئەو لقەی کە لە وەزنە دامەزرابوو، لەگەڵ ژمارەیەك چەکداری عەشایەردا بە سەرکردایەتی رائید قوربانی کە لە قۆڵی وەزنەوە بەرەو بەرزاییەکانی پادار هێرش بکەن. ئەم قووەتە لە بناری شاخەکانەوە، زۆر سەرکێشانە پێشڕەوی کردو دوا بەدوای یەك سیٚ لووتکەی گرت. بەڵام چونکە بارزانییەکان سەرسەختانە بەرەڤانیان لە شاخەکان دەکردو شوێنەکەیان لە هەموو روویەکەوە لە بارو زاڵ بوو، بۆیە دوای شەڕێکی قورس عەریف ئیسماعیل بەیات کە سەر بە بەتالیۆنی یەکی لیوای ١٢ کرمانشان بوو، و سەربازێك و شەش چەکداری قەرەپاپاخ شەهید بوون و دەستوور بەقووەتەکە درا کە پاشەکشە بکات. بە پێچەوانەی پێشبینی بارزانییەکانەوە کە وایان دانابوو لە سپێدەی رۆژی ١٠/فەروەردیندا هێرش بۆ چیای پادار دەست پێبکا. هێرشەکە بە شێوەیەکی کتوپڕ لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژەداو بە پشتیوانی تۆپخانەی ١٠٥ی قورس و سووك و بۆردومانی بیٚ وچانی فڕۆکە، دەستی پێکرد. قووەتەکە توانی لە سەعات ٦،٣٠ عەسردا لووتکەی کێوی پادار بگریٚ. زیانی بارزانییەکان لەم شەڕەدا ١٢کوژراوو ٨بریندار بوو. چەند تەفەنگێکیش کەوتە دەست قووەتەکەو زیانی قووەتەکەش شەهید بوونی یەك سەرباز بوو. گرتنی پادارو بۆردومانی فڕۆکە لە هەموو ناوچەکاندا، ورەی بە بارزانییەکان بەرداو کەوتنە ئەوەی کە دەوڵەت رازی بکەن تا دەرفەتێکیان بداو بتوانن لە خاکی ئێران دەرچن بۆیە محەمەد سدیقی برای مەلا مستەفا کە لە بۆردومانی فڕۆکەکان بیٚ تاقەت بووبوو، محەمەد ئەمین مەرگەوەڕی ناردە لای فەرماندەی هێزەکان و بەڵێنی دابوو کە ئەم خاڵانە جێبەجیٚ بکا:

١- بەنهێنی هەموو ئەفسەرە هەڵاتووەکان تەسلیم بکاتەوە.

٢- هەموو ئاسورییەکان بداتەوە بە هێزەکانی دەوڵەت و ناوی ئەوانەش بدا کە رۆیی بوون.

٣- هەر هەموو ئەو کەل و پەل و ئامێرو چەك و تەقەمەنیانەی کە تا ئێستا کەوتوونەتە دەست بارزانییەکان وەکو خۆیان بیانگێڕێتەوە.

٤- تۆپە (٧٥)کان بگەڕێنێتەوە.

بەرانبەر بە ئەنجامدانی ئەو خاڵانەی سەرەوە، داوای کردبوو:

١- بایی چل رۆژ ئازووقە و خواردەمەنی بە خێزانە بارزانییەکان بدریٚ.

٢- هێزی دەوڵەت مۆڵەت بە بارزانییەکان بدا کە لە ناوچەی دەشتە پیل خڕببنەوەو بە چل رۆژی رۆژ پاش مۆڵەتەکە خاکی ئێران بەجێبهێڵن.

٣- بارزانییەکان، تا چل رۆژی مۆڵەتەکە تەواو دەبیٚ، مەخفەرێك لە زارکی بێنارد دابنەن (واتە مەخفەرێك لەسەر رێگەی رۆستەم ئاواو گوندی توی دابنەن).

به محەمەد ئەمین مەرگەوەڕی گوترا، با محەمەد سدیق زۆربەی خاڵەکان ئەنجام بدا ئەوساکە بە دەنگیانەوە دەچین. ئەم قووەتەو بەتالیۆنەکەی موقەدەم زرێپۆش، پاش ئەوەی پادار گیرا، لە لووتکەی پادارو شاخەکانی پیرناسرو قەلاتان و ئەرەنەو دەربەندا، دامەزران. لەم کاتانەدا هێشتا عەمەلیاتی شاخەکانی پادار بەردەوام بوو، و هەواڵی گرتنی لووتکەی پادار نەگەیی بووە تاران. ئەم دەستوورانە لە لایەن سەرکردایەتی سوپاوە بۆ فەرماندەی لەشکری چوار هات:

(بە عەمەلیاتەکانی شاخی پادارا وا دەردەکەوێ کە قووەتەکانتان وەکو پێویست دوژمن تەنگەتاو ناکەن، جگە لە قووەتەکەی قۆڵی پادار، ئیدی قووەتەکانی هەموو قۆڵەکانی دی هەر لە جێی خۆدا ئەم پێو ئەو پێ دەکەن. دیارە ئەم سستییە وای کردووە بارزانییەکان لە پەناو پاسارە قایمەکانەوە هێزەکانی خۆیان ئاراستەی ئەو شوێنانە بکەن کە ئێوە سەرگەرمی چالاکین تیایاندا، بەمەش زیانی زۆرتان لێ دەدەن و سەریەشەتان بۆ دروست دەکەن. لە کاتێکا کە پێویستە عەمەلیاتی قووەتەکان لە یەك کاتو ساتا لە هەموو قۆڵەکانەوە دەست پێ بکاو تەنانەت لەو قۆلانەشەوە کە هێرش ناکرێ، دەبێ هەندێ مانۆری سوپایی بێتە کردن. بۆ وێنە با قووەتی مەرگەوەڕ ئەو شوێنانە تۆپباران بکا کە گومانی ئەوەی لێدەکرێ خراپکارانی تێدا بێو بەم مانۆرە سەرگەرمیان بکا. بەمەش بەر لە خراپکاران دەگیرێو دەرفەتی ئەوەیان نامێنێ خۆ کۆبکەنەوەو بازو نوێنی بەرانبەر بە قووەتە شەڕکەرەکانی ئێوە بکەن. بە هەر حاڵ پەیڕەوکردنی ئەو دەستوورانە ڕۆڵێکی گەورە لە سەرکەوتنی ئێوەدا دەبینێ پاش ئەوەی هەواڵی گرتنی لووتکەی پادار بەسەرکردایەتی سوپا ڕاگەیەنرا، سەرکردایەتی سوپا ڕۆژی پاشتر، واتا ڕۆژی ١١/فەروەردین، دەستووری بۆ فەرماندەی لەشکر دەرکرد کە بەزووترین کات قووەتەکانی باکوور هێرش بۆ نەڵۆس بەرن و قووەتەکانی باشوور بەرەو قولقولەو بەردەزەرد وەڕێ بکەون. هەروەها بە فەرماندەی لەشکر ڕاگەیەنرا کە چوار زرێپۆشیی لە مەرکەزەوە بۆ ڕەوانە کراوەو زرێپۆشەکان حاڵی حازر وان لە تەوریز. ڕۆژی ١٣/ فەروەردین، سەرکرادیەتی سوپا، ڕاستەوخۆ ئەمری بە قووەتەکەی عەقید مەجیدی کرد کە زۆر بەجددی سەنگەرەکانی خۆی بپارێزێ و بناری باکوور و باشووری چیای پادار بگرن و بە هەموو توانایەکەوە بیپارێزێ. فەرماندەی قووەتەکە دوا بەدوای ئەو ئەمرە، دەستووری بە بەتالیۆنەکەی رائید لەشکری دا کە بە دوو لقەوە سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی ١٣/فەروەردین، لە شاخەکانی پیرناسرەوە بۆ حەسەن نوران هێرش بەرێ. رائید لەشکری، لە سەعاتی دیاریکراوا، بە کۆمەکی تۆپخانەو پشتیوانی فرۆکەوە دەستی بە پێشڕەوی کردوو بێ شەڕو تەقە شاخی نێوبراوی گرت. کاتێ قووتی نێوبراو گەییە حەسەن نوران فورماندەی لەشکرو فەرماندەی قووەتەکانی باشوور هەردوو سەر لەشکر هەمایونیو سەرتیپ بێگلەری لەوێندەر ئامادە بوون. ڕێك لەم کاتەدا دەنگی تەقەو دەستڕێژی بەتالیۆنەکەی موقەدەم حەمیدی، کە ڕاسپێردرا بوو لە لووتکەی ژمارە دووی شاخی پادارەوە خۆی بگەیەنێتە لووتکەی بەردەزەرد، بەرز بووەوە.

## (شەڕی قووەتەکەی موقەدەم حەمیدی لەگەڵ بارزانییەکاندا)

ئەمر بە بەتالیۆنی دووی لیوای نادریش کرا کە وەکو بەتالیۆنەکەی رائید لەشکری لە سەعات هەشتی بەیانی ١٣/فەروەردیندا دەست بە هێرشی خۆی بکات. بەر لە سەعاتی دیاریکراو ئەمر درا کە فرۆکەیەك و تۆپخانەی ١٠٥و تۆپخانەی ٧٥ شاخی نێوبراو دابێژن و ئەوجا لقەکەی مولازمی یەکەم شیدفەڕ پێشڕەوی بکا. ئەم لقە لە گەرمەی پێشڕەویدا بوو کە لە باڵی ڕاستەوە بەر دەستڕێژی خراپکاران درا. بەڵام پاش ئەوەی هێزی پشتیوان و زرێپۆشێك فریای کەوت، قووەتەکە شاخی بەردەزەردی گرت.

زیانی خۆمان لەم شەڕەدا: شەهید بوونی ٣ سێ سەربازو بریندار بوونی ٦ شەشی دی بوو. زیانی خراپکارانیش ( مخرب ) شەش کوژراوو بیست بریندار بوو. دوا هێرش هەموو بارزانییەکانی پەرێشان کرد،

لە سەعات یازەدی ڕۆژی نێوبراوەوە ئیدی فڕۆکەی شناسایی ( استگلاع ) هەڵنەستا. کۆچ و کۆچباری خێزانە بارزانییەکان بۆ ناو گەلیی کلاس دەستی پێکردبوو.

لە ئاق بلاغ-شەوە هەواڵ هات کە کوێخایانی گوندەکانی ژارکۆن و سورەکان و لۆرکان قاسیدیان ناردۆتە لای فەرماندەی قووەتەکەی گەلیی قاسملوو ئاگاداریان کردۆتەوە کە بە ( ١٧ ) چەکدارو ٤٠٠ چوار سەد سەر مەڕو ماڵاتی خۆوە زەمانەتیان وەرگرتووەو بە مەبەستی شوانکارەیی چوونەتە ناوچەی کۆکیا. پاش ئەوەی قووەتەکانی باکوورو باشوورو ئەو قووەتەی کە لە مەرکەزەوە نێردرابوو، دەستێکی باشیان، بەتایبەتی لە شاخی پادارو بەردەزەردا، لە خراپکاران وەشاند، ئیدی بارزانییەکان بە پەلە پرۆزێ شنۆو ئاواییەکانی دەشتی شنۆیان چۆڵکرد. سوارەکانی موساخانی زەرزایی سەعات چواری پاش نیوەڕۆ چوونە ناو شنۆوەو لە دەروازەی شارا لەگەڵ بارزانییەکاندا تێك گیران و لە سەعات پێنجدا شەڕێکی قورس هەڵگیرسا.

چەکدارەکانی موساخان پاش ئەوەی دوو ڕەشاشی سووکیان لە خراپکاران گرت، ئیدی راویاننان و لە ناوچەکە دەریان پەڕاندن. هەر لەم کاتەدا ئاوایی سینگان، کانی ڕەش و خالیداوا لەلایەن هەندێ عەشایەری سەر بە قووتەکەی عەقید غەفارییەوە گیران. سەر لەشکر هەمایونی، هەواڵی سەرکەوتنەکانی بەسەرکردایەتی سوپا راگەیاندو لەوێوە چەند دەستوورێك بەم ناوەڕۆکە هاتەوە: ( لەم کاتەدا کە قووەتەکانتان لە شنۆ نزیك بوونەتەوە، دەبێ زۆر وریا بن، هێزەکانتان لە چیاکانی پادار، چواربت و نەڵۆس تەواو قایم بکەن ئەوجا بچنە ناو شنۆوە ).

دەبێ بەتەواوەتی دڵنیابن لەوەی کە ئایا بارزانییەکان شنۆیان چۆڵ کردووە یان نا؟ چونکە دوور نییە ئەمە داوێك بێ و هەر کە قووەتەکانتان گەییە دەشتی شنۆ، لێتان وەدەست بێن و پەلامارتان بدەن. بۆیە پێویستە یەکجار وریابن. هەروەها پێویستە بە فڕۆکە بەیانێك بەسەر هۆزی بارزانیاندا بلاوبکرێتەوەو پێیان رابگەیەنرێ کە ( شێخەکانتان خیانەتیان لێکردوون، چونکە دەوڵەتی عێراق هیچ لاری لە گەڕانەوەی خەڵکی بارزان بۆ عێراق نییە، بەڵام شێخانی ئێوە لەبەر خاتری خۆیان بۆ ئەوەی لە سزا دەربازبن، ئەم نەگبەتییەیان بەسەر ئێوە هێناوەو دەیانەوێ بەڕشتنی خوێنی ئێوەو ماڵ و منداڵتان لەو سزایە رزگار بن کە لە وڵاتی عێراقا چاوەڕوانیانە ). بەهەر حاڵ دەبێ خێزانە بارزانییەکان دندەبدرێن تا چەك دابنەن و دەست لەشەڕ هەڵبگرن، چونکە هەموو شاخەکانی دەوری دەشتی شنۆ نەگیرابوو، بۆیە فەرماندەی لەشکر دوا بەدوای دەستوورەکانی سەرکردایەتی سوپا ئەمری کرد کە جێ و سەنگەری یەکە سوپاییەکان لە شاخەکانی دەشتی شنۆدا قایم بکرێ و بارزانییەکان لەدوا لووتکەی دەرپەڕینن. بارزانییەکان بەرگرییەکی سەرسەختانەیان لەودوا لووتکەیەدا دەکرد. لووتکە نێوبراو بە لووتکەی ( گردکەشان ) ناسرابوو. ئەم لووتکەیە ( ١٥٠ ) سەدو پەنجا کەسی بەسەرکردایەتی ئەحمەد مەرگەوەڕیی، پێوە بوو. ڕۆژی ١٥/فەروەردین، بەتالیۆنەکەی موقەدەم حەمیدی لە قۆڵی باکوورو باشوورەوە، بەتالیۆنەکەی موقەدەم لەشکری لە قۆڵی ڕۆژهەڵات و باشوورەوە بە پشتیوانی زرێپۆش و تۆپخانەی ١٠٥ی دوور هاوێژو تۆپخانەی ٧٥و فڕۆکە پێشڕەوی و هێرشی بۆ هەدەفی نێوبراو دەستی پێکرد. تۆپخانە لە شاخەکانی بەردەزەردەوە، سەنگەری بارزانییەکانی لە ( گردکەشان )، داکوتایەوە. ئەحمەد مەرگەوەڕی خۆی لەبەر هێرشی قووەتەکان نەگرت، بێ دەستکردنەوەو تەقە شاخەکانی بەجێهێشت و بەرەو ئاوایی گردکەشان پاشەکشەی کرد. پاش گرتنی شاخی گردکەشان، ئیدی دەشتی شنۆ بە تەواوەتی کەوتە بەر دیدی راستەوخۆی قووەتەکە. گردکەشان چوار کیلۆمەترێ: لە شنۆوە دوورە. فەرماندەی قووەتەکە یەکسەر ئەمری کرد کە شاخەکانی قایم بکرێ. پاش ئەوەی شاخی گردکەشان پاك کرایەوە، سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆی ١٥/فەروەردین، کۆمەڵێك چەکداری عەشایەر بەسەکردایەتی موقەدەم زرێپۆش چوونە ناو شنۆوە، بەدەم پاکسازییەوە کۆمەڵێك چەك و گوللەو تۆپێکی بێ لوولەیان گرت و بەم جۆرەو پاش شەڕێکی بچووکی

دی ( ٥٠ ) پە نجا گوندی شنۆ لە دەست خراپکارانی بارزانی دەرهاتو ئیدی لە باری ئازووقەو خواردەمەنیو بژێوییەوە کەوتنە تەنگانەیەکی تەواوەوە.

( شەڕەکانی نەڵۆس و دەوری عەقید عەلی ئەکبەر غەفاری )

هەر کە دەستووری هێرش بەرەو نەڵۆس دەرچوو، سەعات شەشی بەیانی ١٣/فەروەردین، قووەتێك بەسەرکردایەتی عەقید غەفاری وەڕێکەوت. قووەتەکە بریتی بوو لەدوو بەتالیۆنی پیادە. دەستەیەکی هاوەن، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥و دوو زرێپۆش و پشتیوانی تۆپخانەی ١٠٥. لەم هێرشەدا کۆمەڵێك عەشایەری مەنگور بەمەبەستی منۆرو سەگەرم کردنی بارزانییەکان پێش قووەتەکە خراو تا سەعات نۆی بەیانی قۆناغی یەکەمی پێشڕەوییەکە تەواو کراو لە سەعات یازدەدا قۆناغی دووەم دەستی پێکرد. قووەتی نێوبراو لەم قۆناغەدا رووبەڕووی بەرگری سەرسەختانەی بارزانییەکان بووەوە بەپشتیوانی تۆپخانەی ١٠٥و بۆردومانی فڕۆکەوە ئەوجا توانی لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆدا، خراپکاران لە شاخەکانی رۆژئاوای نەڵۆس دەرپەڕێنێو لووتکەی شاخی دۆڵو بەرزاییەکانی رۆژئاوای ئەو شاخە لە خراپکاران پاك بکاتەوەو تا سەعات دوو، ئاوایی دەقورچی، چراوارنە، نەڵۆس، قەلوول لەلایەن قووەتەکەوە گیران. پاش ئەوەی لەرۆژی ١٥/فەروەردیندا، شاخەکانی پادارو گردکەشان گیران، ئەوجا ( ٢٠٠ ) چەکدارێکی مەنگوری سەر بەقووەتەکەی عەقید غەفاری بەمەبەستی پشتیوانی، بۆ سینگان رەوانەکران. عەقید غەفاریش بەخۆیو بەتالیۆنێکی سوارەی لیوای لوڕستانەوەو بە ٣سێ زرێپۆشەوە گەییە ناو شنۆو بەم جۆرە بەشێکی هەرە گرینگی عەمەلیاتەکە کۆتایی هاتو تا ئێوارەی ١٥/فەروەردین، ناحیەی شنۆ بە تەواوەتی لە بارزانییەکان پاك کرایەوە.

( شەڕەکانی قووەتی باراندۆز بەسەرکردایەتی عەقید فولادوەند )

قووەتەکەی گەلیی باراندۆز بەپێی نەخشەی تایبەتیو بەسەرکردایەتی عەقید فولادوەندو بەپشتیوانی فڕۆکە، سەعات دووی رۆژی ٨/فەروەریدن، بەرەو شاخی گورگەل هێرشی بردوو لە ماوەی نیو سەعاتدا بەبێ تەقە گرتیو لەوێ دامەزرا. هەر هەمان رۆژ، لە یەکەم سەعاتی پاش نیوەشەودا، شەڕێك لە شاخی گورگەل روویدا. لەم شەڕەدا سەربازێك شەهیدو مولازمی یەکەم تاج فەرو دوو سەربازی دی بریندار بوون. زیانی بارزانییەکان ( ٥ ) کوژراو بوو، سیانیان لەگەڵ خۆدا برد بوو، و دوانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێشتبوو. پاش ئەوەی شاخەکانی گورگەلە بە تەواوی پاك کرایەوە، داوا لە قووەتی نێوبراو کرا کە شاخەکانی قولقولەو بەردەزەرد بگرێو لەگەڵ قووەتەکەی مەرگەوەڕدا یەك بگرێتەوە. قووەتی نێوبراو بەسەرکردایەتی عەقید فولادوەند بوو، و بریتی بوو لە دوو بەتالیۆنی پیادە، لقێکی هاوەن، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥و دوو زرێپۆش، سەعات حەوتی بەیانی رۆژ ١٣/فەروەردین، بەپێی نەخشەیەکی تایبەتی بەرەو هەدەفی خۆی وەڕێکەوت. لەقۆناغی یەکەمدا بەتالیۆنی دووی بەهادر بە پاڵپشتی فڕۆکە هێرشی بۆ شاخی بەردەزەردو قولقولە کرد. ئەم هێرشە کە هاوکاری بەتالیۆنی ئەسفەهانیشی لەگەڵ بوو، بەو پەڕی قارەمانێتییەوە ئەنجامدرا. ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی گەلەك سەخت و عاسی و پڕپێچو پەنا بوو. هەرچەندە خراپکاران جێگەکەیان سەختو قایم بوو، بەڵام سەربازەکان بەوپەڕی لێهاتوویو کارامەییەوە سەنگەری بارزانییەکانیان یەك لەدوای یەك گرتو زەرەری ( ١١ ) یازدە کوژراویان لە دوژمن داو دوو تەفەنگیشیان لێگرتنو توانیان تا سەعات دوو هەر هەموو شاخەکانو ناوچە بەرزەکان بگرنو تا سەعات ٧سەنگەری چاكو قایم بۆخۆ ئامادە بکەن. تێکڕای زیانی بارزانییەکان لەم شەڕانەی دوایی هەردوو قۆڵی باکوورو باشوور پتر لە ٧٠ کوژراوو ١٥٠ بریندار بوو. بەتالیۆنی دووی لیوای بەهادر، رۆژی ١٥/فەروەردین، هێرشی بۆ شاخی قولقولەو باشووری بەردەزەد کردو

له سه‌عات نۆدا بەبێ تەقە گرتی. عەسری رۆژی ١٥/فەرروەردین، ئەمر بە عەشایەری قووەتی باراندۆز کرا کە بەرەو شاخی ئاق پێشڕەوی بکەن. ئەوانیش پاش سووکە شەڕێك، بۆ شەوێ خۆیان گەیاندە لووتکەی شاخی نابراو. بەیانی رۆژی ١٦/فەرروەردین، بەتالیۆنی دووی لیوای ئاهەن بەرەو شاخی ئاق وەرێکەوت و لە سەعات نۆدا گەییە شاخی ناوبراو و درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو لە سەعات ١٢ هەمان رۆژدا شاخی مەندیلپیێچیش گیرا. قووەتەکەی عەقید نیساریش لە چوارچێوەی هەمان عەمەلیاتدا ئاوایی شیرکان و شاخەکانی باشووری ئاوایی ناوبراوی گرت و توانی پێوەندی خۆی لەگەڵ قووەتەکەی باراندۆز بەرقەرار بکا. پاش گیرانی شاخی ئاق و مەندیل پێچ ئیدی خەڵکی هەموو دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەری گەلیی قاسملوو کە سەیریان کرد وەزع شلۆقە، ئیدی بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خۆیان، کەوتنە ئەوەی کە تەسلیمی هێزەکانی دەوڵەت بن، و سەرانی عەشایەر لە کۆکیا گوێڕایەڵی و پەشیمانی خۆیان بەفەرماندەی قووەتەکە راگەیاندو ژمارەیەك تفەنگی بڕنەوو سێ تیرو پێنج تیری رووسییان تەسلیم کرد.

قووەتی باراندۆز رۆژی ١٨/فەرروەردین، بە بەتالیۆنێکەوە بەرەو شاخی (تان) درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو لە سەعات دەدا شاخی ناوبراوی گرت. بەم جۆرە بەتالیۆنێك لە شاخی (تان)دا کە دەیڕوانییە سەر ئاوایی لوران-ی حەوت کیلۆمەتری باکووری ئاقبلاغ، دامەزراو بەتالیۆنێکی تری قووەتەکە لە شاخی ئاق مایەوە. رۆژی ١٩/فەرروەردین، بەشێك لە قووەتی باراندۆز بە ئەمری سەرکردایەتی لووتکەی ژمارە ٩١٩/گرت.

ئەم لووتکەیە بەسەر ئاوایی سورکان و دەشتی مەرگەوەڕدا زاڵ بوو. سەرکردایەتی سوپا لە تارانەوە، ئەمری بە فەرماندەی قووەتەکان کرد کە ئاگاداری وەزع و حاڵ بن، نەبادا غافڵگیر بکرێن، تەئکیدی تایبەتی لە عەقید مەجیدی کە لە چیای پادار بوو کرا، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو بارزانییەکان لە قۆڵی ئاقبلاغ و گەلیی قاسملووە هێرش بکەن و ئەم قووەتە بخەنە مەترسییەوە، بۆیە دەبێ لەوانی دی وریاتر بێ. هەروەها بە هەموو قووەتەکانی رۆژئاواش راگەیەنرا کە دەبێ ئاگاداری ئەوەبن بارزانییەکان بۆ رۆیشتن بەرەو باکوور سوود لە شاخەکانی سەر سنوور وەرنەگرن. لە لایەکی ترەوە ئەمر بەفەرماندەی لەشکر کرا کە رۆژ بەڕۆژ بازنەی گەمارۆدانی بارزانییەکان تەنگتر بکاو لە شوێنێکی تەسکدا کۆیان بکاتەوەو ئەوجا بە بۆردومانی هەوایی رەگ و ریشەیان دەربێنن.

ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە لەم کاتانەدا بەعەقید فەیوزی سەرۆکی سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان دەگەیی، ئەوەیان نیشان دەدا کە بارزانییەکان لە گەلیی (گەلاس)دا کۆبوونەتەوەو تۆپەکانیان لەگەڵ خۆدا بۆ ئەوێ بردەوە، بۆ ئەوەی فڕۆکەش بۆردومانیان نەکا، مولازمی سوارە، حەمید جیهانبانیشیان، کە لە شەڕی خەلەجدا ئەسیر ببوو، لەگەڵ خۆدا بردووە، بەڵام پێنج ئەفسەری دیلیان تەسلیم بە پێشهێزی (مقدمە) هێزەکانی دەوڵەت کردووە. ئەم هەواڵانە ژمارەی بارزانییەکانی بە ٩هەزار کەس قەبڵاندبوو کە دوو هەزار کەسیان چەکدارن. رۆژی ١٩/فەرروەردین، سەرکردایەتی سوپا ئەمری کرد کە پتر دەستووبرد لە سەرکوتکردنی بارزانییەکان بکرێ. بەڵام سەر لەشکر هەمایونی، بەهۆی سەختی و دژواری ئەو ناوچانەوە کە بەدەست بارزانییەکانەوە بوو، خۆی لە پەلەکردن دووره پەرێز گرت.

**(بارزانییەکان لە خاکی ئێران وەدەردەکەون، دانەوەی مولازم جهانبانی و دیلە سوپاییەکانی دی بەلێپرسراوانی ئێران)**

لە رۆژی ١٣/فەرروەردیندا کە شەڕو پێکادانی توندی نێوان هێزەکانی هەردوولا بەهۆی پاشەکشەی بارزانییەکان و پێشڕەوی سست و خاوی هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە، وەستا بوو. هێزی ئاسمانی چالاکی پتری دەنواندو بەتوندی بارزانییەکانی بۆردومان دەکرد، بەتایبەتی کە بارزانییەکان بەنیاز بوون سوود لە وەستانی شەڕەکە وەربگرن و هێزەکانیان لە هەندێ شوێنی تایبەتیدا خڕبکەنەوەو ساز بدەن. هێزی

ئاسمانی بەردەوام بوو لە هێرشی توندی خۆی، فڕۆکەکان بەدەم بۆردومان کردنەوە تا عەسری ڕۆژی ١٩/فەروەردین، زانیاری تەواویان دەربارەی جمو جۆڵی بارزانییەکان بەدەست هێنا. سەرکردایەتی هێزی کوردستان بۆی دەرکەوت کە نزیکەی ٣سەد بارزانی بەتەمان لە خاکی ئێران وەدەرکەونو لە سنوور بپەڕنەوە. پاش سەعاتێك هەواڵ هات کە بەرایی ئەو سێ سەد کەسە لە سەربازخانەی لۆلان-ی دیوی عێراق بینراون. لە لایەکی ترەوە عەشایەری نیشتمانپەروەر لەم کاتەدا فەرماندەی هێزەکانیان ئاگادار کردەوە کە بە پێی هەواڵەکان، بارزانییەکان لەگەڵ لێپرسراوانی عێراقدا کەوتوونەتە گفتوگۆو قەرارە هەندێ لە چەکەکانی خۆیان لە شوێنێکی دیبەوە بۆ عێراق بەرنەوە. هەر لەم کاتانەدا شێخ ئەحمەدی بارزانی، کاغەزێکی تری بەم نێوەرۆکە بۆ فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕ (عەقید نیساری) نارد: (ئێمە ئەفسەرەکانمان دانەوەو بۆ تۆپەکانیش لەسەر قسەی خۆمانینو دەیاندەینەوە، بەڵام فڕۆکەکانتان بە پێچەوانەی هەموو یاسایەکی نێودەڵەتیو ئینسانیو ئایینییەوە، هەموو ڕۆژێك خێزانو ژنو منداڵمان بۆردومان دەکاتو هەموو ڕۆژێ کوشتار دەدەین، تکایە با فڕۆکەکانتان بۆردومان نەکەن.) لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە وەڵام درایەوە کە تا ئەو کاتەی مەلا مستەفای برات دەستی بە کاری دوژمنانە دژی هێزە سوپاییەکانی نەکردبوو، هەموو جۆرە خۆشەویستییەك دەرهەق بە هۆزی بارزان دەکرا. بەخۆتان ئاگادارن کە چەندین جار ئەوە دووپات کراوەتەوە کە ئەگەر بەڵێنی خۆتان دەربارەی دانەوەی چەك و تۆپ و ئەفسەرە هەڵاتووەکان بیردایەتە سەر، لەوەبوو چاوێك بە وەزعو حاڵی ئێستای بارزانییەکاندا بگێڕدراباوەو یارمەتی درابان، بەڵام بەم وەزعەی ئێستاوە، هێرشەکان بە توندی بەردەوام دەبن). ڕۆژی ١٨/ فەروەردین، فەرماندەی لەشکر هەواڵی بە تاران ڕاگەیاند کە یەکێك لەو فڕۆکانەی کە پشتیوانی قووەتەکەی عەقید نیساری دەکرد، لە ناوچەی مەرگەوەڕ گوللەی خرا پکارانی بەرکەوتووەو تەنکییەکەی کون بووەو فڕۆکەکە یەکسەر بەرەو فڕۆکەخانە گەڕاوەتەوە، بەڵام لە ڕێگەدا گڕی گرتووەو فڕۆکەوانەکەی (مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان، غولام حوسێنی نەجمی) نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکاو شەهید بووە، بەڵام دیدەوانی فڕۆکەی نێوبراو (نایب زابت تەهماسپی) توانیوویەتی بە پەڕەشووت خۆی بگەیەنێتە سەربازخانە. پاش گرتنی شنۆ، لەشکری چوار هەواڵی بەسەرکردایەتی سوپادا کە بارزانییەکان بەرەو گەلیی گلاس پاشەکشێیان کردووەو زیرۆو تەها هەرکی-ش لەگەڵ بارزانییەکان ڕۆیشتوون. بەڵام شەعبان بەگ ناوێك کە لەگەڵ ئەوان بووە، بە ژمارەیەك چەکداری خۆیەوە لێیان جیابوونەتەوەو داوای زەمانەتی لە فەرماندەی قووەتەکە کردووەو. سەبارەت بەو ئەفسەرو دەرەجەدارانەی کە لە ماڵی سەیید عەبدوڵلای گەیلانی بوون. بارزانییەکان، بەڵێنیان داوە کە بیاندەنەوە بەهێزەکانی دەوڵەت. چونکە لێپرسراوانی سوپایی دەیانزانی، بارزانییەکان وەریان زۆر نزمەو بەتەمان بەدرێژایی شاخی گورگەل کۆببنەوەو لەوێندەرەوە بۆ گەلیی گادر بڕۆن، بۆیە ئەمر بەهێزی ئاسمانی کرا کە دەست لە بارزانییەکان نەپارێزنو لەهەر شوێنێ بینران بەتوندی بۆردومان بکرێن.

بۆئەوەی بارزانییەکان، شاخەکانی ڕۆژئاواو باکووری شنۆ نەگرنو باڵی چەپی قووەتەکەی عەقید غەفاری نەکەوێتە مەترسییەوە، ئەمر درا کە هێزەکانی دەوڵەت بەزووترین کات ئەو شاخانە بگرن.

چونکە ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو کە بارزانییەکان لە ئەنجامی نائومێدیو بێ چارەییەوە، لەدوا ساتەکاندا دەستێکی توند بووەشێنن، بۆیە لە تارانەوە دوو بەتالیۆنی پیادەی ترو تۆپێکی ٧٥و بێتەڵێك بۆ ئازربایجان نێردرا. بەڵام بەر لەوەی ئەم قووەتە بگاتە تەورێز، بە تەلەگراف ئاگادار کرایەوە کە بۆ تاران بگەڕێتەوە. لە ڕۆژی ١٧/فەروەردیندا، کە ئەمری تاقیب کردنی بارزانییەکان بۆ هەموو قووەتەکانی مەرگەوەڕو دیزجو باراندۆز دەرکرا بوو ڕوونکردنەوەیەك بۆ فەرماندەی قووەتەکان هات کە پتر سوود لە هێزی سوارە وەربگرن تا بارزانییەکان دەرەفەتی حەسانەوەو سەنگەر گرتنیان نەمێنێو بەوپەڕی شپرزەییو ترسەوە لە ئێران وەدەربکەونو جارێکی دی زاتی ئەم جۆرە دەستدرێژییە نەکەن. لەم

عەمەلیاتەدا فڕۆکەش دەورێکی زۆر گرنگی لە سەرکوتکردنی خراپکاراندا دەبینی. چونکە بارزانییەکان بە پێی خێزانو ماڵو منداڵ پاشەکشەیان دەکرد، بۆیە ببوون بە هەدەفێکی زۆر دیارو لەبار بۆ فڕۆکەکان.

قووەتەکەی مەرگەوەڕ، پاش نیوەڕۆی ١٧/فەروەردین، گەییە زێوەو لەوێندەر دامەزرا. بەتالیۆنێکی قووەتی عەقید نیساریو بەتالیۆنێکی ئەسفەهانو لقێکی لیوای ئازەرپادو دوو زرێپۆشیش لەوێ دامەزران.

ئاوایی خەلەج و شاخەکانی دەوروبەریشی لەلایەن چەکدارەکانی رەشید بەگەوە گیراو بەتالیۆنی شەشی ئازرپادش گەییە جوتاوا. بەتالیۆنێکی ئەسفەهانیش لە نێرکی لایداو بەتالیۆنێکی لیوای چواری کوردستانو لقێکی پیادەی بەتالیۆنی ئازەرپاد لە سیلڤانا دامەزرێنرا. بەتالیۆنێکی لیوای ئاهەنو دەستەیەکی هاوەنی سەر بە قووەتەکەی باراندۆز لە شاخی مەندیلپیچو شاخی ئاق دامەزرا. هەروەها بەتالیۆنێکی بەهادرو دەستەیەکی هاوەنو تۆپێکی هەمان قووەت شاخەکانی بەردەزەردی گرت. دەربارەی قووەتەکانی باشووریش، بەتالیۆنەکەی موقەدەم مساوات لە سینگانو بەتالیۆنەکەی موقەدەم یەمینی لە شاخی دۆڵو بەتالیۆنەکەی موقەدەم زرێپۆش لە شنۆو بەتالیۆنەکەی سوارەی لۆڕستان لە نەلۆس دامەزران.

وەکو لە سەرێدا ئاماژەمان بۆ کرد، بارزانییەکان ئەو هەژدە دیلەی لای خۆیان، جگە لە مولازمی سوارە حەمید جیهانبانی، لە ڕێگەی سەیید عەبدوڵڵا گەیلانییەوە، ناردەوە بۆ بەرپرسانی سوپایی. هەر دوو قووەتی گەلیی قاسملوو قووەتی دیزجو قووەتی پادارش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩/ فەروەردین، لە ئاق بلاغ یەکیان گرتەوە. خراپکاران خۆیان لەبەر پێشڕەوی ئەم قووەتانە نەگرت، هەڵاتنو نزیکەی دوو رەشاشی قورسو دە رەشاشی سووکو پازدە رەشاشی ئەڵمانیو کۆمەڵێك تەقەمەنی تریان لێ بەجێماو کەوتنە دەست هێزەکانی دەوڵەت.

ڕۆژی ٢١/فەروەردین، لە سەرکردایەتی سوپاوە هەندێ دەستووری تازە بۆ قووەتەکان هات. سەرکردایەتی سوپا لەم دەستوورە تازانەدا بە فەرماندەی لەشکری ڕاگەیاند کە ئێستاکێ هێزە سوپاییەکان گەییونەتە شنۆو هەر هەموو قووەتەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیەو لە یەکترەوە نزیکن، با هەر هەموویان پێکەوە بەرەو سنوور وەرێکەونو ئەگەر بارزانییەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە ئەوا بە تۆپخانەو سوارە و زرێپۆشو پیادەوە بەتوندی بەگژیاندا بچنەوەو شپرزەیان بکەن.

هەروەها فڕۆکەشیان بۆ هەستێنن. واتە بە پێچەوانەی ئێستاوە کە قووەتەکانی دەوڵەت ئاگایان لە بارزانییەکان بڕاوەو نازانن لە کوێن، ئایا چوون بەدیوی عێراق یان نا؟ پێویستە بەزووترین کات بکەونە تاقیبیانو لەجمو جۆڵو نیازو مەبەستو ژمارەیان ئاگادار بنو بزانن بۆ کوێ چوونو چییان دەوێ. بەتایبەتی دەبێ ئەوە بزانن کە ئێستا بارزانییەکان کەوتوونەتە ناوچەیەکەوە کە پانیو درێژییەکەی لە ٣٠ کیلۆمەتر پتر نابێ، بۆیە پێویستە قووەتەکان بە پێی نەخشەیەکی گونجاوی ورد پێشڕەوی بکەن. فەرماندەی لەشکر، ڕۆژی ٢٠/فەروەردین، وەڵامی سەرکردایەتی سوپای دایەوەو هەر هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی عەشایەری وڵاتپارێزو ئەفسەرانی ئازادکراوەوە بەدەستی هێنابوو، هەمووی بەسەرکردایەتی سوپا ڕاگەیاندو گوتی: (مەلا مستەفا بەخۆو ٤٠٠ چەکداری هەڵبژاردەوە لە شاخەکانی مەرگ زیارەت بووەو تا ئەو کاتە بەرەو سنوور نەڕۆیشتووەو لێبڕاوە تا پەڕینەوەی کاروانی بارزانییەکان لە سنور، هەر لەو شاخانە بمێنێتەوە.

مولازمی دووەمی سوارە، جیهانبانی کە عەسری ڕۆژی ٢٠/فەروەردین لە ڕێگەی سەیید کەمال-ەوە تەسلیم بە قووەتی مەرگەوەڕ کراوەتەوە، دەڵێ بارزانییەکان خاوەنی (٣٥٠٠) تفەنگی بڕنەوو (٢٠٠) تفەنگی ئینگلیزینو (٢٥٠٠) تفەنگ لەو تفەنگانە بەدەست بارزانییەکانەوەیە. (٤٠) ڕەشاشی سووکو ١٧ ڕەشاشی قورسو نزیکەی ٧٠٠ نارنجۆکی دەستیان پێیەو بەهەر سێ کەسو نارنجۆکێکیان بەردەکەوێ. هەر چەکدارێکی بارزانی نزیکەی سەد فیشەکی پێیەو هەر یەکێکیان دوو شانە فیشەکی پۆڵاسمی پێیە. دەوری تۆپێکیان زۆر کەمەو هەر تۆپەو (٢٠) گوللە تۆپی لەگەڵدایە. لە ڕووی خواردەمنی-شەوە وەزعیان

خراپەو ئەوپەڕی بەشی یەك هەفتە گەنمیان هەیە. بارزانییەکان ورەیان تەواو رووخاوە، کوشتاری زۆریان لێکراوەو زۆر لە فڕۆکە ترساون. لەلایەکی تریشەوە سەرماو بەفر حەشری پێکردوون و بەشی هەرە زۆری مەرو مەڵاتەکانیان لە سەرما مردار بوونەتەوە. ئەفسەرە هەڵاتووەکان بریتین لە: تەفرەشیان، رەیس دانا ئیحسانی، زەربەخش، تەوەکولی، ئەرتەشیار، بەتوا، هەر هەموویان لە هەڵاتنی خۆیان ژێوانن و بەتایبەتی رەیس دانا لە هەموویان پتر لە کردەوەی خۆی پەشیمانە ).

دەربارەی فڕۆکەکە، ئەفسەری نێوبراو رای گەیاندووە کە فڕۆکەکەی مولازمی فڕۆکەوان نەجمی کە لە ناوچەی قەڵاسەنگ-ی سەر چۆمی گادر پێکرابوو، دەستەیەك لە خراپکاران تەقەیان لێکردبوو، و پێکابوویان و لە ئەنجامدا فڕۆکەکە سووتا.

مولازم جیهانبانی نامەیەکی بەم نێوەرۆکە لە شێخ ئەحمەدەوە بۆ فەرماندەی لەشکر هێنابوو: ( جەنابی سەر لەشکر هەمایونی، پاش عەرزی سڵاو. دەربارەی ئەو بەدحاڵی بوونەی کە لە نێوان ئێمەو حکوومەتی ئێرانا روویدا، پێویستە ئەوەتان عەرز بکەم کە هۆیەکەی ئەمە بوو هێزەکانی ئێران و عەشایەری ئێوە لە سینگاندا، بێ ئەوەی چ خەتایەکمان کردبێ هێرشیان کردە سەر ئێمە. ئێمەش ناچار بە پەرچمان دانەوەو شکاندمانن. دەربارەی تۆپەکانیش، ئێوە بۆ خۆتان لەشنۆدا تۆپێکتان بەهەموو کەرەستەکانییەوە گرتەوە. تۆپەکەی تریان لە خاکی ئێرانا ماوەتەوەو لە ڕێگەی شێخ عەبدوڵڵاوە تاقیبی بکەن و شوێنەکەی بدۆزنەوەو بیبەنەوە، چونکە ئێمە وڵاخمان نەبوو تا رای بکێشێ و لەگەڵ خۆمانی بەرین. فڕۆکەکانتان رۆژانە نزیکەی (٢٠) ژن و منداڵمان لێدەکوژن. دەربارەی دیلەکان بە ئەفسەرو دەرەجەدارو نەفەرەوە هەر هەموویان دراونەتە دەست شێخ عەبدوڵڵاو جیهانبانی-شمان داوەتە دەست سەیید کەمال، دەربارەی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، ئێمە زۆرمان هەوڵ بۆدا، و قازی محەمەدو مەحموود ئاغای دیبوکری، مام عەزیزو محەمەد سەعید هەرکی شایەتن، بەڵام بە فیتی هەندێ عەشایەر ئەم فیتنەیە قەوما. هیوادارم ئەم بەدحاڵی بوونە نەمێنێ و مەسڵەحەت لەوەدایە هەردوولا لەم رووەوە هەوڵ بدەن. بۆردومان کردنی ژن و منداڵانی ئێمە لەلایەن فڕۆکەکانتانەوە خیلافی ئینسانییەت و یاسای نێو دەوڵەتییە. دەست لەم کارە هەڵگرن. ئیمزا، شێخ ئەحمەد. )

وەڵامی ئەو نامەیە، بەم جۆرە درایەوە، کە چونکە تا ئێستا هەرچییەکتان گوتووە هەر قسەی رووت بووە، بۆیە ئەفسەرە هەڵاتووەکان تەسلیم نەکەنەوە هیچ شتێکی باشتان دەرهەق ناکرێ، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بەشێك لە ماڵات و ژن و منداڵەکانی خۆتان رەوانەی عێراق کردوەتەوە.

رۆژی ١٩/فەرورەردین، فەرماندەی لەشکر هەواڵیدا کە بەپێی دوا زانیاریمان، دەوڵەتی عێراق رێکەوتنننامەیەکی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانیدا رێك خستووەو بە ٣سێ پۆلیسدا زەمانەت نامەیەکی بۆ نێردراوە کە بەپێی ئەو زەمانەت نامەیە شێخ ئەحمەدو موریدەکانی لە هەموو روویەکەوە بەخشراون و دەتوانن بێ ترس و دوودڵی بۆ عێراق بگەڕێنەوە. تەنانەت بۆ ئاسان کردنی پەڕینەوەیان لە سنوورو لە چۆمی گادر، عێراقییەکان کۆمەڵێك کاریتەو تەختەیان داونەتێ تا بیکەن بە پردو لە چۆمی گادر بپەڕێنەوەو بەزووترین کات بگەنەوە عێراق. دەربارەی تەسلیم کردنی چەکەکانیشیان تەسهیلاتیان بۆ کراوەو رێك کەوتوون کە سەرانی بارزانی و خزم و کەسوکاری شێخ ئەحمەد چەکەکانی خۆیان پێ بمێنێ و ئەوانی دی چەکەکانیان تەسلیم بەدەوڵەت بکەن.

**( پاشماوەی عەمەلیاتەکانی قووەتی باشوور بەسەرکردایەتی عەقید مەجیدی )**

قووەتەکەی عەقید مەجیدی سەعات یەکی رۆژی ١٩/فەرورەریدن، گەییە ئاقبلاغ، لەبەر بەفرو زریان و باران، ٣سێ دانە رۆژ لە ئاقبلاغ مایەوە. پاشان ئەمر دەرکرا کە یەکەکان بەزووترین کات بەرەو سنوور وەڕێ بکەون. رۆژی ٢٢/فەرورەردین، ئەمر بەو ٦٠شەست چەکدارە عەشایەرەی لەمەڕ قووەتەکەی عەقید

مەجیدی کرا، کە بەرەو گەلیی کەڵاس پێشڕەوی بکەن. چەکدارە عەشایەرەکان لە گەلیی کەڵاس و ئاوایی کەلاسدا تاقیبی تەواویان کرد، بەڵام چ هەواڵێك لە خراپکارانەوە نەبوو، لە ئاوایی کەڵاسدا نزیکەی ۳۸ مەخزەنی رەشاش و لوولەیەکی رەشاشی سووك دۆزرانەوە. هەروەها لە باشووری کێوە کورکۆدا تۆپێکی (۷٥)یان بەدەست کەوت. (ئەم تۆپە هەمان تۆپ بوو کە شێخ ئەحمەد لە نامەکەیدا ئاماژەی بۆ کردبوو).

رۆژی ۲۳/فەروەردین، قووەتی نێوبراو لە ئاقبلاغەوە بەرەو شاخەکانی باکوور وەرێکەوت و گرتنی. عەشایەری سەر بە قووەتی نێوبراویش تاناو قەدی کێوی کورکۆ چوونە پێشێ. هەرچەند قووەتی نێوبراو لە رووی تەقەمەنییەوە وەزعی باش نەبوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە بە بەردەوامی گوشاری لە پاشهێزی بارزانییەکان کردوو بەرادەیەك تەنگەتاوی کردن کە بە پەلە پرۆزێ بەرەو سنوور هەڵاتن. سەرکردایەتی سوپا، لە نزیکەوە تاقیبی پێشڕەوی قووەتەکانی بۆ سنوور، دەکرد رۆژی ۲٤/فەروەردین، ئەمر بەقووەتی نێوبراو کرا کە دەم و دەست بەرەو سنوور پێشڕەوی بکا. ئەم قووەتە لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا، بەرزاییە حەساسەکانی گرت. بەڵام بە پێی راپۆرتی مامورانی ئەم قووەتە چ شوێنەوارێکی خراپکاران لەو بەرزاییانەدا نەبینراو دەرکەوت کە بارزانییەکان لە دەوروبەری شاخی (گەرگەر)ن.

(فەرمانەکانی سەرکردایەتی سوپاو کاری هێزەکانی کوردستان)

بە پێی بەڵگەنامەکانی لەشکری چواری هێزەکانی کوردستان، هەزارو پێنج سەد کەس لە عەشایەری زەرزاو مامش و مەنگوڕ سەعات شەشی بەیانی رۆژی ۲۲/فەروەردین، چوون بۆ سەر ئەو بارزانییانەی کە لە گەلیی تاڵجاڕ کۆببوونەوە. لەوێدا تووشی بارزانییەکان بوون و شەڕ لەنێوان هەردوولا هەڵگیرسا. ئەم شەڕە تا سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆی خایاندو (۳)کەس لە خراپکاران (مخرب) کوژران و ئەوانی تریان لە تاڵجارەوە بەرەو سنوور هەڵاتن. نوێنەری تەها هەرکی-ش هەر ئەو رۆژە هاتە لای فەرماندەی قووەتی مەرگەوەڕو (عەقید نیساری) داوای زەمانەتی کرد. ئەمجارەش وەڵامی تەها هەرکی وادرایەوە کە گوایە خۆی و پیاوەکانی خێرابێن و خۆیان بەدەستەوە بدەن ئەوا سەلامەت دەبن و هیچیان بۆ نابێ. هەڵبەتە هەندێ تەحقیق لە نوێنەرەکەی تەها کرا، نێوبراو رایگەیاند کە بارزانییەکان پێوەندییان بە عێراقییەکانەوە کردووەو کەرەستەیان وەرگرتووەو پردێکیان لەسەر چۆمی گادر رۆناوەو تا ئێوارەی ئەمڕۆ شتوومەکەکانیان بەرن بۆ ئەو دیو. ئەو پیاوە دەیگوت وەزعی بارزانییەکان زۆر خراپەو خواردەمەنیان نییەو شتە قورسەکانیان بەجێدێڵن و دەڕۆن.

عەسری رۆژی ۲۲/فەروەردین، فەرماندەی لەشکر بەبێتەل پێوەندی بەسەربازخانەی خنێرەی عێراقەوە کردوو ئامێر قووەکەی عێراق گوتی کە محەمەد ئاغای مەرگەوەڕی بۆ سوڵح و گرەنتی وەرگرتن هاتۆتە سەربازحانەی خنێرە، سبەینێ ماڵ و منداڵەکەی لە رووبارەکە دەپەڕنەوەو بۆ عێراق دێن.

هەموو هەواڵەکان ئەوەیان دەگەیاند کە مەلا مستەفا بەخۆو ژمارەیەکی زۆری چەکدارەوە بەرەو شاخەکانی مەرگ زیارەت چووە تا لەوێوە لە سنوور بپەڕێنەوەو بۆ بارزان بڕوات. رۆژی ۲٤/فەروەردین، دوا بارزانی لە پردی گادەر پەڕییەوە. بەڵام کاتێ بەبێتەل پرسیاری بارزانییەکان، لە سەربازخانەی عێراق کرا، عێراقییەکان وەڵامێکی روونیان نەدایەوەو چونکە ئەو رۆژەش، رۆژێکی تۆفو زریان و باران بوو، فرۆکە نەی دەتوانی هەستێ. بۆیە زانیارییەکی ئەوتۆ دەست هێزەکانی دەوڵەت نەکەوت. سەرکردایەتی سوپا لە رۆژی ۲۲/فەروەردین بەدواوە چەند دەستوورێکی جیاوازی بۆ فەرماندەی لەشکری کوردستان نارد. ناوەڕۆکی دەستوورەکانی سەرکردایەتی سوپا بریتی بوو لەم بابەتانە: بۆچی قووەتەکانتان بەرەو سنوور ناڕۆن؟ تا قووەتەکانی ئێوە بەرەو سنوور نەڕۆن، جم و جوڵی بارزانییەکان کۆتایی نایەت. تا ئێستا سەرکردایەتی سوپا نازانێ کە قووەتەکانی ئێوە لەبەر چی ناچنە پێشێ و بۆچی چوار رۆژە لەجێی خۆ چەقیون؟ بارزانییەکان لەم کاتەدا بێ ئازووقەن، بۆیە پێویستە خێراتر سەرکوت بکرێن، چونکە مانەوەی

ئەم بەشەیان لە نزیکی سنووردا، کارێکی زۆر دزێوەو شانو شەکەتی سوپای ئێرانی پێ دەشکێ، بۆیە بەزووترین کات بڕیار بدەنو بە پێی نەخشەو پلانێکی ورد بەرەو سنوور وەڕێکەون. لەلایەکی دییەوە تا ئێستا مەعلوم نەبووە کە ئایا بارزانییەکان پەڕیوونەتەوە بۆ عێراق یان نا؟ ئەگەر هەندێکیان پەڕیینەوە، ئەدی چەندیان لە خاکی ئێراندا ماونەتەوە. ئایا زیرۆو محەمەد مەرگەوەڕیو هەرکی-ش بۆ عێراق چوون یان نا؟

فەرماندەی لەشکر رۆژی ۲۳/فەروەردین، وەڵامی دایەوە کە:

شێخ ئەحمەدو هەندێ لە بارزانییەکان بۆ عێراق پەڕیونەتەوەو بەشێکی تری بارزانییەکان لە نزیکی پردێکی ٦*۳ی سەر چۆمەکە لایان داوە، محەمەد مەرگەوەڕی بەخۆو ماڵو منداڵەوە بۆ عێراق چووە. زیرۆو تەها هەرکی بەخۆو (۳۰۰) چەکداری هەڵبژاردەوە لەگەڵ مەلا مستەفادان و هێشتا بۆ عێراق نە پەڕیوونەتەوە. بە پێی نەخشەیەکی تایبەتی، قووەتەکا نمان تا ٥ رۆژی دی دەورووبەری سنوورەکان پاك دەکەنەوە. نەخشەکە بەجۆرێ داڕێژراوەکە هیچ بارزانییەك نەتوانێ لە خاکی ئێراندا بمێنێتەوە. تەسلیم بوونی بارزانییەکان بە مامورانی عێراق بە مجۆرە بووە. سەرەتا بارزانییەکان چەکەکانیان تەسلیم بەعێراق کردووە، پاشان چوونەتەوە ناو خاکی عێراق، شێخ ئەحمەد بەخۆی چۆتە سەربازخانەی خنێرەو سەرتیپ حیجازیی ئامیر قووەتی عێراقی دیتووە. بەهۆی سووربوونی سەرکردایەتی سوپاوە، رۆژی ۲۳/فەروەردین، وێڕای ئەوەی مەیدانی کاری قووەتەکان زۆر سەختو پڕ بەفر بوو، چەند قووەتێکی لەشکری کوردستان بەم شێوەیە بەرەو سنوور وەڕێکەوتن: قووەتی مەرگەوەڕ، بە بەتالیۆنی ۲ی ئازەرپادو دەستەیەکی هاوەنەوە شاخەکانی باشووری ئاوایی (تەوی) گرتو باقی قووەتەکە (لیوای) سوارەی فوزیەو تۆپێکی (۷٥) لەزێوە مایەوە. چەکدارەکانی رەشید بەگ، پاش سووکە شەڕێك لەگەڵ پاشێزی (موخرە) بارزانییەکان شاخی مەرگ زیارەتو بزسینایان گرت و دەستکەوتیان لەم شەڕەدا رەشاشێکی سووك بوو. عەشایەری مەرگەوەڕیش شاخەکانی باشووری چەکاروایان گرت. هەروەها ئەمر بە قووەتەکەی عەقید نیساری-ش کرا کە پێشڕەوی بکات، هەرچەندە دنیا بەفرو باران بوو، بەڵام قووەتەکە هەر درێژەی بە پێشڕەوی خۆیدا. قووەتەکەی عەقید فولادوەند-ش لووتکەیەکی ستراتیژی پێ سپێردرابوو، و گرتی. قووەتەکەی عەقید مەجید-ش بەرزاییە زەرووربییەکانی گرت. ئەم راپۆرتەی فەرماندەی لەشکر دەربارەی عەمەلیاتی قووەتەکان، بەدڵی سەرکردایەتی سوپا نەبوو، بۆیە بە تەلەگرافێکی تورە نارەزایی خۆی بەرانبەر بەهێزەکانی کوردستان دەربڕیو لەم تەلەگرافەدا پرسیاری کردبوو: لە کاتێکا، لە قۆناغی یەکەمی عەمەلیاتەکەدا، هێزەکانی کوردستان لێهاتووانە دەچوونە پێشێو توانیان خراپکاران چاوترسێن بکەنو کوشتیاریان لێبکەن، کەچی ئەوە دە رۆژێکە سستو خاو لەجێی خۆ چەقیونو خراپکاران توانیویانە بە کەماڵی ئیسراحەت لە سنوورەکاندا پشوو بدەنو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بکەونە گفتوگۆ. ئەم پێشهاتە و ئەم جۆرە کارکردنە بەهیچ جۆرێ بۆ سوپا مایەی رەزامەندی نییە. هەڵوەستەو دوودڵی لەشکر لەبەر چییە؟ دەبێ قووەتەکان بێ چ هەڵوەستەو دوودڵییەك تا سەر سنوور نەوەستنەوە تا دوژمن دەستگیر نەکەن یا لە نێوی نەبەن نەوەستن دەنا دانیشتن لەو شاخانەو تەماشاکردنی وەزعی ئەوان یا راگەیاندنی چۆنێتی کارکردنی ئەوان چ سوودێکی هەیە؟ بەردەوام بوون لەسەر ئەم رێبازە هەموو رەنجی ئەم ماوەیە بەفیڕۆدەدا. کەواتە دەبێ خێرا بکەونە تاقیبو راونانیانو چیتر کاتی خۆتان بەفیڕنەدەن).

فەرماندەی لەشکری چوار، پاش ئەوەی ئەم تەلەگرافەی سەرکردایەتی سوپای پێ گەیی، بەم وەڵامنامەیە گیروگرفتەکانی خۆیو قووەتەکەی بەسەرکردایەتی سوپا راگەیاند: (هۆی سەرەکی سستیو پێشڕەوی نەکردنی خێرای قووەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەفرو زریان. بەفرو زریانی ئەم چەند رۆژە لە ئەندازەدا نەبوو، ئەمە جگە لەوەی بارزانییەکان هەر هەموو ملەو کۆچەڕێیەکانیان بەچەکداری هەڵبژاردەی خۆیان تەنیووەو رەت بوون بەو ملەو کۆچەڕێیانەدا لە مەترسی بەدەر نەبوون، و نەدەکرا قووەتەکان بەبێ

زەمانەتی پێویست بنێردرێنە پێشەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هێزەکە درێغی نەکردووەو بۆردومانی فرۆکەش زەرەرو زیانی گەورەی لە دوژمن داوە، چەند قووەتێکی هەڵبژاردەش سازدراوە بۆ تاقیبو راونانی بارزانییەکان نێردراون، هەروەها قووەتەکەی عەقید غەفاری، رۆژی ٢٦/فەروەردین، گەییوەتە تاڵجارو سبەینێ بەرەو سنوور وەرێ دەکەوێ. چەند دەستەیەکی قووەتەکەی عەقید نیساری-ش گەییونەتە ملەی بزسیناو سبەینێ بەرەو سنوور وەرێدەکەون. چەککردنی ناوچەکانی دەشتو مەرگەوەرو شنۆو گەلیی قاسملوو دۆڵ لە ٢٦/مانگەوە دەستی پێکردووەو یەکەکان خەریکی ئەم کارە بوون، شێخ ئەحمەدو شێخ سدیق‌و محەمەد ئاغای مەرگەوەری بەماڵ‌و خێزانەکانیانەوە تەسلیمی دەوڵەتی عێراق بوون. بەڵام مەلا مستەفاو چەکدارەکانی هێشتا تەسلیم نەبوون‌و بەپێی ئەو هەواڵ زانیاریانەی بەدەستمان هێناون، لەشاخی کێلەشینی سەر سنووری عێراقدایە.

سەرکردایەتی سوپا، رۆژی ٢٧/فەروەردین ئەمری دا کە لەشکر زانیاری وردو دروست دەربارەی زیرۆو تەهاو مەلا مستەفا بەدەست بخاو شوێنەکانیان کەشف بکا، چونکە رادیۆیی تورکیا لەدوا بەرنامەی دوێنێ شەوی خۆیدا بڵاوی کردبۆوە کە مەلا مستەفا بەبریینداری خۆی بەخاکی عێراقدا کردووە. لە کاتێکدا کە ئەم هەواڵە درۆیەو لەوەیە نێوبراو لەگەڵ زیرۆو تەهادا هەر لەو سنوورانەدا خۆی حەشاردابێ، دەبێ دەستووری پێویست‌و جددی بۆ فەرماندەی قووەتەکان دەربکرێ، چونکە ئەم بابەتە لە رادەبەدەر گرینگەو پێویستە وەزعی مەلا مستەفاو هاورێکانی بەتەواوی روون بێتەوە. دوای ئەم دەستوورەی سەرکردایەتی سوپا، هەر هەمان رۆژ، واتا ٢٧/ فەروەردین، قووەتێك لە یەکەکانی باشوور پێکهێنرا، قووەتەکە بریتی بوو لە بەتالیۆنی پیادەی تیپی کرمانشان‌و تۆپێکی ٧٥ و ٤٠٠ سوارەی مامش‌و مەنگوڕو بەسەرکردایەتی عەقید غەفاری لە شاخی تاڵجارەو بەرەو پردی گادەرو ناوچەکانی سنوور وەرێکەوت. قووەتی نێوبراو وێرای بەفرو زریان، لەسەر پاکسازی‌و پێشڕەوی خۆی بەردەوام بوو، لە رێگەدا تووشی بوو بە تووشی چەکدارەکانی زیرۆو تەهاوەو شەڕێکی قورس لە شاخەکانی سەر سنووردا هەڵگیرسا لە ئەنجامدا چوار چەکداری تەها هاتنە کوشتن‌و چەکەکانیان گیراو سێ کەسیشیان دەستگیر کران. ئەم قووەتە لە خەتی سنووردا درێژەی بەپێشڕەوی خۆیداو لە شاخەکانی سەر سنوور ئاڵای سێ رەنگی شاهەنشای لەسەر دوا لووتکەی خاکی ئێران هەڵکردو ئاهەنگێکی سوپایی شکۆدار لە هێڵی سنووردا ساز درا، بەڵام چونکە دنیا زۆر سارد بوو، بەفر بەردەوام دەباری، قووەتەکە، ئێوارەی ئەو رۆژە بۆ تاڵجار گەڕایەوە. قووەتەکە لەم هاتووچۆیەدا مەعلووماتی دەستکەوت کە مەلا مستەفا و چەکدارەکانی کە بە (٥٠٠)سەد کەسێك تەخمین دەکرێن، رەفزیان کردووە تەسلیم بە عێراق ببنەوەو بەرەو قۆڵی باکووری (گادەر) هەڵاتوون‌و لەوێندەر لایان داوە. بۆیە دەستوور درا کەچەند دەستەیەکی قووەتی مەرگەوەڕو قووەتی عەقید مەجیدی بۆ شاخەکانی گادەر بەشوێنیاندا بنێردرێ. هەر بەو مەبەستە رۆژی ٢٩/فەروەردین دوو لقی پیادەی بەتالیۆنی ئەسفەهان لە شاخەکانی خەلەجەوە بەرەو بێناردو دوو لقی تیپی شەشی ئازەرپارد بەرەو شاخەکانی دالامپەرداغ وەرێکەوتن‌و بەبێ شەڕو تەقە شاخەکانی سنووری بێناردو دالامپەرداغ‌و ئەوێندەریان گرت‌و تووشی هیچ بارزانییەك نەبوون. رۆژی ٢٩/فەروەردین، قووەتەکەی عەقید مەجیدی بە چوار لقی پیادەو دەستەیەکی هاوەن بەمەبەستی شناسایی شاخەکانی تەنیشت چۆمەکە وەرێکەوت. قووەتەکە بەهۆی خراپی کەشو هەواوە نەگەییە پردی گادەر، بۆیە شەوێ لە شاخی بزسینا لایدا، بەڵام پێشهێزی (مقدمە) هەمان قووەت کە بریتی بوو لە چەکداری عەشایەرو سەربازی هەڵبژاردە بۆ ئێوارە خۆیان گەیاند بووە چۆمی گادەر مەعلووماتیان دەست خست کە هەموو خاو خێزانی تەها هەرکی لە چۆمەکە پەڕیونەتەوەو لە کەناری رۆژئاوای چۆمەکەدا خۆیان حەشارداوە. بەڵام ئەو دەستانەش کە شەویان بەسەردا هات، پاشەکشەیان کردوو بۆ ناو قووەتەکە گەڕانەوە. قووەتی نێوبراو، بەیانی رۆژی ٣٠ فەروەردین، درێژەی بەپێشڕەوی خۆیداو گەییە سەر سنوورو پاسەوانانی سنووری

عێراقیان بینیو بەو بۆنەیەوە کە قووەتە سوپاییەکان پاش چەندین ساڵ سەرلەنوێ توانیان ئاڵای شێرو خورشیدی دێرین لەسەر سنوور هەڵکەن، ئاهەنگێکی سوپایی لەسەر سنوور سازدرا و سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری هەرێمی ئازربایجان و کوژراوانی ڕێگەی ئازادی نیشتمانی خۆشەویست نێردرا. هەروەها قووەتی نێوبراو بەدەم ئەم کارانەوە زانیاری ئەوەی بەدەست هێنا کە عێراقییەکان پردی سەر رووبارەکەیان تێك داوە. لەدیدارێکدا لەگەڵ فەرماندەی قووەتێکی سنووریی عێراقا، ناوبراو رایگەیاند کە تەها هەرکییان بەدەستبەسەری بۆ خنێرە بردووەو خێزانەکانیشی هاتوونەتە ناو خاکی عێراقەوە.

پاش ئەوەی ئەم مەعلووماتانە بەسەرکردایەتی سوپا ڕاگەیەنرا، ئەمر بەفەرماندەی لەشکر کرا کە تەحقیقی تەواو لەوە بکرێ کە ژمارەی ئەو هەرکیو بارزانیانەی چوونەتە عێراق چەند کەس بوونو چەند کەسیان لەنێو ئێرانا ماونەتەوە. چونکە هەندێ لە بارزانییەکان لە عێراقا حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچووەو ناچێتە ئەقڵەوە کە لە خاکی ئێران وەدەرکەوتبن. هەر چۆنێ بووە دەبێ موریدانو پیاوانی زیرۆ دەستگیر بکرێن. لەم کاتەدا فەرماندەی ئەو قووەتەی کە لە کەناری چۆمی گادەرا خەریکی کاری خۆی بوو، سەرکردایەتی سوپای ئاگادار کردەوە کە عێراقییەکان، چۆمی گادەر بەسنووری نێوان هەردوو وڵات دەزانن، لە کاتێکدا کە ئەمە وانییە.

سەرکردایەتی سوپا بەپەلە وەڵامی دایەوە کە دەبێ هێزەکانی عێراق لە کەناری ڕۆژهەڵاتی چۆمەکە بکشێنەوە. دوا بەدوای ئەمە عەقید مەجیدی خێرا ئیعترازنامەیەکی توندی بە پاسەوانە سنوورییەکانی عێراق داو پێی ڕاگەیاندن کە بەپێی ئەو پرۆتۆکۆلانەی هەن، سنووری ئێران دەکاتە هێڵی ڕۆژئاوای چۆمی گادەر، دوای ئەم ئیعترازنامە بەجێیە، پاسەوانە عێراقییەکان کشانەوە بۆ ناو خاکی عێراق.

(کارەکانی قووەتەکانی عەقید فولادوەندو عەقید غەفاری)

هەواڵەکانی قۆڵی قووەتەکەی عەقید فولادوەند وایان دەگەیاند کە ڕۆژی ٢٨/فەروەردین، پاش ئەوەی بەفرو زریان خۆشیان کردووەتەوە، پێشهێزەکانی (مقدمە) قووەتی نێوبراو گەییونەتە پردی گادەرو شاخەکانی دەورووبەری چۆمەکەیان گرتووە. بەڵام تووشی هیچ یەکێك لە خراپکاران نەبوون. هەواڵی ئەوەش بەدەستەکەوت کە شێخ ئەحمەدو هەموو خێزانە بارزانییەکان بەر لەسێ ڕۆژ دوو تۆپی ٧٥ و هەزار تفەنگیان تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کردووە و لە سنوور پەڕیونەتەوە، ئەوجا عێراقییەکان پردەکەیان تێکداوە. هەروەها مەلا مستەفاو نزیکەی ٤٠٠-٥٠٠ سەد چەکدار لە ڕێگەی باکووری چۆمی گادەرو شاخەکانی داڵامپەرداغ-ەوە بەرەو بارزان وەڕێکەوتوون. ئەو دوو دیلەش کە لەلایەن قووەتەکەی عەقید غەفارییەوە گیرابوونو هەردووکیان تفەنگی بڕنەویان پێ بوو، خراونەتە ژێر تەحقیق. یەکێکیان ناوی جەلال فەندییەو جاران لە سوپای عێراقدا مولازم بووەو ئەوی تریان عەبدولقادرە فەندی ناوەو کاتی خۆی لە ناوچەی هەولێر مامۆستا بووە. لە تەحقیقدا ڕایانگەیاند کە: هەموو خێزانی بارزانییەکان بۆ عێراق پەڕیونەتەوەو تۆپ و ڕەشاش و تفەنگەکانیان تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کردووە. بەڵام مەلا مستەفا ڕەفزی کردووە بۆ عێراق بچێتەوەو لەگەڵ هێزێکی ٤٠٠ کەسی هەڵبژاردەدا، بە تەمایە بۆ بارزان بڕواتەوە تا لەوێوە براو کەسوکارەکانی لە چنگ عێراقییەکان ڕزگار بکات. مەلا مستەفا شەش ئەفسەری ئێرانیشی لەگەڵدایە. چەند ئەفسەرێکی عێراق-ش لەگەڵ مەلا مستەفا بوون، بەڵام پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە مەلا مستەفا بەتەمایە بۆ عێراق بچێتەوە، لێی جیابوونەتەوەو جارێ مەعلووم نییە کە بەرەو کوێ چوون. ڕۆژی ٣٠/فەروەردین، دوان لە موریدانی مەلا مستەفا کە عێراقی بوون، خۆیان تەسلیمی فەرماندەی سەربازخانەی شنۆ کرد. یەکێکیان ناوی عەلی حەسەنو ئەوی تریان ناوی عەلی ڕەشید بوو. بڕنەوەکانیان بەیەکی چل فیشەکەوە تەسلیم کرد. بەپێی ئەو تەحقیقەی لەگەڵیان کرا هەمان وتەو

ئیعترافی دیلەکانی پێشوویان دووبارە کردەوە، بەتایبەتی دەربارەی خودی مەلا مستەفا رایانگەیاند کە هەڵاتووەو خۆی تەسلیم نەکردووە.

رۆژی ٣١/فەروەردین، فەرماندەی لەشکری چوار رایگەیاند کە زیرۆو پیاوەکانی وان لە گەلیی ( پیل هسن )ی باشووری چۆمی گادەری سەر بەئێران. مەلا مستەفاش ها لە خاسۆك-ی ناوچەی خاکسوری سەر بە عێراق‌و کۆمەڵێك پۆلیس‌و چەکداری عێراقی دوایان کەوتوون‌و تاقیبیان دەکەن. تەهاش لە خنێرەیە.

ئامیر قووەتەکەی عێراق لە ٣٠/ فەروەردینەوە ئیدی پێوەندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی ئێران بڕی. هەر ئەو رۆژە. کاتێ قووەتێکی بەتالیۆنی ئازەرپاد بەرەو دالامپەرداغ چووبوو، بەدەم پێشڕەوییەوە مەعلووماتی دەست کەوتبوو کە نزیکەی هەشتا کەس لە پیاوانی زیرۆو بەهادری لە شاخی ( ١٢٢٥ )دا خۆیان حەشارداوە بۆیە یەکسەر فەرماندەی لەشکر ئەمری کرد کە قووەتەکەی عەقید فولادوەن+د بەهاوکاری بەتالیۆنی ئازەرپادو بەسەرکردایەتی عەقید سەدادوەر بەرەو لووتکەی ( ١٢٢٥ ) وەڕێ بکەوێ.

قووەتی نێوبراو، رۆژی ١/ئوردیبەهشت، (ئوردیبەهشت-٢١/٤-٢١/٥، ٣١رۆژە، وەرگێڕ) بەپشتیوانی فڕۆکە بەرەو شاخی زیارەت مووسا کە شوێنی حەسانەوەی پیاوەکانی زیرۆ بوو وەڕێکەوت، سەعات دووی پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ گەییە شاخی زیارەت مووساو لووتکە ١٢٢٥. پیاوەکانی زیرۆ لە قۆڵی باشووری چۆمی گادرەوە پاشەکشیان کردوو هەڵاتن. رۆژی ٢/ئۆردی بەهشت، ئەمر دەرکرا کە قووەتی نێوبراو بکەوێتە تاقیبی خراپکاران‌و تا سنوور نەوەستێتەوەو هەموو رێگەو تولە رێگاکان بەجوانی بپشکنێ.

قووەتی نێوبراو یەکسەر کەوتە تاقیباتیان‌و سەعات شەش‌و نیو گەییە سەر سنوورو مەعلووماتی دەستکەوت کە زیرۆ تەسلیمی گەورە بەرپرسانی سوپای عێراقی بووە. ئەم قووەتە، رۆژی ٣/ئوردیبەهشت، وێڕای ئەوەی بەفر هەموو ناوچەکانی داپۆشی بوو، ناوچەکەش، ناوچەیەکی ناهەمواری فرە دۆڵ‌و نشێو بوو، کەوتنە شناسایی ( استگلاع ) هەردوو کەناری باکوورو باشووری چۆمی گادەرو بنارەکانی دالامپەرداغ‌و شوێنە گومان لێکراوەکان. هەرچەندە ناوچەکە یەکپارچە بەفرو هەورازو نشێوی هەزار بەهەزارو قووڵ بوو، بەڵام قووەتەکە هەر لەسەر کەشفو و ئیستلاع‌و شناسایی خۆی بەردەوام بوو. هەموو یەکەکان لە سنوورا یەکیان گرتەوەو لەلایەن مەفرەزەیەکی عێراقییەوە بەسەرکردایەتی مولازم عەبدولڕەحیم عەبدولوەهاب، پێشوازی کران‌و پاش چاك‌و خۆشی پێویست ئەوجا ئاڵای ئێران لەسەر سنوور هەڵکرا، ئەفسەرە عێراقییەکە رایگەیاند کە زیرۆو تەها هەردووکیان لە خنێرەن‌و زیرۆ ١٢ تفەنگ‌و شەش رەشاشی تەسلیم بە پۆلیسەکانی عێراق کردووە. و شێخ ئەحمەد لە بەغدایەو مەلا مستەفاش لە خاکسورکەیە. بەم جۆرە هەموو قووەتەکانی لەشکری چوار گەیینە سەر سنوور و دوابستی سنوورەکانیان لە خراپکاران پاك کردووەوە و سەرکرادیەتی سوپا ئەمری بە قووەتەکان کرد کە بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی کە بۆ چەککردنی عەشایەرەکان دیاریکراون، ناوچەکان لە ماکۆوە تا سەر دەشت بوو. ئەمر بە قووەتەکە کرا کە تا رۆژی ١٥/ئوردی بەهشت/ ١٩٤٧ کاری چەك کردن بەرێك‌و پێکی ئەنجام بدرێ. سەرکردایەتی سوپا، پاش ئەم شەڕو پێکادانانە، بەمەبەستی چەککردنی ناوچەکانی باکووری کوردستان هێزی لەقەرە زیائەدین، خوی، قەتور، شاپوور، رەزاییە، تەرگەوەڕ، سۆمای برادۆست، مەرگەوەڕ، شنۆو پیران دامەزراندو دەست بەکاربوو.

## بەشی نۆیەم

### لە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستانەوە بۆ پای قەنارە، مەحکەمەو ئیعدام کردنی قازی محەمەد و سەدرو سەیفی قازی

مهاباد شارێکی بچووکە، ناوە کۆنەکەی سابلاغە، گەلەك چیرۆكو داستانی پڕ رووداو و بەسەرهات لەمەڕ رابردووی ئەم شارە هەیە. ئەم شارە کەوتۆتە رۆخی چۆمی بچووکی مهابادەوە، بەهۆی ئاژاوەو فیتنەوە رووی ئارامی بەخۆوە نەدیتووە. لە رووی دیمەنو رواڵەتی شارستانییەوە، جگە لە کارخانەیەکی بچووکی کارەباو چەند بینایەکی دوو نهۆمی بێ بایەخ بەولاوە، چیتری تێدا نابینرێ. مهاباد کەوتۆتە نێوان چەند ریزە چیایەکی گەردن کەشی ئاسمان لە باوەش گرتووەوە. زنجیرە شاخەکانی باکوورو رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئەم شارە کە باشترین قەڵغان بوونە بۆی، گەلەك نهێنیو بەسەرهاتی سامناکی ئەم شارەیان لەدڵدا حەشار داوە.

مهاباد، سەردەمانێ لە لایەن رووسە تزارییەکانەوە گیراوەو رۆژگارێکیش لە لایەن سوارە خوێن خۆرەکانی سمایل ئاغاوە گیراوە. عەیامێکیش شانۆی شەڕی یەکجار خوێناوی نێوان هێزەکانی دەوڵەتو کوردەکان بووە. بەڵام ئەم رووداوانە لە خانەی ئەو بەسەرهاتانەدان کە زۆربەی خەڵکی، کەمو زۆر ئاگایان لێیەتی. لەم شارەدا، کۆمەڵە رووداوێك روویداوە کە لەوەیە بەدرێژایی ساڵانی زۆر کەسێك پەیدا نەبێ کە باسیان بکا، لەم شارەدا هەندێ نهێنی هەن کە لەوەیە هەتا هەتایە ئاشکرا نەبێ. بەدبەختی، خوێن رێژی، پیلانو دەسیسە، ململانێی پیاوانو بەکرێگیراوانی دەوڵەتانی بێگانە. هەر هەموو ئەمانە ئەم شارەیان کرد بوو بە مەیدانی هێزو بازو نواندنی خۆیان. مهاباد کەوتۆتە نزیکی سنووری سێ دەوڵەتەوە، یاباشتر بڵێین چوار دەوڵەتەوە. سیاسەتی ناکۆکی نەوت، کۆماری کورد، سەرکوتکردنی کورد، خودموختاری، لە وەختو ناوەختدا بەرۆکی خەڵکی بەدبەختی ئەم شارە دەگرێ. رۆژێ کۆڵۆنێل لۆرنس، کوردستان دەکا بە مەیدانی چالاکی خۆیو رۆژێکی دی ئەسەدۆف دەیکا بەمەیدانی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی خۆیو سەردەمێکیش نەوت چارەنووسی خەڵکی ئەم سەر زەمینە، بە سیاسەتی بێگانانەوە دەبەستێ، راپەڕین، خوێن رشتن، شەڕ، دەستبەسەری، کوشتارو سێدارە بەرپا دەبێ.

بارودۆخ هێدی دەبێتەوە. پاش هەڵسەنگاندنی رووداوەکان، سەرنجدەری بێ لایەن دەگاتە ئەم ئەنجام گیرییەی کە پاش ئەم هەموو قوربانییەو پاش نیشتنەوەی لافاوەکە، تاقە دەوڵەتی زەرەرمەندی مەیدانەکە تەنیا ئێرانەو تاقە میللەتێك کە قوربانی بێهودەی داوە، میللەتی ئێرانە چ لەم سەرەوەو چ لەو سەرەوە!

وەکو لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کردووە، مەسەلەی کۆماری خودموختاری کوردستان و ئەم بیرە بەر لە جەنگی جیهانی، هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتێکی بێگانەدا، کە لە ئێرانو تورکیاو عێراقو سوریادا، واتا لە ناوچە کوردنشینەکاندا، دەسەڵاتێکی هەبوو، پەیدا بوو. و بەرە بەرە کەوتە سەر زاران و لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووەوەو لایەنگرانی بۆ پەیدا بوونو دەوڵەتە بێگانەکانی تریش کە چاویان بڕی بووە ئەم ناوچەیەو کانە نەوتە دەوڵەمەندەکانی، ئەم ئاوازی خودموختارییەیان بە قازانجی خۆیان قۆزتەوەو ئەو گۆڕانکارییە روویدا کە بە چاوی خۆمان دیتمان.

بەندە لێرەدا بێ ئەوەی بمەوێ ناوچەکانی کوردستان بەدرێژیو بەنەخشەوە بۆ خوێنەران شەرح بکەمو روون بکەمەوە، بەراشکاوی دەڵێم کە دەستی تەبیعەت سەر زەمینێکی گەلەك گران بەهای بە خەڵکانێك بەخشیوە کە کوردیان پێ دەگوترێو کۆنترین خەڵکی ئێرانن، دیارە ئەم سەر زەمینە لە رووی ئابووری، سوپاییو سیاسییەوە بۆ ئینگلیزو رووسی جارانو سۆڤیەتو ئەمریکاو ئینگلیستانی تازە بایەخێکی گەلەك مەزنی هەیەو جارێکی دیش ناچارم بەراشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سنوور بەندی وڵاتە چکۆلەکانی

ئێستای ڕۆژهەڵاتی نزیك بەجۆرێ ئەنجام دراوە كە كوردستانی ئەسڵی پارچە پارچە كردووەو كوردەكانی ئەم ناوچانە جگە لەوانەی كەلە ئێراندان و ئێرانین، لە توركیاو عێراقو سوریادا بوون بە كەمینە، كەمینەیەكی داماوو چەوساوەو مەینەتبار و بەهۆی ئەو كانە نەوتە دەوڵەمەندانەوە كە كەوتوونەتە ناوچە كوردنشینەكانی وڵاتانی ئێرانو توركیاو عێراق و سوریاو تەنانەت بەشێك لە قەفقازیشەوە. ناوی كورد بووە بەهاو واتای ناوی ئەو نەوتەی كە ئەمڕۆ بووە بە كیمیاو هەمان ئەو سیاسەتەی كە نەوت گەركێتیو دەستی لە كاروباری نەوت دا هەیە، دەستی لە مەسەلەكانی كوردستانیشدا هەیەو كاریگەرانە كاری خۆی دەكات.

قازی محەممەد، پاش ئەو گۆڕانانەی كە هەموومان دەیزانین، ڕێك لەو كاتەدا كە فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان سەرپێچی خۆی لە دەوڵەتی مەركەزی ئێران ڕاگەیاند، ئەویش ئاڵای یاخی بوونی هەڵكردوو بانگی دامەزراندنی كۆماری كوردستانی داو ئاوازی خود موختاری بەرز بووەوە. وەكو لەسەرێ باسمان كرد، وەكو چۆن فیكری هەڵگیرساندنی ئەم بەڵایە شتێكی تازە نەبوو، چالاكییەكانی قازی محەممەد-ش شتێكی تازە نەبوو، بۆیە واچاكە بەشێوەیەكی كورت ئاوڕێك لە ژیانی قازی محەممەدو براكانی بدەینەوە:

بابی قازی محەممەد، نێوی عەلی بوو، لە پیاوە بەحورمەتو ڕێزدارەكانی كوردستان بوو، لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا، لەگەڵ قازی منعم-ی ئامۆزایدا خزمەتێكی یەكجار زۆری خەڵكی مهابادی كردو هێندەی لە توانایدا بوو دژی دەسەڵاتو زۆرداری ڕووسە تزارەكان وەستا. مامی بابی قازی محەممەد، قازی فتاح كە دەسەڵاتێكی زۆری لە كوردستانا هەبوو، لە ڕووداوەكانی مەشروتەو زۆرداریدا، سوێندی خوارد كە تا لە ژیانا بێ نەیەڵێ سەربازانی تزاری بێتە ناو مهابادەوەو بۆ ئەو مەبەستە كفنی پۆشیو فتوای جیهادی بۆ خەڵكەكە دەركردو لەم ڕێگەیەدا شەهید بوو.

ئەم رابوردووە پڕشنگدارەی بنەماڵەیەك كە هێشتا لە بیری خەڵكی مهاباد نەچوو بوو، و ناوی بنەماڵەی قازی بوو بوو بەهاو واتای خەبات دژی بێگانان، خەڵكی كوردستانی ناچار دەكرد، ڕێز لەنەوەو كەسانی ئەم بنەماڵەیە بگرن. بەتایبەتی كە ڕۆڵەكانی ئەم بنەماڵەیە مەلاو ئەهلی عیلم بوونو ژمارەیەك لە سوننییەكانی كوردستان پەیڕەوییان دەكردن.

لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشای پێشوودا كە هێزە سوپاییەكان بە مەبەستی سەقامگیر بوونی دەسەڵاتو حاكمیەتی دەوڵەت لە كوردستانا ناچار بوون بەگژ عەشایەرو ڕوحانیاندا بچن، لەو ڕۆژگارەدا كە دەوڵەت بێ ئەندازە بەهێز بوو، و تواناو دەسەڵاتی ئەمڕۆكەش بەڵگەیەكی دییە بۆ ئەو بەهێزییە، لەو ڕووەوە كە باوكی قازی محەممەدو ئامۆزاكەی دەسەڵاتێكی زۆریان لە مهابادو دەوروبەریدا هەبوو، دەوڵەت مۆڵەتی بەهەردووكیاندا كە جلو بەرگی مەلایەتی لەبەر بكەنو ئەو مۆڵەتنامەیە تا ئێستا پارێزراوەو بەم جۆرەیە: ( نمرە ٦٦-مۆڵەت، بەڕێزان میرزا عەلیو میرزا منعم-ی قازی بەپێی بڕگەی ٣ی مادەی ٢ی یاسای پۆشاك بۆیان هەیە جلو بەرگی مەلایەتی لەبەر بكەنو بە ژمارە (٢٦٦٩) كارنامەی مۆڵەت دانی دەرس وتنەوەی علوومی مەنقولو مەعقولیانش دەدرێتێ، پاش ئەوەی لەلایەن یەكێك لە زانایانی ئەهلی سونەتەوە تەسدیق دەكرێ). میرزا عەلی قازی كە دەسەڵاتو ڕێزێكی تەواوی هەبوو، و مایەی ڕێزی پاشای پێشوو بوو، لە ساڵی ١٩٣٨دا كۆچی دوایی كردوو لەسەر پێشنیازی فەرماندەی لەشكرو تەئیدی دەسەڵاتی سوپایی، لە تارانەوە مۆڵەتو فەرمانی قازێتی لەلایەن پاشای پێشووەوە بۆ كوڕەكەی واتا بۆ قازی محەممەد دەركرا.

پایەو ڕێزی ئایینی قازی محەممەد دوای پشتیووانی دەوڵەتی مەركەزیو شەخسی شا لە قازی محەممەد، ڕێزێكی فراوانی لە كوردستاندا بۆ دەستەبەر كرد. بەڵام دەوڵەت نەیتوانی سوود لەم دەسەڵاتو خۆشەویستییەی ئەو وەربگرێ. چونكە لە تاران گوێ بەوە نەدرا كە قازی محەممەد وێڕای لەوەی بووە

بەموفتی مهابادو فەرمانی قازێتیو ئەنگوستیلەی ئەڵماسی دراوەتێ. حەز دەکا سەدری قازی براشی ببێ بەنوێنەر لە ئەنجوومەنی تاراندا.

لەو رۆژانەشدا، کە وەکو ئەمڕۆ تەنیا کۆمەڵێکی رییاکارو ماستاوچی دەیانتوانی خۆ لە دەسەڵاتدارانی مەرکەزی بەرنە پێشەوە، وەکو پێویست بایەخ بەم حەزەی قازی محەممەد نەدراو بگرە ژێراو ژێر دژایەتی قازی محەممەد-ش دەکرا کە دەیویست بەشێنەیی پێگەیەك بۆ خۆی پەیدا بکات. تا ئێستا ئەوە بیرنەچۆتەوە کە لە سەفەرێکی مێژوویی پاشای پێشوودا، پاشا بێ مەیلی لە دیتنی نوێنەری ئەو شارە نواند، دیارە نوێنەرەکەش پیاوێکی دڵپاکی بێ چارە بوو، هەموو عەیبەکەی ئەمە بوو کە بەبێ مۆڵەتی فەرماندەی سەربازخانە نەهاتبووە نێو شارو یەك سەعاتی رێك لەبەر دەرگاکەی وێستابوو تامۆڵەتی چوونە نێو شاری بدات. پاشا، لەدانیشتنێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینو بازرگانانو قسەکردن لەگەڵیاندا، دوایی بەفەرماندەی لەشکری فەرموو بوو: بۆچی لەمانە نانێری بۆ ئەنجوومەن. ئەو رەحمەتییەش بەنهێنی عەرزی کردبوو: ئەمانە گوێ رایەڵ نین!

بەهەر حاڵ دوورەپەرێزی لە بەتەنگەوە هاتنی پێویستییەکانی ئەو رۆژانە، بووە هۆی ئەوەی کە نوێنەرایەتی مهاباد بەدەست کەسێکەوە بێ کە نەتوانێ لە رۆژگاری دەسەڵاتی دەوڵەتدا، سنوورێك بۆ قازی محەممەد دابنێو بەدەوڵەتییەوە ببەستێ، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە شەهریوەر (شەهریوەر٨/٢٢ – ٩/٢٢، ٣١ رۆژە. وەرگێڕ) بەداوە لەترسی ئەو چیدی بۆ مهاباد نەڕواو دەوڵەت هیچ سوودێك لە چالاکی ئەو وەرنەگرێ.

قازی محەممەد، پیاوێکی حیلەبازو دەسیسەکارو بەزاراوەی نەزاکەت ئامێزی باوی ئەمڕۆ، سیاسەت مەدار بوو. بێ ئەوەی چ بیانوویەك بداتە دەست نەیارانی خۆی، کاتی خۆی بەدەم چاوەڕوان هەلەوە، بەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەوە بەسەر دەبرد. تا وای لێهات بەرە بەرە لایەنی مەلایەتی لەخۆ داماڵیو وەکو زانایەك دەرکەوت، بەڕاستیش هەوڵی زۆری لە بواری زانستە تازەکاندا داو توانی زمانی عەرەبیو ئینگلیزیو فەڕەنسی لە رادەی پێداویستی خۆی زیاتر فێرببێ. تەنانەت لە بواری مێژووی کۆنی کوردستاندا چەند لێکۆڵنەوەیەکی کرد کە پاشان بۆچوونەکانی بۆ زۆر کەسی شارەزا بوون بەسەرچاوە. بەم دەسەڵاتو تواناو بەهریەوە، بارودۆخی کوردستان لەگەڵ هاتنی هێزی بێگانەدا شڵەقاو گوشاری بێگانان لەو ناوچەیەدا بەئەندازەیەك توند بوو کە بە فیتی قازی محەممەد شەوێك، کە جەنابی سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا، جیهانبانی بۆ تەفتیش چوو بووە ئەوێندەر، کۆمەڵێك لە خراپکاران، لەپشت ئەو عیمارەتەوە کە ئەو لێی لایدا بوو، تا بەیانی خەریکی تەقە کردن بوونو کەمێ پاشتر دایەرەی ئیجرامیان چەك کردو چ هێزێکی عەمەلی دەوڵەت لەو ناوچەیەدا نەما. لەم وەزعو حاڵەدا کە هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتبوو، و دەوڵەتە بێگانەکان سەرگەمی شەڕ بوونو نەدەپەرژانە سەر ئەوەی راستەخۆ دەت بخەنە کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە، قازی محەممەد، سەدری برای بەناوی نوێنەری کوردستان لە دەورەی چواردەدا، بۆ ئەنجوومەن نارد. بەدرێژایی ئەم ماوەیە قازی محەممەد هەرچی پێویست بوو بەکردەوە ئەنجامی دەدا، بەڵام هەرگیز ناوی خودموختاری یا دژایەتی کردنی دەوڵەتی مەرکەزی نەدەهێنا. بەڵکو یەك – دوو جاریش هاتە تاران و شەرەفی چوونە خزمەتی شای پێ بڕاو ئەنگوستیلەی ئەڵماسی خەڵات کراو بڕێ پارەشی وەرگرت. سەرکردایەتی سوپا، لە رێگەی پیاوانی خۆیەوەو بەنهێنی لە مهابادو هەموو ناوچەکانی کوردستاندا سەرگەرمی کۆکردنەوەی هەواڵ بوو. بەڵام خۆی تێکەڵی رووداوەکانی ئەوێندەر نەدەکرد، چونکە موناقەسەیەکی توند لەنێوان مامورانی سیاسیو سوپایی دوو دەوڵەتی بێگانە ژێراو ژێر لە ئارادا بوو، و ئێران نەیدەتوانی دەست بداتە کارێکی کاریگەرو ئیجابی. بە کورتی وەکو چۆن قازی محەممەد گەمەی بەدەوڵەتی مەرکەزی دەکرد، دەوڵەتی مەرکەزیش مەرایی دەکردو بەبێدەنگییەوە چاودێری جمو جۆڵی قازی محەممەدی لە مهابادو سەدری قازی لە تاران دەکرد. بێ ئەوەی بمەوێ هەندێ بابەتی بەرگی

یەکەمی ئەم کتێبە دووبارە بکەمەوە، جارێکی دی دەیڵێمەوە کە بەهۆی ئەو گێروگرفتانەی کە لەو ڕۆژگارەدا هەبوون و ئەو ململانێیانەی دەربارەی نەوت هاتە ئاراوەو ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٤و١٩٤٥ی لێکەوتەوە، ئیدی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە بارودۆخی کوردستان و مهاباد شێوەیەکی دی گرتە خۆو دەرکەت کە لە کوردستاندا ئەو پەردە چکۆلەیەی هێشتا ئارەزوو ئاواتەکانی حیزبی کۆمەڵەی دادەپۆشی، بەزوویی وەلا دەکەوێ‌و مەبەستی سەرەکی جم‌و جۆڵەکانی قازی محەممەد ئاشکرا دەبێ. چونکە بەڵگەنامەیەك بەدەستەوە بوو ئەوەی دەسەلماند کە لە کوردستانیش، زەمینەیەکی پێویست بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێکی لە بابەتی ئەو سیاسەتەی ئازربایجان خۆش کراوە. هاتنی بارزانییەکان گوڕێکی گرنگی بەم جم‌و جۆڵە داو لە ئەنجامدا لە هەمان ڕۆژی هەرەسی لەشکری تەورێزدا، واتا لە ٢١/ئازەر/١٩٤٥دا (ئازەر-٢٢/١٠-١١،٣٠/٢٢ ڕۆژە. وەرگێڕ) قازی محەممەد-ش لایەنگری خۆی لەم سیاسەتە ئاشکرا کردو وەفدێکی بۆ تەورێز نارد. ئەم وەفدە بەسەرۆکایەتی سەیفی قازی‌و ئەندامەتی ژمارەیەك لە سەرانی حیزبی کۆمەڵە بوو. ئەندامانی وەفدەکە لە تەورێزدا گفتوگۆیەکی زۆریان لەگەڵ پێشەوەری‌و سەرانی فیرقەی ئازربایجاندا ئەنجام داو هاوکاری‌و یەکێتی نێوان هەردوولایان ڕاگەیاند. قازی محەممەد ڕۆژی ٢٢/ئازەر، نەخشەی کوردستان و پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی خستە بەردەست خەڵکی سادەی مهابادو نزیکەی (٣٠٠) سەد گەنجیشی چەکدار کرد.

ڕۆژی ٢٦/ئازەر، ئالای ئێرانی لەسەر بینا دەوڵەتییەکان هێنایە خواری‌و ئالایەکی ٣سێ ڕەنگیی سوورو سپی‌و سەوزی لە جێی ئالای ئێران هەڵواسی. تەرتیبی ڕەنگەکانی ئەم ئالایە بەپێچەوانەی تەرتیبی ڕەنگەکانی ئالای ئێرانەوە بوو. ئەم ئالایە بە ئارمی گوڵە گەنم و هەتاوو قەڵەم ڕازابووەوە، ئەم ئالایە بەناوی ئالای ئیستقلالی کوردەوە هەڵواسرا. قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢/بەهەمەندا (بەهمەن-٢١/١-١٩ شوبات) کۆماری کوردستانی ئیعلان کرد. پاشان محەممەد حسێن سەیفی قازی بەجلکی سوپایی‌و پلەی ژەنەراڵییەوە، چووە پشت مێزی خوتبەدانەوەو قازی محەممەدی وەکو پێشەواو سەر کۆماری کوردستان ناساند. قازی محەممەد-ش بەجلکی سوپایی‌و پلەی ژەنەراڵییەوە وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکانی کوردستان لەجێیەکی بەرزدا وێستاو تەماشای ئیستعرازی هێزەکەی خۆی کردو پاشان قازی محەممەد کابینەی کۆماری کوردستانی بەم جۆرە دیاری کرد:

١-حاجی بابا شێخ، سەرەك وەزیران.
٢- محەممەد حسێن سەیفی قازی، وەزیری جەنگ.
٣- محەممەد ئەمین موعینی، وەزیری ناوخۆ.
٤- ئەحمەد ئیلاهی، وەزیری ئابووری.
٥- کەریمی ئەحمەدیان، وەزیری پۆستەو تەلەگراف.
٦- حاجی ڕەحمانی ئیلخانی زادە، وزیری ڕاوێژکاری.
٧- مەنافی کەریمی، وەزیری ڕۆشنبیری.
٨- سدیقی حەیدەری، وەزیری تەبلیغات و ئیعلام.
٩- خەلیلی خوسرەوی، وەزیری کار.
١٠- حاجی مستەفای داودی، وەزیری بازرگانی.
١١- مەحموودی وەلی زادە، وەزیری کشتوکاڵ.
١٢-ئیسماعیل ئیلخانی زادە، وەزیری ڕێگەوبان.

ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ٢٤/بەهمەن، بەپێی ئەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەی حیزبی کۆمەڵەدا بلاوکراوەتەوە، قازی محەممەد سوێندی دەستووری خواردو ڕێ‌و ڕەسمی ئەم سوێندە یاساییە لە ڕۆژنامەی ناوبراو بەم جۆرە بلاوبووەتەوە:

( وەكو پێشتر گوتمان، لە كۆتایی وتارەكاناو لە ناوەندی وتارەكانا هەر جارێ ناوی سەر كۆمار جەنابی قازی محەمەد دەهات، لێكدا لێكدا مارشی نەتەوەیی لێدەدراو قوتابیانی كوڕو كیژ بەدەم چەپڵەڕێزانی بەردەوامەوە سروودی نەتەوەییان دەگوت.

لەم كاتەدا، سەركۆماری پایەبەرز ئەمری بە ئەندامانی كۆمیتەی مەركەزی فەرموو كە قورئانی پیرۆزو ئاڵای كوردستان ئامادە بكەن. دەستبەجێ ئەم ئەمرە جێبەجێ كراو لیژنەی تایبەتی كۆمیتەی حیزبی دیموكراتی كوردستان، بە قورئانی پیرۆزو ئاڵای پڕ لە شانازییەوە، دوو دوو بەدوای یەكتریدا كەوتنە ڕێ. لە ژووری كۆمیتەی مەركەزی حیزبی دیموكراتی كوردستان، قورئانی پیرۆزو ئاڵاو نەخشەی كوردستان بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە خرانە سەر دەستی مەلا حسێن و ئەندامانی لیژنەكە بەهەمان شێوەی هەوەڵجار بەڕیز گەڕانەوە تا گەیشتنە خزمەتی پێشەواو، پێشەوا بەدەستی خۆی پەردەی سەر قورئانەكەو ئاڵاو نەخشەی كوردستانی لاداو ڕێو ڕەسمی سوێند خواردنەكە بەم شێوەیە ئەنجام درا:

( من بەخواو كەلامی موعەزەمی خواو نیشتمان و شەرەفی نەتەوەی كوردو ئاڵای پیرۆزی كوردستان سوێند دەخۆم كە تادوا هەناسەی ژین و دوا دڵۆپی خوێنم بەگیان و بەماڵ لە پێناوی پایەداری ئازادی و بەرزی ئاڵای كوردستاناتێدەكۆشم و دەرهەق بەسەرۆكایەتی كۆماری كوردستان و یەكێتی كوردو ئازربایجان ئەمەكەدار دەبم ). ( * تێبینی: من ئەم دەقەم لە فارسییەكەوە كردووە بەكوری، كوردییەكەم چنگ نەكەوت تا دەقاو دەق نەقلی بكەم، بۆیە ئەوانەی مەبەستیانە دەتوانن كوردییەكەی پەیدا بكەن. حەمە كەریم عارف). پاش ئەنجامدانی ئەم ڕێو ڕەسمی سوێند خواردنە، كە گومان لەوەدا نییە قازی محەمەد لە خۆشیاندا لەرزیوەو ئەم كەسانەش كە ئەم گەمەیەیان دروست كردبوو، پێكەنیون، قازی محەمەد پلەی جەنەڕالی بەخشی بەكۆمەڵێك چەتەو ڕێگر. كە وشەی چەتەو ڕێگرم لێرەدا بەكارهێناوە، لەبەر ئەوەیە كە یەكێكی وەكو حەمە ڕەشید خانی دز، كە بانەی ئاگرداوەو سەدان كەسی بێ گوناحی كوشتووە، جگە لەم ناوە چ ناوێكی دی هەڵناگرێ. قازی محەمەد پاش ئەوەی خۆی گوتەنی بەمرازگەیی، وەكو فیرقەی دیموكراتی ئازربایجان، بەدەستووری بێگانان لە ڕێگەی سەدری برایەوە، لە تارانا كەوتە چالاكی.

لەو ڕۆژگارەدا ئەحمەد قوام سەرەك وەزیران بوو، و كەش و هەوای ناوەندەكە بۆ ئەم جۆرە چالاكیانە گونجاو و لەبار دەینواند. لە یەكەم دەورەی ئەو گفتوگۆیەی كە لە نێوان نوێنەرانی ئازربایجان و تاراندا ئەنجام درا هیچ ڕێكەوتنێك بەدەست نەهات دەوڵەت لە ١/ئوردیبەهەشتدا، بەلاغێكی دەركردو لە خاڵی یەكەمدا پێی ڕاگەیاندن كە: (چونكە دەوڵەت باوەڕی بەوە بوو كە دەبێ فەرماندەی هێزەكانی سوپاو پۆلیس بەدەستی دەوڵەت بێ، بەڵام نوێنەرانی ئازربایجان سووربوون لەسەر ئەوەی كە دانانی فەرماندەكان دەبێ لە لایەن ئەنجوومەنی ناوچەییەوە بكرێو ئەوجا دەوڵەت تەسدیقی بكات، بۆیە گفتوگۆ سەری نەگرت). بێگانان بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی مەركەزی، لە تەورێزو مهاباداو كەوتنە چالاكی سیاسی و لەو شوێنانەدا كە شێوەی سنووریان وەرگرتبوو، كەوتنە بازو نواندانی سوپایی و تەنانەت بۆ ترساندنی دەوڵەت، قازی محەمەد ئیستعرازێكی گرینگی لە هەموو عێڵاتی كورد، كە لەم كاتەدا بەهۆی كەش و هەوای لەبارەوە، دەیانتوانی چالاكی بنوێنن، لە مهابادا سازداو دەستی بەخۆ نواندنێكی گرینگ كرد. ڕادیۆی تەورێز هەواڵی مۆركردنی پەیمانێكی تازەی دووقۆڵی تەورێزو مهابادی بڵاوكردەوە. ئەم كارە، كارێكی خراپی لە تاران كرد. چونكە لە كاتێكا كە دەوڵەت بەتەما بوو لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و هەنگاوی ئاشتیانەوە مەسەلەی خودموختاری ئازربایجان چارەسەر بكا كەچی ڕۆژی ٣ شەممە ئوردی بەهەشت، ئازربایجان و كوردستان وەكو دوو دەوڵەتی سەربەخۆ ئیعلان كران و پەیمانی جەنگی و ئابووریشیان لەگەڵ یەكتریدا مۆركرد. ڕۆژنامەی كوردستان بەم جۆرە ناوەڕۆكی ئەم پەیمانەی بڵاوكردووەتەوە:

( سەعات ( ٥ )ی پاش نیوەڕۆی سێ شەممە ٣/ئوردی بەهەشت، لە بارەگای ئەنجوومەنی میللی ئازربایجان بە ئامادەبوونی سەرانی حکوومەتی میلیی کوردستان:

١- جەنابی پێشەوا قازی محەمەد.

٢- سەیید عەبدوڵڵا گەیلانی، ئەندامی کۆمێتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٣- عومەر خانی شەریفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی هۆزی شکاك.

٤- محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری جەنگی حکوومەتی نیشتمانی کوردستان.

٥- رەشید بەگی جیهانگیری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی هۆزی هەرکی.

٦- زیرۆ بەگی بەهادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٧- قازی محەممەدی خدری، نوێنەری کوردانی شنۆ، هەروەها بەئامادە بوونی سەرانی حکوومەتی نیشمانی ئازربایجان کە بریتی بوون لە:

١- سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشمانی ئازربایجان، جەنابی حاجی میرزا عەلی شەبستەری.

٢- جەنابی، سەیید حەعفەری پیشەوەری، سەرەك وەزیرانی حکوومەتی نیشتمانی ئازربایجان.

٣- یاریدەدەری پێشەوای فیرقەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان، جەنابی سادق پادگان.

٤- دکتۆر سەلاموڵلا جاوید، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی ئازربایجان.

٥- وەزیری رۆشنبیری حکوومەتی ئازربایجان بیریا.

کۆبوونەوەیەك کرا، لەو کۆبوونەوەیدا بۆ پتەوکردنی پایەی دۆستایەتیو خۆشەویستی لەنێو ئازەری و کوردا، کە پێشتریش ئەم دۆستایەتییە هەروا هەبووە، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و دۆستایەتی نێوان ئەم دوو میللەتە لە جاران بەهێزتر بکرێ، ئەم قەرارانەی خوارەوە لە شێوەی رێکەوتننامەیەکی پەیمان ئامێزدا، لەلایەن هەردوولاوە پەسەندو ئیمزا کران:

١- لەو شوێنانەدا کە بە پێویست زانرا، هەردوو حکوومەت هەقی ئەوەیان هەبێ کە سەفارەتخانە یا کونسوڵییەت، لە خاکی یەکتریدا بکەنەوە.

٢- لە خاکی ئازربایجاندا، واتا لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بن، کاروباری دایەرەکانی دەوڵەت بەدەستی کوردەکانەوە دەبێ. هەروەها لە خاکی کوردستاندا، واتا لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتووانی ئازەری بن، کاروباری ئیداری، حکوومەتی ئازربایجان بەڕێوەی دەبات.

٣- بۆ چارەسەرکردنی بابەتی ئابووری هەردوو میللەت، لیژنەی جیاواز دادەمەزرێو بڕیارەکانی ئەو لیژنەیە بەسەر پەرشتی سەرانی هەردوو حکوومەت ئەنجام دەدرێ.

٤- لە کاتی پێویستدا یەکێتیو هاوکاری جەنگیو سوپایی لەنێوان هەردوو حکوومەتی نیشتمانی ئازربایجانو کوردستان بەکاردێو هەر کۆمەکێکی یەکتری پێویست، لە کاتی شیاوی خۆیدا ئەنجام دەدرێ.

٥- هەر کاتێ پێویست بکا، گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی تاراندا بکرێ، ئەوا دەبێ رەزامەندی هەردوو حکوومەتی نیشتمانی ئازربایجانو کوردستانی لەسەر بێ.

٦- حکوومەتی نیشتمانی ئازربایجان هەوڵ دەدا، لەپێناوی پێش خستنی زمانو پەرەسەندنی رۆشنبیری ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئازربایجاندا دەژین. هەروەها حکوومەتی نیشتمانی کوردستان ئەوەندەی لە توانایدا بێ هەوڵ دەدا بۆ پێشخستنی زمانو گەشەپێدانی رۆشنبیری ئەو ئازەرانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین.

٧- هەر کەسێك هەوڵبدات دۆستايەتی و يەکێتی مێژوويی هەردوو نەژادی ئازەرو کورد تێك بداو يەکێتی نێوانيان لەکەدار بکا، ئەوا بە هەردوو لاو بەيەك دەست، تاوانبار بەسزای خۆی دەگەيەنن. ئەندامانی هەردوو وەفدەکە لە خوارەوە ئەم رێکەوتننامەيەيان ئيمزا کردووە.

قازی محەمەد، پاش ئيمزا کردنی ئەم رێککەوتننامەيە کەوتە ئەوەی کە خەڵکانی عەشايەری بەلای خۆيدا راکێشێ، چونکە قازی محەمەد وێڕای ئەوەی دەسەڵاتێکی گەلەك زۆری لە شاری مهابادو لەناو شارنشينەکاندا هەبوو، بەڵام سەرانی هۆزو خێڵەکان زۆر لەگەڵی نەبوون، هەر لەبەر ئەمەش بوو دەسەڵاتدارانی بێگانە لە هەوڵەوە دەيان ويست سەيید عەبدوڵڵا گەيلانی بخەنە سەر کەڵکەڵەو بەسەر کۆماری کوردستانی دابنەن. بەڵام چونکە ئەو لە رێگەی ئاغای فەهيمييەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزيدا رێککەوت، ئيدی بێگانان بايانداياەوەو روويان کردە قازی محەمەد.

قازی محەمەد چونکە هۆزو عەشيرەتی نەبوو، بۆيە بارزانييەکانی قۆزتەوەو وەکو هۆزێکی برسی‌و شەرکەر سوودی لێوەرگرتن. ئيدی پارەو چەکی بەسەردا دابەشکردن‌و وەکو داردەستێك بۆ هەڕەشە لە عەشايەرە ئێرانييەکان بەکاری هێنان. لەلايەکی دييەوە چونکە کورد بێ ئەندازە پارە پەرست‌و ماڵ خۆشەويستن‌و زۆريان حەز لە پارەو چەکە، چەك بۆ پاراستنی ماڵ‌و سامان بە پێويست دەزانن، بۆيە محەمەد کەوتە دابەشکردنی چەك‌و پارە بەسەرياندا. لەو رێگەيەوە کە توتنەکانی ئەوانيدا بە بێگانەو پارەی لەبری وەرگرت. ئەسەدۆڤ بۆ ئەم کارە لەبەيندا بوو، ئەو ئەسەدۆڤەی کە بە رواڵەت نوێنەرايەتی. بازرگانی سۆڤيەتی لە کوردستانا، لە ئەستۆ بوو.

قازی محەمەد، لە سەردەمی فەرمانڕەوايی خۆيدا لە مهاباد حەکيمانە رەفتاری کرد. کارێکی وای کرد کە لە شاردا کوشت و کوشتار روونەداو ماڵی خەڵکی تاڵان نەکرێ. بەدرێژايی دوو ساڵ فەرمانڕەوايی ئەو، تەنها يەك زەلام لە خەڵکی شار کوژرا، ئەم رەفتارە وايکرد کە قازی محەمەد رێزو خۆشەويستييەکی تايبەتی لە نێو خەڵکيدا پەيدا بکا.

ئەم سياسەتەی کە لە سەرێڕا ئاماژەمان بۆ کرد، دەوڵەتی ناچار کرد، کاتێ کە هێزی حکوومەتی چووە ناو شارەوە بەشێوەيەکی نەرم و ئاشتيانە رەفتاری لەگەڵ بکاو خۆی لە گرتن و حەپسکردنی بپارێزێ. سەير ئەمەيە کە لە رۆژانی يەکەمدا، سەرلەشکر هەمايونی، فەرماندەی هێزەکانی کوردستان، لە مهابادا لە ماڵی قازی محەمەد و لەگەڵ ئەودا نيوەرۆژی کردو چ دەنگوباسێکی گرتنی ئەو لە ئارادا نەبوو. لەم رۆژانەدا، براکەی قازی محەمەد کە پێوەندی نزيکی لەگەڵ سەرەك وەزيرانی وەختدا ئاغای ئەحمەد قوام هەبوو، لە تاراندا سەرگەرمی ئەوە بوو خۆی گوتەنی ئەو بەدحاڵی بوونەی کە لە ئارادا بوو، نەيهێڵێ و توندو تيژی دەوڵەت دەرهەق بەخۆيو کەسوکارەکانی خاو بکاتەوە.

هەر بەم بۆنەيەوە، سەدری قازی لە تاراندا بە پەيامنێری رۆژنامەکانی گوت کە: (من بەش بەحاڵی خۆم لە جەنابی سەر لەشکر هەمايونی و رەفتاری هێزە سوپاييەکان لە کوردستاندا، رازی و خۆشحالم و خەڵکيش بەهۆی ئەم رەفتارە رێك و پێکەوە بە گەرمی سەرگەرمی تەسليم کردنی چەکەکانی خۆيانن).

قازی محەمەد، لەو رۆژانەدا کە مەلا مستەفا دەستگير کراو گوێزرايەوە بۆ تاران، گيراو يەکسەر خرا پە بەر تەحقيق.

چەند رۆژێ دواتر، لە تاران هەواڵ بڵاوبووەوە کە: (چونکە قازی محەمەد لە مهاباد هەندێ تەسريحی داوە کە پێويستی بەروون کردنەوەی سەدری قازی هەيە، بۆيە گيراوە تا بۆ مهاباد بنێردرێ).

ئەمە دەقی هەواڵێك بوو کە لە رۆژنامەکانی تارانا بڵاوبووەوە. لە کاتيکدا ئەم هەواڵە لە راستييەوە دوور بوو، سەدری قازی کەوتبووە نێوان ململانێی دوو هێزەوە. لە لايەکەوە، سەرەك وەزيران، پێوەندی تايبەتی بە براکانی قازييەوە هەبوو، جۆری ئەم پەيوەندييەش، وەکو لە رووداوەکانی ئازربايجاندا دەوری بينی، لە سەرهەڵدانی ئاژاوەی کوردستانيشدا بێ کاريگەری نەبوو، سەرەك وەزيران دەيويست

ئەمانە لە کاتی پێویستدا بە قازانجی خۆی و دژایەتی کردنی هەندێ لە دەسەڵاتداران وەکو داردەستێك بەکار بهێنێ، بۆیە حەزی نەدەکرد ئەمانە بگیرێن و سزا بدرێن. لە لایەکی دییەوە بەرپرسانی سوپایی کە هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرانسەری ناوچەی کوردستاندا جێگیر بکەن، مانەوەی ئەمانەیان بە کۆسپ و تەگەرە دەزانی. بۆیە کاتێ ماموران، لە تاران کەوتنە سۆراخی سەدری قازی تابیگرن، خۆی گەیاندە کۆشك و بارەگای وەزارەتی دەرەوەو چووە دیدەنی سەرەك وەزیران. ئاغای ئەحمەد قوام پێی گوت: من ئەوەی پێویست بێ بۆ رزگاری تۆی دەکەم، بەڵام باشتر وایە خۆت تەسلیم بە مامورانی سوپایی بکەی تا چ بەدحاڵی بوونێك لە ئارادا نەمێنێ. سەدری قازی گوتی: گرتن و ناردنەوەم بۆ مهابادو ئیعدام کردنم یەك دەبێ، کارێکی وەها بکە لە تاران نەبرێمە دەرێ و با تەحقیقەکە هەر لە تاران بکرێ.

سەرەك وەزیران گوتی: گوشاری سوپاییان زۆرەو من چ کارێکم لە دەست نایەت. سەدری قازی، بەوپەڕی نائومێدی و رەش بینییەوە لە ژوورەکەی ئەو وەدەرکەوت و هێندە بێ تاقەت بوو کە لە ناو ساڵۆنی مەرکەزی وەزارەتی دەرەوەدا، پشتی بەیدوارەکەوەدا، تانەکەوێتە سەر زەوی، لەم کاتەدا یەکێك لە نوێنەرانی دەستە راستی ئەنجوومەنی چواردەیەم لێی چووە پێشێ و گوتی: ئاغای سەدر دیتت کە حیسابەکەی ئێوە هەڵە بوو، دەوڵەت بەهێزە.

سەدر گوتی: ئەمە شکستی ئێمە نییە، بەڵکو سیاسەتی سۆڤیەتە کە لە ئێرانا نابوت دەبێ. بە هەر حاڵ سەدر بەترس و لەرزەوە بە ئەسکورتێکی (حمایە) سوپاییدا لە تارانەوە بۆ تەورێزو لەوێوە بۆ مهاباد نێردراو لە ژوورێکی جیادا حەپسیان کرد. لەم کاتەدا سەیفی قازی و ژمارەیەك لە هاوکاران و خزمانی قازی محەمەد حەپس بوون. دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەسڵی واتا قازی محەمەد و سەدرو سەیفی قازی لە دادگایەکدا کە بەسەرۆکایەتی ئاغای عەقید پارسیتەبارو دادوەریی عەقید فەیوزی پێك هاتبوو، دەستی پێکرد. لەم دادگایەدا گفتوگۆیەکی زۆر روویدا. دادوەر (حاکم) زۆر بەڵگەی گرنگی دەربارەی خیانەت و تاوانەکانی برایانی قازی و هاوکارانیان نیشانداو تاوانبارانیش کۆمەڵێك بەڵگەیان دەربارەی بێگوناحی خۆیانو رادەی پەیوەندییان بەهەندێ لە پایەدارانی مەرکەزییەوە، خستە روو. گفتوگۆیەکی زۆر هاتە ئاراوە، گەلێ مەسەلەی نهێنی خرایە روو، هەر دوولا راستەخۆ خەڵکانێکی زۆریان لە پایەدارانی خۆیی و بێگانە تێوە گلاندو بەڵگەو نموونەیان هێنایەوە.

تەنانەت هەندێ ئیشارەت بە نەوت و داوای راستەخۆی بێگانان و هاتنی هەندێ ماموریش بۆ ئەو مەبەستە، درا.

ئەوەی بۆ وەها دادگایەکی مێژوویی و سوپایی سەردەمی جەنگ پێویست بوو روویدا. ئێمە لێرەدا بە کورتی و هێندەی بواری باسکردن و بڵاوبوونەوەی هەبێ دەیخەینە روو، تا خوێنەران ئاگاداری چۆنییەتی ئەم دادگا مێژوویە بن. کە دادگا پێك هێنرا، هێشتا شەڕی بارزانییەکان دەستی پێنەکرد بوو. دەوڵەت زۆر بە نەرمی لە مهابادو کوردستانا رەفتاری دەکرد. چونکە هێشتا سەرانسەری ناوچەکە هێدی نەبوو بووەوە، گەلەك لە هۆزەکان بەتایبەتی هۆزەکانی سێ کوچکەی سنووری ئێران و سوڤیەت و تورکیا چەکدار بوون. بۆیە دەوڵەت نەیدەویست بەر لەوەی وەزعەکە کۆنترۆڵ بکا، ترس و لەرز بخاتە ناو خەڵکییەوە. لەبەر ئەمەو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەعنەوی قازی محەمەد پوچەڵ بکاتەوە، هەر دوا بەدوای دانانی دادگا سوپاییەکە، زۆربەی عەشایەری باکوورو باشوور بۆ تاران بانگ کراون و لە ١٠/بەهمەندا، لە ئاهەنگێکی شکۆدارا کە لە تاران سازکرا، هەموو سەرانی عەشایەرو مەلایان و باوەڕ پێکراوانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی سەرکردایەتی سوپاوە برانە خزمەت شاهەنشاو هەر یەکەیان بەپێی پلەو پایەی خۆی ئەنگوستیلەی ئەڵماس و فەرمانی قەزاوەت و تفەنگ و میداڵ و نیشان و دار عەسایان پێ بەخشرا. لەم ئاهەنگەدا، ژمارەیەك لە سەرانی هۆزی مەنگوڕو مامش و مەلای گەورە داوایان لە بارەگاو دەرباری

پاشایەتی کرد، کە قازی محەمەد و براکەی و ئامۆزاکەی ئیعدام بکرێ. ئەم داوایە لە ڕێگەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانەوە لە نێو عەشایەرانا بڵاوکرایەوە.

داوەت کراوان کە چاویان بە دەزگاو هێزە سوپاییەکان کەوت، ئەوسا تواناو هێزو دەسەڵاتی دەوڵەتیان بۆ دەرکەوت. بۆیە لە گەڕانەوەیاندا هەموو باس و داوایەکیان هاتە سەر دژایەتی و ئیعدام کردنی قازی محەمەد. لەم سەروبەندەدا ئاغای عەلی منصور پارێزگاری ئازربایجان بوو. سیاسەت و ڕێبازێکی یەکجار سازگاری پەیڕەوی دەکردو ڕێگەی لە توندوڕەوی تۆڵە ئەستێنێ نابەجێ-ی ماموران دەگرت و هێندەی لە توانایدا بوو، هەوڵی بۆ دابین کردنی گوزەران و ئاسایشی خەڵکی دەدا.

لەم کەشو هەوایەدا، لە مهابادا تەحقیق لەگەڵ قازی محەمەد و براکەی ئامۆزاکەیدا دەستی پێکرد، بێ ئەوەی چ شتێکی ناخۆش ڕووبدات. ئەم سیاسەتە نەرم و گونجاوە کردییە کارێك کە خودی قازی محەمەد لە سێیەم دانیشتنی تەحقیقەکەدا گوتی: من ئێستا، هەندێ ئومێدم بەژیانی خۆم پەیدا کردۆتەوە، چونکە هەست دەکەم نیازتان وایە محاکەمەمان بکەن، لە کاتێکا سەرەتا دەترسام بێ هیچ پێشەکییەك بمانکوژن.

چونکە ئەو دادگا نائاساییەی سەردەمی جەنگ کە لە مهابادا پێك هاتبوو، بە پێی موقەڕەراتی سوپایی نەیدەتوانی دانیشتەکانی خۆی تاخیر بکا، بۆیە زۆربەی دانیشتنەکانی لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا نیوەشەو و هەندێ جاریش تا سەعات سێی دوای نیوەشەوی دەخایاند.

پاش ئەوەی تەحقیقی جیا، لە یەکە بەیەکەی تاوانباران تەواو بوو فایلەکانیان نێردرا، بۆ دادگاو داوا لە تاوانباران کرا کە وەکیل بۆ خۆیان هەڵبژێرن، قازی محەمەد لە کاتی هەڵبژاردنی وەکیلدا (مدافع) چەند ئەفسەرێکی لێهاتوو، و شایستەی سوپای وەکو سەرتیپ ئەسلانی و عەقید مووسا شاقولی (کە ئەو دەمانە لە ژیانا بوون) دەست نیشان کرد، بەڵام پێیان گوت کە دەبێ وەکیلەکەی خۆی لەنێو ئەو ئەفسەرانەدا هەڵبژێرێ کە ئێستا لە مهاباد و سەربازخانەی مهابادن. ناکرێ وەکیل لە شوێنانی دی هەڵبژێری.! چونکە کارەکە دوا دەکەوێ و یاسا، ڕێ نادات. ئەگەر بەم جۆرە بێ لەوەیە تۆ بتەوێ وەکیل لە لەندەن هەڵبژێری! قازی محەمەد گوتی: هەرچییەك دەڵێن دەیکەم، گەر پێوەندیم لەگەڵ لەندەندا هەبا ڕۆژم بەم ڕۆژە نەدەگەیی، زۆر چاکە وەکیلێك لەناو ئەم ئەفسەرانەی ئێرە هەڵدەبژێرم، ملم لە موو باریکترە. پاشان ڕائید شەریف و چەند کەسێکی دی بۆ وەکالەتی ئەو و سەدرو سەیفی قازی هەڵبژێردران.

ڕۆژی ١٩/دەی، (دی – ٢٣/ك١ – ٢٠ك٢، ٣٠ ڕۆژە، وەرگێڕ) کە کۆبوونەوەی دادگا لە ئیعترازی تاوانباران دەکۆڵییەوە. قازی محەمەد، لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا سەعات دەی شەو، جگە لە ماوەی ئیسراحەتی نیوەڕۆی دادگا، نزیکەی (١٤) سەعات قسەی کردو ئیتعرازی جۆراو جۆری لە دادگا گرت

<u>**قازی محەمەد بەشێوەیەکی گشتی سێ ئیعترازی سەرەکی لە دادگا گرت:**</u>

١- دادگا هەقی موحاکەمە کردنی ئەوی نییە، چونکە ئەو پیاوێکی عەسکەری نییە، بۆیە دەبێ لە دادگایەکی مەدەنی یا لە تاراندا، یا لە دادگای سوپادا لێی بپرسنەوە.

٢- دادگا ماوەی تەواوی نەداوەتێ تا بیر بکاتەوەو وەکیل (مدافع) بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

٣- پێویستە دادگا هەموو تاوانباران پێکەوە بۆ دادگا بانگ بکا.

دادگا، دوای ڕاوێژکردن، هەر سێ ئیعترازەکەی ڕەتکردەوە چونکە ئیعترازی یەکەمی بۆیە نابەجێ بوو کە دادگای سوپایی لە شوێنی خۆیدا بۆ سەیرکردنی تاوانی کەسانی وەکو قازی محەمەد پێك دەهێنرێ و قانون سەڵاحیەت و دەسەڵاتی سزادانی ئەو جۆرە کەسانەی دەداتێ کە دژی ئەمن و ئاسایشی وڵات دەوەستن، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە ڕاپەڕینی چەکدارانەیان کردبێ. ئیعترازی دووەمیش بۆیە ڕەتکرایەوە، چونکە لە قانونا تەنیا (٢٤) سەعات مۆڵەت بۆ دیاری کردنی وەکیل و پێداچوونەوەی فایل بە تاوانبار دراوە، لە کاتێکا دادگا مۆڵەتی (٤٠) چل سەعاتی بە قازی محەمەد و سەیفی قازی دا.

دەربارەی تەحقیق و بانگ کردنی تاوانبار بۆ دادگاش، دادگا رای گەیاند کە بۆ تاوانبارانی پێکەوە بۆ دادگا بانگ نەکردووە.

دوای رەتکردنەوەی ئەم ئیعترازانە ئەوجا دادگا کەوتە مەحکەمە کردن: قازی محەمەد لە دادگادا بەشێوەیەکی گشتی رەفتاری دەوڵەتی مەرکەزی مەحکووم کردو گوتی: من لەم گۆشە دوورە دەستەی کوردستانەوە، لە کونجی زیندانەوە دەوڵەتی مەرکەزی و پایەدارانی بەرپرسیار، تاوانبار دەکەم و دەڵێم ئێوە گوناحکاران نەك من، چونکە ئەگەر دەوڵەت لەم چەند ساڵەی دواییدا دەسەڵات و تواناو ویستی ئەوەی هەبا کە هێز بۆ ئەم ناوچەیە بنێرێ و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆی بسەپێنێ و بەسەر بارو دۆخەکەدا زاڵ بێ، ئەوا بێگانان گوشاریان نەدەخستە سەر خەڵکی بەدبەختی ئەم ناوچەیە و من ناچار نەدەبووم، لە پێناو پاراستنی گیانی خوێم و بنەماڵەکەم دەست بدەمە ئەم کارانە من لەلای خۆمەوە، ئەوەی کە دەبوایە لە کاتی خۆیدا بە پایەدارانی باڵا رابگەیەنرێ، بە سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی ترم راگەیاندووەو لە بارو دۆخەکە ئاگادارم کردوونەتەوە، ئێوە بوختانمان بۆ دەکەن و نەهەقیمان لەگەڵ دەکەن و وەکو چۆن دەوڵەتی شاهەنشایی وێڕای بوونی سەفارەتخانەی بێگانان لە تاران و بەبەرچاوی نوێنەرانی دەوڵەتانی جۆراو جۆرەوەو بە ئاگاداری دنیا لە رووداوەکە، چەندین جار ناچار بوو مل بۆ گوشاری سۆڤیەت کەچ بکا، و دەستوورەکانی ئەو دەوڵەتە جێبەجێ بکاو قۆشەن بۆ شارە جۆراو جۆرەکانی وڵات نەنێرێ، ماڵ و گیان و دارایی خۆی بخاتە بەر دەست رووسەکان، ئێمەش بەو جۆرە ناچار بووین. منیش کە هێزو دەسەڵات و لەشکرم نەبوو، ناچار بووم دەستوورەکانیان جێبەجێ بکەم، بەخوا ناچار بووم، وەڵڵا ناچار بووم...

بەرگرییەکانی سەدری قازی جۆرێکی دی بوون. دەربارەی ئەوەی کە لە دەورەی نوێنەرایەتی ئەودا رووی دابوو، دەیگوت حەصانەم هەبووەو لەگەڵ ژمارەیەکی مونەزەم و دیاردا کارم دەکرد. دەربارەی جم و جۆڵی ئەخیریش دەیگوت: من لە تاران بووم و هیچ گوناحێکم نەکردووەو پێویستە من لە دادگای مەدەنیدا، دادگایی بکەن نەك لەم دادگایەدا. سەیفی قازی-ش دەربارەی پۆشینی جلکی جەنەڕاڵی و چوونی بۆ باکۆ دەیگوت: حکوومەتی هەرێمی تەورێز ئەم دەسەڵاتەی بە من دابوو، چاوەڕوان بووم حکوومەتی مەرکەزیش ئیعترافم پێ بکاو پاش ئەوەی سەرەك وەزیران بە فەرماندەی مهاباد دایمەزراندم، ئیدی دەستم لە پۆشینی جلکی جەنەڕاڵی هەڵگرت.

بەدبەختی قازی محەمەدو سەدرو سەیفی قازی لەوەدا بوو کە عەقید فەیوزی سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا، سەرۆکی ئەم دادگایە بوو هەروەها کەسانی وەکو عەقید موزەفەری ئەندامی ئەم دادگایە بوون کە ماوەی یەك ساڵی رەبەق لەگەڵ قازی محەمەدو ئەوانی دیدا دەستو پەنجەیان نەرم کردبوو، و شارەزاییەکی گەلەك زۆریان دەربارەی چالاکییەکانی قازی محەمەد هەبوو. هەروەها گەلێك نامەیان بەدەست خەتی خۆی، کە دژی دەوڵەت نووسیبوونی بەدەست کەوتبوو، و بواری ئینکار کردنیان بە قازی محەمەد نەدەدا. خۆ ئەگەر بکرایە دامەزراندنی حیزبی کۆمەڵەی کوردستان و راپەڕینی لایەنگرانی کۆمەڵەو هەموو کارەکانی دی بە ئەنجامی سیاسەتی بێگانان لە قەڵەم بدراباو چاوپۆشیان لێ کردبا، ئەوا بەڵگەیەکی تریان بەدەستەوە بوو، و ئەوەی نیشان دەدا کە قازی محەمەدو سەدرو سەیفی قازی بەگوێرەی ئارەزووی شەخسی خۆیان هەندێ کاریان کردووە کە هەرگیز نەدەچووە ئەقڵەوە کە مامورانی دەوڵەتانی بێگانە رایان لەگەڵ بوبێ یان پێیان کردبێ. بۆ وێنە لە ئازربایجاندا، وێڕای ئەوەی بنەمای حکوومەتە کە بنەمایەکی کۆمۆنیستی دژ بە بنەماکانی حکوومەتی پاشایەتی بوو، ئەوجاش لە رادێوی تەورێزو چاپەمەنییەکانی فیرقەی دیموکراتەوە هێرشی توند نەدەکرایە سەر بارەگاو دەرباری پاشایەتی. کەچی لە مهابادا بەهیچ جۆرێ درێغی لە هاندانی خەڵکی نەدەکرا دژی پاشاو دەرباری پاشایەتی. تەنانەت بۆ ئەوەی خەڵکی نیشتمانپەروەری مهاباد لە دەوری خۆ خڕبکەنەوە، پاشا-یان وەکو

دوژمنی میللەتی كورد بە خەڵكی دەناساندو هەر بەم مەبەستە لە وەخت و ناوەختدا، گەنجێكیان دەهێناو جلكی رازاوە بەخشلییان لەبەر دەكرد، ژمارەیەك چەك بەدەست دەوریان دەگرت و هەڕەشەیان لێدەكردو لە ژوور سەرییەوە تابلۆیەكیان هەڵدەواسی و لەسەریان دەنووسی: (مەرگ بۆ ئەو كەسەی كە رێگە لە ئازادی كورد دەگرێ). لە لایەكی ترەوە، هەندێ نووسینی قازی محەمەدیان بەردەست كەوتبوو كە بەئاشكرا دژایەتی ئەویان دەرهەق بە دەرباری پاشایەتی نیشان دەداو بەچاوی گەرب و كینەوە دەیڕوانییە سوپا. عەقید فەیوزی كە سەرۆكایەتی ئەم دادگایەی دەكرد، نووسراوێكی خستە روو كە خوێنی هەموو ئەفسەرەكانی هێنایە جۆش و هەستیانی وروژاند. ئەم نووسراوە. نامەیەك بوو كە قازی محەمەد بۆ سەركردایەتی هێزەكانی كوردستانی نووسی بوو. قازی محەمەد لە وەڵامی سەرۆكی سەركردایەتی لەشكری كوردستانا كە چەند مانگێك بەر لە روودانی ئەم رووداوانەی دوایی، داوای لێكردبوو گوێڕایەڵی پاشا بێ، رێزی یاسا بگرێ، دژایەتی سوپا نەكا. وەڵامێكی پڕ لە ئیهانەی لە رووی نەزانی و نەفامی و غروورەوە بەم نێوەرۆكەی خوارەوەی دابووەوە:

(ئێوە ئەفسەرانی هەمان سوپان كە لە كاتی شەڕو گیان فیداییدا رێگەی هەڵاتن دەگرنە بەرو شیعرەكەی شاعیری گەورە فیردەوس بەم جۆرە پیادە دەكەن: هەموو سەر لەبەر، پشت بكەینە دوژمن* باشترە لەوەی كە خۆ بە كوشت دەین) ئاشكرایە ئەم كارە پڕ لە خیانەتەو ئەو نووسینە لە ئەدەب بەدەرانە، بەهیچ جۆرێ بەسوپاییان قبوڵ نەدەكران و نەیاندەتوانی لە سزادان رزگاری بكەن، سەرۆكی دادگا جگە لە نیشاندانی بەڵگەی پێویست بە دادگا، ئیشارەتی بۆ ئەو سەفەرانەی خۆیشی كرد كە لە سەردەمی سەركۆماریی قازی محەمەددا بۆ مهابادی كردبوو، و گوتی: قازی محەمەد نەك هەر تەوسی بە سوپا دەكردو، كردووە، بەڵكو لە سێ سەفەردا كە لە ٧/شەهریوەر (شهریوەر – ٨/٢٢ – ٩/٢٢ )و لە ١/میهر (میهر – ٩/٢٣ – ١٠/٢٢ )و لە ٢١ ئابان (ابان – ١٠/٢٣-١١/٢١ ) بۆ مهابادم كرد هەڕەشەی لێكردم و دەیگوت بەم زووانە هێرش دەكەمە سەر هێزەكانی دەوڵەت و سەقزو سنەو كرمانشاش دەگرم. لە سەفەری ٧/ شهریوەر-م دا بە بەرچاوی منەوە بەجلكی جەنەڕاڵییەوە سەرپەرشتی مانۆڕی قووەتەكەی خۆی دەكرد.

قازی محەمەدو سەیفی قازی حاشایان لەوە كرد كە چووبن بۆ باكۆ. بەڵام ئەو بەڵگە نامەیەی كە دەست كەوتبوو لە دادگادا نیشان دراو هەردووكیان بەناچاری ئیعترافیان كردو لە ئەنجامدا دەركەوت كە قازی محەمەد دوو جار بۆ باكۆ چووە.

لەمانە گرنگتر ئەوەبوو كە دەركەوت ئەو بەخۆی ئاڵای سێ رەنگی شێرو خورشیدی مایەی شانازی هەموو خەڵكی گۆڕیوە، رەنگی سووری بردۆتە سەرێ و رەنگی سەوزی هێناوەتە خوارێ و لەجیاتی شێرو خورشید، ئارمی كۆماری كوردستانی داناوە.

وەكیلەكەی (مدافع) قازی محەمەد گوتی لە قانونی ئەساسیدا چ شتێك دەربارەی رەنگەكان نەگوتراوەو باس نەكراوە. سەرۆكی دادگا وەڵامی دایەوە: ئەگەر چی شوێنی رەنگەكان دیاری نەكراوە، بەڵام گۆڕینی شوێنەكانیشیان پێشبینی نەكراوە. خۆ ئەگەر چاوپۆشی لە گۆڕینی شوێنی رەنگەكان بكرێ، ئەوا ناشێت چاوپۆشی لە گۆڕینی ئارمی نەتەوەیی، كە شێرو خورشیدە بكرێ. دەربارەی چالاكییەكانی سەدری قازیش كە گوایە لە ١٦/ئازەردا، لە مزگەوتی عەباسیی مهابادا خوتبەیەكی داو، و خەڵكی دژی هێزەكانی دەوڵەت هانداوەو گوتوویەتی: دەوڵەت ناتوانێ لە هەردوو جەبهەی ئازربایجان و كوردستاندا بجەنگێ و من نزیكەی سێ ساڵ لە تاران بووم و بەباشی و لەنزیكەوە ئاگاداری ورەی سەربازان و دەرەجەداران و ئەفسەران هەم. دەوڵەت لە سەقزو سەردەشت و تەكاب دا چ هێزێكی نییەو ئێمە بە كۆمەكی پێشمەرگەكانی دیموكرات دەتوانین هێزەكانی دەوڵەت راوبنەین. جاران دەستەیەك عەشایەر دەیتوانی بۆ ماوەیەكی زۆر رووبەڕووی هێزەكانی دەوڵەت بووەستن، جا ئێستاكێ ئێوە لەو عەشایەرانە كەمترنین، بۆیە نابێ لەشەڕ بترسن، دەبێ دژی دوژمن خەبات بكەن.

بەڵگەنامەیەکی دی لەبەر دەست دابوو، ئەوەی نیشاندەدا کە قازی محەممەد، رۆژێك بەر لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت هەشتا هەزار ریاڵی لە دارایی بۆکان وەرگرتووە، هەموو ئەمانە بەلایەك، گوناهێکی تری لە بەخشین نەهاتووی قازی محەممەد بەلای سوپاییانەوە ئەمە بوو کە داوای هاوکاری لە محەممەد رشید کردبوو، و لە گەڕانەوەیا لای سەرلەشکر هەمایونی، لە ۲۲/ئازەر، مەرجەکانی سوڵحی جێبەجێ نەکردوو، بارزانییەکانی چەکدار کردبوو، سەربازخانەکەشی تالان کردبوو.

دەربارەی سەیفی قازی-ش گەلێك بەڵگەنامە کەوتبووە دەست سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان. یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە لە ٦/مرداد، (مرداد-۲۳/۷/۲۲-۸/۲۲، ۳۱رۆژە، وەرگێڕ) پەنجا قوتابی نارد بوو بۆ تەورێز تا لەوێوە بۆ باکۆ بنێردرێن و بچنە کۆلێجی سوپایی سۆڤیەتەوە. لەم قۆناغەدا حاجی بابە شێخ-ی سەرەك وەزیرانی قازی محەممەد کە پیرەمێردێکی میهرەبان و وردبینە، ئازاد بوو. رۆژێ لەگەڵ موقەدەم دکتۆر خمسە صفادا کە لە دکتۆرە چاکەکانی سوپایەو ئەو دەمانە کیژی حاجی بابا شێخی مالیجە دەکردو لەگەڵ دکتۆر مولازم عەزیمی کە ماوەیەك لای بارزانییەکان دیل بوو، چووینە دیدەنی حاجی بابا شێخ، ئەو کە ئاگاداریی هەموو جم و جۆڵ و چالاکییەکی سیاسی قازی محەممەد بوو، دەیگوت: پاش مانگی شەهریوەر، بێگانان، ژمارەیەك لە سەرانی کوردیان، کە قازی-ش یەکێك بوو لەوان، برد بۆ ئەودیو رووباری ئاراس، هێندە لەم کارەیاندا بەپەلە بوون کە بە ۲۱ سەعات ئێمەیان لە سەقزەوە گەیاندە جەلفاو لەوێشەوە بردیانین بۆ باکۆ. لە باکۆدا گەلێك لەو جەنەڕالە رووسانەمان بینی کە نەمان دەناسین. یەکێك لەو جەنەڕاڵانە ناوی (ئاتاکیشوف)بوو. ئەم پیاوە کۆبوونەیەکی دوورو درێژی لەگەڵ کردین و بەپێداگرتن و هەڕوگەفەوە داوای لێکردین کە دەستوورەکانی ئەوان قبوڵ بکەین. حاجی بابا شێخ دەیگوت: ئێمە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ قبوڵکردنی دەستوورو فەرمانەکانی ئەواندا نەبووین، بە رادەیەك قازی محەممەد هاتە سەر ئەوەی خۆی دەرمان خوارد بکا. ئیدی ١٥ رۆژ لەوێ ماینەوەو پاشان گەڕاندنیانییەوە بۆ مهاباد. حاجی بابا شێخ دەیگوت: من لە رێگەی جۆراو جۆرەوە هەواڵی ئەم سەفەرم بە مامورانی دەوڵەت راگەیاندو جاری دووەم نەچووم بۆ باکۆ. ئەو دەیگوت قازی محەممەد دووجارو سەیفی قازی سێ جار بۆ باکۆ چوون، لەم دواییانەشدا، کاتێ کە ئیعلانی دەوڵەت کرا، گوتی بەتەمان بۆ هەڵبژاردن هێز بۆ ئازربایجان بنێرن. من بە قازی محەممەدم گوت واچاکە ئێمەش بروسکە بکەین و هێزمان بۆ بێ. ئەویش قبوڵی کرد. بەڵام ئەسەدۆف کە هەمە کارە بوو، بەجۆرێ کۆنترۆڵی کردبووین، نەمانتوانی هیچ کارێ ئەنجام بدەین. حاجی بابا شێخ دەیگوت بەپێچەوانەی قسەی بێگانانەوە، ئێمە هەرگیز نەمانتوانی لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازربایجاندا رێك بکەوین، چونکە ئەوان داوایان لێدەکردین کە ئێمە سەر بەتەورێز بین، ئێمەش رازی نەدەبووین و دەمانگوت دوای ئەم هەموو هەراو هەنگامەیە ئەگەر قەرار بێ پاشکۆو گوێڕایەڵی تەورێز بین، خۆ وەکو جاران دەچینەوە بۆ تاران و خۆبە وێندەرەوە گرێ دەدەین.

بەهەرحاڵ بەپێی ئەو بەڵگانەی کە بەدەست لێپرسراونی سوپاییەوە بوو، پاش ئەو قسانەی کە لە دادگا کران، لە کۆتایی کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا کە پتر لە هەژدە سەعاتی خایاند، لە کۆتایی مانگی دەیدا (دەی-۲۳/ك۱-۲۰/ك۲،۳۰ رۆژە، وەرگێڕ) بەپێی بڕیاری دادگای نائاسایی حوکمی ئیعدام بۆ قازی محەممەدی موفتی مهابادو سەدری قازیی نوێنەری جارانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەیفی قازی، دەرکرا.

دادگا دوارای خۆی دەربارەی ئەنجامدانی حوکمەکە بەپایەدارانی سوپایی گەیاند، بەڵام چونکە لێرەو لەوێ باسی ئەوە دەکرا کە پێویستە وەزع و حاڵی تاوانباران رەچاو بکرێ و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەوە کە هێشتا شەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا دەستی پێ نەکردبوو، دەوڵەتیش نەیدەویست زەبرو زەنگ بنوێنێ، بۆیە ئەنجامدانی حوکمەکە دواخرا تا مەحکەمەیەك بە سەرۆکایەتی ئاغای عەقید نجاه الله زەرغامی لە تارانەوە بۆ مهاباد چوو، چونکە چ سەرنجێکی سیاسی و تایبەتی دی لە گۆڕێدا نەبوو، بۆیە

حوکمی ئەم دادگایە، کە ئەویش وەکو دادگای پێشوو، تاوانبارانی بە ئیعدام مەحکوم کردبوو، لە شەوی دەی فەروەردیندا (فروەردین-٣/٢١ – ٤/٢٠، ٣١ رۆژە، وەرگێڕ) ئەنجام دراو قازی محەمەدو سەیف و سەدری قازی لە سێدارە دران.

قازی محەمەد بەتەواوەتی ورەی بەردابوو، و شپرزە بووبوو، سەدری قازی-ش رەنگی پەڕی بوو، بەلام هەوڵی دەدا ورە بەرنەداو خۆ راگر بێ، بەلام سەیفی قازی بەکەلەشی تۆکمەو پڕییەوە وەکو کەسانی مەنگ و گێل، بەنیگای ترساوەوە دەیڕوانییە دەورووبەرو لەدوانەکەی دی پتر نیگەرانی دەر دەبڕی.

لە سەعات سێی بەرەبەیاندا، تاوانبارەکانیان هێنایە پای قەنارە، رەشاش بەدەستان لە سەربانی کۆشك و سەراکانی مهاباد دانرا بوون. قازی محەمەد لە پێشدا نوێژی کردو لەخوا پاڕایەوە و گوتی سەدر بێ گوناحە، خوێنم حەلاڵتان بێ و براکەم ئازاد بکەن. قازی محەمەد لە هەردوو دادگاکەشدا داکۆکی لە بێ تاوانی سەدر کرد. دوا بەدوای ئەو دوو نەفەرەکەی تریش هەڵواسران. سەدری قازی سەیری پێدەهات و داوای بەخشینی دەکردو پێ دەچوو کە بەڕاستی خۆی بەبێ تاوان بزانێ. بەهەرحاڵ بەم جۆرەو لە ئەنجامی لەرێ لادان و گوشاری سیاسەتی بێگانەوە یەکێك لە گرنگترین و دەوڵەمەندترین بنەماڵەو رۆڵەکانی کوردستان سڕایەوە.

پاش دوو مانگێك لەمە بەدواوە، کاتێ خاوەنشکۆ شاهەنشا تەشریفیان بۆ مهاباد فەرموو، ئافرەتێك بەعەباو پەچەیەکی رەشەوە خۆی گەیاندە شاهەنشاو زەرفێکی دایێ. خاوەنشکۆ شا، فەرموویان ئەم ئافرەتە کێیە؟ عەرزیان کرد کە ژنی قازی محەمەدە! شای گەنج رەنگێکی هێناو برد. کەس نەیزانی لەو ساتەدا چ شتێك بە خەیاڵ و مێشکی پاشای ئێراندا تێپەڕی. خاوەنشکۆ، بۆ ساتە وەختێ چاوی لێك نان و پاشان فەرموویان: هەقتان بەسەر ماڵ و سامانی ئەمانەوە نەبێ. رەفتارتان لەگەڵ پاشماوەکانیان باش بێ.

## بەشی دەیەم

## (گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ ئێران و چوونی بۆ سۆڤیەت
## جەنگی دووەمی هێزەکانی دەوڵەت لەگەڵ بارزانییەکاندا)

مەلا مستەفا بارزانی، پاش ئەوەی لە ئێران بەرانبەر بە هێزەکانی دەوڵەت شکا، ئیدی لە گەلیی بێنارەوە خۆی بە خاکی عێراقا کردوو بەنهێنی لەنێوان سنووری عێراق و تورکیادا دەیگوزەراند. چونکە لە لایەن هەردوو دەوڵەتی تورکیاو عێراقەوە تاقیب دەکرا، بۆیە ناچار لە شەوی ٥/خرداد/١٩٤٧دا (خرداد-٥/٢٢-٦/٢١، وەرگێڕ) بە شاخەکانی سنوورا دێ و خۆی بە خاکی ئێرانا دەکاتەوەو چەند سەرمەرێك لە ئاوایی جەرمی دەدزێ و بەرەو ئاوایی خشکی سەر سنوور دەڕوا یەکسەر لەلایەن لەشکری چوارەوە هەواڵی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بەسەرکردایەتی سوپا رادەگەیەنرێ و دەستووری پێویست بۆ سەرکوتکردنی ئەوان دەردەکرێ. لەشکر، قووەتی سوپایی دەخاتە تاقیب و سۆراخی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی کە پتر لە (٤٠٠) چەکدار بوون. ئیدی هێزی پیادەو سوارەی سوپایی دەکەونە تاقیبیان. مەلا مستەفا کە ئەمجارەیان پابەستی بنەو بارەگاو ماڵ و منداڵ نەبوو، خەڵکانێکی هەڵبژاردەی لەگەڵ بوو،

بەخێراییەکی نائاسایی لەناو خاکی ئێرانەوەو بەشاخە زۆر سەختەکانا هەڵدەگەڕێ و یەك ڕێ بەرەو باکوور دەڕوا، هەر کە هێزەکانی دەوڵەت دەبینێ و هەست بەمەترسی دەکا، ڕێی خۆی دەگۆڕێ و خۆی بەخاکی ئێرانا دەکاتەوەو چونکە مانەوەی لە سنووری تورکیاشدا زەحمەت بوو، بۆیە جارێکی دی بەشەوو بەنهێنی خۆی بە خاکی ئێرانا دەکاتەوەو بەلام خۆی لە قەرەی هێزەکانی دەوڵەت نادات و تا دەتوانێت خۆی لە شەڕو پێکادان دەدزێتەوەو بەم جۆرە خۆی دەگەیەنێتە سنووری ماکۆ لە ناوچە کوێستانییەکانی ماکۆدا، لە شاخی (سوسوز) و (سکار) کە ناوچەیەکی گەلەك سەخت و کوێستانییە، هێزەکانی دەوڵەت تووشیان دەبێ بە تووشی بارزانیانی هەڵبژاردەوە، شەوێ لە (داش فشەڵ) شەڕو پێکادانی توند لەنێوان بارزانییەکان و هێزێکی بچووکی دەوڵەتا ڕوویداو شەڕەکەبوو بەشەڕێکی خوێناوی و دەستەوە یەخەوتەن بەتەن و نۆزدە کەس لە بارزانییەکان کوژران و شەشیان بریندار دەبن. تفەنگێکی بڕنەوو پەرەبلۆمێك و ژمارەیەکی زۆری تەقەمەنی دەکەوێتە دەست هێزەکانی دەوڵەت. بارزانییەکان کە دەبینن وەزعیان خراپە بە پەنا تاوێرەکان و بەشەو پاشەکشە دەکەن تا لە سنووری ئێران و سۆڤیەت داو ڕێك لە ئاستی مەخفەری (سراجلی)ی سەر بە سۆڤیەت، خراپکاران لە ڕووباری ئاراس دەپەڕنەوەو لە سۆڤیەتدا دەبنە پەنا هەندە. خراپکاران (مخرب) لە رۆخی ڕووباری ئاراسدا ژمارەیەکی زۆری چەك و تەقەمەنی و وڵاخ و پێداویستی خۆیان و هەروەها ژمارەیەك ئەسپ و هێسترو چەند گونیەك جل و بەرگ بەجێ دێڵن و لە ڕووباری ئاراس دەپەڕنەوە و(٢٠٤) بڕنەو (١٥) تفەنگی هەمە جۆر، نزیکەی (١٦) دەمانچە، (٦٠) نارنجۆکی دەستی و ٢٥ هەزارو پەنجا فیشەك لەدوای خۆیان بەجێ دێڵن.

## بەشی یازدەیەم

## رای نووسەر لەمەڕ ڕووداوەکانی دوایی

لە ئێرانا، بەداخەوە هێشتا ئەفسەران و خاوەن پایەکانی لەشکرو وڵاتداری بەوە ڕانەهاتوون بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوەو بەبیانووی جۆراو جۆرەوە، یاداشتنامەی بە سوودو هەمە لایەنەی ئەوتۆ کە خزمەتێك بە مێژووی ئێران بکاو هەندێ خاڵی ئاڵۆزو نادیار ڕوون بکاتەوە، لە دووی خۆبەجێ ناهێڵن تا لەسەر کارن دەست لە هیچ زەبرو زەنگێك ناپارێزن، کە کەنار دەکەون و دەبن بە لایەنگری جەماوەری میللەت، ڕوودەکەنە سیاسەتی چەپگەرایانەو قسە بە ئەرزو ئاسمان دەڵێن و دەبن بە پشت و پەنای چەوساوەو لایەنگری ریفۆرم.

گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی و چەکدارە هەڵبژاردەکانی بۆ ئێران و چوونی بۆ وڵاتی سۆڤیەت، بەد حاڵی بوونێکی زۆری لە تارانا نایەوە، هەندێ لە موخالفانی دەزگای ئێستای سوپا، ئەم بابەتەیان کرد بە بیانوویەك بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و پەڕینەوەی ئەویان لە خاکی ئێرانەوە، وێڕای بوونی هێزی زۆر لە ئازربایجانی ڕۆژئاوادا کە ئەو کاتە بریتی بوو لە (١٥) بەتالیۆنی پیادەو دوو تیپی سوارەو چەندین تۆپ و دوو گروپی هێزی ئاسمانی بە ئیهانە بۆ دەوڵەت لە قەڵەم دەدا. دیارە ئەگەر ئێمە نەمانەوێ هاوفکری لەگەڵ ئەواندا بکەین و ئەم دەست درێژییەی مەلا مستەفا بە حەیابردن بزانین، ئەوا لە هەمان کاتدا ناتوانین چاو پۆشی لە سستی و خاوی هەندێ لە فەرماندەکان بکەین و ئافەرین و ستایشی ئەم ڕەفتارەیان بکەین. حەقیقەت ئەمەیە کە وەزارەتی جەنگ لە کاتی خۆیدا پەی بەبێ سەروبەری هەندێ لە فەرماندەکان بردو هەستی بە خاوییان کرد لەوەی کە ڕێیان لە یاخییان نەگرت، ئەوەبوو لیژنەی تایبەتی بۆ تەحقیق نێردراو دەرەجەی ژمارەیەك لە ئەفسەران داگیراو هەندێکی تریان حەپس کران.

لەم ڕووداوەدا، بابەتێکی گرنگتر کە پێویستە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەویش ئەوەیە کە چ دەستێك لە پشت گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ ئێران، هەبوو، چۆن مەلا مستەفا ڕێك لەو کاتەدا هێرشی کردە سەر ئێران کە خاوەن شکۆ شاهەنشا، لە ڕەزاییەو مهاباد سەرگەرمی سەردان و بەسەر کردنەوە بوو؟ وەکو خوێنەرانی هێژا ئاگادارن خاوەن شکۆ شاهەنشا، لە ڕۆژی ٢/خرداد، ((خرداد –٢٢/٥-٢١/٦، ٣١ ڕۆژە. وەرگێڕ) لە تارانەوە بۆ ئازربایجان تەشریفیان فەرموو تا لە نزیکەوە پێویستییەکانی خەڵکی بزانێ و هەر لەوێدا دەستووری پێویست بۆ چاککردنی وەزع و حاڵی دانیشتووانی ئازربایجان دەربکا. سەیر لەمەدایە کە وەڕێ کەوتنی شاهەنشا، لە تەورێزەوە بۆ خوی و ڕەزاییە، لەگەڵ گەڕانەوەی مەلا مستەفا و جەنگاوەرەکانیا بۆ ئێران، هاوکاتبوو. هەرچەندە مەلا مستەفا، لێبڕابوو، بۆ سۆڤیەت بڕوا، ئەوجاش نزیکەی بیست ڕۆژێك لە نێو پێچ و پەناو شاخەکانی ئاراراتی سەر سنوور خۆی حەشارداو پاش ئەوەی لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەر تاقیبی هێزەکانی سوپا، بۆ سۆڤیەت هەڵات. دوور نییە هەندێ لە بێگانان لەم کارەدا، کە بە بۆچوونی من، پیلانێك بووە دژی تەختی پاشایەتی، دەستیان هەبووبێ و ویستبێتیان سەریەشەو ئاژاوەیەکی مەترسیدار بۆ ئێران بەرپابکەن. بەڵام چ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، سەبارەت بەم ڕووداوەو هەندێ شەڕو پێکدادانی پڕ مەترسی تردا کە لە ماوەی یەك ساڵی عەمەلیاتی کوردستاندا، لەنێوان هێزەکانی دەوڵەت و یاخیاندا ڕوویداو بەو جۆرەی کە خەڵکی چاوەڕوان بوون، سوپا وێڕای ئەوەی لە ڕووی ژمارەو چەکەوە باڵا دەست بوو، نەی توانی بوو دەستێکی بەزەبروو گورچوبڕ بوەشێنێ. ژمارەیەك ئەفسەری زانا کە هەندێکیان پۆستی گەورەیان هەیە، هەندێ نامەی پڕمیهرو خۆشەویستیان بۆ ناردم و گلەیی ئەوە دەکەن کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا چاوپۆشیم لەم کەم و کوڕییانە کردووە. پێویستە سەروەرانی هێژا ئەوە بزانن کە من هەرگیز لەو کەسانە نیم کە قەڵەمیان کردووە بە هۆیەك بۆ گەدایی و وەکو باوکیان بەتەمان بە ڕیاو ستایش و ماستاو سارکردنەوە نان بخۆن و پلەو پایە وەربگرن. لەم دوو بەرگەدا، دوای سۆزی تایبەتی خۆم نەکەوتووم و بەرژەوەندی شەخسیم نەخستۆتە سەروی بەرژەوەندی گشتییەوە، بەوپەڕی پاکییەوە، لە کاتێکا دەمتوانی حەقیقەت بشێوێنم

و، لەبری وردبینی لە مەسەلەکانا بکەومە ستایشی ریاکارانەو خۆم لە دەزگاکانی دەوڵەت و کۆڕی دەسەڵاتداران نزیك بکەمەوە، ئەوەی روویداوەو من ئاگام لێی بوو، نووسیمەتەوەو تۆمارم کردووە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە لە لەشکر کێشییەکانی ئازربایجان و کوردستاندا ناهەقی زۆر کراوەو خەڵکانێکی هەلپەرست سوودمەند بوون، بەڵام لەچاو چۆنێتی کاری هەموو ئیدارەو دایەرەکان و خەڵکانی دیدا، دەشێت بە راشکاوی بگوترێ کە لەم عەمەلیاتەدا تای تەرازووی کارە بەسودو گشتییەکانی سوپا سوکتر نەبوو لە تای تەرازووی کاری هەندێ کەسانی نالەبار کە بە داخەوە لە نێو ئەم کۆمەڵگە پیرۆزەدا هەیەو شەرەفی لەبەرکردنی جلکی سوپایشیان پێ بڕاوە. مادامێکی کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لە پۆخڵەوات پاك نەبۆتەوە، ئەوا لە سوپاشدا، ئەم جۆرە خەڵکە ناپاك و درۆزن و فێڵبازانە درێژە بە ژیانی پڕ شەرمەزاری خۆدەدەن. لە لایەکی ترەوە چونکە لەم کتێبەدا مەبەستم تەنها باس کردن و روونکردنەوەی عەمەلیاتە سوپاییەکان بوو، بۆیە لێرەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ رەفتاری ماموورانی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکیدا نەکرا.
سەبارەت بەبۆچوونی بەندە دەربارەی ئەو هەنگاوانەی لە ئازربایجاندا نراوە، پێویستە ئەوە بیر بخەمەوە کە پاش رووداوەکانی ئازەری/١٩٤٦ و جێگیربوونی هێزەکان لەو هەرێمە، دوو دەرفەتی باش هاتە پێشێ بۆ سەردانی دۆستان و برایانی ئازەری کە بەداخەوە، نە، ویستم و نە، توانیم سوودیان لێوەربگرم. چونکە نە تاقەت و توانایی دیتنی لاوانی پڕجۆش و بێکارو بەدبەختم لە خۆدا شك دەبردوو نە دەسەڵاتی بەگژا چوونی سەبەبکارانی ئەو وەزغ و حاڵەم هەبوو. تەنانەت کاتێ کەساڵی رابردوو، پیاوێکی شەریفی ئازەری داوەتی کردم کە سەردانێکی ئازەربایجان بکەم و ماوەیەك لەوێندەر بمێنمەوەو بکەومە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی رۆحی خەڵکی، بەداخێکی زۆرەوە داوەتەکەیم رەت کردەوەو گوتم دیداری ئازەرییەکان لەم وەزعە ناهەموارو ناخۆشەدا بە ناچاری خەمبارم دەکات و وام لێدەکات هەمان رستەی نووسەری ئەڵمانی ( ئەریش ماریا ریمارك ) دووبارە بکەمەوە، ئەم پیاوە خاوەنی کتێبی ( لەبەرەی رۆژاوا چ هەواڵێکی تازە نییە ) لە کاتی باس کردنی گەڕانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا لە پاش چوار ساڵ شەڕو شکست، بۆ وڵاتی خۆیان، دەنووسێت ( لە سەدای پێکادانی زەمزەمی و تفەنگەکان و شتە سوپاییەکانی دیدا، ئەم حەقیقەتە هاواری دەکرد کە ئەو هەموو گیانبازی و فیداکارییە لە پێناوی هیچدابوو، هیچ ). بۆ من و خەڵکانی وەکو من کە ئەو فیداکاری و بەدبەختیانەمان بە چاوی خۆبینی، چ چارەیەك نییە جگە لەوەی بڵێین کە هەندێ لەو کارانە بەداخەوە لە پێناوی گوشارو تاڵان و بڕۆدابوو.

لەم کتێبەدا، هەندێ شت دەربارەی هەڵەو کەم و کوڕی هەندێ وردە ئەفسەران و فەرماندەی قووەتەکان تۆمار کراوە، کە نابێ ببێتە مایەی رەنجانی خۆیان و کەس و کاریان.

چونکە بۆ بابایەکی ئەفسەر، واتە بۆ ئەو پیاوەی خۆی بۆ گیانبازی تەرخان کردووە، قەومانی رووداوی ناخۆش و شکست هێنان و دیل بوون، جگە لە قاڵبوونەوەی پتر، نابێ چ کاریگەرییەکی دی بەجێبێڵێ.

هیوادارم ماموورانی، کاروباری سوپایی، بێ گوێدان بەقسەی ناحەزان، سوود لە نێوەڕۆکی ئەم کتێبە بۆ چاك کردنی سوپا وەربگرن، کارێکی وا بکەن ئاستی کارامەیی ئەفسەران و دەرەجەداران و سەربازان لە عەمەلیاتی سوپاییدا بەرزبکرێتەوەو بناغەی سوپا قایم تر بکرێ و دوور لە رواڵەت و رواڵەتبازی، باوەڕی سەربازان بە ئامانجە نەتەوەییەکان، بتەوبکرێ.

**بڕوانە کتێبی:**

**ازمهاباد خونین... تا کرانەهای ارس**

**نجف قلی پسیان**

**تهران- ازرماە ١٣٢٨**

**وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف ١٩٩٢/٢/١٨**

**لە مهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارەکانی ئاراس.**